پەیامی ڕێنموونی

زنجیرەی
١٩

ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی. زانست و ئیمان
پەیامی قیبلە

# وەڵامی پرسیارەکانتان لەژێر ڕۆشنایی شەریعەتدا

د.عومەر عەلی

٢٠١٨

زنجیرە (١٩)

## پەیامی ڕێنمونی

# وەڵامی پرسیارەکانتان لەژێر ڕۆشنای شەریعەتدا

(فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل ٤٣

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتێب: وەڵامی پرسیارەکانتان لەژێر رۆشنیایی شەریعەتدا-پەیامی رێنمونی

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على أشرف المرسلين سيدنا محمد صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم.

پێشەکی: هەر لەو کاتەوەی کەپێشەوامان درودی خوای لێ بێت کەسەری هەڵداوەو تا ئەم ئانوساتەش پرسیار کردن بەشێك بووە لەژیانی هەموو هاوڵاتیانی مسوڵمان، چونکە گونجاو نییە کەهەموو کەسەکان خۆیان بۆ خۆیان دەرك بەهەموو ئەحکامەکان بکەن، هەروەك چۆن گونجاویش نییە هەروا بەسەریدا بڕۆن بەنەزانی و پرسیاری لەبارەوە نەکەن، لەهەموو سەردەمەکانیشدا بەردەوام کۆمەڵە کەسانێك هەبوون کەئەرکی ئەو وەڵامانە بگرنە ئەستۆ، هەموو ئەمانە نهێنێکی بەهێزو گەورەی لەپشتەوەیەو هەر ئەوەشە کەمسوڵمانان بەدوایدا دەگەڕێن و ڕەنجی بۆ دەکێشن، هەموو ئەمانەش بۆ ڕەزامەندی ئەو زاتە پاکەیە کەهەموو ئەم نهێنیانەی لایەو وەئێمەش بەو ئومێدەوە هەنگاوی بۆ دەنێین، دەمێك بوو بەردەوام پرسیارمان لێ دەکرا بەچەندەها وەسیلەی جیاواز وەزۆرێك لەو پرسیارانەش زۆرجار دووبارە دەبۆوە لەلای کەسانی ترەوە، ئێمەش هەر دەبوو هەموو

شتەکان بۆ چەند جار دووبارە بکەینەوە، هەر ئەمە بوو ئەم بیرۆکەی دروست کرد زۆرێك لەو پرسیارانە بکرێن بەکتێب و هەموو هاوشێوەی ئەو کەسانەو وەکەسانی تریش لێی سودمەند ببن، ئێمەش ئەو کاتەی کە بەدووبارەکردنەوەی وەڵامەکان بەسەری دەبەین کەلێنێکی تر پڕ بکاتەوە، هەر بەئومێد ئەو کەسەی کەهەموو نهێنیەکانی لایە، ئەم کتێبەی کە لەبەر دەستاندایە ڕەنج و هیلاکی زۆرێکە لەوانەی کەزۆرجار بەئازاری زۆرێك لەو پرسیارانەوە تلاونەتەوە هەربۆیە دەکرێت ببێتە وانەیەك بۆ ئێمەش و ئەوەی کەکەسانێك پێوەی تلاونەتەوە ئێمەش هەمان ئازار نەچەژین، بەئومێدی ڕەزامەندنی ئەو زاتەی کەهەموو کارەکان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە،ئەم کاروانەش هەر بەردەوام دەبێت وەئێمەش پەیمان بەخوا هەر بەردەوام دەبین لەگەڵیدا تا ئەو کاتەی دەستەکانمان لەجوڵەدەکەون و چیتر پێنوس ناگرێ.

قیبلە ٢٠١٨/١١/٠٨ ٣٠ سفر ١٤٤٠

پێداچوونەوەو تەخریجی فەرمودەکان لە لایەن مامۆستا سالار محمد عبدالكريم، خاوەنی ماستەر لە تەخریجی فەرمودەدا، مزگەوتی سعید کاکی دەربەندیخان

لەڕووی شەرعیەوەکاتێك کەپرسیار دەکرێت مامۆستای پرسیار لێکراو هەر بەئەوەندەی کەحوکمەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە بەرپرسیارێتی شەرعی لەسەر لادەچێت، بەڵام بێگومان زۆر باشترە ئەگەر لەگەڵ ڕوونکردنەوەی حوکمەکەدا ڕوونکردنەوەیەك بدات، لەبەر چەند هۆیەك:

١-پرسیارکەر زیاتر دڵی ئاو دەخواو هەست بەئارامیەکی دڵ دەکات کەبایەخێکی زیاتری پێدراوە.

٢-حوکمەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوەو دەلیلەکان لەبەر چاوی دەبێت و شارەزای دەبێت، کەلەسەر هەریەکەمان پێویستەتا بۆمان دەکرێت

خۆمـان شـارەزا بکەیـن.
هـەروەك چـۆن کەکەسێك نەخـۆش دەکەوێـت و دەڕوات بـۆ لای دکتـۆر، دکتۆرەکـە هـەر بـەوەی کەچارەسـەرەکەی بـۆ بنوسێت کاری خـۆی کـردووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر تۆزێـك بارودۆخەکـەی بـۆ ڕوون بکاتـەوە بێگومـان کاریگـەری ئیجابـی لەسـەر دڵـی نەخۆشـەکە دەبێـت و بەرچـاوی ڕوون دەبێـت لەسـەر نەخۆشـیەکەی.
بـەڵام ئـەم ڕوون کردنەوەیـە مانـای وا نـی یەئیـتر تـەواو هەمـوو شـتیك ووتـرا بێـت لەسـەری ئـەو پرسـیارەی کەکـراوە، چونکـە ئاشـکرایە زۆر شـت هـەن کەدەلیلـی زۆر زۆری لەسـەرن، ئاسـان نـی یـە هەمـووی کـۆ بکرێتـەوە لەسـەر ئـەو پرسـیارە. ئـەو کاتـە وەك بەحسـێکی لـێ دێـت بـۆ وەڵامـی هـەر پرسـیارێك، وە لەبـەر ئـەوەی کەپرسـیارکەرەکەش نەنـاسراوە نازانرێـت تاچەنـد ئەمـەی پـێ هـەزم دەکرێـت، جـا مەبەسـت لـەم ووتانـە ئەوەیـە کەئـەو پرسـیارانەی لێـرەدا وەڵام دراونەتـەوە حوکمەکانیەتـی لەگـەڵ زانیاریەکـی کـەم لەگەڵیـدا، وەگـەر پێکـرا بێـت ئـەوەلای خـوای گەورەوەیـە چونکـە هـەر ئـەو بـێ کەمـو کوڕیـە، وەگـەر هەڵەیەکیـش هەبێـت، خـوای گـەورە لێـمان خـۆش ببێـت.

١-پرسیار: ئەگەر پیاو خێت بکات واتا دەموچاوی هەڵبگرێت حەرامەیان نا؟

وەڵام: دەم و چاو هەڵگرتن حەرامە بەتایبەت برۆ کردن و هەڵگرتن کەهەڕەشەی توندی لەسەرە، دەبێت ئینسان خۆی لێ بەدوور بگرێت بەهەردوو ڕەگەزیەوە، بەڵام ئەگەر هەندێك مووی وا بەدەموچاوەوە هەبوو بەشێوەیەکی وا ناشرینی کردبوو دەکرێت ڕێك بکرێنەوە بەڵام نەك بەخێت و موکێش، باشتر وایە بەمەقەست کورت بکرێتەوە[1].

٢-پرسیار: ئایا ئەگەر ئیشەکەت گۆشتی حەرامی تیدا بێت یان مەشروب حەرامەیان نا؟

وەڵام: بێگومان هەریەك لەوانەی تێدا بێت حەرامەو دەبێت خۆتانی لێ بەدوور بگرن، جونکە ئە م کارە یارمەتی بێ باوەرانی تێدایە، وەك لەو سەرچاوانەی خوارەوەدا ئاماژەمان پێداوە، لە شەرعدا دروستە کرینی مەشروب بۆ کوژاندنەوە ئاگر یاخود کڕینی گۆشتی بەراز بۆ بەخێوکردنی سەگ و پشیلە.

خوای گەورە یارمەتیدەرتان بێ بۆ بەدەستهێنانی کاری حەڵاڵ و خواردنی حەڵاڵ[2].

---

(١) عن ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: «الْوَاشِمَةَ وَالْمُسْتَوْشِمَةَ وَالْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ»، يَعْنِي لَعَنَ النَّبِيُّ صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ عَنْ يُوسُفَ بْنِ مُوسَى عَنْ أَبِي نُعَيْمٍ (سنن ابي داود مع شرحه عون المعبود ١١/١٥٢)و (شرح النووي على صحيح مسلم ٦/٢٨٨)و(الزواجر عن اقتراف الكبائر١/٣٠٨)

(٢) ـ الاسلام سؤال وجواب (٨١٦٧٨)و(الفتاوى الكبرى ١/٤٣٣)و(المجموع للنووي ٩/٢٨٥)و(فتاوى يسالونك ج١/التعامل مع من كسبه حرام)

٣-پرسـيار: ئایـا موسـی علیـه السـلام داوای کـرد کەخـوا ببینێـت؟ ئایـا خـوای گـەورە خـۆی پیشـانی کێـوی طـور دا؟ ئایـا خـوای گـەورە پێـی فەرمـوو کەمێکـت لەنـوری خـۆم پیشـان دەدەم بۆیـە لـە هـۆش خـۆی چـووو؟ تکایـە وەڵام بەبەڵگـەی قورئانـی.

وەڵام: یەکێـك لـەو چیرۆکـە گرنگانـەی کەخـوای گـەورە لەقورئانەکەیـدا باسـیکردووە چیرۆکـی موسـایە سـەلامی خـوای لـێ بێـت، چیرۆکـی موسـا سـەلامی خـوای لـێ بێـت بەدرێـژی لەقورئانـدا باسـکراوە لەچەندەهـا جێگـەی جیاجیـادا باسـی کـراوەو ووردەکاری و بەسـەرهاتەکانیمان پێگەشـتووە، وە هەروەهـا لەفەرمووودەشـدا هاتـوون، ئـەم بەسـەرهاتانەش وانـەی زۆری تێدایـە بۆمـان وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ (لَقَـدْ كَانَ فِـي قَصَصِهِـمْ عِبْـرَةٌ لِأُولِـي الْأَلْبَـابِ[٣]) سـێ یەکـی قورئـان چیرۆکـە، ئـارەزووی ئینسـانەکان زۆریـش بـۆلای چیـرۆك دەچێـت بۆیـە خـوای گـەورە لـەو ڕێگـەوە دەمانجولێنـێ و بەسـەرهاتی گەلانـی پێشـوومان بـۆ دەگێڕێتـەوە، هـەروەك چەندەهـا حوکمیشـیان لـێ وەردەگیـری چونکە هـەر ئەوەندەنییـە بـاس بکرێـت بـۆ لـەزەت لـێ بـردن وەك هەندێـك کەدەڵێـن قورئـان پـڕە لەچیـرۆك وە بەشـێوەیەکی وا ناوزەنـدەی دەکـەن کەئـەم چیرۆکانـە وەك حیکایەتـی بـەر سۆبە وایـە، لەڕاسـتیدا ئـەوە گێـل و گەلـۆری ئـەو کەسـانە دەسـەلمێنێ کـەوا دەڵێـن وە ئـەو چیرۆکانـە هەمـووی پەنـدو ئامۆژگاریـن و دەبێـت سـودیان لـێ وەربگریـن، جگـە لەئـەو حوکمانـەش کەتێیانـدا دەردەکرێـت، چیرۆکـی موسـا زۆر دوورو درێـژە هیـوادارم بـەووردی بیخوێننـەوە، هـەروەك ئێسـتە بەڤیدیـۆش هەیـە چ بەبـاس وەچ وەك فیلمیـش دەتوانـن سـودیان لـێ وەربگـرن وە زۆر کتێـب هەیـە کەهەمـوو چیرۆکـە قورئانیەکانـی تێدایـە هـەر بەنـاوی چیرۆکـە قورئانیـەکان بەعەرەبـی

(٣) ـ سورة یوسف الایة ١١١

بەڵام نازانم ئەگەر بەکوردی هەبێت یان نە، موسا سەلامی خوای لێ بێت کاتێك گەڕاوە لەمەدیەن ئەم شتانە ڕوویدا لەسەر کێوەکە بانگکردنی لەلایەن خوای گەورەوە وە پرسیار لێکردنی لەسەر ئەو گاڵۆکەی کەپێی بوو وە دەستخستە ژێر باڵی و درەوشانەوەی دوای دەرهێنانی وەناردنی بۆلای فیرعەون، داواکاری موساش سەلامی خوای لێ بێت کەهارونی برای بکات بەوەزیری چونکە زمانی موسا پاراو نەبووە، هەروەها ترسانیشی لەوەی کەئەم پیاوێکی کوشتووە وە خوای گەورەش هەموو ئەو ترس و خەمانەی ڕەوانە دەوەو هارونی برای کرد بەوەزیری وە هێزێکیش پێ دا هەر بەو گاڵۆکەی کەخۆی سەلامی خوای لێ بێت دەیفەرموو یارمەتیدەرمە بۆ ڕۆشتن و وە بۆ حەیوان دەرکردن، مەفهومی ئەوەی کەباسمان کرد لەسەرەوە هەمووی لەسورەتی «طە»دا هەیە وە زۆرێك لەچیرۆکی موسا سەلامی خوای لێ بێت لەهەمان سورەتدا باس دەکات. موسا سەلامی خوای لێ بێت لەگەڵ خوای گەورەدا قسەی کردووە وەك دەفەرموی (وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا[٤]) بێگومان بەسەرهاتی هەندێک لەپێغەمبەرانمان بۆ گێڕاویتەوە، بەسەرهاتی هەندێکی تریشمان بۆ نەگێڕاویتەوە. (بەڕاستی) خوای گەورە خۆی لەگەڵ موسادا گفتوگۆی یەکسەری و (ڕاستەوخۆی) ئەنجام داوە[٥].

تێبینی: وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەن برایەکی دڵسۆزەوە بۆمان هات دوای چاپکردنی ئەم پەرتوکەو بڵاوکردنەوەی لە کوردستاندا، وەڵامەکەش وەك خۆی دادەنێن بۆ چاپی تازەو سوپاسی ماندوو نەبوون و خەمخۆری دەکەین.

---

(٤) ـ سورة النساء الاية ١٦٤

(٥) ـ قصص الانبياءابن كثير الفصل الاول :يوسف عليه السلام



بەڕێز مامۆستا عمر عەلی گیان سەبارەت بە پرسیا...
برا بەڕێزەکەی کە ئەم پرسیارەی دەربارەی ئەوەی کە
لە خوا کردکە ببینێت (تەماشای بکات) بۆتە لە قورئاندا باسی...
(١٤٣)ی سورەتی الأعرافدا لەگەڵ کێوی طور...
دا بەڵام سەبارەت بە پێغەمبەران کە منێک لە نووری خوا تێیدانی یە
خۆی چیرۆ ئەمەشی بە بەڵگەی قورئانی وەکو لە ئایەکەی
ڕوونی باس لێوە دەکات. ئیتر هەر خۆشبین

WWW.anoor.Org

٤-پرسیار: ئایا گوێگرتن لەگۆرانی ئیسلامی بەمۆسیقاوە حەرامە؟ ئەی ئایا گوێگرتن لەسروود بەدەفەوە؟

وەڵام: گورانی وە هەروەها سرود حوکمی قسەکردن وەردەگرن ئەگەر ووتەکانیان شتی ناشەرعی تێدا نەبێت حەرام نییە، بەنسبەت مۆسیقاوە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە هەیە پێی حەرامە وە هەشە بەحەڵاڵی داناوە واتە شتێکە ڕاجیاوازی تێدایە، من کتێبێکم لایە بەناوی (الموسیقى والغناء في ميزان الاسلام) کەدانەرەکەی عبدالله بن يوسف الجديع-ە، کەبەڕاستی عالمێکە بەتایبەت لەعیلمە ئوصولیەکاندا کەگرنگترین مادەن لەشەریعەدا، ئەو کتێبە زیاترە لە٦٠٠ لاپەڕەی لەسەر گۆرانی و مۆسیقا نوسیوە وە بەحەڵاڵی دەزانێ، بەکورتیەکەی سەرەنجامی ئەو مشتومڕە دەتوانین بڵێین ئەگەر مۆسیقا حەرامیش نەبێت گوێگرتن لێی باش نییە، لەبەر نەکەوتنە حەرامەوە لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەی کەدەفەرموێ، حەڵاڵ ئاشکرایەو وەحەرامیش ئاشکرایەوە لەو نێوانەدا هەندێك شت هەن گومان لێکراون، جا بۆ ئەوەی نەکەوینە حەرامەوە باشتر وایە واز

لەگومانلێکـراوەکان بهێنـن باشـە[٦].

٥-پرسـیار: مـن ژنەکـەم دەڵێـت دڵـم لێـت شـکاوەو تازەناتوانـم لەگەڵـت بژیـم و منیش زۆرم خـۆش دەوێـت و پێـم وتـووەداوای چیم لـێ دەکەیت بیکەبـۆت ئەکـەم، بـەڵام ئیسـتیفادەی نیـە، تکایەچـی دۆعایـەك باشـەتا خـوای گەورەئـەم شـەیتانەلەدڵی دەرکات؟
وەڵام: بێگومـان هەمـوو ژن و پیاوێـك گرفتیـان تـوش دەبێـت ئەگـەر هەرچەندیـش بـاش بـن و تێگەشـتووش بـن، بـەڵام نابێـت ئـەو گرفتانـە یەکسـەر وامـان لـێ بکـەن بگەینـە ئـەو بـاوەڕەی کەنەتوانیـن لەگـەڵ یەکتـردا بژیـن، چونکـە ئـەوەدوای هەمـوو هەوڵەکانەوەیـە ئەگـەر هیـچ چارەیـەك نەمـا ئەوکاتـە بـۆ ئـەوەی ژیانیـان نەبێتـە دۆزەخ و دەنگەدەنگـی بـەردەوام ئیسـلام ڕێگـەی داوە بەتـەڵاق، بـەڵام کۆمەڵەکارێـك هـەن بیانگرنەبـەر وەك لەشـەرعدا باسـی لێوەکـراوە وەك: جێگـە جیـا کردنـەوە ئامـۆژگاری لەلایـەن کەسـی تـۆو وەکەسـی خۆیـەوە، دوعـای خێـر هەردوعایـەك کەبـۆت ئاسـانە، بگـەڕێ بـۆ ئـەو هـۆکارەی بـۆ تـۆی خـۆش ناوێـت ئەگـەر هەڵەیەکـەو لەلایەنـی تـۆوە ڕوویـداوە هەوڵـی چارەسـەری بـدە ان شـاء الله وای لـێ دێـت خۆشـی بوێیـت، هەرچەنـد سـەرەنجامی ناکۆکـی زۆرجـار ئافـرەت ئـەو قسـە بـەدەم دەکات بـەڵام لەناخـەوە وا نییـەو خۆشـی دەوێیـت لەڕاسـتیدا، خـوای گـەورە ژیانتـان پـڕ بـکات لەکامەرانـی و وە بەبەختـەوەری و تەبـای و پـڕ لەخۆشەویسـتی پێکـەو بژیـن لەژێـر ڕووناکـی ئیمـان و ئیسـلامدا ان شـاء الله[٧].

---

(٦) ـ الکلـم الطیـب )حکـم سـماع الموسـیقی والغنـاء ص٢٥٨وایضـا ص٤٥٢)و(المغنـي ١٧٣/١٠)و(تفسـیر الطـبري ٢١/٤٠)و(مجمـوع فتـاوی ابـن بـاز ص٤٣٧)

(٧) ـ فتاوای واستشارات الاسلامي ص٦ د ٠ منیرقاسم

٦-پرسـيار: مـن ٨ هەشـت ساڵەشـووم كـردوەو منداڵـم نابێـت، دكتـۆر دەڵێـت منداڵـت نابێـت ئەگـەر كچێـك هەڵبگرمـەوە دەسـتنوێژی لەمێردەكـەم دەشـكێت؟ حوكمـی ئەمـە چیـە؟
وەڵام: خـوای گـەورە منداڵـی سـاڵحتان پـێ ببەخشـێت، بێگومـان ئـەو كارە لای خـوای گـەورە هیچـی پـێ ناچێـت، زۆرن ئـەو كەسـانەی كەچەنـد جـار دكتۆریـش جوابـی كـردوون بـەڵام خـوای گـەورە منداڵـی پـێ بەخشـیوون هاوڕێیەكـم بەهەمـان شـێوە بـوو بـەڵام زۆر ئومێدیـان بەخـوای گـەورە هەبـوو هەرگیـز كارێكـی ناڕەوایـان نەكـرد نەچوونـە لای سـاحیرو فالجـی و هیـچ كارێكـی ناڕەوایـان نەكـرد بـەردەوام دوعایـان دەكـردوو وەداوایـان لەمسـوڵمانان دەكـرد دوعـای خێـری بـۆ بكـەن، خوای پـەروەردگار كـردی بەیەكجـار خـوای گـەورە دوو منداڵـی پـێ بەخشـین.
ئـەوكارەی بەڕێزتـان لەپێـش ئیسـلامدا زۆر بەنـاو بانـگ بـوو هەتـا ئـەو منداڵـەی كەهەڵیـان دەگرتـەوە میراتیشـی دەبـرد بـەڵام ئیسـلام ئـەو كارەی ڕاسـت كـردەوە وە زەیـد كەخزمەتـكاری پێغەمبـەر بـوو خـوای گـەورە ژنەكـەی لـێ مارەبـڕی بـۆ ئـەوەی ئـەو بیـرەلای خەڵكـی ڕاسـت ببێتـەوە، هەرچەنـد بـەلای پێغەمبـەرەوە درودی خـوای لـێ بێـت زۆر زۆر ناڕەحـەت بـوو لـەو كاتـەدا. ئـەو منداڵـەی هەڵـی دەگریتـەوە بەهەمـوو شـێوەیەك بێگانەیـە بەئێـوە، نەمیراتـی دەكەوێـت وە كەسـێكی بێگانەیـە، بـەڵام ئیتـر كاتێـك كەلەماڵـی ئێـوە گەورەدەبێـت ئـەوە وادەكات كـەوەك منداڵێكـی خۆتـان سـەیری بكـەن بـەڵام هـەر بێگانەیـەو وەوەك بێگانەیـەك ئـەو حسـابانەی بـۆ دەكرێـت، خـوای گەورەبتـان كاتـە خاوەنـی منداڵـی چاوگەشـی خۆتـان، بـەڵام كاتێـك منداڵـە بـە هـۆی منداڵیەكەیـەوە دەسـتی نوێـژی لێـی ناشـكێت هـەروەك هـەر منداڵێكـی تـر بـەڵام كەگەورەبـوو وەك هـەر ئافرەتێكـی تـری دەرەوەدەبێـت[٨].

(٨) ـ فتاوى يسالونك من هو المحرم ص٤٠ـ الجزء١٤

٧-پرسیار: من لەبەریتانیا دەژیم لەگەڵ براکەم و براژنەکەم چەند جار دەعوەتی مەتعەمیان کردووم بەڵام وا تازە بەمن دەڵێن کەئەو گۆشتانەی بۆ منیان داوا کردووە گۆشتی بەراز بووە، ئەمەشیان بەئیهانەوە پێ ووتووم هەردووکیان،منیش بۆ دڵنیاییەوە چومەوە بۆ مەتعەمەکە کاتێك پرسیارم کرد ووتیان بەڵێ ئەو گۆشتە بەرازە، ئایا ئێستا من حەقی خۆم نیە کەهەرچیەك بکەم بەرامبەر بەبراکەم و براژنەکەم؟ کەبرای گەورەشمە!

وەڵام: پێش هەموو شتێك تۆ هیچ تاوانێکت لەسەر نییە ، چونکە تۆ نەتزانیوەئەو گۆشتە گۆشتی بەرازەوەلەگەڵ برات و براژنیشدا ئەو گۆشتەت خواردووە کەئەوان دەعواتیان کردووی وەتۆش گومانت بۆ ئەوەنەڕۆشتووەکەئەوان کارێکی وا بکەن و تەئکیدت لەسەر نەکردووە، ئەگەر کەسێکی نا مسوڵمان دەعوەتی کردبایەیت بێگومان تەئکیدت دەکرد لەسەری بەڵام براو براژنەکەت مسوڵمانن و کەسی نزیکی خۆتن وات نەزانیوەئیتر ئەو کارەڕوویداوە هیچ تاوانێك لەسەر تۆ نییە ،براو براژنەکەت تاوانبارن بەوەی ئەو کارەیان کردووەئەگەر وابێت، بەڵام لەوانەیەئەوانیش تووڕەبووبن لەئەنجامی تووڕەییاندا ئەوەیان ووتووەکەدەزانن تۆ زیاتر دڵت پێی دێشێ، بەڵام تۆ گومانی چاك ببەلەوانەیەوا نەبێت وەئومێدەوارم واش نەبێت. بەڵام بەهەرحاڵ تۆ هەوڵی ئەوەبدەگفتوگۆیان لەگەڵ بکەیت وەڕێنیشاندەریان بیت چونکەئەگەر ئەو کارەڕاست بێت براکەت و براژنەکەشت پێویستیان زۆر زۆر بەئامۆژگاری هەیەبەڵام حەزەری زۆریان لێ بکەوەتۆش دەتوانیت بەوەتۆڵەیان لێ بکەیتەوەبڵێیت سیقەی خۆتان دۆڕاند لای من لەوانەیەلەوەئازاری زیاتر بێت کەلەبیری تۆدا بێت وەئومێدیش هەیەبیریان پێ بکاتەوەکەبوونەتەدۆڕانی

سیقەی خۆیان لای تۆ وەتۆش هیچ تاوانباریش نەبوویت، داواکارم لەخوای گەورەئەو کارەڕاست نەبێت و وەنێوانتان تەباو سوڵحاو بکات و هەمووتان سوڵحاو بن بۆ ئەم پەیامەپاکە.

٨-پرسیار: ئایا کاتێك کەڕۆژو دەگریت و لەخەودا ئیحتیلام دەبیت ڕۆژوەکەبەتاڵ دەکاتەوە؟
وەڵام: نەخێر بەتاڵ نابێتەوەو ڕۆژووەکەش دروستە، بەڵام دەبێت خۆتان بشۆرن بۆ ئەوەی نوێژەکانتان نەڕوات، خوای گەورەڕۆژوو نوێژەکانتان لێ قبوڵ بکات(٩).

٩-پرسیار: مامۆستا من ئافرەتێکم و تەمەنم زۆرەو تا ئێستا شووم نەکردوە، وەماوەی ١٠ساڵ کوڕێك داوای لێکردم شووی پێبکەم بەڵام من ئیستیخارەم دەکردو هیچ وەڵامێکی نەدامەوەخوای گەورە، وەلەپاش ئەوکورەش چەند کەسی تر داوایان کردبێتم ئیستیخارەکەم هەر بێوەڵامە، ئایا خوای گەورەنوێژەکانی لێ قبوڵ نەکردووم کەوەڵامم ناداتەوە؟یان تەفسیری ئەو مەسەلەیەئەبێت چی بێت کەتا ئێستاش شووم نەکردووە؟
وەڵام: خوای گەورەهاوسەرێکی چاك و ڕێك و پێکتان بەنسیب بکات و قەرەبووی ڕابردووش بکەنەوە، ئەمەش یەکێکەلەکێشەیەکی تری وڵاتەکەمان بەهەزاران ئافرەتی وەك بەڕێزتان ئاسا بێ شوو ماونەتەوە، هەروەها بەهەزاران کوڕیشمان لەئەوروپا بێ خێزان!، بەڵام ئیتر ناڕەحەتیەکەو دەبێت ئارامی لەسەر بگیرێت، ئەو ئارامگرتنەش بێ گومان خۆی بۆخۆی خەیرو پاداشتە، دەبێت وەك تاقیکردنەوەیەکیش سەیری بکرێت، خوای گەورە بەهەشت

(٩) ـ (البیناية شرح الهداية ص ٣٨)و(فتاوى اللجنة الدائمة رقم ٧٧٩٠)

بەئاسانی نادات بەکەس، مرۆڤەکان بەجۆرە ها شتی جۆراو جۆر تاقی دەکاتەوە هەیە بەبێ شووی، هەیەبەبێ ژنی، هەیە بەژنی زۆر، هەیە لەبێ شوویدا سەرکەوتوو دەبێت لەو تاقیکرنەوەو شوکری خوای لەسەر دەکات لەکاتێکدا کەحەزیشی لێ یە، بەڵام هەیەباشترین شووشی هەیەو لە هیچیشی کەم نییە بەڵام لەو تاقیکرنەوە سەرکەوتوو نابێت، خوای گەورە سەرکەوتووتان کات خوشکی بەڕێز، ئەمان ەهەمووی قەدەری خوای گەورەن، بەڵام هۆکارەکان زۆرن، پشت بەخوا ببەستن بەردەوام دوعای خێر بکەن و ئومێدتان هەر بەئەو ببێت خۆڕاگر بن لەسەر ئەم تاقیکرنەوە، کۆتایی ئەم تاقیکرنەوەش مەرج نییە بکەوێتەئەو دونیاوەخوا خۆی دەزانێ کەی کۆتایی پێ دێت، دەبێت ئەوەش بزانین کەئارامگرتن لەسەر تاقیکرنەوە واجبە چونکە ئەگەر ئارامماں نەگرت ئەو کاتەتاوانبار دەبین، بەڵام ئەگەر ئارامماں گرت ئەو ئارامگرتنە دەبێت ەمایەی سڕینەوەی تاوانەکانمان و وەهەروەها بەرزبوونەوەی پلەمان لەبەهەشتدا، هەرچەند پلەی بەرزتریش هەیە لەسەرووی ئارامگرتنەوە کەئەویش سوپارگوزاری خوای گەورەیە لەسەر ناڕەحەتیەکان، ئەو دوعانەی کەدەیانکەین ئەگەر مەرجەکانی خۆی تێدا بێت هەمووی وەردەگیرێ بەڵام مەرج نییە یەکسەر وەربگیرێت هەروەها مەرج نییە لەم دونیایەشدا وەربگیرێن، بۆیەلەدوارۆژدا دوای هەموو حساب و کتابێك کەسانێك پاداشتێکی یەکجار گەورەوەردەگرن ئەوانیش دەڵێن خوایەگیان خۆ ئەمەبەری کردەوەی خۆمان نییە خوای گەورەش پێیان دەفەرموێ ئەمانەبەری ئەو دوعانەن کەلەدونیادا وەرگیراو نەبوو، ئەوکاتەئینسان ئاوات دەخوازێ کە هیچ لەدوعاکانی لەدونیادا وەرنەگیرایە. خوای گەورەسەرکەووتوو سەرفرازتان بکات و پیاوی

باشــتان بەنسـیب بــكات[١٠].

١٠-پرســیار: منداڵەكەمــان نــاو ناوەلاقەوەبانگیشــمان بەگوێــی دا داوە، بــەڵام ئێســتا ئەمانەوێــت ناوەكــەی بگۆڕیــن بەناوێكــی تــر، ئایــا ئەبێــت دیســانەوە بانــگ بدەینــەوە بەگوێیــدا؟
وەڵام: یەكێــك لەمافــی منــداڵ لەســەر دایــك و بــاوك ئەوەیەكەناوێكــی جــوان و باشــی بــۆ هەڵبژێــرن تــا گــەورە بــوو دڵــی پێــی ناخــۆش نەبێت، وەك ســونەت وایەئەگــەر منــداڵ بــوو لــەڕۆژی حەوتەمــدا حەیوانــی بــۆ ســەر دەبڕێــت و ســەری دەتاشــرێت و بانــگ دەدرێــت بەگوێــی ڕاســتیداو قامەتیــش دەدرێــت بەگوێیــی چەپیــدا جــا ئەگــەر ئەوانەتــان كــردووە ئیتــر پێویســت بەدووبارەبوونــەوەی نــاكات ئەگــەر مەبەســتان پێــی ئــەو ســونەتەبێت، بــەڵام خــۆ هیــچ گرفتێــك لــەوەدا نییــە بــەردەوام بانــگ بدەیــن بەگوێــی داو، بانــگ و قورئــان بەگوێیــان ئاشــنا بكەیــن كارێكــی زۆر باشــە، ناوەكەشــتان گۆڕیوەخــوای گەورەموەفەقتــان كات و وەتەمەنــی منداڵەكەتــان درێــژ بــكات و چاوتانــی پــێ ڕۆشــن ببێــت ان شــاء اللەبــەڵام هــەوڵ بــدەن دوونــاوی نەبێــت هــەر یــەك نــاوی ببێــت باشــترەوالله اعلــم[١١].

١١-پرسیار: ئایا بۆینباخ گوناهە؟ خوالیتان ڕازی بیت.
وەڵام: بۆینبــاخ بووەتەبەرگێكــی جیهانــی وكــەس ناتوانێــت بەتەنهــا بهــەی خــۆی بزانێــت ئەگــەر چــی لەهــەر لایەكیشــەوە ســەری هەڵدابێــت، هەمــوو جــۆرە جلوبەرگێكــی تــر مــادام مەرجــی شــەرعی خــۆی تێــدا

(١٠) ـ (فتــاوى رســائل الشــيخ محمدصالح العثيمين المجلــد الرابــع عشر ـ بــاب صــلاة التطــوع) و(مختــصر الفقــه الاســلامي في ضــوء القــران والســنة )
(١١) ـ دروس الشيخ عائض القرني (حكم تكرار العقيقة ص ٣٧)

بێــت و ئــەو کەســەی کەدەیــکات نیەتێکــی خراپــی نەبێــت هیــچ حەرامــی تێــدا نابینــم، چ گرفتێــك هەیەلــەوەدا مــن کــورد بــم و قــات و ڕیبــات ببەســتم وەیــان دیسداشــەیەك لەبــەر بکــەم، هەمــوو ئــەو کارانەمــادام بەمەبەســتی خۆچوانــدن نەبێــت ئاســاییە،بەڵام هەندێــك بــەرگ هەیەبێگومــان بــە هیــچ شــێوەیەك نابێــت لەبەریــان بکەیــن ئەگــەر ئــەو بەرگانەتایبــەت بــوو بەدینێکــەوەو بــەو شێوەبناســرێت لەنــاو خەڵکــدا بــۆ نمونەجلوبەرگــی لەشــێوەی پاپــا وەیــان ئــەو کڵاوەی کەجولکەلەســەری دەکــەن وەهەروەهــا ئەگــەر هــەر جلوبەرگێکــی تــری لــەو شــێوانە، بــەڵام قاتــو بۆینبــاخ هیــچ شــتێکی لەوانەپێــوە نییــە و وەکەســیش بــەو شــێوەنایان ناسێت هەمــوو کــەس لەبەریــان دەکات لەهەمــوو چیــن و توێژەکانــەوە. ئــەو جلوبەرگانــەش کــە هێمــای پێوەیــە وەك خــاچ و ئــەو جۆرەشــتانە هــەر دروســت نییــە ، لەگــەڵ ئــەو جلوبەرگانــەی کــەن وسراوی نــا شایســتەی پێوەیــە. خــوای گــەورە لەئێــوەش ڕازی بێــت[١٢].

١٢-پرسـیار: ئایـا نومینـەی حاجیـان لـە چیـەوە هاتـووە؟ بومـان ڕوون بکەنـەوە.

وەڵام: لەفەرموودەکانــی پێغەمبــەرەوە هاتــووە کەباســی لێوەکــردوون درودی خــوای لــێ بێــت، کۆمەڵێــك فەرمــوودەی ڕاســت و دروســت باسیان لێوەکردووەوەك لەم فەرموودەدا پیغەمبــەرد درودی خــوای لــێ بێــت دەفەرمــوێ { هیــچ کردەوەیەکی چاکــە لــە هیــچ ڕۆژێکدا نییــەلای خــوا خۆشەویســتربێ لەکــردەوەی چاکــەی ئــەم دەرۆژە.. عەرزیــان کــرد ئــەی پێغەمبــەری خــوا! جیهــاد لەرێــی خوایشــدا؟فەرمووی: جیهــاد لەڕێــی خوایشــدا، مەگــەر جیهــادی پیاوێــك بەســەرو ماڵەوەبــڕوات

(١٢) ـ فتاوى اللجنة الدائمة رقم (٤٢٥٧)

و لەڕێـی خـوادا بەختیـان بـکات و نەگەڕێتـەوە} وەخـوای گـەورەش دەربـارەی دەفەرمـوێ { وَالْفَجْـرِ* وَلَيَـالٍ عَشْـرٍ(١٣)} واتـە: سـوێند بەکاتـی بەرەبەیـان، و دەشـەوەکە. بەشـی زۆری زانایـان دەفەرمـوون: مەبەسـت لـەم دەشـەوە، دەشـەوی سـەرەتای مانگـی زیلحیججەیـە.. وەجگەلـەوەش کەئـەو مانگەیەکێکەلەمانگەحەرامـەکان کەچـوارن وەك خـوای گەورەدەفەرمـێ :{إِنَّ عِـدَّةَ الشُّـهُورِ عِنْـدَ اللَّهِ اثْنَـا عَشَـرَ شَهْراً فِـي كِتَـابِ اللهِّ يَـوْمَ خَلَـقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْـهَا أَرْبَعَـةٌ حُـرُمٌ ذَلِكَ الدِّيـنُ الْقَيِّـمُ فَـلا تَظْلِمُـوا فِيهِـنَّ أَنْفُسَـكُمْ (١٤)}، وەمانگـی مەحـەرەم لەمانگەحەرامەکانـە، وەپێغەمبـەری خـوا صلـی الله علیـە وسـلم دەفەرموێـت:(( السنة اثنا عشر شهرا منها أربعة حرم ثلاث متواليات : ذو القعدة، وذو الحجة، والمحرم، ورجب مضر الذي بين جمادى وشعبان (١٥))). ئیزافەکردنـی ئـەم مانگەبـۆ خـوای گـەورە: خـوای پـەروەردگار ئـەم مانگـەی بەبـەرز و گـەورە نرخانـدووە، وەئیزافەکردنـی ئـەم مانگـە بـۆ لای خـۆی ئیزافـەی ڕێزلێنـان و گەورەییـە، وەئەمەبەڵگەیەلەسـەر پلـەو پایـەی ئـەم مانگـە پیرۆزە.فەزڵـی بـەرۆژوو بـوون تێیـدا: پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیـە وسلم دەفەرموێـت : ((أفضل الصيـام بعد رمضان شـهر الله المحـرم(١٦)) رواه مسـلم . واتەباشـترین ڕۆژوو دوای مانگـی ڕەمـەزان مانگەحەرامەکانـە. ئەبـو عوسـمانی ئەلنهـەدی ـ ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت ـ دەفەرموێـت:» ئـەوان سـێ دەیییـان بەگەورەدەزانـی: دەشـەوی کۆتایـی مانگـی ڕەمـەزان و، دەرۆژی سـەرەتای مانگـی زو الحجـەو، دەڕۆژی سـەرتای مانگـی مەحـەرەم»(١٧).

(١٣) ـ سورة الفجر ايتان ١ـ٢

(١٤) ـ سورة التوبة الاية ٣٦

(١٥) ـ رواه البخاري

(١٦) ـ رواه مسلم

(١٧) ـ (رواه البخـاري ذكـره المنـذري في الترغيـب (٣/١٥٠)و(ارواء الغليـل ٣/٣٩٨)و(سـورة

١٣-پرسـيار: مـن لەكارگەیەكـی ئەوروپـی ئیـش دەكـەم و لەتەوالێتەكـە ئـاو نیـە، بۆیـە ناچـارم بەكلێنكـس خـۆم پـاك بكەمـەوە، ئایـا دەتوانـم دەسـت نوێـژ بشـۆم و نوێژەكـەم بكـەم؟

وەڵام: ئەسـڵ ئەوەیەكەبەئـاو خۆمـان پـاك بكەینەوەوەگـەر نەبـوو دەتوانرێـت بەشـتی تـر وەك كلێنكـس بـەكار بهێنرێـت وەباشـتر وایەتـەڕ بكرێـت ئەگـەر زانیتـان دواتـر ناتوانـن ئـەو كارەبكـەن پێـش نوێـژ، بـۆ ئـەوەی هیـچ ئاسـەواری پیسـی پێوەنەمێنـێ(١٨).

١٤-پرسـيار: مـن مـاوەی ٥ ساڵەقسـەناكەم لەگـەڵ باوكـم، هەوڵـم زۆر داوەبـەڵام ئـەو ئێمـەی ناوێـت و ژنـی تـری هەیـەو دایكـم داوای تـەڵاق دەكات، باوكـم داییـم بوختانـی خـراپ بـۆ مـن دەكات لەكاتێكـدا مـن زۆر بـاش بـووم بـۆ ئـەو، مامۆسـتا مـن زۆر لەباوكـم توڕەبـووم كاتـی خـۆی كەمەشـروبی دەخـواردەوەو كفـری زۆر دەكـردو داییمەداوێـن پیـس بـووە، ئایـا مامۆسـتا گیـان گوناهـم دەگات و خـوای گـەورە لێـم خـۆش دەبێـت كەنێوانمـان ئاوایـە؟

وەڵام: بـاوك و دایـك تایبەتمەندیەكـی یەكجـار گەورەیـان هەیـە لەئیسـلامدا، ئەگـەر بێـت و ئێمـە دیراسـەیەكی تـەواوی ئیسـلام بكەیـن لەسـەر ئەجـری دایـك و بـاوك لەسـەر منداڵەكانیـان سـەرەنجام بۆمـان دەردەكەوێـت كەدەبێـت منداڵەكانیـان وەك خزمەتكارێـك چۆنـە لەبـەردەم گەورەكەیـدا دەبێـت ئێمـەش ئـاوا بیـن، دەبێـت بەباشـتریش شـێوەمامەڵەیان لەگەڵـدا بكەیـن هەرگیـز بـێ تاقەتیـان نەكەیـن وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ {فَـلَا تَقُـلْ لَهُـمَـا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُـمَـا وَقُـلْ لَهُـمَـا

---

(الفجرالايتان ١ ـ٢)

(١٨) ـ فتاوى اللجنة الدائمة ص ٢/٩٤

قَـوْلًا كَرِيمًـا[١٩]}  وەك لـەو ئايەتـەدا دەردەكەوێـت نابێـت ئۆفێكیشـیان بەرانبـەر بكەیـن و وەدەبێـت قسـەی باشـیان لەگەڵـدا بكەیـن نـەك تورەبیـن لێیـان، جـا ئەگـەر باوكەكـەش خراپـەكار بـوو دەبێـت هەوڵـی ئەوەبدەیـن كەڕاسـتی بكەینەوەئەویـش بەیارمەتـی لەئاسـتی خـۆی زیاتـر وەئامـۆژگاری بكـەن لەگـەڵ دوعـای زۆرو داوای هیدایـەت بـۆ كردنـی لەلایـەن خـوای گـەورەوە، بـەڵام ئـەو كارانـەی كەباوكتـان كردوویەتـی مایـەی توورەبوونەبەڕاسـتی داوێـن پیسـی، مەشـروب، كفـر، ئیتـر چـی ماوەنەیـكات بـەڵام تورەبوونیـش چـارەی نـاكات بەڵكـو ئەویـش تـوورەدەكات ئەگـەر نەبێتەمایـەی زیاتـر پێداگریشـی لەسـەر ئـەو كارانـە، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا هەسـتی بـاوك بـۆ كـوڕی خـۆی ناتوانـم چـۆن وەسـفی بكـەم، هەمـوو باوكێـك هیـوای سـەربەرزی منداڵەكانیەتـی، وەبەڕێزتـان بـۆ مـاوەی ٥ ساڵەقسـەتان لەگەڵـدا نەكردووەبەڕاسـتی ئەوەكارێكـی زۆر نەشیاوەكەمسـوڵمان نابێـت زیاتـر لەسـێ ڕۆژ قسـەلەگەڵ بـرای مسـوڵمانیدا ببڕێـت وەك لەفەرمودەیەكـدا هاتـووە{لا یحـل لمسـلم أن یهجـر أخـاه فـوق ثـلاث لیال}[٢٠]جـا چ جـای ئـەوە كەباوكیشـت بێـت، زۆر بەڵگـەی قورئانـی و فەرموودەهـەن لـەم بـارەوە، بـەڵام بەكورتیەكـەی پێویسـتەبەینی خۆتانـی لەگـەڵ بـاش بكـەن و گـەردەن ئـازادی لـێ بكـەن و وەپەشـیمانی خۆتانـی لا دەربـڕن ئومێـد دەكـەم كاریگـەری لەسـەر ئەویـش ببێـت و بـەردەوام نەبێـت لەسـەر ئـەو كارەنەشـیاوانەو خـوای گـەورە هەمووتـان پێكەوەگونجـاو كات و وەكارەكانتـان لـەو چوارچێـوەدا بێـت كەشـەریعەتی ئیسـلام داینـاوە.

---

(١٩) ـ سورة الاسراء الاية ٢٣

(٢٠) أخرجـه أحمـد ( ٤ / ٣٢٧ ) : ثنـا عبـد الـرزاق ثنـا معمـر عـن الزهـري عـن عـوف بـن الحـارث بـه ـ

١٥-پرسیار: هاوڕێکەم دەڵێت کەماوەیەك خاڵی خۆی ماچی ناودەمی دەکرد، پاشان کچەکە بەدایکی خۆی گوت، ئایا ئەم کچە گوناهباربووە کەتەمەنی ١٦ ساڵە؟

وەڵام: خاڵ مەحرەمی کچەو دەتوانێت سەیری بکات و وەدەتوانێت ماچیشی بکات بەڵام کەکچەکە گەورەبوو وەگەشتە ئەو تەمەنە ئیتر هەر لەعورفیشدا ئاسایی نییە کە ماچ بکرێت مەگەر لەسەفەرێك بگەڕێتەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر یەکتریان نەبینی بێت، خاڵەکەشی دەبێت بزانرێت ئەو ماچەچۆن چۆنین کردوویەتی ئەگەر تەمەنی زۆر گەورەیە لەوانەیە هەر وەك منداڵێك ڕوانیبێتیە ئەو کچەکە خوشکەزایەتی وەیان برا زایەتی وەدڵی هیچی نەکردبێت و لەخۆشەویستیدا ئەوەی کردبێت، بەڵام جێگەی سەرنجیشەبۆ ماچی دەم! بەکورتی کچەکەخۆی دەتوانێت ئەوەبزانێت کەچۆن ماچی کردووەئایا بەو شێوەبووە، وەیان بەپێچەوانەوەگەر بەپێچەوانەوە بوو بێگومان تاوانبارەو نابێت ڕێگەبدات ماچی بکات وەهەتا ئەگەر زانی ئارەزووی هەڵدەستێت بەرانبەری هەتا دروست نییە سەیریشی بکات، مادام کچەکە گەورەبووە بەتایبەت لەو تەمەنەدا دەبیت خۆی لێ بەدوور بگرێت لەو کارەنە وەك خوانەخواست ئارەزووی هەستێت و بکەونەتاوانی گەورەوە [21].

١٦-پرسیار: ئێوەڕاتان چیەبەرامبەر ئەحمەدیە؟ ئایا ئەمانە موسڵمانن یان چی؟ ئایا ئێوە زانیاریتان هەیە لەسەریان؟

(٢١) ـ فتاوى يسالونك (تقبيل النساءلقريبهن الغائب) ٣٩٩/٣

وەڵام: جەماعەتی ئەحمەدی کۆمەڵێکن لە هندستان دروست بوون کەیەکەم دروست کەری ئەم کۆمەڵە میرزا غولام ئەحمەدی قادیانی بوو، لەساڵی ١٨٨٩ دروست بوون، ئەم کۆمەڵە لەسەر بنەمای ئیسلامەتی، وەباوەڕیان بەخوا، قورئان، فریشتەکان، ڕۆژی دوای و لێپرسینەوە هەیە وەخۆشیان بەمسوڵمان دەزانن، بەڵام گرفتی ئەم کۆمەڵە ئەوەیە کەئەفکاری زۆر جیاوازیان هەیە لەوەی کە لەئیسلامداو فەرموودەکاندا جێگیر بووە بۆ نمونە باوەڕیان وایە کەخوای گەورە ڕۆژوو دەگرێ و دەخەوێ و هەڵەدەکات، باوەڕیان وایە کەپێغەمبەر دوا پێغەمبەر نییە وەدوای ئەو پێغەمبەری تریش دێن وەباوڕیان وایە کەغولام ئەحمەد باشترین پێغەمبەرە، باوەڕیان وایە کەغولام ئەحمەد ئیلهامی بۆ هاتووە لەلایەن فریشتەوە وەئەو ئیلهامەش وەك قورئان بووە، بەهەرحاڵ ئەم کۆمەڵە هەڵەی زۆر زۆرتریشیان هەیە لەوەی کەباسمان کرد جا لەبەر ئەوانەبەڕای زۆرینەی زانایان و ئەهلی سونەو جەماعەت وەهەتا شیعەش ئەم کۆمەڵە کافرن و لەئیسلام چوونەتە دەرەوە، هەرچەند ئەم کۆمەڵە کەناڵی ئاسمانی سایتیشیان هەیە بەڵام ئەوەی کەباوەڕ پێ کراوە ئەم کۆمەڵە دەستی ئینگلیزن و ئەوان دروستیان کردوون هەر بۆیە دەشڵێن خوای گەورە بەئینگلیزی قسەدەکات! خوای گەورە ئیمەو ئێوەش لەفیتنەی ئەم کۆمەڵەبپارێزێت[٢٢].

١٧-پرسیار: لەدەرەوەی وڵاتم و لەگەڵ کچێك پەیمانمان داوە بەیەك کەبۆ یەك بین، کچەکەش لەدەرەوەی وڵاتە بەڵام هەر یەکەمان لەووڵاتێکین، ئێستا باوکی ئەم کچە تەڵاقی خواردووە کەئەبێت

(٢٢) ـ (الفقه الاسلامي وادلته للزحيلي ٥٠٨٢/٧)و(مختصرالعلي العظيم ٣٢/١)و(مشكل الاثار١٠٤/٤)

کچەکـەی بـدات بەبرازایەکـی خـۆی لەکوردسـتان، دەڵێـت ئەبێـت کچەکـەی بڕواتـەوە بـۆ کوردسـتان، ئایـا مامۆسـتا گیـان چارەسـەر بـۆ مـن و ئـەو کچەچیـە؟ حوکمـی بـەزۆردان بەشووشـمان بـۆ ڕونبکەنـەوە.
وەڵام: چارسـەر ئەوەیەتـۆ بەشـێوەیەکی جـوان و ڕێـك و پێـك داوای بکـە وەئەویـش پێداگـر بێـت لـەوەی کەتـۆی بەدڵـەو بەباوکـی بڵـێ شـووی پـێ دەکـەم، گـەر هـەر نەکـرا تـۆ ئـارام بگـرەو سوپاسـی خـوا بکەچونکـە لەوانەیـە خێـری بـۆ تـۆ تیـا نەبێـت هەرچەنـد خۆشـت وا ببینیـت کەخێـری تێدایـەوەك خـوای گەورەدەفەرمـوێ { وَعَسَـى أَن تُحِبُّـواْ شَـيْئًا وَهُـوَ شَـرٌّ لَّكُـمْ وَاللّهُ يَعْلَـمُ وَأَنتُـمْ لاَ تَعْلَمُـونَ(٢٣)} واتـە لەوانەیەشتێکتان پـێ خـۆش بێـت کەچـی شـەڕ لـەوەدا بێـت، بێگومـان هـەر خـوا خـۆی دەزانێـت (خێـر لەچـی دایـە)، ئێوەنایزانـن. بەشـودانی کـچ بـەزۆر بەتایبـەت ئەگـەر ئـەوەی بـەزۆر بەشـوی دەدات ئەگـەر باوکـی بێـت وەك ئەمـە، هەیـە ڕێگـەی داوەبەوەلەبـەر ئەوەدەڵێـن کەبـاوك لەبەرژەوەنـدی منداڵـی خۆیدایـە، بـەڵام ڕاجـح ئەوەیـە والله اعلـم کەبـەزۆر بەشـودان خراپـەو نابێـت، هاوسـەرێتی لەسـەر بنەمـای ڕاسـتگۆی و خۆشەویسـتی و پاکـی لەگـەڵ یەکـدا دەبێـت جـا ئەگـەر بەدڵـی نەبـوو زەحمەتەئـەو ئامانجانەبپێکێـت و دوور نییـە سـەرەنجامەکەی بەتەڵاقیـش کۆتایـی نەیـەت، جـا باشـتر وایەهـەر لەسـەرەتاوەنەکرێت باشـە، ئافرەتیـش دەبێـت پێداگـر بێـت لـەوەی کەشـوی پـێ نـەکات، تەڵاقـی باوکیشـی ئـەو کاتەلێـی دەپرسـرێت کەتەڵاقەکـەی چـۆن خـواردووەو چارەیـەك بـۆ ئەویـش دروسـت دەبێـت، خـوای گەورەبەنسـیبتی بـکات گـەر خێـری تێدایـە.

(٢٣) ـ سورة البقرة الاية ٢١٦

١٨-پرسـيار: ئايـا سـەرقفڵانە کـە لەدووکانـدار وەرئەگیرێـت حەرامـە یـان حەڵاڵـە؟

وەڵام: سـەرقفڵانەئەو پارەیـەی کەلەدوکانـدار وەردەگیـرێ ئەویـش دەتوانرێـت بوترێـت جۆرێکە لەزەریبـە وە دانـی ئـەو زەریبـەش دوکانـدار بەدەسـتی خـۆی نییـە ، بەڵکـو لەلایـەن حکومەتـەوە بـەزۆر لێیـان دەسـەنرێت وەیـان قانونـەو ناتوانرێـت نەدرێـت، دانـی ئـەو سـەرقفڵانە هیـچ گرفتێکـی تێـدا نییـە بـۆ دوکانـدار چونکە خـۆ ئـەو بەئـارەزووی خـۆی نایـدات، هەرچەنـد بـۆ حکومەتیـش هەیەبڕێـك لەپارەبـۆ دوکانـدار دابنێـت بـۆ سـەرفکردنی لەپێنـاو بەرژەوەنـدی وولات و هەژارانـدا.

١٩- پرسیار: ئایە حوکمی خۆرەحەتکردن بەدەست چیە؟

وەڵام: حەرامـە بەدەلیلـی ئـەم ئایەتـە وەك دەفەرمـوێ {وَالَّذِيـنَ هُـمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُـونَ *إِلَّا عَلَـى أَزْوَاجِهِـمْ أَوْ مَـا مَلَكَـتْ أَيْمَانُهُـمْ فَإِنَّهُمْ غَيْـرُ مَلُومِيـنَ * فَمَـنِ ابْتَغَـى وَرَاءَ ذَلِـكَ فَأُولَئِـكَ هُـمُ الْعَـادُونَ(٢٤))} ئـەم سـێ ئایەتـەی سـەرەتای سـورەتی المؤمنـون باسـی خەسـڵەتی ئینسـانی ئیمانـدار دەکات وە لـەو خەسـڵەتانەش ئەوەیـە کەدامێنـی خۆیـان دەپارێـزن، لەزینـاو هەمـوو ئـەو شـتانە، جگـە لەگـەڵ خێزانـی خۆیانـدا نەبێـت، لەگـەڵ کەنیزەکـدا کەڕێگەپێـدراوە، بـەدەر لـەو دوانـە یانـی خێـزان و کەنیـزەك دروسـت نییـە ئینسـان دامێنـی لـە هیـچ شـتێکی تـردا بـەکار بێـت ئەگـەر بـەکاری هێنا ئـەو کاتـە زیادەڕۆی کـردووە. بـەڵام ڕێگـەدراوە بـەو کەسـەی کەئەگـەر ترسـی ئـەوەی هەبـوو کەبکەوێتـە زینـاوە ئـەو کارەبـکات، ئەویـش مانـای وا نییـە کارێکـی باشـە بەڵکـو لەزیناکـە باشـترە، بـۆ ئـەوەی کەبـەدوور بیـت لەزیناکـە وەدروسـتە

(٢٤) ـ سورة المؤمنون الاية ٥-٧

بۆی ئەویش دەبێت زیادەڕۆی تێدا نەکات، هەوڵی خێزان دروست کردن بدات، کردنی ئەو کارەلەڕووی تەندروستیەوە زەرەرمەندە هەروەها، جگەلەوەش کەسەرەنجامی سلبیشی دەبێت لەدواڕۆژدا دوای ژن هێنان، چونکە دامێنی بەدەست ڕادێت کەزبرە، وای لێ دێت کەخێزانی نەتوانێت بیگەیەنێت بەچێژی خۆشی، هەروەها ئافرەتانیش بەهەمان شێوە[٢٥].
ئەم کارانە بیگومان خراپن بەڵام هەندێك جار کەگوێمان لێ دەبێت باسی ڕەوای دەکرێت تەنها لەو ڕووەوەیە کەباشترە لەزینا، هەروەك چۆن بەراز حەرامە بەڵام لەکاتی تەنگانەدا ئەگەر کەسێك ناچار بوو بەشێوەیەکی وا گەر نەیخوارد گیانی بکەوێتە مەترسی لەناوچوونەوە حەڵاڵ دەبێت، ئەویش مانای وا نییە کەبەراز گۆشتێکی پاك و حەڵاڵ بێت، بەڵکو لەمردنەکە باشترە.
وەئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتووەبۆ پاراستی پینج شت لەوانە: ١-پاراستنی دین خوی ٢-مرۆڤ ٣-ژیری ٤- وەچە ٥-ماڵ. وەکارێك کەمەترسی بۆ ئەوانە دروست بکات ڕێگە دەدرێت بەبەرابەرەکەی، وەك لەکردنی زینادا وەچە دەکەوێتە مەترسیەوە، یانی لەوانەیە بەکردنی زینا منداڵ دروست ببیت و وەچەکان تێکەڵ ببن. خوای گەورە خێزانێکی ئیماندارتان بەنسیب بکات و ناچار نەبن بەکردنی ئەم کارە، و زیاتر ئارامیتان پێ ببەخشێت.

٢٠- پرسیار: مێردەکەم لەهەموو لایەنێکەوە باشە بەڵام زۆر جنێو بەخۆم و ماڵی دایکم لەخوشك و براکانم ئەدات، هەر چۆن بجولێمەوە جنێو ئەدات زۆر بێزار بووم لەدەستی و دوو منداڵمان

(٢٥) ـ (الزهد والورع والعبادة ١٤/١)و(مختصر الفقه الاسلامي في ضوء القران والسنة-حكم الاستمناء ٩٦٧/١)

هەیـە، ماڵـی دایکیشـی زۆر ڕقیـان لەماڵـی دایکمـە بەبـێ هـۆ، مامۆسـتا گیـان چارەسـەرێك.

وەڵام: ئامـۆژگاری بکـە بەبەبیرهێنانـەوەی ئـەم فەرمـوودە{ « لَیْـسَ المُؤْمِنُ بالطَّعَّانِ وَلا اللَّعّان وَلا الفاحِشِ وَلا البَـذيء «(٢٦)} مرۆڤی ئیماندار جوێنـدەرو لەعنەتکـەرو تانـەو تەشـەردەر نییـە ، بـەردەوام ئامـۆژگاری بکـە کەلەخـوای گـەورە بترسـێت دەمـی خـۆی بپارێزێـت لەهەمـوو کارێکـی نەشیاو چونکـە هـەر ووشـەیەك کەلـەزاری دەردەچێـت خـوای گـەورە دەینوسـێت و لـەڕۆژی دوایـدا محاسـەبەی دەکرێـت خـوای گەورەدەفەرمـوێ { مَـا یَلْفِـظُ مِـنْ قَـوْلٍ إِلَّا لَدَیْـهِ رَقِیـبٌ عَتِیـدٌ( (٢٧))} وەپێغەمبـەر (صلـی الله علیـه وسـلم) لەفەرمودەیەکـدا دەفەرمـوێ { مَـنْ یَضْمَـنْ لِـي مَـا بَیْـنَ لَحْیَیْـهِ وَمَـا بَیْـنَ رِجْلَیْـهِ أَضْمَـنْ لَـهُ الْجَنَّـةَ((٢٨))} واتەئـەوەی دەم و دامێنـی بپارێزێـت مـن زەمانەتـی ئـەوەی دەکـەم کەدەچێتەبەهەشـت، زۆر زۆرن ئـەو ئایـەت و فەرمودانـەی کەلەسـەر دەم پاراسـتن دەدوێ، وەهـەوڵ بـدەن بـەردەوام بەوانـە ئامـۆژگاری بکـەن وەمـادام هەمـوو شـتەکانی تـری باشـە تەنهـا ئەمـە نەبێـت ئەگـەر بـەردەوام بـن لەسـەر ئـەو ئامۆژگاریانـە ان شـاء اللهئەمـەش بـاش دەبێـت، گـەر ئێـوە بەجوانـی بجوڵێنـەوەو بـەردەوام بـن لەسـەر ئـەو ئامۆژگاریانـە ان شـاء الله ئەوانیـش بـاش دەبـن وەئارامگرتـن لەسـەر ئـەم ناڕەحەتیـەش هەمـووی دەبێتـە مایـەی سـڕینەوەی تاوانەکانتـان بەرزبوونـەوەی پلەتـان لەبەهەشـتدا(٢٩).

(٢٦) ـ حديث ابن مسعود : أخرجه البخارى فى الأدب المفرد (١/١١٦، رقم ٣١٢)، وأحمد (١/٤٠٤، رقم ٣٨٣٩)، والترمذى (٤/٣٥٠، رقم ١٩٧٧)

(٢٧) ـ سورة ق الاية ١٨

(٢٨) ـ أخرجه لبخاري ( ٦٤٧٤ ) و البيهقي ( ٨ / ١٦٦ ) و في « الشعب « ( ٤ / ٢٣٥ / ٤٩١٣ ) من حديث سهل بن سعد و البيهقي أيضا ( ٤٩١٥ )

(٢٩) ـ فتاوى الشبكة الاسلامية ص٢٥٤٥

٢١- پرسـيار: ئایـا مەلەوانگەبـۆ پیـاو حەرامـە لەئەوروپـا؟ چونکـە ئافرەتـی تێدایـە، وەمەلەوانگـە نیـە کەئافرەتـی تیـا نەبێـت، ئایـا پیـاو چـی بـکات ئەگـەر حەرامـە؟
وەڵام: مەلەوانگـە حـەرام نییـە بـۆ پیـاوان بـۆ خۆیـان مەلـە بکـەن وەهەروەهـا بـۆ ئافرەتانیـش بـۆ خۆیـان بیکـەن، بـەڵام ئەگـەر تێکـەڵ بـوون بێگومـان حەرامـە، پیـاو چـی بـکات گـەر حەرامـە نەیـکات لەماڵـەوە خـۆی بشـۆرێت، خـۆ مەلـە نـان خـواردن نییـە بەنەکردنـی ئینسـان نـەژی، بـەڵام دەتوانرێـت لەگـەڵ مەلەوانگەکـەدا ڕێبکـەون تایبەتـی بکـەن بەخۆتانـەوە ئـەو کاتـەی کـە دەتانەوێـت، بـۆ نمونـە زۆرینـەی مەلەوانگـەکان کاتـی تایبەتیـان هەیـە بـۆ ئاهەنـگ، یـادی لەدایـك بـوون کەئـەوان زیاتـر ئەوانەدەکـەن ئێـوەش دەتوانـن کۆمەڵێـك پێـك بێنـن ئـەو کاتانـە حیجـز بکـەن و تەنهـا خۆتـان بـڕۆن، ئێمـەش زۆرجـار ئـەو کارەمـان کـردووە کۆمەڵێـك پەیوەندیمـان کـردووە بەمەلەوانگەکـەوە کاتەکەمـان تەرخـان کـردووە بەخۆمانـەوەو وەخۆمـان پارەکەمـان بـۆ کۆکردۆتـەوە لەنێـوان خۆمانـدا، هەروەهـا ئەگـەر سـەیری خشـتەی مەلەوانگەکـەش بکـەن زۆر مەلەوانگـە هەیـە کـەزۆر کات تەنها بۆ پیاوەیـان هـەر بۆ ئافـرەت وەیـان هـەر بۆ عائیلـەوە یـان هـەر بـۆ منداڵ وەیـان هـەر بـۆ قوتابیانـی سـەرەتایی، ناوەنـدی، دواناوەنـدی، زانکـۆ، هەمـوو ئەوانـە لەزۆرێـك لـە مەلەوانگەکانـدا هـەن، گـەر ئـەو مەلەوانگـەی کـە نزیکـە لێتانـەوەو ئـەوەی نییـە هەوڵـی مەلەوانگەکـەی تـر بـدەن وەگـەر هـەر نەبـوو ئـەو کاتـە ڕۆشـتنی زەرور نییـە [٣٠].

(٣٠) ـ فتـاوی یسـالونك (لایجـوز ارتیادالنسـاء للمسـابح ٢١٧/٧)و(فتـاوی اللجنـة الدائمـة ص١٦٨تـە ماشـای فتـوای رقـم ٢٩٢٢بکـە)

٢٢- پرسـيار: ئەگـەر كۆمەڵێـك ئايـەت يـان دۆعـاو حەديـس بمەوێـت بيانفەوتێنم، پێويستە چيـان لێبكـەم؟ چونكـە تەنها مەبەستم ئەوەيـە كـە نەكەونـە شـوێنی خـراپ يـان بـەر پێنەكـەون.
وەڵام: زۆرجار زۆرێـك لەئێمە پێويستی بـەو كارانـە دەبێت كەزۆرشتی هەيـە بـەكاری نايـەت وە ناشـكرێت بخرينـە زبالـەوە، وەيـان هـەروا فڕەبدريـن و بكەونەبـەر پێـوە، باشـترين شـت ئەوەيـە بسـوتێنرێن لەجێگەيەكـی چەپـد (٣١).

٢٣- پرسـيار: مـاوەی چـوار ساڵەشـوم كـردووەو ژيانمـان زۆر خۆشـە بـەڵام دوای چـوار سـاڵ خـوای گـەورە وای كـرد كەسكم ببێـت، سكم بـوو بەسێ مانـگ، ئافرەتێـك هـات ووتـی تـۆ سـكت زۆر گەورەيـە لەسێ مانـگ ناچێـت كەچـی بـۆ بەيانـی توشـی نەزيـف بـووم و يـەك هەفتـە لەخەسـتەخانە كەوتـم كەژانـم هـات هـەروەك بڵێيـت منداڵەكـەم نـۆ مانگ بێت كاتێك منداڵم بوو سەيرم كرد هەموو لەشی دروست بوو بـوو دكتـۆرەكان پێيـان ووتـم نـاوی بنێ منيـش ناوێكم دانێ، ئەوانيـش ووتيـان ئەمـە ناونيشـانی گۆڕەكەيەتـی دەتوانيـت سـەردانی بكەيـت، ئيتـر لـەو ڕۆژەوە زۆر خەمبارم و داييـم چاوەكانـم بەفرمێسـكن بـەدەم گوێگرتـن لەقورئانـەوە، زۆر بێـزارم توخـوا هاوكاريـم بكـەن، چـی بكـەم؟
وەڵام: داواكاريـن لەخـوای گـەورە هـەردەم ژيانتـان خـۆش بێـت، وەئـەو ئافرەتـەش وای ووتـووە مـەرج نييـە هيـچ مەبەسـتێكی خراپـی هەبـوو بێـت هـەروەك واش دەردەكەوێـت كەقسەكەشـی ڕاسـت بـووە لەوانەيـە ئێـوە هەڵەتـان كردبێـت لـەوەی كەمنداڵەكـە سێ مانـگ نەبـوو بێـت مـادام بەوشـێوە گەورەبـووە، ئيتـر قەدەرێكـی

(٣١) - (فتح الباري٩/٢٠)و(مغني المحتاج١٥٢/١)و(مجموع الفتاوى١٢/٥٩٩)و(كشف القناع ١/١٣٧)

خــوای گەورەیــەو تاقیکردنەوەیــەك بووەبۆتــان وەباشــترین کاریشــتان کــردووە کەگــوێ لەقورئــان دەگــرن چونکــە تەنهــا قورئانــە ئارامــی بەدڵــەکان دەبەخشــێت وەك خــوای گــەورە دەفەرموێــت {الَّذِيــنَ آمَنُــوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ(٣٢)} وەسوپاسـی خــوای گــەورە بکــەن زۆر کــەس هەیــە منداڵەکەشــی بــووە دواتــر بــووە بەکێشــە بۆیــان یــان نوقســان بــووەو ژیانــی لــێ تــاڵ کــردوون بــەردەوام لەنەخۆشــخانە، یــان گەورەبــووەو دواتــر مــردون کەبێگومــان ئێشــەکەی زۆر گرانتــرە، منداڵەکەتــان پەپولــەی بەهەشــتەو ئــەو هەمــوو ئــازارو نارەحەتیــەش کەکێشــاوتانە مــادام ناشــوکر نەبــوون بووەتــە مایــەی لێخۆشــبونی تاوانەکانتــان و بــەرز بوونــەوەی پلەتــان لەبەهەشــتدا، خــوای گــەورە ئارامــی برێــژێ بەســەر دڵەکانتانــدا. هیــچ گومانێکــی خراپیشــت نەبێــت بەرانبــەر ئــەو خوشــکەی کــەوای ووتــووە چونکــە لەوانەیــە هــەر ویســتبێتی دڵــی تــۆ خــۆش بکات هــەر وەك چــۆن زۆرجــار ئێمــەش کەمنداڵــی ماڵێــك دەبینیــن دەڵێــن ماشــاء الله زۆر گەورەبــووە، یانــی بــەو جــۆرە ووتانــە دڵــی بەرانبەرەکــە خــۆش دەکەیــن بــەڵام ئەگــەر ئەویــش بەپێچەوانــەوە بیــر بکاتــەوە دواتــر دەبێتــە مایــەی دڵ ئێشــانیان لەیەکتــر، هیــوادارم بەینــی خۆتــان لەگــەڵ ئــەو ئافرەتــەدا تێــك نــەدەن وەخــوای گەورەموەفــەق و ســەرکەوتووتان کات و منداڵــی ترتــان بەنســیب بــکات.

٢٤- پرسیار: ئایا مردن چۆنەو ژیانی ناو گۆڕ چۆنە وە ڕۆحیانەتەکەمان دەچێت بۆ کوێ؟

وەڵام: پێکهاتــەی مــرۆڤ بریتیــە لــەڕۆح و جەســتە، جەســتە لایەنــە مادیەکەیــەو ڕۆح لایەنــی مەعنــەوی، وەجەســتە وەك ئامێرێــك وایــە بەبــێ ڕۆح کار نــاکات وەك کۆمپیوتــەرو کارەبــا کۆمپیوتــەر تــا کارەبــای

(٣٢) سورة الرعد الاية ٢٨

لێ نەدەیت کار ناکات وە کەکارەباکەت لێ کردەوە ڕاستەوخۆ دەکوژێتەوە، کاتێك کەئینسان دەمرێت ئەو ڕۆحەی کەتائێستا کەس نەیتوانیوە نهێنیەکانی بدۆزێتەوە وەزانیاریەکانی لای خوای گەورەیە دەردەچێت بەدەرچوونی جەستەی مرۆڤ لەکار دەکەوێت وەك بڕینی کارەباکە لەکۆمپیوتەرەکە، لەو ژیانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژیانێکی تر، ژیانی ناوگۆڕ وەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێ قەبر یان باخچەیەکە لەباخچەکانی بەهەشت وەیان پارچەیەکە لەئاگری دۆزەخ، ئەڵبەت باخچەیەك لەباخچەکانی بەهەشت بۆ مسوڵمان و ئەهلی بەهەشت وەپارچەیەك لەئاگری دۆزەخ بۆ کافران و بێ باوەڕان و تاوانباران، ڕۆحیش نهێنیەکەی لای خوای گەورەیەوەمشتومڕێکی زۆر هەیە لەسەری خوای گەورە دەفەرموێ { وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا(٣٣)} ئەوەی کەڕۆح دەچێت بۆ کوێ هەیە دەڵێت دەچێت بۆ بەهەشت ئەگەر ئەهلی بەهەشت بوو، وەدەچێت بۆ دۆزەخ ئەگەر ئەهلی دۆزەخ بوو، لەموەطەئی ئیمام مالیکدا هاتووەلەوەڵامی ئەم پرسیارەدا { أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - قَالَ : « إِنَّمَا نَسَمَةُ الْمُؤْمِنِ طَيْرٌ يَعْلُقُ فِي شَجَرِ الْجَنَّةِ، حَتَّى يَرْجِعَهُ اللَّهُ إِلَى جَسَدِهِ يَوْمَ يَبْعَثُهُ(٣٤ )} واتە روحی ئیماندار بەرز دەبێتەوە بۆ بەهەشت وەدەنوسێت بەدارێکی بەهەشتەوە تا ڕۆژی دوای خوای گەورە دەیگەڕێنێتەوە بۆ جەستەکەی، بەهەرحاڵ مشتومڕەکان زۆرن بەڵام ئەوەی کەئەرجەحە والله اعلم

(٣٣) ـ سورة الاسراء الاية ٨٥

(٣٤) ـ ٦٤٦ - وَحَدَّثَنِي عَنْ مَالِك، عَنِ ابْنِ شِهَاب، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ الأَنْصَارِي، أَنَّهُ أَخْبَرَهُ، أَنَّ أَبَاهُ كَعْبَ بْنَ مَالِكٍ كَانَ يُحَدِّثُ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - قَالَ : « إِنَّمَا نَسَمَةُ الْمُؤْمِنِ طَيْرٌ يَعْلُقُ فِي شَجَرِ الْجَنَّةِ، حَتَّى يَرْجِعَهُ اللَّهُ إِلَى جَسَدِهِ يَوْمَ يَبْعَثُهُ »(٤٢٣).الموطا جزء١ ص٨٤

کەزانیاریەکـەی لای خـوای گەورەیـە، بـەڵام بێگومـان ئەگـەر کەسـەکە سـوڵحاو بـوو بـۆ خـوای گـەورە لەجێگەیەکـی خۆشـدا دەبێـت وەگەرنـا بە پێچە وانە وە دە بێـت[٣٥].

٢٥- پرسیار: مـن لەگـەڵ براکـەم دەژیـم و ئەویـش مەشروب دەخواتـەوە، ئایـا جایزە؟

وەڵام: هەوڵـی ئەوەبـدە کەئـەو کارەی پـێ تـەرك بدەیـت بەترسـانی لەخـواو وەهەروەهـا بەنمونـەی ژیریـش کەمەشـروب چەندەهـا زیانـی هەیـە، ئـەو کاتانـەی کەمەشـروب دەخـوات دروسـت نییـە لەگەڵیـدا دابنیشـیت وەهەوڵـی ئـەوە بـدە مـادام ئـەو مەشـروب دەخـوات ئـەو جێگەیـەك بـۆ ئـەوە بدۆزێتـەوە کـەکاری خـۆی تێـدا بـکات نـەك لەسـەر قەنەفـە بەرانبـەری تەلەفزیـۆن دانبیشـێ و ئیسـراحەت لەئێـوەش تێـك بـدات، ئـەو کاتـە کارەکـەی لا ناڕەحـەت دەبـێ و یارمەتـی دەری دەبێـت بـۆ تـەرك دانـی. خـوای گـەورە موەفەقـی کات بـۆ بـەردەوام نەبوونـی لەسـەر ئـەو کارەی و وەبرایەتیەکەشـتان هـەر بتـەو بتەوتـرو بـەردەوام بێـت.

٢٦- پرسـیار: مـاوەی دوو سـاڵە قسـەمان نیـە بەیەکـەوە لەگـەڵ خزمەکانمانـدا مـن ڕازی نیـم قسـەیان لەگـەڵ بکـەم و ئەوانیـش بەهەمـان شـێوە، بەکـوردی دانومـان بەیەکـەوە ناکولێـت، تکایـە ئـەم حو کمە چیـە ؟

وەڵام: دروس نییـە بـۆ هیـچ مسـوڵمانێك کەقسـەی لەگـەڵ مسـوڵمانانـدا ببڕێـت زیاتـر لەسـێ ڕۆژ وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوێ { لَا يَحِـلُّ لِمُسْـلِمٍ أَنْ يَهْجُـرَ أَخَـاهُ فَـوْقَ ثَـلَاثِ لَيَـالٍ[٣٦] }

(٣٥) ـ (فتح القدير للشوكاني ٤٠٧/٦)و(معجزات القران والانبياء ـ الروح ص٨٧)

(٣٦) ـ وَعَنْ أَبِي أَيُّوبَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : { لَا يَحِلُّ

بێگومــان هەردوولاتــان تاوانبــارن وەباشترینیشــتان ئەوەیــە کەدەســت پێشــخەری بــکات لەئاشــت بوونــەوەداو ســەلام کــردن لەیەکتــری.

٢٧- پرســیار: لەگــەڵ کچێــك پەیوەنــدی هاوڕێیەتیــم هەبــوو بــەڵام لەپــڕ سکی پــڕ بــوو بۆیــە لەبــەر منداڵەکــەم نەمتوانــی وازی لێبێنــم بۆیــە ئێســتا لەگــەڵ خــۆم دەژی ئەوەمــاوەی ٧ســاڵە، مــن هەرگیــز بیــرم نەکردبــۆوە کەئــەم کچــە بهێنــم وەئێســتاش تەنهــا لەمەحکەمــە مــارەم کــردووە نــەك بەشــەرعی بــەڵام نــاوی منداڵەکەشــم نــاوە بەشــێوەی شــەرعی ئێســتا هــەر کاتێــك ئــەم کچــە دەبینــم لەماڵــەوە مردنێکــە بــۆ مــن، ئایــا وازی لێبهێنــم یــان چــی؟ ئایــا هەتــا زووتــر وازی لــێ بهێنــم باشــتر نیــە؟ تکایەهــاوکاری.

وەڵام: بەزووتریــن کات تــا بــۆت دەکرێــت لــەلای مامۆســتایەکی شــەرعی مــارەی ببــڕەو ژیانــی خــۆت لەگــەڵ بــەردەوام کــەو هەرگیــز بــەو شــێوەیە بیــر مەکــەرەوە کەمردنێــك بێــت، هــۆی ئــەو بیرکردنــەوە دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو هەمــوو کارە ناشــەرعیەی کەکردووتــە، گــەر تەوبەیەکــی بــاش بکەیــت و چاکــەکاری بکەیــت  ان شــاء اللەئ ارامــی دەگەڕێتــەوە بــۆ دڵەکانتــان، هــەوڵ بــدە بــە باشــترین شــێوە لەگــەڵ خێزانــت و منداڵەکــەت مامەڵــە بکەیــت لەســەرەتاوە هەڵەیەکــی گــەورەت کــردووە وەبەهەڵــەش کۆتایــی پــێ مەهێنــە، گــەر خێزانــت مســوڵمان  نییــە هەوڵــی ئەوەبــدە مسوڵمانی بکەیــت چونکــە زۆر گرنگــە تــا بــۆت دەکرێــت کاری چاکــەو چاکــەکاری بکەیــت بەئومێــدی ئــەوەی کەخــوای گــەورە لێتــان خــۆش ببێــت، بــەردوام یــادی خــوای گەورەبکــەو داوای لێخۆشــبون و یارمەتــی لــێ بکــە چونکەئــەو نزیکتریــن کەســێکە لێمانــەوە تەنهــا

لمُسْـلمٍ أَنْ يَهْجُـرَ أَخَـاهُ فَـوْقَ ثَـلَاثِ لَيَـالٍ : يَلْتَقِيَـانِ، فَيُعْـرِضُ هَـذَا، وَيُعْـرِضُ هَـذَا، وَخَيْرُهُـمَا الَّـذِي يَبْـدَأُ بِالسَّـلَامِ } مُتَّفَـقٌ عَلَيْـهِ .

ئـەو یارمەتـی دەری هەمـوو کەسـە، منداڵەکەتـان هـەوڵ بـدەن وەك چـۆن بەشـێوەیەکی ئیسـلامی ناوتـان نـاوە بەشـێوەیەکی ئیسـلامیش گـەورەی بکـەن هۆکارێـك بوویـت بـۆ هاتنـە دونیـای ئـەو وەمەبـە بـە هۆکارێکیـش بـۆ ناخـۆش کردنـی ژیانیشـی، هەروەهـا هاوسەریشـت بەجوانتریـن شـێوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـە چونکـە لەوانەیـە ئـەو هیـچ تاوانبـار نەبێـت دینێکـی وای نەبێـت کەڕێگـری لـێ بـکات لەکردنـی ئـەو کارەی کەکردوویەتـی وەنیەتیشـی بـاش بـوو بێـت لەگـەڵ ئێـوەدا بـەڵام تـۆ یەکـەم دینەکـەت ڕێگـەی پـێ نەداویـت بەکردنـی ئـەو کارە هـەر لەسـەرەتاوە وەهەروەهـا نیەتیشـت پـاك نەبـووە لەگەڵیـدا چونکـەوا دەردەکەوێـت هـەر ویستووتە پێـی ڕاببوێـری، جا ئێسـتا هەمـوو کارەکان بەسـەر چـووە وەتـۆ تەنیـا تاوانبارێکـی لـەم مەسـەلەدا وەئـەو تاوانـە دووبارەمەکـەرەوە، تەوبـە بکـەو لەگـەڵ خـوای خۆتـدا بـاش بـەو وە لەگـەڵ ژن و منداڵەکەتـدا، خـوای گـەورە ئارامـی بڕێـژێ بەسـەرتانداو تـەواوی ژیانتـان بگـۆڕی بەژیانێکـی  ئیسـلامی و پـڕ ئارامـی.

٢٨- پرسیار: ڕۆژانـە ٨ سـەعات لەقەسابخانە گۆشـتی بـەراز لـەت دەکـەم، ئایـا بۆچـی حەرامـە خـۆ لەقورئانـدا نوسـراوە مەیخـۆن و نەنوسـراوە دەسـتی لێمـەدەن، خـۆ ئەگـەر لەمەتعەمێکیـش کار بکـەم هـەر ئەبێـت گۆشـتی بـەراز ببرژێنـم و ئامـادەی بکـەم، ئایـا ئەمـەش هـەر حەرامـە؟

وەڵام: بەڕێـز ئێـوە بـەراز ناخـۆن بـەڵام ئـەو پـارەی پەیـدای دەکـەن لـەو ڕێگـەوە پەیـدای دەکـەن و، وەهەمـوو شـتێکی پـێ دەکـڕن و دەیخـۆن... وەگۆشـتی بـەراز حـەرام کـراوە بەدەقـی ڕاسـتەوخۆ لەقورئانـدا وەك دەفەرموێ { حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ

يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣٧)}

گۆشتی مردارەوە بوو، خوێن و گۆشتی بەراز لێتان حەرام کراوە، هەروەها ئەو ماڵاتانەش کەسەردەبڕدرێن و ناوی غەیری خوای لەسەر دەبرێت، ماڵاتی خنکاویش، ئەوەش کەبەئازارو لێدان مردار دەبێتەوە، یا دەکەوێتەناو بیرێکەوەو مردار دەبێتەوە، ئەو ماڵاتەش کەبەشۆقی ماڵاتێکی کەمردار بوبێتەوە، ئەوانەش کەدڕندەی کێوی پەلاماری دابن و لێی خواردبن مەگەر فریای چەقۆ کەوتبن، (هەر حاڵەتێك لەوانەی کەباسکرا ئەگەر بەچەقۆدا بگات حەڵاڵە) بەڵام ئەو ماڵاتانەی کەلەشوێنی تایبەتیدا بۆ بتەکان سەردە بڕدرێن ئەوانەش هەر حەرامە، هەروەها حەرامەسوێند خواردن و پشت بەستن بەو دارو تەختە بچوکانەی (کەخۆتان دەیتاشن و)، ئەو جۆرە کردارو ڕەفتارانە سەرپێچی و دەرچوونە لە(فەرمانی خوا). ئەمڕۆ (کەڕۆژی عەرەفەیە) کافران نائومێد بوون لەدین و ئاینی ئێوە (ئیتر ناتوانن زاڵ بن بەسەرتاناو هەرگیز نوری خوایان بۆ ناکوژێتەوە) کەواتە لەوانە مەترسن بەڵکو هەر لەمن بترسن ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاند، وەنازو نیعمەتەکانی خۆمم بۆ تەواو کردن وەڕازیم بەوەی کەئیسلام بێتە بەرنامەو دین و ئاینتان. (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا کەحەراممان کردووە) هەرکەس ناچار بوو لەگرانیی و برسێتیدا (وەمەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات کەحەراممان کردووە بەمەرجێك دەست درێژکار نەبێت و بەئارەزوو ژەمی زۆری لێ نەخوات و خۆی توشی گوناهـ و تاوان نەکات، بەڕاستی

(٣٧) ـ سورة المائدة الاية ٣

خـوا لێخۆشـبووەو میهرەبانـە (بەبەندەکانـی). ئەسـڵ ئەوەیـە کەمرۆڤـەکان بەگوێـی خـوای گـەورە بکـەن بەبـێ گوێدانەشـتی تـروەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ :( وَمَـا كَانَ لِمُؤْمِـنٍ وَلَا مُؤْمِنَـةٍ إِذَا قَضَـى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَـرَةُ مِنْ أَمْرِهِـمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًـا(٣٨)). بـەڵام گرفتێکیـش نییـە لـەوەی کەبزانیـن بـەڵام ئەگـەر نەشـمانزانی هەردەبێـت ئەوەلەدڵمانـدا بچەسـپێت کەهەرشـتێك کەحـەرام بـوو مانـای وایـە بەرژەوەندیمانـی تێـدا نییـە ، گـەر لەچێشـتخانەیەکیش ئیـش بکەیـت و بـەراز دابنێیـت هـەر حەرامـە، بـرا گیـان بـۆ ئێوەهەمـوو شـتێکتان لا بووەبەبـەراز هەزارەهـا شـوێن هەیـەکاری تێـدا بکرێـت و بەرازیشـی تێـدا نییـە ، بەکورتیەکـی قەسابخانەو گوشـت لـەت کردنـی بـەراز حەرامـە، وەچێشـتاخانەیەکیش کەبـەراز دابنێیـت هـەر حەرامـە. «حەرامیـی گۆشـتی بـەراز موسـڵمان ئەبـێ گوێرایەڵـی فەرمانەکانـی خـوای گەورەبێـت ئەگـەر چەنـێ زانـاش بێـت نابێـت ملپێچـی بـکات. خـوای گـەورە دەفەرمێـت: إِنَّمَـا كَانَ قَـوْلَ الْمُؤْمِنِيـنَ إِذَا دُعُـوا إِلَـى اللَّهِ وَرَسُـولِهِ لِيَحْكُـمَ بَيْنَهُـمْ أَنْ يَقُولُـوا سَـمِعْنَا وَأَطَعْنَـا وَأُولَئِـكَ هُـمُ الْمُفْلِحُـونَ(٣٩). هەنـدێ لەلێکۆڵینەوەکانـی ڕۆژهەڵات پیشـانیان داوە کەخواردنـی گۆشـتی بـەراز لەلایـەن مرۆڤـەوە وای لـێ دەکات کەهەڵسوکەوتیشـی وەربگرێـت. لەقورئانـدا ڕێگـەی نەخواردنـی داوەچ بـۆ پزیشـکی یـان بـۆ نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییـەکان یـان بـۆ هۆیەکانـی. گرنـگ نییـە گۆشـتی بـەراز چەنـد پـاك بکرێتەوەبـە تازەتریـن ئامێـر هێشـتا هـەر زیانبەخشـە. زانایـان سـەلماندوویانە کەگۆشـتی بـەراز کـرم و نەخۆشـی تێدایـە، کەلەئـەو ئاژەڵەکانـی تـردا نییـە. زیانبەخشـە بـۆ تەندروسـتیی

---

(٣٨) ـ سورة الاحزاب الاية ٣٦

(٣٩) ـ سورة النور الاية ٥١

مـرۆڤ و سروشـتی ئـەم ئاژەڵـە پـاك نییـە، ئەگەرچـی لەژینگەیەكـی پاكیـش بێـت. ئـەم ئاژەڵەلەنـاو پیسـای خـۆی یـاری دەكات و تەنانـەت دەشـیخواتەوە، بۆیـە ڕێـژەی ئەنتـی بـۆدی (دژەمیكـرۆب) لەلەشـی زۆرترەلـەو گیانلەبـەرەكان. ڕێـژەی هۆرمۆنـی گەورەبوونیشـی لەهەمـوو گیانلەبەرێـك زۆرتـرە تەنانـەت لەمرۆڤیـش. ئەمانـەش دەگوازرێنـەوەو لەماسـوولكەكانیان كـۆ دەبنـەوە. هەروەهـا ڕێـژەی كۆلیسـترۆڵ و چـەوری زۆر بـەرزە (كۆلیسـترۆڵی نزیكـەی (١٥) جـار زۆرتـرە لەگۆشـتی مانـگا). زانایـان سـەلماندوویانەک ەزۆریـی ئەنتیبـۆدی و هۆرمـۆن و كۆلیسـترۆل و چـەوری هەڕەشـەدەكات لەتەندروسـتیی مـرۆڤ. هەبوونـی ئەمانـە ئەبێتـە هـۆی زیادبوونـی كێش و ناڵانـدن لەدەسـتی نارێكیـی گەورەبـوون (بـە هـۆی هۆرمۆنـە زۆرەكـە). ماددەیەكـی زیانبەخشـی تـر لەگۆشـتی بـەرازدا كرمـی (ترایكاینـا trichinaیـە. زۆرجـار ئـەم كرمـە لەبـەرازدا هەیە كەدەگوازرێتـەوە بـۆ لەشـی مـرۆڤ؛ لەماسـوولكەكانی دڵـدا ڕاگیـر دەبێـت و دەبێتـە هـۆی مـردن. هەرچەنـد ئێسـتا تەكنۆلۆجیا دەتوانێ بیدۆزێتەوە لەگۆشـتی بـەرازدا، بـەڵام لەسـەدەكانی ڕابـوردوودا هیـچ شـێوازێكی وا بـۆ دۆزینەوەیـان نەزانرابـوو. هەروەهـا كرمـی تەیـپtapeworm كەلەشـێوەی شـریتەچەند مەترێـك درێـژە، لەڕیخۆڵـەی بـەرازەوە دەگوازرێتەوەبـۆ ڕیخۆڵـەی مـرۆڤ. ئـەم كرمەلیـك ئـەكات بـۆ نـاو بـۆری خوێـن و لەیەكێـك بۆئەندامـەكان وەك دڵ و جگـەر و چاو دەگوازرێتـەوە. لەمێشـك كەخۆشـترین شـوێنی ئـەم كرمەیەتووشـی نەخۆشـیی گەشـكە خۆگرتـن (نەخۆشـییەكی دەمارییـە بـە هێرشـی گـرژی) دەكات. بـەڵام ئـەم كرمەكـە لەبـەرازدا دەگوێزرێتـەوە توانـای گواسـتنەوەی نییـە لەخوێنـدا. وەهەروەهـا ئـەم كرمـە لەگۆشـتی مانگاشـدا هەیـە. زۆر سـوپاس بـۆ خـوای گـەورەو زانـا كەئێمـەی پاراسـتووە لـەم ئاژەڵـە زیانبەخشـە بـۆ سـەر تەندروسـتیی مـرۆڤ. لەسـەدەی بیسـتەمدا ئـەم

هۆکارانە نەزانرابوو لەسەر گۆشتی بەراز، بەڵام قورئان چواردەسەدە پێش ئێستا ئێمەی ئاگادار کردەوە. ئەمەش یەکێکە لەڕەحمەتی خودای گەورە». ئەوەی لەنێو کەوانەکەدایە لەبەختەوەری وەرگیراوە، خوای گەورە بەدوورتان بگرێت لەهەرکارێك کەبەڕەوای دانەناوە وەحەڵاڵ نەبێت حەرام نەچێتە لەشتانەوە[٤٠].

٢٩- پرسیار: ماوەی ٧ ساڵە ژنم هەیەو دوو منداڵم هەیە، ئەم ٧ ساڵە قەت نەهاتومەتەوە کەخۆی بۆ جوانکردبم یان شتێکی لەو جۆرە وەجیماع کردنیشمان هەر بەزۆر بووەو ئەو حەزی لێناکات، ئایا گوناهبار نابم کەژنێکی تر بهێنم؟ چونکە لەمەزیاتر تەحەمووڵ ناکەم.
وەڵام: ئەگەر ئەو مەرجانەی کەشەرع داینـاوە جێبەجێیان بکەیت نەخێر هیچ گوناهبار نابیت وە هەتا خۆشت بۆ جوان بکاو حەزیش لەجیماع بکات، ئەو مەرجانەی کەشەرع داینـاوە دادگەریە لەنێوانیاندا لەخۆراك و پۆشاك و جیگەی مانەوەیە واتە ماڵ. بەڵام هەمان پرسیار کە لەخێزانتی دەکەیت لەخۆشتی بکە بزان کەئەو وا نەبووە بۆ تۆ، تۆ وابوویت بۆ ئەو [٤١].

٣٠- پرسیار: ئایا دوا خستنی نوێژ تا چەند ئەو کەسە گوناح بار دەکات؟
وەڵام: خوای گەورە دەفەرموێ { إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا

---

(٤٠) ـ (فتاوى الكبرى ١/٤٣٣)وفتاوى اللجنة الدائمة ٤/٤٣٦_٤٣٧)و(المجموع للنووي ٤/٣٣٦)

(٤١) ـ(خلاصة البدر المنير ٤٣٨/٢)و(الفتاوى الكبرى ٥٦١/٤)و(تفسير ابن كثير ٤٩٢/١)

مَّوْقُوتًـا(٤٢)) } واتەبەڕاسـتی نوێـژ لەسـەر ئیمانـداران فـەرزە لەکاتـی دیـاری کـراودا دەبـێ ئەنجـام بـدرێ. گـەر مەبەسـتان دواخسـتنی بـۆ دوای کاتـی خـۆی واتـە بتەوێـت بەقـەزا بیگێڕیتـەوە ئـەوە تاوانـی گەورەیـە، وەگـەر مەبەسـتت دواخسـتنی بێـت لەیەکـەم وەختـی خـۆی بـۆ نمونـە بانـگ بـدا بـەڵام تـۆ دوای ماوەیـەك بیکەیـت پێـش ڕۆشـتی وەختـی خـۆی بـۆ نمونـە نوێـژی بەیانـی پێـش خـۆر هەڵاتـن، ئـەوە تاوانبـار نابیـت بـەڵام پاداشـتی ئـەوەت لەدەسـت دەچێـت کەلەکاتـی خـۆی دواتخسـتووە چونکـە باشـترین کات بـۆ نوێـژ یەکـەم کاتـی دەسـتپێکردنیەتی، نـەك وەك کـوردی خۆمـان دەڵـێ نوێـژی عیشـا تـا دوای بخەیـت خێـری زۆرتـرە! نوێـژ تـا لەکاتـی خۆیـدا بیکەیـت خێـری زۆرتـرە بەپێچەوانـەی ئـەو ووتـەوە(٤٣).

٣١- پرسـیار: تاچـەن جایـزە مانـەوە لەئەوروپـا بەمەرجێـك کار نەکاتـە سـەر ئیمـان؟ هاتنـم بـۆ بەریتانیـا بـۆ بژێـوی ژیانـم بـوو مـن نوێـژ دەکـەم ئایـا مانـەوەم حەرامـە؟

وەڵام: نەخێـر حـەرام نییـە مـادام کار نەکاتەسـەر ئیمانـت، کەئەوەگرنگتریـن شـتەگەر هەرشـتێك کاری کـردە سـەر ئیمانمـان دەبێـت بگەڕێیـن بـۆ جێگەیـەك کەئیمانەکەمانـی تێـدا پارێزراوەبێـت، بـەڵام باشـترین شـوێن بـۆ ئینسـان جێگـەی خۆیەتـی هـەرکات بـۆی بگونجـێ بڕواتـەوە باشـە وەلەلایەنـی دەرونیشـە سروشـتی مرۆڤـەکان وایـە کەحـەز بەجیگـەی خـۆی دەکات. وەئەسـڵ ئەوەشـە کەئێمـە لەووڵاتـی ئیسـلامیدا بژیـن(٤٤).

---

(٤٢) ـ سورة النساء الاية ١٠٣

(٤٣) ـ (كتـاب الصـلاة وحكـم تاركهـا ابـن قيـم ص٧٣ـ ٨٠)و(ابـن حـزم في المحـلى ٢/٢٣٥) و(فتـح البـاري ٥/١٣٣)

(٤٤) ـ (مغني المحتاج ٤٥٧/٨)و(مجموعة فتاوى ابن عثيمين فتوى رقم ٣٨٨)

٣٢- پرسیار: ئایا زەرك لێدان جایزە؟
وەڵام: ئەگـەر مەبەسـتتان دان لەخـۆ بێـت وەك هەندێـك كـەس دەیانكـەن نەخێـر دروسـت نییـە ئینسـان بـدات لەخـۆی بەچەقـۆ بێـت سـیخ بێـت هەرشـتێكی تـر بێـت لەبـەر ئەوەشـتێكی وا نەهاتـووە كەئـەو جـۆرە كارانـە بـەڕەوا بزانێـت ئینسـان دەبێـت پارێـزگاری بـكات لەخـۆی بەباشـتریش شـێوە، وەگـەر بەمەبەسـتی نزیـك بوونـەوەش بێـت لەخـوای گـەورە ڕێگـەی نزیـك بوونـەوە لەخـوای گـەورە زۆرەهـەر لەعیبادەتەكانـەوە بیانگرەتـا چاكەكـردن لەگـەڵ خەڵكـی و یارمەتـی دانیـان، نـەك بەترسـانیان بـەو كارە ترسـناكانە بەنـاو دینیشـەوە! خـوای گـەورە ئێـوەو ئێمـەش بپارێزێـت لەهەمـوو كارێكـی داهێنـراو و چەواشـەكاری(٤٥).
٣٣- پرسـیار: تكایـە بۆمـان ڕوون بكەنـەوە جیمـاع كـردن لەكاتـی سـوڕی مانگانـەداو ئـەو ئایەتـەش كەدەفەرموێـت {فاعتزلـوا النسـاء فـي المحيـض ولاتقربوهـن} ئایـا نزیـك نەبونـەوە تەنهـا وەك جیمـاع یـان تەمەتوعیـش، وە ئایـا ئەگـەر ئافرەتەكـە پـاك بـۆوە ئەتوانـم جیمـاع بكـەم یـان دەبێـت خـۆی بشـوات پێشـتر؟
وەڵام: لەكاتـی سـوڕی مانگانـەدا دروسـت نییـە بـە هیـچ شـێوەیەك جیمـاع لەگـەڵ خێزانـدا تـا پـاك دەبێتـەوە واتـە تـا سـوڕەكەی تـەواو دەبێـت، بەبەڵگـەی ئـەو ئایەتـەی كەبەڕێزتـان خۆتـان هێناوتانـە، كەتـەواوی ئایەتەكەبـەم شـێوەیەیە{ وَيَسْـأَلُونَكَ عَـنِ الْمَحِيـضِ قُـلْ هُـوَ أَذًى فَاعْتَزِلُـواْ النِّسَـاء فِـي الْمَحِيـضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُـنَّ حَتَّـىَ يَطْهُـرْنَ فَـإِذَا تَطَهَّـرْنَ فَأْتُوهُـنَّ مِـنْ حَيْـثُ أَمَرَكُـمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِـبُّ التَّوَّابِيـنَ

(٤٥) -(مجمـوع فتـاوى اللجنـة الدائمـة المجلـد الرابـع عـشر العقيـدة )و(روح المعـاني ٦٩/١٧) و(مجمـوع الفتـاوى ٦١٠/١١-٦١١)

وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ[٤٦])} واتە (ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەو سلم) پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی (عادەتی مانگانەی ئافرەت) پێ یان بڵێ: ئازارو زەرەرە، خۆتان بەدوور بگرن لەهاوسەرانتان لەکاتی ئەو حاڵەتەدا، وەنزیکیان مەکەون تا پاك دەبنەوە، هەرکاتێ پاك و خاوێن بونەوەو خۆیان شت بچنەلایان، بەو شێوەیەی کەخوا فەرمانی داوە، بەڕاستی خوا تەوبەکارانی خۆش دەوێت، پاکانیشی خۆش دەوێت (ئەوانەی ڕواڵەت و ناوەرۆکیان پاکە). بەڵام تەمەتوع کردن بەیەکتری، دروستە جگە لەپێش و پاشی ئافرەت، واتە دەتوانرێت ماچ و دەستبازی بکرێت، وەبەنسبەت جیماع کردنەوە پێش خۆشتن کۆڕەوی زانایان لەسەر ئەوەن کەدەبێت ئافرەتەکە خۆی بشوات بەمەبەستی پاك بوونەوە وەدواتر دەبێت جیماع بکات بەڵام هەشە دەڵێت ئەگەر تەنها فەرجیشی بشوات هەر دروستە، ڕاجیاوازیەکەش لەووشەی «حتی یطهرن» واتەتا پاك دەبنەوە، هەندێك دەڵێن مەبەست پێی بڕانەوەی خوێنەکەیە، هەندێکیش بەتوند تر وەریانگرتووە دەڵێن خۆشتنیش[٤٧].

٣٤- پرسیار: کوڕێکم خۆش دەوێت و ماڵەوەمان ڕازی نین، ئایە چی بکەم و چارەیەکم بۆ بدۆزنەوە.

وەڵام: خوای گەورە چی خێری تێدایە ئەوە بکات زۆرجار ئێمە کارێکمان بەلاوەباشە بەڵام خێرمانی تێدا نییە ، زۆرجاریش بەپێچەوانەوە، زۆرگرنگە کەگوێڕایەڵی دایك و باوکمان بین لەهەموو کارو کردەوەیەکدا مادام شەرعی بن، گەر حەزتان

(٤٦) ـ سورة البقرة الاية ٢٢٢

(٤٧) ـ(مختصر الفتاوى المصرية ٣٧/١)و(المستدرك على مجموع الفتاوى ٥١/٣)و(الانصاف ١/٣٥٢)

لەکوڕێکەو ماڵەوەتان ڕازی نین هەوڵ بدەن بەباشی و ژیری بیری لێ بکەنەوە دوور لەعاتیفەوەو مەیلی دڵی لەوانەیە ماڵەوەتان باشتر بزانن بەحوکمی ئەوەی کە لەئێوە گەورەترن و زیاتر شارەزان، بەڵام گەر گومانتان لەوەدا نییە کەکوڕەکە کوڕێکی چاك و خاوەن دینەئەم فەرموودەیە بەبیر دایك و باوکتان بهێننەوە کەدەفەرموێ { قَالَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- :« إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُنْ فِتْنَةٌ فِى الأَرْضِ وَفَسَادٌ عَرِيضٌ(٤٨) }، واتە ئەگەر کەسێك هاتە داوای کچەکانتان ئەگەر دین و ڕەوشتی تێدا بوو بیدەنێ، وگەر نا خراپەکاری لەسەر زەویدا بڵاو دەبێتەوە. ئەو مەرجانەی لەدیندا دانراوە بۆ ئەوە کەسەی کەکچەکانی خۆمانی بدەینێ دوانن یەکەم دینە واتەدیندار بێت و خاوەنی ئیمان بێت، دووەم خوڕەوشتی باش بێت و خراپەکار نەبێت ئەگەر ئەو دوو مەرجەیان تێدا بوو باشتر وایە بیاندەینێ وەگەرنا توشی هەرشتێك بوون تاوانبار دەبین لەسەری. هەوڵ بدەن بەنەرمی لەگەڵ دایك و باوکتاندا ئەم شتانەی پێ بڵێن، چونکە لەڕاستیدا هەندێك لەدایك و باوکان لەبەرژەوەندی منداڵەکانی خۆیاندا نین بەنەزانێ، وەگەر هەر ڕازی نەبوون وا بزانە کە شتێکی تێدا بێت و تۆ نەزانی باشتر وایە ئارام بگریت، خوای گەورە پاداشتی ئەو ئارامیەو وە گوێڕایەڵی ماڵەوەتانت بۆ دەنوسێت.

---

(٤٨) ـ إذا جاءكم من تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فأنكحوه إلا تفعلوا تكن فِتْنَةٌ فى الأرض وَفَسَادٌ عَرِيضٌ (الترمذى - حسن غريب - والبيهقى عن أَبِى حَاتِمٍ الْمُزَنِىِّ وما له غيره) أخرجه الترمذى (٣٩٥/٣، رقم ١٠٨٥) وقال : حسن غريب، وأبو حاتم المزنى له صحبة ولا نعرف له عن النبى - صلى الله عليه وسلم - غير هذا الحديث . والبيهقى (٨٢/٧، رقم ١٣٢٥٩) . وأخرجه أيضًا : ابن قانع (٣٠٣/٢)، والطبرانى (٢٩٩/٢٢، رقم ٧٦٢)

٣٥- پرسیار: کەدەست نوێژ دەشۆم پاشەمیزم هەیە یان میزەچۆڕکێ، چی بکەم باشە؟
وەڵام: بێگومان یەکێك لەو شتانەی کەدەستنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە دەرچوونی میزە، بەڕوودانی ئەو کارە دەبێت دەستنوێژ بشۆنەوە، بەڵام ئەگەر میزەچۆڕکێتان هەبێت ئەوە ئیتر دەستەڵاتی ئێوەی تێدا نییە ، هەر کات ویستت نوێژ بکەیت ماوە مەخەب ەینی دەستنوێژو نوێژەکە هەر کەدەستنوێژت گرت دوای دەستنوێژ شتنەکە نوێژەکەت بکە، وە هیچ گوێ مەدەبەوەی کەمیز دەردەچێت یان نە ان شاء الله هیچ تاوانبار نابن و نوێژەکەشتان دروست دەبیت، بەڵام پارچە پەڕۆیەك بەکار بێنن بۆ ڕێگرتن لەگەشتی میز بەشەرواڵی دەرەوە(٤٩).

٣٦- پرسیار: زەحمەت نەبێت مانای ئەمانە چین؟ مونافیق و فاسق و جاهیل.
وەڵام: مونافیق: واتەدوو ڕوو لەڕووەوە خۆی بەمسوڵمان دەزانێ و بەڵام لەناخەوە مسوڵمان نییە ، وەك خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ { وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ(٥٠)}لەناو خەڵکیدا کەسانێك هەن کەدەڵێن: ئیمان و باوەڕمان بەخواو بەڕۆژی قیامەت هێناوە (لەڕاستیدا ئەوانە درۆ دەکەن) ئەوانە هەمیشە باوەڕدار نین. هەر لەهەمان سورەت و دوو ئایەتی پاشتردا لەوەسفی مونافیقدا هاتووە { يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ* فِي قُلُوبِهِم

(٤٩) ـ (الانصاف ١/٣٦٨)و(الموسوعة الفقهية ٣/٢١٢)و(الشرح الممتع ١/٤٣٨)
(٥٠) ـ سورة البقرة الاية ٨

مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضًا وَلَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ(٥١)} واته ئەوان (بەخەیاڵی خۆیان وادەزانن) خوا و ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کەباوەڕداری ڕاستەقینەن!! کەچی جگە لەخۆیان کەسیان پێ ناخەڵەتێت، بەڵاَم هەست ناکەن و فام ناکەنەوەو بیرناکەنەوە* ئەوانە لەدڵ و دەروونیاندا نەخۆشی بێ باوەڕی و حەسوودی و کینە هەیە، خوایش (بەسەرخستنی حەق و ئیمانداران) ئەوەندەی تر دەردیان گران و کاریگەر دەکات و سزایەکی سەختیش (لەدنیا و قیامەتدا) چاوەڕێیانە بە هۆی درۆکردن و (دژایەتییان بۆ ئیسلام).
وەهەر لەهەمان سورەتدا هاتووە{ وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُواْ إِنَّا مَعَكْمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِؤُونَ( ٥٢)} کاتێکیش (دووڕووەکان) دەگەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە دەڵێن: ئێمە ئیمانداریـن و باوەڕمان هێناوە!!!، کەچی کاتێك بەتەنها دەمێننەوە لەلای شەیتانە گەورەو فێڵبازەکانیان دەڵێن: بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئێوەین، بێگومان ئێمە تەنها گاڵتەیان پێدەکەین و پێیان ڕادەبوێرین!!. زۆر زۆرن ئەو ئایەت و فەرموودانەی باسی مونافیق دەکات وەمونافیق خراپترین کەسن وەهەتا لەکافرانیش هەر بۆیە جێگەشیان لەهەموو کەس خراپترو لەژێر ترەوەیە لەڕۆژی دوایدا وەك خوای گەورە دەفەرموێ { إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّار(٥٣)}.
فاسق: واتە دەرچوون لەگوێڕایەڵی خوای گەورەوە بەو کەسە دەوترێت کەتاوان دەکات، بەڵام ئەمەش شیکاری زۆر زۆری تێدایە فاسقی وا هەیە لەئیسلام پێی دەچێتە دەرەوە وەهەشە هەر پێی

(٥١) ـ سورة البقرة الاية ٩_١٠
(٥٢) ـ سورة البقرة الاية ١٤
(٥٣) ـ سورة النساء الاية ١٤٥

تاوانبــار دەبێــت، نمونــەی فاســقی کافــر خــوای گــەورە دەفەرمــوێ { إِنَّ الْمُنَافِقِيــنَ هُــمُ الْفَاسِــقُونَ(٥٤)} واتــە دوو ڕووەکان فاســقن، دەبینــی خــوای گــەورە لێــرەدا مونافیقیشــی بەفاســق ناوبــرد، وەك پێشــتر باســی مونافیقمــان کــرد، وەنمونــەی فاســقیەك کەلەدیــن دەری نــاکات ئەوەیــە وەك ئیمامــی ابــن القیــم دەفەرمــوێ (فســق أهــل البــدع الذيــن يؤمنــون بــالله ورســوله واليــوم الآخــر، ويحرمــون مــا حــرم الله، ويوجبــون مــا أوجــب الله، ولكــن ينفــون كثيــرًا ممــا أثبــت الله ورســوله، جهــلاً وتأويــلاً، وتقليــدًا للشــيوخ، ويثبتــون مــا لــم يثبتــه الله ورســوله (٥٥)). ئــەم جــۆرە ئەوەیــە کەبڕوایــان بەهەمــوو شــتێکی دیــن هەیــە بــەڵام بــە هــۆی هەڵــەو گوێڕایەڵــی زۆرێــك لەنەزانــی لەحــەدی خــۆی دەردەچــن ئەمانــە تاوانبــارن بــەڵام لەدیــن دەرناچــن.

جاهــل: واتــە نــەزان بــێ ئاگابــوون لەشــتێك بــەڵام دەکرێــت کەســێکی جاهیــل واتــە نــەزان نەزانیەکــەی نەمێنــێ ئەگــەر هاتــوو خوێنــدی و بــەدوادا چوونــی کــرد، بەکورتیەکــەی بــۆ هەریــەك لــەو ووشــانە زۆر شــت هــەن لەســەریان و، وەســەرەنجامیان، بــەڵام ئێــوە تەنهــا داوای ماناکەیتــان کــردووە کەماناکەیــان ئەمانــەن دووبــارە،

مونافق: واتەدووڕوو

فاسق: واتەتاوان کارو لەحەد دەرچوو

جاهل: واتەنەزان و گەلۆر

٣٧- پرســیار: ئەگــەر لەژورێکــدا کاری ســەر جێــی بکــەم لەگــەڵ خێزانــم و ئــەو ژوورەش قورئانــی تیایــەو چارەشــمان نیــە کــەلای بەیــن، ئایــا گوناهەیــان نــا؟ وەچــی بکەیــن؟

(٥٤) ـ سورة التو بة الاية ٦٧

(٥٥) ـ مدارج السالكين ١/٣٦٢

وەڵام: هەمـوو ماڵێکی مسـوڵمان پێویسـتە قورئانـی تێـدا بێـت و هەوڵـی تێگەشـتنی بـدەن، چونکـە تەنهـا قورئانـە دەتوانێـت چارەسـەری هەمـوو کێشـەکان بـکات و وەنـووری چـاوی هەمـوو مسـوڵمانێکەو دیـاری خـوای گەورەیـە بـۆ هەمووومـان.

وەدەبێـت قورئـان بـەردەوام لەجێگەیەکـی تایبەتیـدا دای بنێیـن و شـت نەخەینـە سـەری ئـەو لەسـەروی هەمـوو شـتەکانەوە بێـت بـۆ نمونـە کەکتێبخانەتـان هەیـە لەماڵـەوە لەسـەروی هەمـوو کتێبەکانـەوە دایـان بنێـت وەشـوێنکی پـاك و پارێـزراو لـەوەی دەسـتی منداڵـی پـێ نـەگات بیخاتـە خـوارەوەو گەمـەی پـێ بـکات، وەنـەك تورەکەشـی بـۆ هەڵـدورن و نەیخوێننـەوە، هیـچ گرفتێـك لـەوەدا نییـە لەهەمـان ژوور کەقورئانـی تێـدا بێـت ئـەو کارەی تێـدا بکـەن مـادان کارەکەتـان شـەرعیەو لەگـەڵ خێزانـی خۆتاندایـەو وەقورئانەکـەش لەشـوێنی تایبـەت بەخۆیدایـە، خـوای گـەورە ئێـوەو ئێمـەش زیاتـر پاپەنـدکات بەقورئانـەوە(٥٦).

٣٨- پرسیار: سزای کەسێك چیە کەبەزۆر داوای کچێك بکات و بڵێت ئەگەر کچەکەتانمان نەدەنێ کچەکەی ترتان تەڵاق دەدەین؟

وەڵام: تاوانبـارەو بەسـزای خـۆی دەگات لەسـەر کردنـی ئـەو کارە ناشـرینە، کەدڵـی ئافرەتێکـی بێتـاوان ناخـۆش دەکات بـەوەی کەتـەڵاق بدرێـت، وەهەروەهـا بـەو ئافرەتـەش کـەداوای دەکات و وەهەروەهـا خەزورانیشـی کەئـەو هەڕەشـەیان لـێ دەکات، ئـەو جـۆرە کارانـە کاری کەسـانێکی دوور لەشارسـتانیەو زۆر زۆر نەشیاویشـە جگـە لەتاوانـی لـەڕووی شەرعیشـەوە، پێویسـتی بەتەمـێ کـردن هەیـە، چـۆن کاری ژن و ژنخـوازی لەسـەر هەڕەشـەو ترسـاندن دادەمەزرێـت!، ئـەی ئەگـەر

(٥٦) ـ (اللجنة الدائمة ٣/٦٧)و(المقدمات الاساسية في علوم القران عبدالله يوسف ص٥٦٢)و٠المجموع ٢/٨٥)و(المصاحف ابن ابي داود ص٤٤٦)

ئـەوان بەئـەم بڵێـن ئەگـەر کـچ یـان خوشـکەکەی خۆتانمـان نەدەنـێ دەبێـت کچەکەمانـت لـێ دەسـێنینەوە ئـەو چـی دەڵـێ؟ بۆیـە ئێسـتە ئـەو جـۆرە قسـە نەشـیاوانە بەسـەرچووە، دەبێـت ئینسـان هەرخـۆی شـەرم بیگرێـت لەکردنـی ئـەو جـۆرە کارانـە، وەدەبێـت بەشـێوەیەکی رێـك و پێـك و شـەرعیانە بچنـە پێشـەوەو هـەوڵ بـدەن قەناعەتیـان پـێ بکـەن نـەك بیـان ترسـێنن، چونکـە ئەگـەر بـەو جـۆرە کچەکەشـیان هێنـا دوای چـۆن دڵتـان پـێ خـۆش بکـەن؟!، خـوای گـەورە یارمەتـی دەرتـان بێـت لەسـەر کـرداری بـاش و شـیاو[٥٧].

٣٩- پرسـیار: ئەگـەر کەسـێك زینـا بـکات و بـە هـۆی ئـەو زینایـەوە منداڵێـك دروسـت ببێـت و پاشـان زیناکـەر تەوبـەی کـردووە، ئایـا تاوانـی زیناکـەری تەوبـەکار چیـە کەمنداڵەکـەی بـێ دیـن دەر بچێـت؟

وەڵام: ئـەو هـەر لەسـەرەتاوە سـتەمی لـەو منداڵـە کـردووە کەهەقـی منـداڵ لەسـەر بـاوك ئەوەیـە کەدایکێکـی باشـی بـۆ هەڵبژێـرێ هـەر لەسـەرەتاوە کـە هێشـتا نەهاتووەتـە دونیـا نـەك بەزینـا بیهێنێتـە دونیـاوە، بـەڵام بەهەرحـاڵ منداڵەکـە هیـچ تاوانێکـی نییـە ، وەئـەو کەسـەدەبێت ئـەوەی لەپێـش چـاو بێـت کەسـتەمی لـەو منداڵـە کـردووە دەبێـت هەوڵـی زۆر زۆری لەگەڵـدا بـدات بەقەرەبـوو کردنـەوەی، هـەوڵ بـدات بەباشـترین شـێوەو شـەرعیانە پێـی بگەیەنـێ هـەر لەمنداڵیـەوە فێـری ئادابـە ئیسـلامیەکانی بـکات هـەر لەنوێـژەوە تـا دوای، وەگـەر ئـەو هەمـوو هەوڵێکـی خـۆی لەگەڵـدا بەباشـی بـدات ان شـاء الله خـراپ نابێـت چونکـە منـداڵ بەگوێـی دایـك و باوکـی دەکات بەمنداڵـی جـا ئەگـەر لەسـەر ئـەو ئەساسـە پەروەردەکـرا کەگـەورەش بـوو هـەر بـاش

(٥٧) ـ (بدایة المجتهد ونهایة المقتصد ١٥/٣)و(الشرح الكبیر ٢٢٢/٢)و(غایة البیان شرح زبد ابن رسلان ص٣٤٦)

دەردەچێت خۆ ئەگەر وا نەبوو، ئەو تاوانبار نابێت مادام هەموو هەوڵێکی خۆی دابێت بەڵام ئەگەر کەمتەرخەم بووبێت بێگومان تاوانبار دەبێت، جا ئەوەبۆ هەموو باوکێکە نەك تەنها ئەو بەڕێزە وەخوای گەورە تەوبەکەشی لێ وەرگرتبێت هەموویان بۆخۆی بسوڵحێنێ ان شاء الله(٥٨).

٤٠- پرسیار: ئەوانەی کەنوێژو ڕۆژو دەگرن و شوێن کەوتەی حیزبێکی عەلمانین ئایا نوێژ و ڕۆژوویان قبوڵە؟
وەڵام: ئەگەر ئێمە باس لەناوەرۆك و حەقیقەتی ئەم کارە بکەین بەڕاستی گێلیە بۆ کەسێك کەنوێژ بکات و شوێنی ئەحزابی عەلمانی بکەوێت چونکە عەلمانی یانی چی؟ ئامانجی عەلمانی چی یە؟ چۆن دروست بووە؟ بۆ دروست بووە؟ لەسەر چی بنەمایەك کار دەکەن؟ کاریان چییە؟ ئەوانە هەمووی پرسیارن؟ بەڵام لەووڵاتانی ئێمەدا ئەم جۆرە کارانە شێوێنراون نەئەحزابی عەلمانی عەلما نییە وە نەزۆرێکیش لەخەڵکی بەچاکی تێگەشتووە لێی، نە لەعەلمانی و وە نەلەئیسلامیش، بۆیە ئەگەر ئێمە دراسەیەکی عەلمانی بکەین و بەچاکی لێی تێبگەین ئەوا ناچینە ناویەوە مادام نوێژ بکەین چونکە ئەهداف و کارەکانی ئەوان بەپێچەوانەی نوێژو ئەهدافی ئێمەوەیە، بەڵام ئەحزابی عەلمانی لای خۆمان هەرناویان عەلمانییە و، وەناتوانن و نەیانتوانیوە تەمسیلی ڕاستەقینەی عەلمانی بکەن، وەئەو خەڵکەش کە لەناویدان ناتوانین یەك حوکمیان بەسەردا بدەین دەبێت پۆلێن بکرێن و پرسیار لەخۆیان بکەین بۆچی عەلمانیە، زۆرێك هەر دەیەوێت پارێزگاری لەنیشتمانەکەی بکات

(٥٨) ـ (صحيح الجامع ص١٤٩)و (فتح الباري ١٢/١٢٤_١٢٥)و(المستدرك على الصحيحين ٤/٤٢٥)

و خۆشــی دەوێــت ئیتــر خــۆی بــۆ خــۆی عەلمانــی بــەلاوە گرنــگ نیــە، وەیــان هەیــە هــەر نازانێــت عەلمانــی چــی یــە، وەهەیــە هــەر لەبــەر پــارە چووەتــە ناویانــەوە. جــا ئــەو کەســەی کەنوێــژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێــت وەمــادام بــاوەڕی بەخــوای گــەورە هەبێــت و لەســەر ئــەو کارانــەی بــەردەوام بێــت دیــارە لــەو ڕاستیانە تێنەگەشــتووە وەدەبێــت تێبگەیەنرێــن، کەدەتوانرێــت پارێــزگاری لەنیشــتمان بکرێــت باشــتر لــەوەش کەلەنــاو عەلمانیدابــن وەپارێــزگاری لەنیشــتمان ئەرکێکــی دینیشــە، وەبەکورتیەکــەی ان شاء الله نوێــژوو ڕۆژوویــان قبوڵــە، هەڵــە لــە فکریانــدا هەیــەو تاوانبــارن لــەوەی کەعەلمانیــن(٥٩).

٤١- پرسیار: ئایا دەست نوێــژ لەخێزانــی خــۆت دەشکێت یــان نــا؟ ئەگــەر بەمەبەســت بێــت یــان بــێ مەبەســت.
وەڵام: ناشــکێت ئەگــەر مەبەســتت بێــت و وەگــەر مەبەستیشــت نەبێــت هــەر ناشــکێت، چەندەهــا فەرمــوودە لــەم بــارەوە هــەن لەفەرموودەیەکــدا بــەم شــێوە هاتــووە کەعائیشــە ڕەزای خــوای لــێ بێــت دەگێڕێتــەوە کەپێغەمبــەر درودی خــوای لــێ بێــت ماچــی کردووەو وەبــەڕۆژووش بــووە وەدەفەرمــوێ «القبلـة لا تنقـض الوضـوء (٦٠)»، واتــە مــاچ کــردن نەدەســتنوێژ ناشــکێنێ. کۆمەڵــە فەرموودەیــەك لــەم بارەوەهــەن لەعائیشــە ڕەزای خــوای لــێ بێــت دەســتی داوە لەقاچــی پێغەمبــەر لەکاتــی نوێــژدا پێغەمبــەر درودی خــوای لــێ بێــت لەنوێژەکــەی بــەردەوام بــووە، وەپێغەمبــەر درودی خــوێ لــێ بێــت ماچــی

(٥٩) ـ (مجموع الفتاوى ٢٣/١٩٩)و(قمع المعاند ص٢٢١_٢٢٣)

(٦٠) ـ لحديـث عائشـة - رضي اللـه عنهـا- «أن النبـي - صلـى اللـه عليـه وسـلم- قبّـل بعـض نسـائه، ثـم خـرج إلى الصـلاة ولم يتوضـأ»، انظـر: الترمـذي (٨٦)، وابـن ماجـة (٥٠٢) وصححـه الألبـاني، واللـه أعلـم.

خێزانەکانی کردووەو ڕۆشتووە بۆ نوێژ، هەرچەند مشتومڕێك هەیە لەم مەسەلەدا هەندێك دەڵێن دەشکێ، هەندێك دەڵێن ئەگەر بەئارەزووەو بوو دەشکێ بەڵام من ئەو ڕەئانە بەلامەوە بە هێزە کەدەڵێن ناشکێ[٦١].

٤٢- پرسیار: کاتێک کەزۆر تورەبم کفر دەکەم چارەسەر چیە؟

وەڵام: لەفەرموودەیەکدا هاتووە کەپیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت وەپێی فەرموو ئامۆژگارم بکە ئەویش پێی فەرموو تووڕەمەبە، وەچەندجار دووبارەی کردەوە هەر پێی فەرموو تووڕەمەبە، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ الله، عنه (أنَّ رَجلًا. قَالَ : لِلنَّبِيِّ ( أوْصِنِي. قَالَ : لا تَغْضبْ. فَرَدد مِرَارًا. قَالَ : لا تَغْضَبْ[٦٢] )، پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ { عن أبي هريرة رضي اللّه عنه؛ أن رسول اللّه صلى اللّه عليه وسلم قال : « ليسَ الشديدُ بالصّرعَةِ، إنما الشديدُ الذي يملكُ نفسَهُ عند الغضب[٦٣]. وەتووڕەبوون ئاشکرایە لەشەیتانەوەیە وەسەرەتایی زۆر زۆر لەگرفتەکانن وەدەبێت زۆر هەوڵی ئەوەبدەین کەکۆنترۆڵی بکەین مادام دەزانیت دەگەیتە ئەو ئاستەی کەکفر بکەیت دەبێت زۆر زۆر زیاتر کاری بۆ بکەیت زۆر کەس هەیە کەتورەدەبێت خۆگرە لەبری کفر سبحان الله دەکات و دووڕکات نوێژ دەکات، گەر

---

(٦١) ـ حاشية البجيرمي ١/٢١١)و(المبسوط١/١٢١)و(المغي البن قدامة ١/١٤٢)و(المجموع ٢/٢١)

(٦٢) ـ ١٤٢١١- عَنْ أبي صَالحً، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ الله، عنه (أنَّ رَجلًا. قَالَ : لِلنَّبِيِّ ( أوْصِنِي. قَالَ : لا تَغْضبْ. فَرَدد مِرَارًا. قَالَ : لا تَغْضَبْ أخرجه أحمد ٤٦٦/٢ (١٠٠١٢) قَالَ : حدثنا أسود بن عامر. و((البُخاري)) ٣٥/٨ قَالَ : حدثني يحيى بن يوسف. و((الترِمذي)) ٢٠٢٠

(٦٣) ـ أخَرجه مالك (الموطأ) ٥٦٥. و((أحمد)) ٢٣٦/٢(٧٢١٨) قَالَ : حدثنا عبد الرحمان. وفي ٥١٧/٢(١٠٧١٣) قَالَ : حدثنا رَوْح. و((البُخاري)) ٣٤/٨

تووڕەبوویـت ئـەم ڕێگانـە بگرەبـەر ئەگـەر بەپێوەبـووی دابنیشـە، گـەر بەدانیشـتەوە بوویـت هـەوڵ بدەڕابکشـێ، هـەوڵ بـدە ئـاو بخـۆرەوە لـەو کاتـەدا، وەیـان بۆکـس بـدە لەشـتێك بەتوونـدی بـۆ نمونـە سـەرین، قەنەفـە، هەتـا ئەگـەر دیواریـش بێـت دەسـتت ئێشـی پـێ بـگات، هـەوڵ بـدە دەسـتویێژ بشـۆری و دوو ڕکات نوێـژ بکەیت،چارەسـەر ئەوەیەهـەوڵ بـدە تووڕەمەبـە مـادام تووڕەبـوون وات لـێ دەکات کەکفـر بکەیـن خـوای گـەورە پەنامـان بـدات کفـر کـردن مـرۆڤ کافـر دەکات وەدەبێـت هـۆی سـڕینەوەی کارەچاکەکانـت مەگـەر خـوای گـەورە ڕەحمـت پـێ بـکات، ئێسـتە پێویسـتە تەوبەیەکـی ڕاسـتی بکەیـت و جارێکـی تـر نەگەڕێیـەوە سـەر ئـەو کارەو وەدوعـای زۆر بکـە کەخـوای گـەوەر کارەکانتـی بـە هـۆی ئـەو دەرچوونـە لەئیسـلامەوە نەسـڕیبێتەوە، چونکـە ئینسـان کەکفـری کـرد لەئیسـلام دەچێتـە دەرەوە(٦٤).

٤٣- پرسیار: ئایا تۆپی پێ یان فووتبۆڵ حەرامە؟

وەڵام: توپێـن وە یـان هـەر یاریەکـی تـر دەتوانیـن بڵێیـن پەیوەسـتە بەنیەتـی بکەرەکەیـەوە، گـەر ئـەوە کەسـەی کەتۆپێـن دەکات مەبەسـتی خـۆ بـە هێزکـردن بێـت ئـەوە کارێکـی زۆر باشـەو وەدەتوانیـن بڵێیـن سونەتیشـە، چونکـە فەرمـوودە هەیـە لەسـەر ئـەوەی کەخۆمـان بـە هێـز بکەیـن وەدەکرێـت تۆپێنیـش بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـەکار بێـت، بـەڵام دەبێـت ڕەچـاوی ئەوەبکرێـت کەکاتـی نوێـژو کاری گرنگـی بـە هـۆوە لەدەسـت نەدەیـن و وەبەشـێوەیەکی بـاش بیانکەیـن بـەدوور لـەدەم پیسـی و شـەڕو شـۆڕ کەزۆرجـار ئـەو کارانـەب ە هـۆی تۆپێنـەوە

---

**(٦٤) ـ (كيفية توبة المرتد رقم ٩٤٨٧٣)و(مجموع فتاوى ورسائل للشيخ محمد صالح العثيمين المجلد الثانى_باب الكفروالتكفير)**

ڕوو دەدەن جا ئەگەر ڕەچاوی ئەوانەمان کرد ئەو کاتە کارێکی باشەو حەرام نیە[٦٥].

٤٤- پرسیار: سایەقی تەکسیم و زۆر جار نەفەر دەگەیەنم کەسەرخۆشەو دەیەوێت بچێتەوە بۆماڵەوەیان دەیەوێت بڕوات بۆ خواردنەوە، هەندێك جار خەڵك دەگەیەنم کەمەشروب یان گۆشتی بەرازیان کڕیوە، ئایا ئیشەکەم حەرامە کەبەردەوام ئەم حاڵە تەدوبارەدەبێتەوە؟

وەڵام: نەخێر حەرام نییە ، ئێوە کاری حەڵاڵی خۆتان دەکەن کەسایەقیە، ئیتر ئەوەی کەسوار دەبێت سەرخۆشە هەرچیە دەستەڵاتی تۆی تێدا نییە ، خۆ لەهەرکوێ خاوەن تەکسی بیت چوزانیت کێ سوار دەبێت، خۆ ئێستە پەنا بەخوا لەووڵاتانی ئیسلامیش ئەوە ڕوودەدات، بەڵام ئەوە هەیە ئەگەر کارێکی تر دەست بدات باشترە بۆ ئەوەی بەدوور بین لەنزیکی ئەو جۆرە کەسانە بۆ ئەوەی خۆمان زیاتر ئارام بین و کردنی ئەو کارانەمان لا ئاسان نەبێت، گەر متمانەتان بەخۆتان هەبێت و پابەند بن بەدینەوەو بزانن ئەو جۆرە کارانە هیچ کاریگەری نابێت لەسەر دڵتان ئاساییە، بەڵام دەبێت ڕێگەنەدەیت بەکەس لەتەکسیەکەدا مەشروب بخواتەوە[٦٦].

٤٥- پرسیار: من پانتۆڵ و عەزێی زۆر درێژ لەسەریەوە لەپێ دەکەم ئایا حەرامە؟

---

(٦٥) ـ (اعلام الموقعين لابن القيم ٨/٨٧)و(المغني ابن قدامة ٨/٦٥٤)و(التمهيد١٤/٨٧) و(الاسئلة والاجوبة للسلمان ٥/٣٣٥)

(٦٦) ـ (الفروق للقرافي ٣/٢٠٠)و(اعلام الموقعين ٤/٥٥٣)و(فتاوى اللجنة الدائمة ١٧/٥٧)

وەڵام: نەخێر حەرام نییە مادام مەرجی شەرعی تێدا بێت، واتە داپۆشراو بێت و زۆر سەرنج ڕاکێش نەبێت، وەجەستەی تێدا بەدەرنەکەوێت، وەهەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کەبۆ خۆچواندن و چاو کردن نەبێت لەبێگانە(٦٧).

٤٦- پرسیار: من لەقوتابخانەم لە ئەوروپا، لەوێش نان دەخۆین، ئایا ئەو قاپ و قازانانەی کە ئێمەشتی تیا دەخۆین جاری واهەیە ئەوروپیەکان بەرازی تیا دەخۆن حوکمی چیە؟

وەڵام: زۆر گرنگە هەوڵ بدەین کەلەو جێگانە نان نەکڕین کەبەرازیش دەفرۆشن، گەر ناچاربوون بۆ نمونە لەقوتابخانەیە هەوڵ بدەین لەماڵەوەنان ببەین لەگەڵ خۆماندا، وەگەر نەکران ئەو قاپانەی کەنانی تێدا دەخۆن هەمووی دەشۆڕێن وەئەو شتنەش ئومێد هەیە جیگەی شتنی شەرعی بگرێتەوە، دەشتوانرێت شتێك بکڕێت کەقاپی نەوێت وەك لەفە.

٤٧- پرسیار: ئایا تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەت و کچی نەناس و نامەحرەمدا حوکمی چیە؟

وەڵام: حەرامەو دروست نییە تەوقەکردن لەگەڵ نامەحرەمدا، وەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت لەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ { قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:»لأَنْ يُطْعَنَ فِي رَأْسِ أَحَدِكُمْ بِمِخْيَطٍ مِنْ حَدِيدٍ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَمَسَّ امْرَأَةً لا تَحِلُّ لَه(٦٨)»}

واتە ئەگەر ئاسنێك بچەقێ بەسەرتاندا وەك دەرزی لەوە باشترە

(٦٧) - (فيض القدير ٥/٢٦٩)و (فتح الباري ١٠/٣٣٤)و(فتاوى اللجنة الدائمة ١٧/١٧٤) و(فتاوى الشيخ عبد الرزاق العفيفى ص٥٧٣)

(٦٨) - روى معقل بن يسار عن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال : لأن يطعن في رأس أحدكم بمخيط من حديد خير له من أن يمس امرأة لا تحل له (صحيح انظر حديث رقم : ٥٠٤٥ في صحيح الجامع) .

کەدەستت بەر ئافرەتێك بكەوێت کەبۆت حەڵاڵ نییە ، ئەگەر بێت و سەیرێکی تەواوی ئیسلام بکەن بەگشتی و وەبڕوانینە ئەو هۆکارانە کەئیسلام لەپێناویدا هاتووە دەبینین ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی پێنج شت ١-بۆ پاراستی دین خۆی، ٢- بۆ پاراستی نەفس، ٣- بۆ پاراستنی ژیری و عەقڵ،٤- بۆ پاراستنی وەچە(النسل)، ٥- بۆ پاراستنی ماڵ، وەك لەکتێبە مەقاصیدیەکاندا هاتووە، جا بۆ هەریەکە لەوانە چەندەها بەڵگە هەن لەقورئان و فەرموودەکان، بۆ نمونە لێرەدا با تەنها باس لەپاراستنی وەچەبکەین دەبینین خوای گەورە زینای حەرام کردووە چونکە هۆکارێکە بۆ تێکەڵی نێوان وەچەکان، هەروەها ئەو کارانەشی کەدەبنە ڕێخۆشکەر بۆ زینا هەر حەرامی کردوون بۆ نمونە هەر لەنەزەرەوە بیگرەتا دوای، وەئەوشتانەی کەخراپن ئیسلام هەر لەیەکەم هەنگاویەوە حەرامی کردوون بۆ ئەوەی نەگاتە ئەو تاوانەگەورە، بۆ نمونە ئەگەر کەسەکە نەزەر نەکات، دەستی بەردەستی نەکەوێت و قسەی نابەجێی لەگەڵدا نەکات، ڕاستەوخۆ زینا ڕوونادات جا بۆیە ئەو کارانە حەرامن و ڕێگە پێنەدراون، هەتا ئەگەر دڵیشت هیچ نەکات، پێویستە خەڵکیش لەو فەلسەفە تێبگەیەنرێت. بەڵام هەیەلەزانایان ڕێگەیان داوەبەتەوقەکردن لەگەڵ کەسی زۆر پیردا ئەگەر ترسی خراپەکاری نەبوو بەڵام ئەگەر ترسی هەبوو ئەویش هەر دروست نییە . لەناو کوردەواری خۆماندا زۆرجار دەکەوینە مەوقیفی ناخۆشەوە لەم ڕووەوە کەئاسان نییە خۆ بەدوور گرتن لێی لەبەر قسەو قسەلۆکی جیاواز، بەڵام دەبێت کاری بۆ بکرێت و بنبڕ بکرێن، هەروەك بێگومان تەوقەکردنێك لەگەڵ کەسێکی نزیکدا با نامەحرەمیش بێت لەگەڵ کەسێکی بێگانەدا جیاوازی دەبێت بەڵام خۆمان دەبێت هەرگیز دەستپێش خەر نەبین

و، وەخۆمانـی لـێ بـەدوور بگریـن[٦٩].

٤٨- پرسـیار: ئایـا بۆچـی پیـاو بـۆی هەیـە لەئافـرەت بـدات، خـۆ ئەگـەر ئازاریشـی نەیـەت بـەڵام ئایـا ئەمـە سـوکایەتی نیـە بـۆ ئافرەتەکـە کەهاوسـەرو شـەریکی ژیانیەتـی؟

وەڵام: پێـم خۆشـە بەووتەیەکـی خەیـر دەسـت پـێ بکـەم دەربـارەی ئـەم مەسـەلە, خـوای گـەورە دەفەرمـوێ { ومـن آیاتـه أن خلـق لكـم مـن أنفسـكم أزواجـاً لتسـكنوا إليهـا وجعـل بينكـم مـودة ورحمـة إن فـي ذلـك لآيـات لقـوم يتفكَّـرون([٧٠])}، واتـە یەکێـك لەنیشـانەکانی خـوای گـەورە ئەوەیـە کەلەخـودی خۆتـان ئافرەتـی بـۆ دروسـت کـردوون وەگێڕاویەتـی بەخۆشەویسـتی و ڕەحمـەت لەنیـوان یەکتریـدا وەئەمـەش بەڕاسـتی نیشـانەیەکی خـوای گەورەیـە بـۆ کەسـانێك کەبیـر بکەنـەوە، وەزۆر زۆرن ئـەو بەڵگانـەی کەبـاس لەنێـوان ژن و مێـرد دەکات هـەر لەقورئـان و فەرمـوودەو وەسـیەتەکانی پێغەمبـەرەوە درودی خـوای لـێ بێـت، ئەگـەر ئێمـە ئاگامـان لـەو هەمـوو بەڵگانەبێـت بۆمـان دەردەکەوێـت کەئیسـلام چەنـد بایەخـی بـەژن و وەهەروەهـا نیـوان هاوسـەرایەتی داوە، بـەڵام ئەگـەر بـێ ئاگابیـن لەوانـە هەمـووی و، بێیـن بـاس تەنهـا لـەم مەسـەلە بکەیـن لەوانەیـە تێگەشـتن لێـی بەئاسـانی هـەزم نەکرێـت، وەڵامەکەشـی نەخێـر سـوکایەتی نییـە ، ئـەو جـۆرە لێدانـەش بـۆ ئەوەیـە کەپێکەوەبژیـن، نابیـت لێدانەکـە ئـازار بەخـش و بـەر دەموچـاو بکەوێـت، خـۆ کەسـێك کەلەمنداڵەکـەی خۆشـی دەدات سـوکایەتی پـێ نـاکات هەڵەیەکـی کـردووەو زۆر تەمێـی

---

(٦٩) ـ (تبين الحقائق ٦/١٨)و(والفتاوى الهندية ٥/٣٢٩)و(حاشية العدوي على الرسالة ٢/٤٣٧)و٠(فتح الباري ١١/٤٦)و (والاداب الشرعية ٢/٢٦٩)

(٧٠) ـ سورة الروم الاية ٢١

کـردووه بـەڵام سـودی نەبـووە ئـەم ڕێگەیـەش دەگرێتەبـەر لەپێنـاو ڕاسـتکردنەوەو مەسـڵەحەتیدا خـۆ گونجـاو نییـە کەسـێك سـوکایەتی بەمنداڵەکانـی خـۆی بـکات. لەکاتێکـدا ئاشـکرایە کەمنـداڵ لـە هەمـوو کـەس خۆشەویسـتترە، بـەڵام بەداخـەوە هەندێـك پیـاو بەبـێ گوێدانـە هیـچ بنەمایەکـی شـەرعی کوتەکیـان خسـتۆتەئاو بـۆ خێزانەکانیـان، هەروەهـا هەشـەژن بەپێچەوانـەوە، بەهەرحـاڵ کاتێـك ئافـرەت ناکۆکـە لەگـەڵ پیـاودا دەبێـت کۆمەڵەڕێگەیـەك هەیـە بیگرێتەبـەر، وەك لـەم ئایەتانـەدا دەردەکەوێـت وەك دەفەرمـوێ { الرِّجَـالُ قَوَّامُـونَ عَلَـى النِّسَـاء بِمَـا فَضَّـلَ اللّهُ بَعْضَهُـمْ عَلَـى بَعْـضٍ وَبِمَـا أَنفَقُـواْ مِنْ أَمْوَالِهِـمْ فَالصَّالِحَـاتُ قَانِتَـاتٌ حَافِظَـاتٌ لِّلْغَيْـبِ بِمَـا حَفِـظَ اللّهُ وَاللاَّتِـي تَخَافُـونَ نُشُـوزَهُنَّ فَعِظُوهُـنَّ وَاهْجُرُوهُـنَّ فِـي الْمَضَاجِـعِ وَاضْرِبُوهُـنَّ فَـإِنْ أَطَعْنَكُـمْ فَـلاَ تَبْغُـواْ عَلَيْهِـنَّ سَـبِيلًا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّـا كَبِيـرًا}(٧١)

پیـاوان مافـی سەرپەرشـتیان هەیـە بەسـەر ژنانـدا، ئەمـەش بڕیـاری خوایـە فـەزڵ و ڕێـزی هەندێـك دەدات بەسـەر هەندێکـی تـردا (سـەرەڕای ئـەوەی کـە) پیـاوان مـاڵ و سـامانیان دەبەخشـن (لەپێنـاوی ئاسـودەیی و خۆشـگوزەرانی ئافرەتانـدا) لەولاشـەوە ئافرەتانـی (ژێـر) چـاك و پاکـن، لەخواترسـن، نهێنـی نێـوان خۆیـان و مێردەکانیـان دەپارێـزن کە(ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا بەجـێ هێنانـی فەرمانـی خوایـە)، ئەگـەر ترسـان لەسەرکەشـیی و سـەرپێچی هاوسـەرتان، سـەرەتا ئامۆژگاریـان بکـەن، (ئەگـەر سـودی نەبـوو) لێیـان بـدەن (بەمەرجێـك لێدانەکـە لـەدەم و چـاو نەبێـت و ئاسـەوار بەجـێ نـە هێڵێـت)، ئەگـەر بـەم هۆیانـە لادان و یاخـی بـوون وازیـان هێنـا، ئـەوە ئیتـر ستەمیان لـێ مەکـەن و ڕێگـەی تـر مەگرنەبـەر (بـۆ ئازاردانیـان) بێگومـان خـوا بـەرزو بڵنـدو گەورەیـە. (ئەگـەر ستەمیان لـێ بکـەن تۆڵەتـان لـێ دەسێنێت).

---

(٧١) سورة النساء الاية ٣٤

(وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا)[٧٢]
خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کەنێوان ژن و مێرد بشێوێ و (کێشەیان چارەسەر نەکرێت)، دادوەرێك لەخزمی پیاوەکەو دادوەرێك لەخزمی ژنەکە بنێرن (بۆ ڕێکخستنیان) ئەگەر ئەو دوو کەسە مەبەستیان ڕێکخستنیان بێت، خوا پێکهاتن فەراهەم دێنێت لەنێوان ژن و مێردەکەدا، بێگومان خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو ئاگایە. پێش هەموو شتێك خۆ لێدان ئەسڵ نییە ، دەبێت قسەی خۆشی لەگەڵ بکاو بەووتەی شیرین بیدوێنێ و وەهەتا دروستە لەهەندێك کاتدا درۆش بکات هەر لەپێناو دڵی ئافرەتەکەدا بۆ نمونە ئافرەتەکە پێی دەڵێ من جوانم ئەویش دەڵێ لەدونیادا کەس نییە بەقەدەر تۆ جوان بێت خۆ ئەمەڕاست نییە ، بەڵام تەنها لەبەر دڵی ئافرەتەکەیەو وەلەپێناو پێگەوەژیان و بەردەوامیانە، جا ئەگەر هەموو ڕێگەکان گرانەبەر دروستە بۆ نمونە بەسیواك بەسوکی پێیدا بکێشی وەیان بەدەستی بەسوکی وەك چۆن ئینسان لەمنداڵی بچوك دەدات بەگاڵتەوە، جا ئەم لێدانەلەوانەیە کاریگەری لەسەر دڵی دروست بکات و باش ببێت وەلەوەباشترەکەبگاتەتەڵاق کەئەو کاتەهەردوولایان زەرەرمەند دەبن، هەر ئافرەتەکەخۆی لەوانەیەبڵێ خۆزگەواو وایان پێ بکردایەم بەڵام تەڵاق نەدرایەم، وەهەتا لەوانەیەخۆی ئەوەندەبێتاقەت ببێت خۆی بدات لەخۆی لەتاودا. هەروەها پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێ {لا تجدون أولئك خياركم[٧٣]} ئیمامی ئەحمەد و ئەبی داود و النسائی

(٧٢) ـ سورة النساء الاية ٣٥
(٧٣) ـ ٤٠ - رُوِّينَا عَنْ جَابِر بْن عَبْد اللَّه في خُطْبَة النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم في حَجَّته بِعَرَفَاتٍ : اتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ، فَإِنَّكُمْ أَخَذْتمُوهُنَّ بِأَمَانَةِ اللَّهِ، وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ،

ڕیوایەتیان کردووە، واتەئەو پیاوانەی لەخێزانەکانیان دەدەن باش نین، وەجارێکیان خزمەتکارێکی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت پێغەمبەری تورەکرد پێی فەرموو ئەگەر لەبەر وەستانی ڕۆژی قیامەت نەبوایەبەم سیواکەئێشم پێ دەگەیاندی وەك بەم شێوەیەهاتووە{ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ، أَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم دَعَا خَادِمًا فَأَبْطَأَتْ، وَفِي يَدِهِ سِوَاكٌ، فَقَالَ : لَوْلا الْقِصَاصُ لَضَرَبْتُكِ بِهَذَا السِّوَاكِ (٧٤)}. وەحەزرەتی عائیشەڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ { مَا ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- أَحَدًا مِنْ نِسَائِهِ قَطُّ(٧٥) } واتەهەرگیز پێغەمبەر نەلەخێزانی وەنەلەخزمەتکارەکانی نەداوە. خوای گەورەئێمەو ئێوەش بۆ خێزانەکانمان بسوڵحێنێ و هەرگیز کار نەگاتەئەو ئاستە(٧٦).

٤٩- پرسیار: مامۆستای بەڕێز ئایا بەخت بەستن ئەسڵی هەیە؟ چونکەمن تەمەنم بووەبە٣٦ ساڵ و تا ئێستا شووم نەکردووەو دەڵێن بەختت بەسراوە، ئایا ئەگەر ئەم شتەهەیەدەتوانن ئایەتێك یان شتێکم پێ بڵێن کەئەم بەخت بەستنەبەتاڵ بکاتەوە؟

وەڵام: خوای گەورەهاوسەرێکی چاك و ڕێك و پێکتان بەنسیب بکات

---

وَإِنَّ لَكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لا يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ أَحَدًا تَكْرَهُونَهُ، فَإِنْ فَعَلْنَ فَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ، وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَرُوِّينَا فِي حَدِيثٍ آخَرَ أَنَّهُ حِينَ أَذِنَ فِي ضَرْبِهِنَّ، قَالَ : فَايْمُ اللَّهِ لا تَجِدُونَ أُولَئِكَ خِيَارَكُمْ، يَعْنِي : الَّذِينَ يَضْرِبُونَ أَزْوَاجَهُمْ أخرجه أبو داود (٢/٢٤٥، رقم ٢١٤٦)، والنسائى (٥/٣٧١، رقم ٩١٦٧)، وابن ماجه (١/٦٣٨، رقم ١٩٨٥)، وابن سعد (٨/٢٠٥)، وابن حبان (٩/٤٩٩، رقم ٤١٨٩)، والطبرانى (١/٢٧٠، رقم ٧٨٤)، والحاكم (٢/٢٠٥، رقم ٢٧٦٥)، وقال : صحيح الإسناد . والبيهقى (٧/٣٠٤، رقم ١٤٥٥٢) .

(٧٤) ـ أخرجه ابن سعد (١/٣٨٢)و ( ضعيف ) انظر حديث رقم : ٤٨٤٨ في ضعيف الجامع

(٧٥) ـ (أخرجه أحمد ٦/٣١ قال : حدثنا محمد بن عبد الرحمان الطفاوي . وفي ٦/٢٠٦ قال : حدثنا وكيع . وفي ٦/٢٢٩ قال : حدثنا ابو مُعاوية

(٧٦) ـ (فتاوى يسالونك ص ٢/١٧١)و(تفسيرالقرطبي ٥/٢١٤)و(فتح الباري ١١/٢١٤)

و قەرەبـووی ڕابـووردووش بکەنـەوە، ئەمـەش یەکێکەلەکێشـەکانی تـری وولاتەکەمـان بەهـەزاران ئافرەتـی وەك بەڕێزتـان ئاسـا بـێ شـوو ماونەتەوەوەهەروەهـا بەهـەزاران کوڕیشـمان لەئەوروپـا بـێ خێـزان!، بـەلام ئیتـر ناڕەحەتیەکـەو دەبێـت ئارامـی لەسـەر بگیرێـت، ئـەو ئارامگرتنـەش بـێ گومـان خـۆی بۆخـۆی خەیـرو پاداشـتە، وەدەبێت وەك تاقیکردنەوەیەکیـش سـەیری بکرێـت، خـوای گەورەبەهەشـت بەئاسـانی ناداتەکـەس، مرۆڤـەکان بەجۆرەهـا شـتی جـۆراو جـۆر تاقـی دەکاتەوەهەیەبەبـێ شـووی، هەیەبەبـێ ژنـی، هەیەبەژنـی زۆر، هەیەلەبـێ شـوویدا سـەرکەوتوو دەبێـت لـەو تاقیکرنـەوەو شـوکری خـوای لەسـەر دەکات لەکاتێـکدا کەحەزیشـی لـێ یـە، بـەلام هەیەباشـترین شووشـی هەیـەو لـە هیچیشـی کـەم نییـە بـەلام لـەو تاقیکرنەوەسـەرکەوتوو نابێـت، وەخـوای گەورەسـەرکەوتووتان کات خوشـکی بەڕێـز، ئەمانەهەمـووی قـەدەری خـوای گـەورەن، بـەلام هـۆکارەکان زۆرن، پشـت بەخـوا ببەسـتن بـەردەوام دوعـای خێـر بکـەن و ئومێدتـان هـەر بەئـەو ببێـت خۆڕاگـر بـن لەسـەر ئـەم تاقیکرنـەوە وەکۆتایـی ئـەم تاقیکرنـەوەش مـەرج نییـە بکەوێتـە ئـەو دونیـاوە خـوای خـۆی دەزانـێ کـەی کۆتایـی پـێ دێـت، دەبێـت ئـەوەش بزانیـن کەئارامگرتـن لەسـەر تاقیکرنـەوە واجبـە چونکـە ئەگـەر ئارامـمان نەگـرت ئـەو کاتەتـاوان بـار دەبیـن، بـەلام ئەگـەر ئارامـمان گـرت ئـەو ئارامگرتنـە دەبێـت مایـەی سـڕینەوەی تاوانەکانمـان و هەروەهـا بەرزبوونـەوەی پلەمـان لەبەهەشـتدا، هەرچەنـد پلـەی بەرزتریـش هەیـە لەسـەرووی ئارامگرتنەوەکـە ئەویـش سوپاسـگوزاری خـوای گەورەیـە لەسـەر ناڕەحەتیـەکان، خـوای گـەورە سـەرکەووتوو سـەرفرازتان بـکات و پیـاوی باشـتان بەنسـیب بـکات(٧٧).

(٧٧) ـ (مجموع فتاوی ومقالات ابن باز ٤/٣٧٠)و(حجاب المراة المسلمة ص٤٧)

٥٠- پرسـیار: مـن سـیکیوریتیم لەمارکێتێکـدا و زۆر جـار خەڵـك دەگـرم کەمەشـرووب دەدزن و تەسـلیمی پۆلیـس دەکرێـت، ئایـا گوناهبـارم کەهەندێـك جـار سجن دەکرێـن بـە هـۆی منـەوەو دزیەکـەش مەشروبە؟ لەکاتێکـدا کەتەسـلیمی پۆلیسـیان دەکـەم ئیمـزاش دەکـەم کەئامـادەم لەمەحکەمەشـاهیدی بـدەم کەئـەم کەسـە دزی کـردووە؟

وەڵام: کارەکـەی ئێـوە لـە راسـتیدا نادروسـتە نابـی کـە سـی موسـلمان لـە م جـورە شـوینانە دا کاربـکا ئینسـان تـا بـۆی بکرێـت کار لەگـەڵ ئـەو مارکێتانـەدا نـەکات مەگـەر زۆر ناچـار بێـت، هەتـا ئەگـەر بشـکرێت لـەو شـوێنانەی کەمەشـروبی تێـدا دەفرۆشـرێت شـت نەکرێـن، بـێ گومـان ئەمـەزۆر نارەحەتـە ناڵێـم حەرامـە بـەڵام بەقـەدەر توانـای خۆمـان هـەوڵ بدەیـن، خـوای گـەورەش بەرەکـەت دەخاتەکارەکانمانـەوە[٧٨].

٥١- پرسـیار: ئایـا درێـژ کردنـەوەی قـژ و باریـك کردنـەوەی قەنافـس حەرامەیـان نـا؟

وەڵام: ئـەم پرسـیارە مشـومڕی زۆر لەسـەرە بـەڵام بەکورتیەکـەی و بـەڕای زانایـان هـەم کـورت کردنـەوەی وە هـەم درێـژ کردنـی ئاسـاییە، وەفەرمـوودەش هەیـە کەپێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت قـژی درێـژ کـردووە، وەك لـەم فەرموودەیـەدا هاتـووە{ مَـا رَأَيْـتُ مِـنْ ذِی لِمَّـةٍ أَحْسَـنَ فِـی حُلَّـةٍ مِـنْ رَسُـولِ اللَّهِ ( وَلَـهُ شَـعْرٌ يَضْـرِبُ مَنْكِبَيْـه[٧٩]) هەروەهـا

(٧٨) ـ (احكام اهل الذمة١/١٨٤)و(المحلى ٧/٥٢٢)و(المغني ٤/١٦٧)و(بلوغ المرام ص١٦٧)

(٧٩) ـ(٥٢٣٣ - أَخْبَرَنَا حَاجِبُ بْنُ سُلَيْمَانَ عَنْ وَكِيعٍ عَنْ سُفْيَانَ عَنْ أَبِى إِسْحَاقَ عَنِ الْبَرَاءِ قَالَ مَا رَأَيْتُ مِنْ ذِى لِمَّةٍ أَحْسَنَ فِى حُلَّةٍ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ( وَلَهُ شَعْرٌ يَضْرِبُ مَنْكِبَيْهِ . تحفة ١٨٤٧) صحيح أخرجه البخاري ومسلم ١٧٩٤ )

فەرمـوودەی تـر هەیـە دەڵـێ تـا لای گوێـی بـووە، بـەڵام باشـترین ڕەئـی لەسـەر ئـەم مەسـەلە ووتـەی زانـای بەڕێـز شـێخ عثیمیـن ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت کەدەفەرموێـت دەبێـت سـەیری عـادەت بکرێـت ئەگـەر شـتێکی ئاسـایی بـوو ئـەوە ئاساییە وەگـەر ئاسـایی نەبـوو ئـەوا ئەویـش ئاسـایی نییـە ، بـۆ نمونـە لەکوردسـتاندا ئەگـەر یەکێـك قـژی درێـژ بـکات ئـەوا تەپڵـی لـێ دەکوتـن و دەبێتـە سـەرباس و خواسـتی خەڵکـی و وەبەشـێوەیەکی خـراپ سـەیری ئـەو کەسـە دەکرێـت کەئـەو کارەبـکات جـا مـادام وایـە باشـتر وایـە نەکرێـت، وەك شـێخ دەفەرمـوێ، بـەڵام ئەگـەر لەشـوێنێکی تـردا بـوو ئـەو کارە ئاسـایی بـوو بـەلای خەڵکەکـەوە ئـەوا ئەویـش ئاسـایی دەبێـت، بـەڵام دەبێـت ئەوەمـان لەبیـر بێـت نـەك درێژکردنـی زۆرێـك لـەم سەردەمەکەلەڕاسـتیدا لەبـەر ئـەوە نییـە کەڕێگەپێـدراوەو ئەویـش هەڵدەسـتێت پێـی، بەڵکـو خۆچواندنـە بەڕۆژئـاواوە کەبێگومـان ئـەوە حەرامـە بـۆ نمونـە زۆر کـەس هەیەنوێژیـش نـاکات! بـەڵام قـژی درێژەکەبڵـێ بـۆ قـژت درێـژە دەڵـێ خـۆ حـەرام نییـە بـەڵام لەڕاسـتیدا خـۆ ئـەو لەبـەر حەڵاڵـی نەیهێشـتووەتەوە ئەگـەر گوێـی بەحەڵاڵـی و حەرامـی دەدات بـۆ نوێژەکانـی نـاکات؟ خـۆ نوێـژ کـردن حـەرام نییـە ؟! کەواتـە هێشـتنەوەی قـژ بەنیەتـەوە بەنـدە ئەگـەر ئـەو کەسـەخۆی حـەزی کـرد قـژی هەبێـت و وەلەعادەتـدا یانـی لـەو شـوێنەی کەلێـی دەژی ئاسـایی بـوو وە لەبـەر خۆچوانـدن نەبـوو ئـەوا ئاسـاییە بەپێچەوانـەوە ئاسـایی نییـە [٨٠].

٥٢- پرسـیار: مامۆسـتا گیـان مـن گونـاە دەکـەم و لەپـاش گوناهەکـە پەشـیمان دەبمـەوە، کەچـی پـاش چەنـد ڕۆژێـك دەچمـەوە سـەر هەمـان

---

(٨٠) ـ (فتـاوی نورعلـی الـدرب للعثیمـین ٢٣/٢)و(البحـر الرائـق شرح كنـز الدقائـق ٨/٢٣٣) و(فتـح البـاري ١٠/٣٦٨)

گونـاه، تکایـە چارەیـەك و پێـم بڵێـن کەخـوا لێـم خـۆش دەبێـت؟

وەڵام: هەمـوو کـەس تـاوان دەکات کـەس نییـە بـێ تـاوان بێـت وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێت دەفەرمـوێ { كُلُّ ابْنِ آدَمَ خَطَّاءٌ، وَخَيْرُ الْخَطَّائِيـنَ التَّوَّابُـونَ( [81])} بـەڵام ئەمـە مانـای وا نییـە کەبەئەنقسـەت بڕۆیـن تـاوان بکەیـن و دوای تەوبـە بکەیـن ئینسـانی مسـوڵمان دەبێـت بـەردەوام خـوای گـەورەی کردبێت بەچاودێری خـۆی وەبـەردەوام هـەوڵ بـدات ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە بەدەسـت بێنێـت، چونکـە نازانێت کـەی دەمرێـت دوور نییـە لەکاتـی تاوانەکـەدا نەمرێـن، لـەڕۆژی دوایـدا زینـدوو دەبینـەوە لەسـەر ئـەو حاڵـەی کەتێیـدا مـردوون یانـی تەسـەور بکـە کاتێـك تـۆ تـاوان دەکـەی بەدزیـەوە دەیکەیـت وەپێـت خـۆش نییـە هیـچ کـەس بـت بینـێ وەگـەر کەسـێك بێـت بەسـەرتا چەنـد مایـەی شـەرمەزاریە؟ ئـەی ئەگـەر مـردی بـەو شـێوەو دوای هەمـوو خەڵـك بـت بینـێ؟ بۆیـە زۆر گرنگەئینسـانی مسـوڵمان بـەردوام هەمـوو هەوڵێکـی لەخێـرو چاکەکاریـدا بێـت و وەبـەردەوام نیەتـی چاکـەو چاکەکاریشـی هەبێـت، هەمـی مسـوڵمان زۆر لـەوە گەورەتـرە خـۆی بەتـاوان و شـتی لاوەکیـەوە خەریـك بـکات بـەڵام ئەگـەر کەوتـە تاوانـەوە لەبـێ ئاگایـدا یـان ..هتـد، یەکسـەر تەوبـەدەکات و هـەوڵ دەدات نەگەڕێتـەوە سـەر هەمـان تـاوان، وەتەوبـەی لەسـەر بـکات وەمەرجـی تەوبـەش چـی یـەزۆرن لەوانـە.

١-وازهێنانـە لەتاوانەکـەو نەگەڕانـەوە سـەریەتی بـۆ نمونـە کەسـێك مەشـروب خۆرەوەیـان زینـا کەرەکاتێـك تەوبـەدەکات دەبێـت جارێکـی تـر نەگەڕێتـەوە سـەر کارەکـەی وەگەرنـا تەوبەکـەی بەتەوبـە بـۆ

(٨١) ـ ١٣٩٠ - وَعَنْ أَنَس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : { كُلُّ ابْنِ آدَمَ خَطَّاءٌ، وَخَيْرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ } صحيح الجامع الصغير ( ٤٣٩١ )، والمشكاة برقم ( ٢٣٤١)

حسێب ناکرێت.
٢-متمانەیەکی بە هێزکرن بەخۆ کەبڕیار بدەیت و لەناخەوەخۆتی بۆ یەکلا بکەیتەوە کەجارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەری، نەك بەدەم تەوبە بکەیت و لە هەمان کاتدا لەدڵەوە هەر دڵت بۆی لێ بداتەوەو بتەوێت بڕۆیتەوەسەری.
٣-خەم خواردن و پەشیمانی لەوەی کەکردووتە، نەك وەك هەندێك کەس شانازی پێوەبکەیت.
٤-وەگەر ئەو تاوانە شتێك بێت پەیوەست بێت بەکەسەوە بۆ نمونە ماڵی یەکێکت بردووە دەبێت بیگەڕێنیتەوە بۆی، نەك دوو سێ دەفتەر پارەی بەنك بدزی و دوای بڵێ خوایەگیان تەوبە!
وە هۆکاری لێ خۆشبوونیش کەکورتی دەکەینەوەلەم باسەدا:
هۆکاری لاچونی تاوان لەسەر تاوانبار
ئەگەر مرۆڤی ئیماندار کەوتەت اوانەوە، خوای گەورە کۆمەڵێك دەرگای ڕەحمەت و بەزەی خۆی کردۆتەوە بۆ لاچونی ئەو تاوانانەی کەتێی کەوتوون ئەگەر وازی لێ بێنن و لەخوا بترسن. لای کۆمەڵێك لەزاناکان ئەمە جێگیر بووە ئەگەر یەکێك کەوتەتاوانەوەچۆن تاوانەکەی لەسەر نەمێنێ بەپێی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت. کورتیان دەکەینەوە بۆ خوێنەرانەنی بەڕێز، ئەوەی کەلەشەرحی عەقیدەی تەحاویدا هاتووە لەسەر ئەم باسە. وەك دەڵێ: ( مرۆڤی تاوانبار تاوانەکە لادەچێ لەسەری واتە سزای جەهەنەم بەدە هۆکار، زانیم لەقورئان و فەرموودەکان).
هۆکاری یەکەم: تەوبەرکردن: وەك خوای گەورە دەفەرموێ: {فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا*إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ

شَيْئًا}[٨٢] واتـه لـەدوای ئـەوان کەسـانێك لەنەوەکانیـان بوونـە جێنشـین، کەنوێژەکانیـان بەزایـەداو شـوێنی ئارەزووەکانـی نەفسـیان کەوتـن، ئەوانـە تووشـی گومـڕای و سـەرگەردانی و سـزا دەبـن (لەدونیـاو قیامەتدا)*جگەلەوانـەی کەتەوبەدەکـەن و بـاوەڕی دامـەزراو دەهێنـن و کارو کـردەوەی چـاك ئەنجـام دەدەن، ئـا ئەوانـە دەچنـە بەهەشـتەوەو هیـچ جـۆرە سـتەمێکیان لـێ ناکرێـت.

هەروەهـا دەفەرمـوێ {إِلَّا الَّذِيـنَ تَابُـوا وَأَصْلَحُـوا وَبَيَّنُـوا فَأُولَئِـكَ أَتُـوبُ عَلَيْهِـمْ وَأَنَـا التَّـوَّابُ الرَّحِيـمُ (٨٣)} واتـە جگـە لەوانـەی تەوبەیـان کـردووەو چاکسـازیان ئەنجامـداوەو ئـەو حەقیقـەت ڕاسـتیان ڕوونکردۆتەوەکـە جـاران شـاردبوویانەوە، ئائەوانـە گەڕانەوەکەیـان لـێ وەردەگـرم و تەنهـا منیشـم زۆر تەوبـە وەرگـرو دلوڤـان و میهرابانـم.

تەوبـە، ئـەو تەوبـەی کەسـزا لەسـەر مـرۆڤ لادەبـات تەوبەیەکـی ڕاسـتییە (النصـوح)ە ئەوەیـە کـەل ەدڵەوەیـەو وە بەدڵسـۆزیەوەتە وبەکـەدەکات، وە بەووتەدانـی پێـدا دەنـێ و وەپەشـیمان دەبێتـەوە لـەوەی کەکردوویەتـی لەتـاوان، وەبەگوڕێکـی بـاش دەدات بەخـۆی کەجارێکـی تـر نەچێتـەوە سـەریان و کاری باشـەدەکات.

تەوبـە دەبێتـە هۆیـەك بـۆ لێخۆشـبوونی تـاوان، سـزا نەدانـی تاوانبـار، ئەمـەڕا جیـاوازی تێـدا نیـە لەنێـوان زانایانـدا، جگەلەمـە هیـچ شـتێکی تـر نابێتـە لێخۆشـبوونی تـاوان بەتەواوەتـی جگـە لەتەوبـە، وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ {قُلْ يَـا عِبَـادِيَ الَّذِيـنَ أَسْرَفُوا عَلَـى أَنْفُسِـهِمْ لَا تَقْنَطُـوا مِـنْ رَحْمَـةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِـرُ الذُّنُـوبَ جَمِيعًـا إِنَّـهُ هُـوَ الْغَفُـورُ (٨٤)} واتـە ئـەی پێغەمبـەر صلـى اللەعليەوسـلم پێیـان بڵـێ: خـوا دەفەرموێـت:

(٨٢) سورهتی مریم ئایهتی ٥٩-٦٠

(٨٣) سورهتی البقرة ئایهتی ١٦٠

(٨٤) سورهتی الزمر ئایهتی ٥٣

ئـەی بەندەکانـم .. ئەوانـەی کەخۆتـان گوناهبـار کـردووەو غەڵەتتـان زۆرە، نائومێـد مەبـن لەرەحمەتـی خـوا، چونکـە بەڕاسـتی ئەگـەر ئێـوە تەوبـەی راسـت بکـەن، خـوا لەهـەر هەمـوو گونـاەو هەڵەکانتـان خـۆش دەبێـت، چونکـە بێگومـان ئـەو خوایـە زۆر لێخۆشـبوو لێبوردەیـەو زۆر بەسـۆزو میهرەبانیشـە.

هـۆکاری دووەم: داوای لێخۆشـبوون کـردن (الاسـتغفار): وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ {وَمَـا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُـمْ وَأَنْـتَ فِيهِـمْ وَمَـا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُـمْ وَهُـمْ يَسْـتَغْفِرُونَ (٨٥) }واتـە بێگومـان خـوای گـەورە (بەقسـەی ئـەوان نـاکات) بـەڵاو سـزا نـادات بەسـەریاندا، لەکاتێـکدا تـۆ لەناویانـدا ببیـت (بـە ئومێـدی ئـەوەی هەندێکیـان بـاوەڕ بهێنـن)، هەروەهـا خـواش سـزا دەر نیـە لەکاتێـکدا ئـەوان داوای لێخۆشـبوون بکـەن.

خـۆی لەڕاسـتیدا ئـەم داوای لێخۆشـبوونەش دەچێتـە ڕیـزی تەوبەکردنـەوە، چونکـە ئیسـتیغفار داوای لێخۆشـبوونە لـەو تاوانانـەی تێـی کەوتـووە پەشـیمانی دەسـەلمێنێ ئـەوش بەداواکردنەکـە. بـەڵام تەوبـە ئەوەشـی تیایـە کـە لەداهاتـوودا جارێکـی تـر نەگەڕێتـەوە سـەر تاوانـەکان.

هـۆکاری سـێهەم: کـرداری چاکەیـە: خـوای گـەورە دەفەرمـوێ {وَأَقِـمِ الصَّـلَاةَ طَرَفَـيِ النَّهَـارِ وَزُلَفًـا مِـنَ اللَّيْـلِ إِنَّ الْحَسَـنَاتِ يُذْهِبْـنَ السَّـيِّئَاتِ ذَلِـكَ ذِكْـرَى لِلذَّاكِرِيـنَ (٨٦)} واتەنوێـژ بەچاکـی ئەنجـام بـدە لەهـەردوو سـەری رۆژەوە (کەنیـوەڕۆ و عەسـرە) و لەسـێ کاتەکـەی شەویشـدا کـە( مەغریـب و عیشـاو بەیانی)یـە نزیکـن لـە( ئەمسـەرو ئەوسـەری رۆژەوە، بەڕاسـتی کـردەوە چاکـەکان کـرداره خراپـەکان لادەبـەن و گوناهـەکان دەشـۆنەوە، ئـەوە ئامـۆژگاری و بیرخەرەوەیـە بـۆ ئەوانـەی

(٨٥) سورهتی الانفال ئایهتی ٣٣

(٨٦) ـ سورة هود الاية ١١٤

یـادی خـوا دەکـەن.

هـۆکاری چـوارەم: کەوتنـە نـاو کێشـەی دونیاییـەوە: پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوێ: { مَـا يُصِيـبُ الْمُسْـلِمَ مِـنْ نَصَـبٍ، وَلا وَصَـبٍ وَلا خَـوْفٍ وَلا أَذًى وَلا غَـمٍّ، حَتَّـى الشَّـوْكَةِ يُشَـاكُهَا إِلا كَفَّـرَ اللَّهُ بِهَـا مِـن خطايـاه([٨٧]) } هـەر ناخۆشـی و خـەم و خەفـەت و توشـی مسـوڵمان ببێـت دەبێتـە هـۆی لاچونـی تاوانـەکان هەتـا ئەگـەر درکێکیـش بێـت.

بزانـە کەوتنەنـاو ناخۆشـی یەوەدەبێـت هۆکارێـك بێـت بـۆ لاچونـی تـاوان، وەئەگـەر ئـەو کەسـەی دەکەوێتـە نـاو ناخۆشـیەوە ئارامـی گـرت لەسـەری ئەوکاتـە خێریشـی دەسـت دەکەوێـت لەسـەروی ئەوەشـەوە کەدەبێتـە هـۆی لاچونـی تاوانەکانیشـی. بـەڵام ئەگـەر ئارامـی نەگـرت لەسـەری ئەوکاتـە تاوانێکـی تـر زیـاد دەکاتەسـەری تاوانەکانـی لەسـەروی ئەوەشـەوە کەئـەم ناخۆشـیە نابێتـە هـۆی لاچونـی تاوانەکانـی.

هۆکاری پێنجەم: سزادانی ناو گۆڕە.

هۆکاری شەشەم: نارەحەتیەکانی دوارۆژە.

هـۆکاری حەوتـەم: شـەفاعەت کردنـی ئـەو کەسـانەیە کەخـوای گـەورە فەرمانـی شـەفاعەت کردنیـان پـێ بـدات لـەرۆژی دوایـدا.

هـۆکاری هەشـتەم: لێخۆشـبونی خـوای گەورەیـە کەبەرەحەمتریـن کەسـە، جگـە لەشـەفاعەتکردنن. وەك خـوای گـەورە خـۆی دەفەرمـوێ {إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِـرُ أَنْ يُشْـرَكَ بِـهِ وَيَغْفِـرُ مَـا دُونَ ذَلِـكَ لِمَـنْ يَشَـاءُ وَمَـنْ يُشْـرِكْ بِـاللَّهِ فَقَـدْ ضَـلَّ ضَـلَالًا بَعِيـدًا ([٨٨])} واتەبەڕاسـتی خـوا خـۆش نابێـت

---

(٨٧) ـ (عَنْ أَبِي سَعِيد الْخُدْرِيِّ - رَضِيَ الله عَنهُ - عَن النَّبِي - صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ - قَالَ: « مَا يُصِيبُ الْمُسْلِمَ مِنْ نَصَبٍ، وَلا وَصَبٍ وَلا خَوْف وَلا أَذًى وَلا غَمٍّ، حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا إِلا كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا من خطاياه «.( أخرجه البخاري في « الأدب المفرد « ( ٥٠٨ )

(٨٨) ـ سورة النساء الاية ١١٦

لەوەکـە هـاوەڵ و شـەریکی بـۆ بڕیـار بدرێـت و جگەلـەو (هاوبـەش دانانـە) لەگوناهەکانـی تـر بـۆ هەرکـەس بیەوێـت و شایسـتەی بێـت و (پەشـیمان بێـت) خـۆش دەبێـت، جـا ئـەوەی شـەریك و هـاوەڵ بـۆ خـوا بڕیـار بـدات، ئـەوە بەڕاسـتی گومـڕا بـووە بەگومڕایەکـی زۆر دوور.

هـۆکاری نۆیـەم: دوعـاو پاڕانـەوەی مسـوڵمان بـۆ یەکتـری پێـش مـردن و دوایـی مـردن.

هـۆکاری دەیـەم و کۆتایـی: ئەوشـتانەی کەدەبنـە هـۆی گەیاندنـی چاکـە دوای مـردن وەك: حـەج کـردن، ڕۆژوو گرتـن وە هەروەهـا.

لەکۆتاییـدا داواکاریـن لەخـوای گـەورە لەهەمـوو گوناهەکانمـان خـۆش بێـت و ئارامیمـان پـێ ببەخشـی لەسـەر ناڕەحەتیـەکان بـۆ ئـەوەی دوو پاداشـتی تیـا وەرگریـن. وەبـەدەم خەمـەکا نـی یەکتریوەبیـن و دوعـای خێـر بـۆ یەکتـر بکەیـن تـا پاداشـتی لەسـەر وەرگریـن. دەمەکانمـان پـاراو بێـت بەتەوبـەو داوای لێخۆشـبوون لەخـوای گەورەتـا پاداشـتی لەسـەر وەرگریـن و بنەمایـەی سـڕینەوەی تاوانەکانمـان بەشـێوەیەکی وا بەپاکـی بگەینەخزمـەت خـوای گەورهامیـن(٨٩)

خـوای گـەورە یارمەتـی دەریشـتان بێـت و بەدوورتـان گرێـت لەهەرشـتێك خـۆی پێـی ناخۆشـە.

- پرسیار: ئەگەر کەسێك بیەویت زەواج نەکات ئایا حەرامە؟

وەڵام: مەسـەلەی زەواج کـردن ڕاجیاوازیەکـی تێدایـە لەلایـەن فوقەهاکانـەوە، هەیانـە دەڵـێ زەواج کـردن فـەرزی عەینـە فـەرزی عەیـن بەشـتێك دەوترێـت کەبەنەکردنـی ئینسـان تاوانبـار ببێـت واتەدەبێـت بیـکات و وازلێهێنانـی تاوانـە، ئیمامـی شـافعی دەفەرمـوێ موباحەیانـی موباحیـش بەشـتێك دەوترێـت کەئینسـان سەرپشـکە تێیـدا گـەر

---

(٨٩) ـ (جامع العلوم والحكم ١٦٤/١)و(تفسير ابن كثير ٤٠٨/١)و(شرح مسلم ٧٥/١٧).

ویستی بیهێنێ دەتوانێت وەگەر ویستی نەیهێنێت هەر دەتوانێت، هەندێك لەزانایانی تر ووتوویانە فەرزی كیفایەیە وەفەرزی كیفایەش بەشتێك دوترێت ئەگەر كۆمەڵێك هەستن پێی تاوان لەسەر ئەوانی تریش لادەچێت، بۆ نمونە بانگ دان فەرزی كیفایەیە ئەگەر لەگوندێكدا بۆ نمونە كەسێك هەبێت بانگ بدات ئەوا تاوان لەسەر هەموو خەڵكی گوندەكە دەكەوێت بەڵام ئەگەر كەس بانگی نەدا ئەوا خەڵكی گوندەكە هەمووی تاوانبار دەبێت، وەهەندێكی تر ووتوویانە بەڵكو سونەتێكی موستەحەبە واتە زۆر باشە، هەندێكیش ووتوویانە واجبە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ڕاجیاوازیەدا ئاشكرایە كەزەواج كردن كارێكی باش وپیشەی پێغەمبەرانە، كردنی ئەو كارە چەندەها خێری بەدوادا دێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت كۆمەڵەشتێك هەیە ڕەچاو بكرێت بۆ نمونە ئەو كەسەی نایەوێت ژن بهێنێ بۆچی نایەوێت؟ ئەگەر لەبەر ئەوەیە كەناتوانێت ئوموری بیات بەڕێوە ئەمە وەرگیراوە وە بەڵكو پێویستیشە كەنەیهێنی لەم دۆخەدا چونكە ئەگەر بیهێنی لەوانەیە ستەمی لێ بكەیت وەستەم لەشەرعدا تاوانە، وەگەر ترسی ئەوەت هەبوو دەكەویتە تاوانەوەو وەتواناشت هەیە ژن بهێنی ئەوا بێگومان دەبێت بیهێنی لەبەر ئەوە بەرگری لەتاوان بكەیت وەگەر نەتهێنا تاوانبار دەبیت، گەر ترسی ئەوەت نەبوو بكەویتە تاوانەو تواناشت هەبوو ئەوكاتە بارودۆخی خۆت دەزانێ لەبەر چی ئەو كارە ناكەیت ئایا كارێكی وا گرنگت هەیە كەژن هێنان بەربەست بێت لەڕێگەتا ئەوە شتێكی ترە، زۆر لەزانایان و موفەكیری ئیسلامی هەیە كەژنیان نە هێناوە، بۆ نمونە سەعید نەورەسی ژنی نە هێناوە پرسیاریان لێ كرد ووتیان بۆ ژنت نە هێناوە ئەویش ووتی لەبیرم چوو ئەگەر لەكاتی خۆیدا بیانخستایەتە بیرم دەمهێنا لەوانەیە ئەم قسە بەلای ئێمەوە سەیر

بێت و بڵێین چۆن کارێکی وا لەبیر دەکرێت بەڵام ئەگەر سەیری کارەکان و کاریگەری ئەو بەڕێزە بکەیت بۆمان دەردەکەوێت کەچەند ئەم ئیسلامە هەمی بووەو سەرقاڵ بووە پێوەی، زۆرن ئەو زانایانەی کەژنیان نە هێناوە وەك لەکتێبێکدا کۆکراونەتەوە، هەروەها ئیمامی طەبەری موفەسیری قورئان ئەویش ژنی نە هێناوە، هەر بەو بۆنەشەوە پێم خۆشە کورتەیەك لەسەر ئەو ئیمامە بەڕێزەتان بۆ بنوسم کەبەم شێوەیەیە:

کورتەیەك لەسەر ئیمامی الطبری (موفەسیری قورئان)(٩٠)

مێژووی ئیسلامی پڕیەتی لەکەڵەپیاو، کەچی زۆرێکمان لێیان بێ ئاگایین! وەهەروها پڕیەتی لەکەڵەژن کەچی زۆرمان هەر ناشیان ناسین! لەبری ئەوەی ئەو هەموو جوامێرانە بناسین و بیان کەین بەپێشەنگ و سود وەرگرتن لێیان،کەسانی وا دەناسین باسکردنیان دڵ تێك دەدات. با ئاوڕێك لەخۆمان بدەینەوەو چیتر خۆمان بەکەسایەتی ناشایستەوە خەریك نەکەین. ئەو کەسایەتیانەی کەدوورن لەبەها جوان و شایستەکانی ئیسلامەوە، لەبری ناسینی کەسێکی یاری چی وە یان گۆرانی بێژ، با کەڵەپیاوێکی وەك طەبەری بناسین وەیان سومەییە بناسین بۆ نمونە. وەرن با پێکەوە بزانین طەبەری کێ یە؟ ئەو کەڵەپیاوە بۆ خوا سوڵحاوە، ئەو کەڵەپیاوەی کەژیانی پڕ بوو لەبەها بەرزەکانی ئیسلام، ئەو کەڵەپیاوەی کەهەموو ژیانی هەر خزمەتکردن بوو، ئەو کەڵەپیاوەی بەباسکردنی هەرشتی چاك بەبیردا دێنێت، ئەو کەڵەپیاوەی کەزیندووە لەدڵەکانماندا، ئەو کەڵەپیاوەی کەلەبەر سەرقاڵی بەئەم پەیامە پاکەوە مەجالی نەبوو ژن بهێنێ، باسکردنی

---

(٩٠) ـ (طبقات الشافعية الكبرى تاج الدين السبكي ١٢٥/٣)و الاعلام خير الدين الزركلي ٦٩/٦)و(الوافي بالوافيات ٢١٢/٢)

کەڵەپیاوێکـی وەك ئیمامـی طەبـەری لەنوسـینێکی لـەم شـێوەدا زۆر زەحمەتـە بتوانێـت شایسـتەی بێـت، بـەڵام ئومێـد دەکـەم، کەدڵەکانمـان بجوڵێنـێ بـۆ بەدواچونـی زیاتـر لەبارەیـەوەو، وەبـۆ بەدواچونـی زیاتـر ئەوکەسـانەی کەپـڕن لەمێـژووی ئیسـلامیدا، چیتـر کاتـی خۆمـان بەشـتی بـێ بەهـاوە نەبەینەسـەر، چونکـە بێگومـان پرسـیارمان لـێ دەکرێـت لەکاتەکانمـان کەلەچیـدا بەسـەرمان بـردووە.
نـاوی تـەواوی ناوبـراو: محەمـەدی کـوڕی جەریـری طەبـەری یـە ئیمامـی موفەسـیرەکان. هەروەهـا ناسـراوەب ەباوکـی جەعفـەر (أبـو جعفـر) لەگـەڵ ئـەوەدا کەژنیشـی نەهێنـاوە، منداڵیشـی نەبووەبـەڵام ئـەو کو نیە لە سـو نە تە و ە یە .
ئیمامـی طەبـەری لەشـاری ئامـول (آمـل) لەدایـك بـووە کەشـارێکە لەهەرێمـی تەبرستـان (طبرسـتان) سـاڵی ٢٢٤ ی هیجـری، کۆچـی دوایـی کـردووە لەبەغـداد سـاڵی ٣١٠ ی هیجـری واتـە هەشـتاو شـەش سـاڵ ژیـاوە، لەبـەر ئەوەپێـی دەڵێـن طەبـەری چونکـە خەڵکـی (طبرسـتان) ەوە طەبرسـتانیش وڵاتێکـی بەرفراونـە کەدەکەوێتـە لای دەریایـی قەزوینـەوە شـیمالی ئیـران.
ئیمامی طەبـەری لەئامێـزی باوکیـدا گەورەبـوو کەپیاوێکـی ئیمانـدار بـوو، باوکـی خەوێکـی بینیبـوو کەخەوەکـەی بـۆ هاوڕێیەکـی گەڕاندبـووە وەپێـی وتبـوو کاتیـك کەکوڕەکـەت گەورەبـوو گونجـاو وەلەبـار دەبێـت بـۆ دینـی خـوا، وەزانـا دەردەچێـت لەئاینـی ئیسـلام، باوکیشـی زۆر پێداگـرو یارمەتـی دەری بـووە لەسـەر زانیـاری و بەدواچونـی شـەرعی هـەر لەمنداڵـی ئـەو ئیمامـە بەڕێـزەوە.
ئیمامـی طەبـەری هـەر لەمنداڵیـەوە سـەرقاڵی زانیـاری شـەرعی بـوو هەتـا کۆچـی دوایـی کـرد، لەبـەر ئـەوە ژنـی نەهێنـا، ژن هێنـان یەکێکـە لەسـونەتەکانی پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت بـەڵام ئیمامـی

طەبـەری ئەوەنـدە سـەرقاڵی زانیـاری و خزمەتکـردن بـوو بەئیسـلام دەرونـی خـۆی داوای ژنـی نەدەکـرد لەبـەر زۆری سـەرقاڵی لـەو بـوارەدا. لێـرەدا ئـەوە دەردەکەوێـت کەئـەو کەسـانەی کەتوشـی تـاوان و کاری خراپـە ئەبـن خۆیـان سـەرقاڵ ناکـەن، بەتایبـەت بـەکاری خێـرەوە ئەگینـا ئـەو بۆشـاییە نابێـت بـۆ کەوتنـە تاوانـەوە، هـەروەك چـۆن پرسـیاریان لەسـەعید نەورەسـی کردبـوو بەپیـری ووتیـان بـۆ ژنـت نەهێنـاوە ئەویـش لەوەڵامـدا ووتـی لەبیـرم چـوو، ئەگـەر لەکاتـی خۆیـدا پێیـان بوتایـەم دەم هێنـا. وەزۆرێـك لەزانایـان بـەم شێوەسـەرقاڵ بـوون کەمەجالـی ژن هێنانیـان نەبـووە. مامۆسـتایەك بەنـاوی عبدالفتـاح أبـو غـدة ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت کتێبێکـی هەیەبەنـاو (العلمـاء العـزاب الذیـن آثـروا العلم علی الـزواج). باسـی زۆرێـك لـەو ئیمامانـەی کەژنیـان نەهێناوەباسـیان دەکات لـەو کتێبـەدا.

ئیمامـی طەبـەری هەمـوو قورئانـی پیـرۆزی لەبـەر کـرد کاتێـك تەمەنـی حـەوت سـاڵ بـوو، ئیمامەتـی بـۆ خەڵـك دەکـرد لەتەمەنـی هەشـت ساڵیدا، فەرمـوودەی دەنوسـی لەتەمەنـی نـۆ سـاڵیدا!

لای کۆمەڵێـك زانایانـی شـارەکەی خـۆی خوێندویەتـی لە(آمـل) وەدواتـر لەزانایانـی وولاتەکـەی، وەزانایانـی ڕەئـی، وەدواتـر ڕۆشـتووە بـۆ ئێـران و عێـراق بـۆ فێربوونـی عیلـم و زانیـاری. کۆمەڵێـك سـەفەری زۆری تریشـی کـردووە هـەر بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـۆ بەسـرەو، کوفـەو، بەغـدادو، شـام و، میسـر، وەلای کۆمەڵێکـی زۆر زانـا خوێندویەتـی. دواتـر ڕۆشـتووەبۆ بەغـدادو ماوەتـەوە تیایـدا تـا مـردن. بەغـداد بەڕاسـتی مەڵبەنـدی زانسـت و زانیـاری بـوو هـەروەك چـۆن ئێسـتە جێگـەی شـەڕو شـۆڕو فیتنەیـە.

ئـەم ئیمامـە بەڕێزەخـۆی یـەکلای کردبـووەوە بـۆ فێربـوون و فێرکـردن و مامۆسـتایی و کتێـب نوسـین، تـا وای لێهـات بـووە یەکێـك لەزانـا هـەرە

گەورەکانی بەغداد، کۆمەڵێکی زۆر زانیاری کۆکردەوە، دواتر بەو شێوەیە مایەوە نزیکەی هەشتا ساڵ! هەموو ئەو ماوە پێنوسەکەی وشك نەدەبووەوە وەهەوڵدانی کەمی نەدەکرد وەزۆر لێهاتوو کارا بوو. کۆمەڵێك کتێبی جگەلەو هەموو کتێبەی کەنوسی بووی، تەوای نەکرد کۆچی دوای کرد. وەپەرتوك و نوسراوەکانی ئیمامی طەبەری گەشتەشەست هەزار پەڕە!!! وەئەوەهەمووی بەپشتیوانی خواو بەرەکەتی ئەو لەسەری. لێرەدا پرسیارێکم بۆ دروست بوو باشەئەگەر بەبڕوانامەی ئەمڕۆ بێت چ پلەیەك بۆ ئیمامێکی ئاوا بکەین دەبێت چ بڕوانامەیەکی پێ ببەخشرێت؟.

ئیمامی طەبەری شێوەی ئەسمەر بوو، لاشەیەکی باریك و چاوی گەورەبوو، زمانی زۆر پاراو بوو، قژی ڕەش بوو وەقژی هەر بەڕەشی ماوەهەتا کۆچی دوایی کردا.

ئیمامی طەبەری ترێ و هەنجیری تەڕی دەخوارد، وەزەیت و نان وشیری حەیوانی دەخوارد، وەگۆشتی سوریشی دەخوارد، بەڵام خورماو هەنگوین و کونجی نەدەخوارد وە هەروەها گۆشی قەڵەو وچەور چونکە نەخۆشی مەعیدەی هەبوو. کاتێك نانی دەخوارد بۆ هەموو تیکەیەك ناوی خوای دهێنا! زۆر بێ دەنگ و هێمنانەنانی دەخوار.

ئیمامی طەبەری کاتەکانی خۆی دیاری کردبوو، خشتەیەکی بۆ دانابوو کەچەند پەرتوك بنوسێت وەچەند دەرس بڵێتەوە، هەروەها بۆ پەرستنەکان و خەویش. بەڵام زۆر کەم دەخەوت تۆزێك پێش نیوەڕۆ دەخەوت وەدواتر نوێژی نیوەڕۆی دەکرد، دواتر دەینوسی تا کاتی عەسر، دەردەچوو بۆ نوێژی عەسر، لەمزگەوت دەبوو تا نوێژی مەغریب وەدواتریش دەرسی پێ دەوتن تا نوێژی عیشا، دوای نوێژی عیشا دەگەڕاوەبۆ ماڵ وەسەرقاڵ دەبووەوە بەنوسین و کتێب

دانـان وەڕێگـەی بـە هیـچ کەسـێك نـەدەدا بێتـەلای مەگـەر بـۆ کارێکـی زۆر گرنـگ نەبوایـە، بـۆ ئـەوەی کاتـی لـێ نەگـرن و بـەردەوام بێـت لەنوسـین. سـبحان الله بـەراوردی ئـەوە بکـە لەگـەڵ ئەمـڕۆی خەڵکـدا زۆرێـك تـا بەیانـی ئامادەیـە سـەیری تەلەفزیـۆن و گورانـی بـکات بـەڵام تاقەتـی نیەکتێبێـك هـەر بیخوێنێتـەوە نـەك بینوسـێت؟!

یەکێـك لەقوتابیەکانـی ئیمامـی طەبـەری دەڵێـت: ئیمـام کاتەکانـی دابـەش کردبـوو بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی و دینەکـەی و وەکـۆی خەڵکـی و مسـوڵمانان.

طەبـەری زۆر دونیـای بەکـەم گرتـووە، وەزۆر بـەرەو حـەڵاڵ چـوەوە، دوور بووەلەحـەرام.

زۆر سوپاسـگوزار بـووە بەکەمـی مـاڵ ئـەوەی کەخـوای گەورەپێـی بەخشـیوە، دیاریـی و ماڵـی وەرنەگرتـووە لەسـەرۆك و نـاودارەکان.

جارێکیـان کتێبێکـی بەنـاو (الخفیـف)ە نوسـی وەسـەرۆکی ئـەو کاتـە عەباسـی کـوڕی حەسـەن هـەزار دینـاری وەك خەڵاتێـك بـۆ نـارد بـەڵام ئیمامـی طەبـەری وەری نەگـرت و گەڕاندیـەوە. بەڕاسـتی هـەر دێڕێـك لەمانـە کۆمەڵێـك شـتی زۆری لـی وەردەگیـرێ بـەڵام لەبـەر کورتکردنـەوەی باسـەکەنایان نوسـین، بـەڵام لێـرەدا زۆر جێگـەی خۆیەتـی کەبڵێیـن چەنـدن ئـەو کەسـانەی کـەکاری نـاڕەواو فێـڵ و فـڕ دەکـەن لـەم و لـەو بەبـێ گوێدانـە هیـچ شـتیك لەبـەر ئـەوەی خەڵاتێـك وەرگـرن. ئەمـە پەروەردەکردنـی ئیسـلامە کـەکاری دڵسـۆزی و بـاش و ڕەوا بکەیـت لەبـەر خـواو مـاڵ و سـامانی دونیـا لەخشـتەت نەبـا.

کتێبێکـی تـری نوسـی لەسـەر ئەحکامەکانـی وەقـف، خەلیفـە المقتـدر بانگـی کـرد وەویسـتی خەڵاتێکـی بداتـێ وە بـە هەزارەهـا دینـاری خسـە بەردەسـتی وەری نەگـرت قبوڵـی نەکـرد، وەپێـی ووت هـەر هیـچ نەبێـت بەگوێـرەی پێویسـتی خـۆت لێـی ببـە هـەر قبوڵـی نەکـرد وەووتـی دەی

دەبێـت هـەر داوای شـتێك بكەیـن ئەگینـا وا نابێـت ئەویـش ووتـی ئەگـەر كەسـێك بنێریـت بـۆ بـەردەم مزگەوتـەكان بـۆ بەرگـری كـردن لـەو سـواڵكەرانەی كەئـازاری نوێـژ خوێنـەكان دەدەن لەڕۆژانـی هەینـی دا.
ئیمامـی طەبـەری هەرگیـز جوێـن و زەمـی كەسـی نەكـردووەزۆر زمـان پارێـز بـووە.  زۆر خـۆ بەكـەم گـرو بەئـەدەب بووەبەرانبـەر خەڵكـی و قوتابیەكانـی هەرگیـز خـۆی بەگەورەنەزانیوەبـە هـۆی عیلـم و زانیاریەكانیـەوە. زۆر جوامێـر بووەبەرانبـەر بەڕاسـتی وەزیـرەك بـووە بەرانبـەر خراپـە، گوێـی لەتانـەو لۆمـەی خەڵكـی نـەداوە. لەسـەرەتای ژیانیـەوە شـافعی مەزهـەب بووەتـا دواتـر خـۆی بـوو بەموجتهەیـدو خاوەنـی مەزهەبـی سـەربەخۆ بەناوبانگـە بەمەزهەبـی الجریـري بـەڵام ئـەم مەزهەبـە زۆر بـەردەوام نەبـوو لەبـەر نەبوونـی قوتابـی لـەو بـوارەدا.
ئیمام بەڕەحمـەت بێـت خاوەنـی تەفسیرێكی نـاودارو نایابـەو وەڕێگـەی تەفسـیرەكەی لەسـەر بنەمـا قبوڵكراوەكانـەوە سـەرچاوە دەگرێـت بـۆ نمونەتەفسیری قورئـان بەقورئـان وەدواتـر بەسـونەو، ووتـەی هـاوەڵان و زمانـی عەرەبـی و هەروەهـا.
ئەمـە تەنهـا كورتەیـەك بـوو لەسـەر ئـەو ئیمامـە بەرێـزە هەشـتا سـاڵ خزمـەت و تێكۆشـان  لەپێنـاو ئـەم پەیامەپاكـەدا ناتوانرێـت لەجـۆرە نوسـێنێكی وادا مافـی تـەوای خـۆی پـێ بـدات، بـەڵام وەك وتمـان و دوبارەشـی دەكەینـەو هیواداریـن ئـەم نوسـینە بمانجوڵێنـێ بـۆ زیاتـر تێگەشـتن لەژیانـی ئـەم ئیمامـە بەڕێـزەو وەئـەو هەمـوو كەڵـە پیـاوەی كـە لەمێـژووی ئیسـلامیدا هـەن. ئیتـر بەسـەخۆ سـەرقاڵكردن و كات كوشـتن بەژیـان نامـەی گۆرانـی بێـژو مومەسیلەكان و یاریچیـەكان ئەوانـەی كـەدوورن لەهەمـوو پیـرۆزی و بەهـا جوانەكانـی ئیسـلام

بـا لەبـری ئەوانەلـەم جـۆرە ئیمامانـە بکەینـە پێشـەنگمان و چاویـان لێبکەیـن تـا بەئومێـدی ئـەوەی کارەکانمـان لەچوارچێـوەی شـەریعەت دەرنەچێـت و کاتەکانمـان بەخێـرو پاداشـت بەسـەر ببرێـت... جـا داواکارم لەخـوای گـەورە یـارو یـاوەرو یارمەتـی دەرمـان بێـت و گونجاومـان بـکات بـۆ پاراسـتن و گەیاندنـی پەیامـە پاکەکـەی خـۆی و بمانگەیەنێـت بەهەمـوو ئـەو کەڵەپیاوانـەی کەژیانیـان کۆتایـی پێهات لەخزمەتکردنی ئـەم دینـەدا امیـن[٩١]. جـا بـرای بەڕێـز ژیانـی ئـەو کەڵـە پیاوەبکـە پێشـەنگ بـۆ خـۆت[٩٢].

٥٤- پرسـیار: لەئەوروپـا دەژیـم لەکۆبونـەوەو دەعوەتەکانـی زانکۆکەمـان زۆر جـار لەبارەکاندایـە، ئایـا مـن گوناهبـارم؟

وەڵام: ئاشـکرایە کەیەکێـك لـەو خاڵانـەی کەئیسـلام لەپێناویـدا هاتووەبـۆ پاراسـتنی ژیریـە عەقـڵ، وەهـەر لەبـەر ئەمەشـە خـوای گـەورە مەشـروباتی سەرخۆشـکەری حـەرام کـردووە، وەهەمـوو ئـەو پێشـینانەش کەدەبنـە ڕێخۆشـکەر بـۆ ئـەو کارە هـەر حەرامـن وەك دانیشـت لەگـەڵ کەسـێك کەمەشـروب دەخواتـەوە، کڕینـی فرۆشـتنی هەڵگرتنـی مامەڵـە پێوەکردنـی هەمـوو شـتێك کەپەیوەنـدی بـەو کارەوە بێـت وەك چەندەهـا بەڵگـەی ئایـەت وفەرمـوودەی لەسـەر هاتـوون، جـا ئـەو کۆبونەوانـە مـادام لەباڕدایـە بەڕێزتـان پێویسـت نـاکات بـڕۆن وەشـتێك نییـە کەڕۆشـتنی پێویسـت بـکات، بەڵکـو هـەر بـۆ خۆشـیەخۆ بـۆ موحـازەرە نییـە بڵێـن لـەوێ موحازەرەیەکیـش

---

(٩١) تعریف الدارسین بمناهج المفسرین، دکتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدي

(٩٢) ـ (الفواكـه الـدواني ١/١٣٧)و(شرح ریـاض الصالحـین ٢٩/٤)و(تیسـیر الکریـم الرحمان ص٦٧٠)و(فتـاوى اللجنـة الدائمـة ١٨/٣٤)

دەخوێنین لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك دەخواتەوە، من خۆم ئەو شتانەم زۆر بینیوە بەڕێز گیان، کۆلیژم لەبەریتانیا تەواو کردووە، وەزانکۆشم تەواو کردووە، وەئێستا لەخوێندی باڵاتر هەر لەزانکۆدا، وەبەردەوام ئەو کارانە هاتووەتە پێشم هیچ کاتێك نەڕۆشتووم، وەڕۆشتنیشی هیچ سودێکی نییە ، کابرایەك دەڵێ هاوڕێیانی پۆلەکەم من ڕۆژی شەممەیان یەك شەممەیادی لەدایك بوونی خۆم دەکەم ئێوەش هەمووتان دەعواتن لەفڵانەبار، وەیان لەماڵی خۆیان یان هۆڵێك بەڵام مەشروبی تێدا دەخورێتەوە ئەسڵەن یادەکەش خۆی هەر گرفتی تێدایەچ جای ئەوەی مەشروبیشی تێدا بخورێتەوە! وەیان زۆرجار ئەو جۆرە کۆبونەوانە لەلایەن کۆمەڵێکەوە ڕێك دەخرێت یان لەلایەن زانکۆکەوە بەڵام بەڕێزتان دەتوانن لەبری ئەو کۆبونەوانە ئێوە کۆبوونەوەی باشیان بۆ ڕێك بخەن، ئەویش بێگومان دەکرێت، ئێمە لێرە کۆمەڵێکمان پێك هێناوە لەزانکۆ ناومان ناوە (Islamic society) وەئێمە کۆبونەوە سازدەکەین بۆ ئەوان کەبێن گوێ لەموحازەرەکانمان بگرن هەرجارەو قوتابیەك، یان دکتۆرێك بانگ دەکەین، وەپسکیت و شیرینی و چای و کافی و شەربەت و ئەو جۆرە شتانەش دەقدیم دەکەین، کاتێکی بەسود بەڕێ دەکەین و خواردنێکی حەڵاڵیش دەخۆین و خێریشمان دەست دەکەوێت، وەبۆیە ئەم شیکاریەشم دا لەسەر ئەم پرسیارە هەرچەند پێشم خۆش نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی واقعی بین، ئەگەر ئەوانە نەڵێم لەم کاتەدا لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێت بەناڕەحەت ئەو کارە بەلاتانەوە لەکاتێکدا زۆر زۆر ئاساییە. وەمن هیوادارم ئێوەمادەم خاوەن پەیامێکن هەوڵ بدەن کاریگەریتان لەسەریان هەبێت نەك کاتەکانتان لەبارەکاندا بەسەر بەرن[٩٣].

(٩٣) - (قرة العين بفتاوى علماء الحرمين ١٠٤/١)و(فتاوى يسالونك ٢/٣٩)و(فتاوى اللجنة

٥٥- پرسیار: ئێمە چێشتخانەیەکمان هەیەو گۆشتی بەرازیش دەفرۆشین ئایا پارەکەمان حەرامە یان نا؟ چونکە ژیانی ئێمە لەسەر ئەو کارەیەو ئەگەر ئەو ئیشە نەکەین لەوە دەترسم منداڵەکانم هەریەکە بچنە لای کەسێکی تر ئیش بکەن و لەدەستم دەربچن.
وەڵام: زۆر گرنگە کەئاگامان لەمنداڵەکانمان بێت و وەخۆمان پەروەردەیان بکەین لەسەر خوڕەوشتی جوان و حەڵاڵ خۆری، بەڕێزتان چێشتخانەتان هەیە دیارە ئەم چێشتخانەیە خواردنی هەمەجۆری تێدایە وە لەو خواردنانەش بەرازیشی تێدایە، بەڵام چ گرفتێك هەیە کەتەنها بەرازە کەلاببەن وەخۆتان مادام خاوەنی دوکانەکەشن ئەوە بێگومان دەتوانن خۆ واجب نەکراوە لەسەرتان ئەگەر دوکانتان هەبێت دەبێت بەرازیشی تێدابێت، وەگومانم لەوە نییە ئەگەر ئەو کارەبکەن خوای گەورە زیاتریش بەرەکەتی تێدەخات مادام لەبەر خاتری ئەو لاتان بردووە، وە ان شاء الله منداڵەکانیشتان لەدەست دەرناچن، خواردنی حەرام یەکێکە لەو هۆکارانە کەخوای گەورە داواکاریەکانمان هیچ قبوڵ نەکات، وەزۆر گرنگە منداڵەکانیشمان لەسەر بنەمایەکی دروست پەروەردە بکەین منداڵێك هەر لەمنداڵیەوە مامەڵە لەگەڵ بەرازدا بکات بەسەیری مەزانە کەگەورە بوو بەڕووتی بیخوات(٩٤).

٥٦- پرسیار: ئایا لابردنی مووی ڕومەت حەرامە؟
وەڵام: هەندێك لەزانایانی حەنەفی دەفەرموون ئەگونجێ و دروستە ئافرەتان هەندێك لەمووی دەم و چاویان لاببەن، بەڵام نەك برۆ دەبێت ئاگاداری برۆ بن، وەئەو موانەی دەم و چاو بەتایبەت

---

الدائمة ٢/١٢٢)

(٩٤) ـ (مختصرمسلم ص ٧٦٦)و(اللقاء الشهري٦/١٦)و(المشكاة ٣٦٢٥)

ئـەو موانــەی کەزیــان بەخشــن وەیــان ڕواڵەتێکــی ناشــرینی هەیــە، پرسـیار کـرا لەدایکـە عائیشـە ئایـا ئافـرەت بـۆی هەیـە مـووی زیـادەی ڕووخسـاری لا ببـات؟ فەرمـووی ئـەوەی ئـازاری بـۆی هەیەبەپێـی توانـا لایـان ببـات(٩٥).

٥٧- پرسیار: ئایا جوانکاری کەپوو یان لووت جایزە؟
وەڵام: ئەگــەر عەیبێکــی تــێ کەوتــووە بــە هــۆی ڕووداوێکــەوە هیــچ گرفتێکـی تێـدا نییـە ، بۆ نمونـە لەڕووداوێکدا ناشـرین بـووە وەیـان لار بـووە، ئـەوا ئاسـاییە وەیـان خـۆی کێشـەیەکی تێدایـە بـۆ نمونـە جـوان هەناسـەتان پـێ نادرێـت ئەویـش هـەر ئاسـاییە، بـەڵام خـۆی بـۆ خـۆی هیـچ گرفتێکـی تێـدا نەبێـت و بەسـاف و ڕەوان هەناسـەبدەن بـەڵام هـەر حـەز بکـەن گۆڕانـکاری پێـدا بهێنـن نەخیـر جائیـز نییـە (٩٦).

٥٨- پرسـیار: ئایـا قـاچ خسـتنە سـەر قـاچ لـە کاتـی دانیشـتندا جائیـزە یـان نـا؟
وەڵام: قــاچ خســتنە ســەرقاچ هیــچ کێشــەیەکی تێــدا نییــە ، ئەگــەر ئـەو کارەبـۆ خـۆ بـەزل زانیـن نەبێـت، وەیـان بـۆ ئازاردانـی کەسێکی تـر نەبێـت کـە لەگەڵـت دانیشـتووە، زۆر جـار لەکـوردەواری خۆمانـدا شـەڕو کێشـە دروسـت بـووە لەسـەر ئـەوە کەسێك دانیشـتووە قاچـی خسـتۆتە سـەر قاچـی و وەڕووی قاچـی وەیـان پێڵاوەکـەی لـەڕووی کەسـێکی تــر بــووە وەئەویــش وا تێگەشــتووە کەحســابی پێــڵاوی بــۆ دەکات، ئـەم کارانـە ئەگـەر لەعورفـدا کێشـە دروسـت نـەکات ئـەوا شـەرعیش

(٩٥) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة ١٩٤/٥)و(فتاوى المراة المسلة لشيخ ابن عثيمين ٨٧٩/٣) و(شرح النووي لصحيح مسلم ١٠٦/١٤)
(٩٦) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة ٢٥/٥٩)و(فتاوى اسلامية ٤/٤١٢)

کێشەی لەگەڵدا نییە ، چونکە عورفیش لەشەرعدا وەرگیراوە مادام دژایەتی لەگەڵ دەقێکدا نەبێت[97].

٥٩- پرسیار: ئایا ئەو پیاوەی کەخوی ئەزانێت منالی نابێت و کەمو کوڕی هەیە ئەبێت ئەمیش ژن بهێنێت یاخود ئاموژگاریتان چی یە؟
وەڵام: ئەو پیاوەی کەدەزانێت منداڵی نابێت دەبێت هەرکات ویستی ژن بهێنێ ئەوە بەئافرەتەکە بڵێ کەمن منداڵم نابێت بۆ ئەوەی نەبێتە کێشە لەدوارۆژدا، وەگەر ڕازی بوو ئەوا گرفتێکی تێدا نییە ، وەدوعای خێریش بکات کەخوای گەورە منداڵی پێ ببەخشێت چونکە هیچ کارێك لای خوای گەورە گران نییە ، بەڵام لەوانەیە ئەوەهەر تاقیکردنەوەیەك بێت لەلایەن خوای گەورە وەدەبێت ئێوەش ئارامبگرن لەسەر ئەو نارەحەتیە، نەوەك بچن بۆ لای فالجی و ساحیرەکان بۆ چارەسەر چونکە ئەگەر ئەوەبکەن مانای وایە سەرکەوتوو نەبوون لەتاقیکردنەوەکەدا، کەموکوڕی تر نازانم وەك چی ئەگەر مەبەست هەر منداڵ نەبوونەکە بێت ئەوە وەڵامەکەی دراوە، وەگەر کەموکوڕی تر بێت کەزیان بەئافرەتەکە نەگەیەنێت ئەویش هەر ئاساییە، بەڵام ئەویش هەردەبێت لێی ئاگادار بێت، خوای گەورە سەرکەوتووتان بکات لەسەر ئەم تاقیکردنەوەو وەمنداڵیساڵحتان پێی ببەخشێت ان شاء الله[98]

٦٠- پرسیار: ئایا غوسڵ دەرکردن چۆنەو چی بکەم چونکە من نازانم چۆنە؟
وەڵام: :فەرزەکانی غوسڵ سیانن ١- نیەت هێنانە واتە ئەو خۆشتنەت

(٩٧) ـ (فتح الباري شرح صحيح البخاري ٢٠٩٩/٤)و(صحيح مسلم ١٤/٢)
(٩٨) ـ (فتاوى يسالونك طلب الزوجة الطلاق لعقم الزوج ٢/٣٨٦)

لەبـەر غوسـڵەکەت بێـت وە لەدڵتـا بـۆ ئەوەبێـت کەغوسـڵەکەت دەربکەیـت ٢- هـەر پیسـیەك لەسـەر لەشـت هەبـوو پاکـی بکەیتـەوە وەك چڵـك و چـەوری و هەرشـتێك کەببێتـە ڕێگـر لـەوەی کەئـاو بگاتـە سـەر پێسـتت ٣- گەشـتنی ئـاوە بەهەمـوو لـەش. واتەتـۆ کاتێـك خـۆت دەشـۆی لەبـەر ئەوەیـە کەغوسـڵەکەت دەربکەیـت وە دواتـر جـوان خـۆت پـاك دەکەیتـەوە هەرچـی چڵـك و چـەوری و ئـەو شـتانەی کەدەبنەمایـەی ڕێگرتـن لـەوەی کەئـاو بـگات پێـی دەبێـت لاببردرێـن وەدواتـر ئـاو دەکەیـت بەخۆتـا بەشـێوەیەکی وا هەمـوو لەشـت بگرێتـەوە، وەسـێ جاریـش سـونەتە ئەگـەر سـێ جـار ئـاو بکـەن بەخۆتانـدا، وەهەروەهـا دەسـتنوێژ شـوتنیش هـەر سـونەتە بکرێـن باشـترە[٩٩].

٦١- پرسـیار: ئایـا کەغوسـڵم دەرکـرد دەبێـت نینۆکـم بۆیـەی پێوەبێـت؟ ئایـا کونەکانـی گوێـم ئاسـاییە کەلەکاتـی غوسـڵ دەرکـردن گـوارەم لەگوێـدا بێـت؟

وەڵام: بۆیـە ڕێگـرە دەبێـت لابرێـت وەگوارەکـەش دەبێـت سـەیری جۆریەتەکـەی بکرێـت ئەگـەر وا بـوو کەبـوو بـووە ڕێگـر لـەوەی کەئـاو بـگات بەگوێتـان دەبێـت دابکەنرێـت وەگـەر بچـوك بـوو وەنەدەبـووە ڕێگـر لەگەشـتنی ئـاو بەگوێتـان ئاسـاییە[١٠٠].

٦٢- پرسـیار: مـن کاتێـك کـە لەکچەکـەم تـوڕە دەبـم زۆر بـەدڵ دۆعـای لێدەکـەم، ئایـا ئەمـە دروسـتە؟

وەڵام: نەخێـر دروسـت نییـە وەدوور نییـە کەخـوای گـەورە ئـەو دوعایـە

---

(٩٩) ـ (مسـند الشـافعي بـاب في كيفيـة الغسـل ١/٢٢)و(روضـة الطالبـين وعمـدة المفتـين فصـل في كيفيـة الغسـل ١/٨٧)

(١٠٠) ـ (المجموع ١/٥٢٩)و(الموسوعة الفقهية ١٣/١٩)

گیرا بـكات[١٠١].

٦٣- پرسـیار: مامۆسـتا هەندێـك كـەس لـەو وولاتانـە كەدەمـرن دەسـوتێنرێت و دەكرێـن بەخۆڵەمێـش و دەخرێنـە دەریـا وەیـان بەبـادا دەدرێـن، یـان ئەوانـەی كەقەبریـان بەنسیب نابێـت بـۆ نمونـە لەدەریـادا دەخنكێـن و وون دەبـن، ئایـا ئەمانـە سـزای قەبریـان چۆنـە؟
وەڵام: كاتێـك بـاس لەسـزای قەبـر دەكرێـت لەبـەر ئەوەیـە عادەتـەن خەڵكـی كەدەمرێـت لەقەبـردا دەنێژرێـت وەگـەر نـا هیـچ جیـاوازی نییـە لـەوەی كـە لەقەبـردا بێـت وەیـان لەهـەر بارودۆخێكـی تـردا بێـت، چونكە مردنـەكان زۆر جیـاوازی هەیـە، بـەڵام ئەویـش هـەر هەمـان شـت دەیگرێتـەوە هـەروەك چـۆن لەقەبـردا بێـت، خـوای گـەورەش زاناتـرە[١٠٢].
٦٤- پرسـیار: مـن حیجابـم دەكرێـت لەجیاتـی لەچـك، كڵاوو ملپێـچ بـەكار بهێنـم كـە هیـچ شـوێنێكم دیـار نەبێـت؟
وەڵام: زۆر جـار ئـەم كارە لەفەرەنسـاو وەلـەو وولاتانـەی كەحیجـاب یاسـاغە لەزانكـۆو دائیـرە حكومیەكانـدا دەكرێـت كەناچـارن پێـی، هەندێـك لەئافرەتـان ئـەم كارەدەكـەن بـۆ ئـەوەی هـەم تاوانبـار نەبـن و وەهـەم ئەوانیشـی پـێ ڕازی بكـەن كەئەمـان حیجـاب نیـن، چونكـە خـۆی گرنـگ ئەوەیـە داپۆشـراوبیت وەئەویـش ئـەو مەرجـەی تێدایـە، ئەگـەر كڵاو ملپێچەكەڕێـك و پێـك بـن. بـەڵام مـادام هیـچ گرفتێـك نەبێـت باشـتر وایـە هـەر حیجابەكـە بێـت نـەك كڵاوو ملێپێـچ چونكـە بـەكڵاوو ملپێـچ ناوترێـت حیجـاب بەڵكـو دەوترێـت كڵاوو ملپێـچ، وەخـوای گـەورەش دەفەرمـوێ {ذَلِـكَ أَدْنَـى أَن يُعْرَفْـنَ فَـلَا يُؤْذَيْـنَ[١٠٣]}

(١٠١) ـ (سلسلة الاحاديث الصحيحة ص ٥٩٦)و(تفسير ابن كثير ٢/٥٥٤)و(ابن ماجة ٣٨٦٢
(١٠٢) ـ (كتاب الروح ابن قيم ص ٩٨_٩٩)و (مجموع الفتاوى ابن تيمية ٢/٢٨٢)
(١٠٣) ـ سورة الأحزاب الاية: ٥٩

ئـەو كارە بچوكتریـن كارە كەبناسـرێت ئـەوە مسـوڵمانە، بـەڵام لەوانەیـە بـەكڵاوو ملپێچەكـە نەناسـرێن كەمسـوڵمانن چونكـە زۆر كـەس هـەن مسـوڵمانیش نیـن هـەر كڵاو ملپێـچ بـەكار دێنـن بەتایبـەت لەووڵاتانـی ئەسـكەندەنافیا وەك سـوید، نەرویـج، دانیمـارك، فینلەنـد، لەبـەر ئـەوەی كەسـاردە ئـەو كارەدەكـەن، لەكۆتایـدا ئـەو كارە بەباشـی نازانـم ئەگـەر زۆر ناچـار نەبـن وەگـەر ناچـار بـن ئومێـد هەیـە جێگـەی حیجابەكـە بگرێتـەوە مـادام داپۆشـراو بێـت. خـوای گـەورە دەربـارەی حیجـاب دەفەرمـوێ {یَـا أَیُّهَـا النَّبِـيُّ قُـل لِّأَزْوَاجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِسَـاء الْمُؤْمِنِیـنَ یُدْنِیـنَ عَلَیْهِـنَّ مِـن جَلَابِیبِهِـنَّ(١٠٤)}

٦٥- پرسـیار: ئایـا حیزبایەتـی لەئیسـلامدا دروسـتە یـان نـا؟ تكایـە بەبەڵگـەی قورئـان و سـوننەت وەڵامـان بدەنـەوە، وەئەگـەر ووتـەی زانایانیـش هەبێـت باشـترە.

وەڵام: ئەسـڵ ئەوەیـە كەمسـوڵمانان خاوەنـی دەوڵـەت و كیـان و حەزارەتـی خۆیـان بـن وە ئەوكاتـە هیـچ پێویسـت بەحیزبایەتـی نـاكات بـەڵام ئەگـەر نەبـووا ئەوكاتەحیزبایەتـی هۆكارێكـە بـۆ گەشـتن بـەوكارە، بـەڵام حیزبایەتـی خـۆی بـۆ خـۆی ئامانـج نییـە ، بەڵكـو وەسـیلەیەكە، ئەگـەر سـەرنجی جیهانـی ئەمـڕۆ بدەیـن تەنهـا ڕێگەیەكـە بـۆ گەشـتن بـۆ ئـەو كارە، وەئـەو كەسانەشـی كەدژایەتـی مسـوڵمانان و حیزبـە ئیسـلامیەكان دەكـەن بـەوەی كەحیزبایەتـی نییـە لەئیسـلامدا ئـەوان چ ڕێگەیەكیـان هەیـە بـۆ گەڕاندنـەوەی حوكمـی خـوا؟! هەریەكـەو بۆ خـۆی لەماڵـی خۆیـدا نوێـژ بـكاو تـەواو! ئـەی خـۆ حیزبـە ئیسـلامیەكان وازیـان لەنوێـژ نەهێنـاوە، جگـە لـەوە خـۆ ئاشكرایە

(١٠٤) سـورة الأحـزاب الايـة : ٥٩ (شـرح بلـوغ المـرام لعطيـة سـالم ٧/٧)و(القـاء الشـهرى ٧٠/٤٥)

کەئیسلام زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر کۆمەڵ و کاری کۆمەڵ کاری ئەی ئایا ئەمە کاری کۆمەڵکاری نییە ، ئەی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت نافەرموێ دەست بگرن بەجەماعەتەوە چونکە کەسانی تەنها گورگ دەیانخوات، وەهەروەها ئەم کارە پێویستی بەتێگەشتن هەیە نەك ئارەزوو ڕقوکینە بەرانبەر بەحیزبە ئیسلامیەکان بۆ نمونە سەیری ئیخوان موسلمین بکەین وەیان ئەو هەموو حیزبە ئیسلامیانەی کەئەمڕۆ لەجیهاندا هەن، وەلەگەڵ کاریگەریاندا خۆ ئەمانە گەمە منداڵانەنین کەسێك بێت و کاری هەموو ئەو حیزبانە بەووتەی کەسێك بدات بەبادا هەتا ووتەی ئەو کەسەش با زاناش بێت نەی پێکاوە، ئەی ئەگەر ووتەی ئەو زانا وەردەگیرێ بۆ ووتەی ئەو هەموو زانای ترەوەرناگیرێ، ئەمە چ ناعەدالەتیەك و خۆ پەرستیەکە لەسەر ڕقوکینە! بەناوی دینەوە، وەئەگەر ئێمە هەر بێین ئەم سەردەمە بەراورد بکەین لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەردا درودی خوای لێ بێت لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێ { خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ(١٠٥) } واتە باشترین زەمەن زەمەنی منە واتە زەمەنی پێغەمبەرە درودی خوای لێ بێت وەدوای ئەو هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت وەدواتر تابعین ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. باشە ئەگەر بێت و ئێمەتۆزێك وورد بینەوە لەم فەرمووده پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت بەسێ مەرحەلەدا تێپەڕی مەرحەلەی بانگەواز کردن بەنهێنی، دواتر بانگەواز کردن بەئاشکرا، وەدواتر دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، وەگەر ئێمەسەردەمی

(١٠٥) ـ (٢٠٨٨٨- أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ الْحَافِظُ حَدَّثَنَا أَبُو الْعَبَّاسِ مُحَمَّدُ بْنُ يَعْقُوبَ حَدَّثَنَا الْعَبَّاسُ بْنُ مُحَمَّدٍ الدُّورِىُّ حَدَّثَنَا مُحَاضِرٌ حَدَّثَنَا الأَعْمَشُ عَنْ إِبْرَاهِيمَ عَنْ عَبِيدَةَ قَالَ قَالَ عَبْدُ اللَّهِ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- :« خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ يَجِىءُ قَوْمٌ تَسْبِقُ أَيْمَانُهُمْ شَهَادَتَهُمْ وَشَهَادَتُهُمْ أَيْمَانَهُمْ ». خرجه الترمذي ( ٢ / ٣٥، ٤٩ ) و ابن حبان ( ٢٢٨٥ ) و الحاكم ( ٣ / ٤٧١ )

ئێستامان بەراورد بکەن لەگەڵ ئەوکاتەدا چی دەبینین بێگومان مەرحەلەی یەکەم نییە چونکە خۆ بانگەواز بەنهێنی ناکەین ئەوەتە بەعالەمی ئاشکرا هەمووی جێهانی پێ ڕادەگەیەنین، کەواتە ئێمە لەمەرحەلەی دووهەمداین وەدوای مەرحەلەی دووهەم چی دێت دامەزراندنی دەوڵەت هەروەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت وەئەگەر کۆمەڵێك نەبێت هەستێت بەو کارەچۆن ئەمەدەکرێت، خۆ با زۆر کوڕی باشیش بیت و نوێژەکانیشت لەکاتی خۆیدا بکەیت و شەونوێژیش نەفەوتێت ئەگەر هەڵ نەستیت پێی چۆن ئەو کارەدروست دەبێت، ئەی خوای گەورە نافەرموێ{ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حتى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سواءا فَلاَ مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُمْ مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ (١٠٦)} ئەی ئەو گۆڕانکاریە چۆن دروست دەبێت ئەگەر هەنگاوی بۆ نەنرێت، وەئەو حیزبانەی ئەمڕۆ ئایا هەنگاوێکی باش نیە ئەوانەی دەڵێن نەخێر ئەی هەنگاوی ئەوان کامەیە هەر دژایەتی زانایان و کۆمەڵە ئیسلامیەکانە، بۆ بۆ هەموو کەس ڕەوابێت لەسەر ئەساسی هەموو شتێك حیزبایەتی بکەن و بگەن بەدەستەڵات و مسوڵمانان بچەوسێننەوە هەموو مافێکی لێ بسەننەوە لەبەر ئەوەی دەستەڵاتیان بەدەستە بۆ بۆ مسوڵمانان نەبێت، ئەو کارەبکەن بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێت ستەمیان لێ نەکەن، عەلمانی خاوەنی دەستەڵات بێت باشەیان ئیسلامی کەخاوەنی پەیامێکی ئاسمانیە؟ ئەو کەسانەی کەدێن دژایەتی حیزبە ئیسلامیەکان دەکەن بەڕاستی لەمانای شەریعەت تێنەگەشتوون با قورئانیش بەڕەوانی بخوێننەوە ئەحکامەکانی تەجویدیش باش بزانن، چونکەتێگەشتن لەشەریعەت دەبێت بڕوانرێتە مەبادیئە سەرەکیەکانی شەریعەت خۆی ئەم ئیسلامە

---

(١٠٦) ـ سورة الرعد الاية ١١

بۆچـی هاتــووە؟  بـۆ ئـەوە هاتووەتـا کۆمەڵێـك دروسـت بـکاو کۆمەڵێکـی تـر ستەمیان لـێ بـکات؟ یـان بـۆ ئـەوە هاتــووە ببێتەمایـەی خۆشـبەخی هەمووڵایـەك لەژێـر سـێبەری ئـەو قورئانەبـەرزو پاکـەدا، ئـەم باسـەزۆر زۆر هەڵدەگرێـت لەبـەر ئـەوەی کەوەڵامەزیاتـر لەسـەری نـارۆم  بـەڵام کێبێکمـان هەیـە بەنـاوی {ئیسـلام و سیاسـەت }بـۆ زیاتـر گەشـتن دەتوانـن ئـەو کتێبـە بخوێننـەوە، یـان کتێبکـی ترمـان هەیـە بەنـاوی پەیامـی سیاسـی قیبلـە. هەروەهاهەرکـەس دیراسـەتی ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام بـکات بەڕوونـی دەبینێـت ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام زۆر جەخـت دەخاتەسـەر کۆبۆنـەوەی خەڵکـی و، وەزۆر زۆر مەبەسـتیەتی کەخەڵـك هەمـووی کۆکبـن. لەچەندەهـا شـوێنی قورئـان و وەهەروەهـا فەرموودەکانـدا دەقـی ڕاسـتەو خـۆ لەوبـارەوە دەبینیـن وەك لێـرەدا دەفەرمـوێ { وَاعْتَصِمُـوا بِحَبْـلِ اللَّهِ جَمِيعًـا وَلَا تَفَرَّقُـوا(١٠٧)}

لەژیانـی پێغەمبـەرادا هەروەهـا دیـارە کەچـۆن هەوڵـی کـۆ کردنـەوەی دەداو وەهەرگیـز ڕێگـەی نەداوەهاوەڵێکـی کارێکـی وا بـکات بۆنـی جیـاوازی و دووبەرەکـی لـێ ببێتـەوە، جـا ئـەم کـۆ بوونـەوە چەندەهـا جـۆری هەیـە وەدەبینرێـت لەپەرستشـەکاندا وەهەروەهـا لەوێوەبـۆ نـاو خەڵکەکـەو بەبیرهێنانـەوەی ئـەو کارە گرنگـە، چونکـە ئەگـەر هەرکـەس خـۆی بۆخـۆی بـژی و دوور لەکۆمەڵگـە بێگومـان ناگاتـە هیـچ ئەنجامێـك وەژیـان خـۆی بۆخۆشـی بـەو شـێوە بەڕێـوە ناچێـت... وەرن بـا سـەرنجێکی کـورت بدەیـن و بزانیـن کـوا لەکوێـدا ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام هەوڵـی داوەخەڵکـی کـۆ بکاتـەوە. ئەگـەر بێـت و سـەیرێکی تەنهـا پەرستشـەکان بکەیـن دەبینیـن بـۆ نمونـەن وێژێکـی کۆمـەڵ جیـاوازی هەیـە لەنوێژێـك کەبەتەنهـا بکرێـت بەبیسـت و حـەوت پلـەوەك بـەم شـێوە هاتووە[عَـن ابْـن عمـر رَضِـيَ اللَّهُ عَنْهمـا أَن رَسُـول

(١٠٧)   - سورة آل عمران الاية ١٠٣

الله [ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ ] قَالَ : « صَلَاة الْجَمَاعَـة تفضل صَلَاة الْفَذ بِسبع وَعشْرين دَرَجَـة (١٠٨)] دەبینیـن لەناخـەوە دەمانجولێنـی بـۆ کردنـی ئـەم کارە بەکۆمـەڵ هەمـان ڕکاتـە، هەمـان هەڵسـان و دانیشـتن بـەڵام جیاوازیەکـی زۆری هەیـە لەبـەر ئـەوە شـانمان بەشـانی براکانمانەوەیـە، خـۆ ئەگـەر نەکـرا یـان کات نەبـوو لەمزگەوتیـش بکرێـت، هـەر باشـەو هەمـان مەبەسـت دەپێکێـت ئەگـەر لەگـەڵ خێـزان، دایـك و بـاوك، خوشـك و بـرا وەهەروەهـا ئەگـەر لەماڵیشـەو بکرێـت. ڕۆژوو گرتـن دەبینیـن هیـچ کەسـێك نییـە لەدونیـادا ئێسـتە بـەڕۆژوو بێـت و بڵـێ ئەمەمانگـی ڕەمەزانـەو بـەڕۆژوو دەبم..بـۆ چونکـە کاتەکـەی بەسـەر چـوو پێـش ماوەیـەك ڕەمـەزان بـوو وەگشـت مسـوڵمانان پێکـەوە لەسەرانسـەری جیهـادا بـەڕۆژوو دەبـوون هەمـوو وەك یـەك کەبانگـدرا ئیتـر تـەواو کاتـی خـواردن نەمـا تـا بانگـی ئێـوارە، هەرکەبانگـی دا هەمـوو زوو بەپەلـە هـەوڵ دەدا بیشـکێنێ بەدەنگەخورمایـەك بـۆ؟ چونکـە لەدڵـی هەمویـدا چەسـپیوە هەرکەبانگـی دا زوو بیشـکێنن، هەرکەنانیـش خـورا دوای ئـەوە لەخەمـی تەراویحەکانـدا لەمزگـەوت، کەهـەر هەمـووی دیسـان پێکەوەیـە، بـەردەوام لەسـەر هەمـان ڕێـڕەو تـا شـەوانی قـەدر دێـت هەمـوو بەگوڕێکـی زیاتـرەوە هەوڵـی گرتنـی ئـەو شـەوەبەفەڕانەدەدات خـۆ ئەگـەر هـەر نەشـتوانێت هەمـوو هەوڵێکـی دەخاتەگـەڕ هـەر نەبێـت شـەوی بیسـت و حـەوت دابنیشـێ. بـەم شـێوە مانگەگـە کۆتایـی پێهـات دوا بـەدوای ئـەوە جەژنـە[ الله اکبـر] و جەژنـە پیـرۆزەو گـەردەن ئـازادی کەسـێکیش نەتوانێـت سـەردانی کەسـێك هاوڕێیەکـی بـکات تەلەفۆنێکـی هـەر بـۆ دەکات یـان نامەیەکـی بـۆ دەنێرێـت وەهەمووشـی چونکەئـەم ڕاسـتیانە لەدڵیانـدا چەسـپی وەخـوا خوایانـە کەسـێك بێـت و نانیـان بخـوات

(١٠٨) ـ صحيح ) انظر حديث رقم : ٣٨٢٠ في صحيح الجامع

سـەیری ئـەم بیـرو بـاوەڕە!!! چ دینێـك هەیـەوا خەڵـك پەروەردەبـكات؟ وەدواتـر بەدوومانـگ و شـتێك كاتـی حەجـی ماڵـی خـوا دێـت هـەر دوای ڕەمـەزان خەڵكـی خـۆی بـۆ ئامـادەدەكات، ئـەو حەجـەی كەخـوای گـەورە لەبارەیـەوە دەفەرمـوێ [وَلِلَّهِ عَلَـى النَّـاسِ حِـجُّ الْبَيْـتِ مَـنْ اسْـتَطَاعَ إِلَيْـهِ سَـبِيلًا(١٠٩)] ئەمەیـە لـەم بابەتـەدا مەبەسـتە بخرێتـەڕوو حەجـی ماڵـی خـوای گـەورە گەورەتیـن و بـە هێزتریـن كۆبونـەوە، لەوانەیـە بڵێـن گـەورەو بـە هێـزی ئـەم كۆبونـەوە لەچیدایەبەڕاسـتی وەسـفی بەنوسـین ناكرێـت مەگـەر یەكێـك خـۆی بۆخـۆی ئەوێـی دیبێـت، وەگـەر بینـی بێتـی بێگومـان ئـەو پرسـیارە نـاكات. ئـەوەی لەحەجـدا دەبینرێـت زۆر گەورەتـرە لـەوەی بـەدەم وەسـف بكرێـت ویـان بنوسـرێت ئـەو هەمـوو خەڵكـە لەسەرانسـەری جیهـادا بەپیـرو گەنـج و ژن و پیـاوەوە هاتـوون تێیدایـە دەوڵەمەنـدەو میلیۆنەر،تێیدایـە هـەژارو دامـاو، تێیدایـە بـازرگان، تێیـدا حەمـاڵ و تەماتەفـرۆش و پەتاتەفـرۆش، تێیدایـە سـەركردەو بەدەسـتەڵات، تێیدایەبـێ هێـزو بـێ دەسـتەڵات، تێیدایەلـەش سـاغ و چـالاك، تێیدایـە ناتـەواو نەخـۆش، تێیدایـە سـپی پێسـت، وەهەروەهـا تێیدایـەڕەش پێسـت، ئـەو هەمـوو چینـە پێكەوەیـەك جلـی لەبەردایـە ئەویـش دوو پارچـە قوماشـی سـپی جـوان، یـەك شـیعاریان هەیەئەویـش [لبیـك اللهـم لبیـك، لبیـك لا شـریك لـك لبیـك، ان الحمـد والنعمـه لـك و الملـك لا شـریك لـك (١١٠)} هەمـووی شانبەشـا نـي یـە كتـر ئـەو هەمـوو چیـن و هـۆزە بەئافـرەت و بەپیـاو هەمـووی بەیـەك دەنـگ ئـەو شـیعارەبەرز دەكەنەوەپیـاوەكان بەدەگـی بـەرزو ئافرەتـەكان بەدەنگـی نـزم، بەشـێوەیەكی زۆر جـوان بەبـێ ئـەوەی پرۆڤەیـان كردبێـت بەكۆمـەڵ پێشـتر، هاوشـا نییـە كتـر هـەر

(١٠٩) ـ سورة ال عمران الاية ٩٧

(١١٠) ـ صحيح الترمذي رقم ٨٣٣ / ٦٦٠( صحيح أبي داود ١٥٩١)

کەگەشتنە میقات ئیحرامەکانیان دەبەستن ئەگەر لەناو فڕۆکەشدا بن، ئەو شیعارەدەڵێت تا دەگەنەناو حەرەمی پیرۆز، وەدواتر هەر پێکەوەحەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوەسێ جار بەهەروەلەو چوار جار بەئاسای، کەتەواویان کرد دێنەمەقامی ئیبراهیم و دووڕکات نوێژ دەکەن، لەنوێژ بوونەوە ئاوی زەم زەم نۆشەکەن، وەدەڕۆن سەعی هاتووچۆی نێوان سەفاو مەروە، هەموو ئەم کارانە بە هیمەتێکی زۆر چاك و پاکەوە وەزۆربەی بەدەم گریانەوە، دواتر کەتەواو بوون سەریانی جوان لێ دەتاشن یان کورتی دەکەنەوە بەم شێوە عەمرەیەك حاسڵ بوو دواتر سەرقاڵی خواپەرستی و زەخیرەکۆ کردنەوە نوێژەکان بەکۆمەڵ بەم شێوە تا کاتی حەج دێتە پێشەوە، هەر کەکاتی هات هەمووی بەجارێك بەپێ و بەقافڵە دەچن بۆ مینا لەوێ دەمێننەوە لەو دەشت و ناو چادرانەدا، وەبۆ ڕۆژی دوای هەر هەمووی دیسان پێکەوە بەڕێ دەکەون بۆ کێوی ڕەحمە بەحەماسەوە هەمووی دەپاڕێتەوەتا مەغریب، وەدواتر دەکەوێتەڕێ بۆ موزدەلیفە، کێو شەقام کەسی تر ناگرێت وا دەزانی هەموو ئەم جیهانە لەوێدا کۆ بوونەتەوە، ئەو شەوە لەموزدەلیفە دەکەنەوە، هەر کەنوێژی بەیانیان کرد هەمووی دەچین بۆ بەردبارانکردنی شەیتان، دوای بەردبارانکردنەکەیان هەم دیسانەوە سەریان دەتاشن وەیان کورتی دەکەنەوە، بەم شێوە حەجەکە بوو بەنسیب انشاء الله، دواتر دەچن بۆ مەککە بۆ تەوافی ئیفازەهەم پێکەوە حەوت جار دەسوڕێتەوەو نوێژ دەکەن و زەم زەم نۆش دەکەنەوەو هاتووچۆکەیان هەم دەکەنەوە لەسەفاو مەروە، بەتەواو بوونی دەگەڕێنەو بۆ مینا لەوێ شەو دەکەنەوەو بەیانیەکەی دێنەوە بۆ بەردبارانکردنی شەیتان، دوای بەردباران کردنی هەر سێ بەشەکە، دەگەڕێنەوە بۆ مینا لەخواپەرستی هەر

بەردەوامن و، هەم دیسان بۆ بەیانی دێنەوە بۆ بەردبارانکردنی شەیتان، وەگەر ویستان ئەمجارە دەگەڕێنەوە بۆ میناو جارێکی تر شەیتان بەرد باران دەکەنەوە وەیان دوای ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ مەککە، لەوێ دەبێت تا کاتی ڕۆشتنەوەیان وەهەرکات کاتی ڕۆشتنەوەیان هات تەوافی ماڵئاواییان دەکەن خوا حافیزی لەو جێگە پیرۆزە دەکەن وەهەموویان پڕ بەدڵ بێ تاقەت دەبن دەبینین ئەو هەموو کارەو، وەدووبارەبوونەوەیان هەمووی پێکەوە، ئەمانە هەمووی بێ مانا نین بەڵکو پڕ پڕ مانان بەئاشکرا خوای گەورە دوامان لێ دەکات یەکگرین یەکگرن، منیش دەڵێم ئایا کاتی ئەوەنەهاتووەیەکگرین[111]!؟

٦٦- پرسیار: ئایا جائیزە دوو کچ یان دوو خوشك لەژێر یەك بەتانیدا ڕاکشێن یان بخەون؟

وەڵام: پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێ{ مُرُوا أَوْلادَكُمْ بِالصَّلاةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ، وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا، وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرٍ، وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ[112]} واتە منداڵەکانتان ڕابهێنن لەسەر نوێژ لەحەوتساڵیەوە، لەدەساڵیەوە لێیان بدەن گەر نوێژیان نەکرد بۆ ئەوەی ڕابێن لەسەر نوێژ کردن، بەڵام نەك لێدانی بە هێز، جێگەشیان جیا بکەنەوە. ئەوەی لەم فەرمووده وەردەگیرێ ئەوەیە دروست نیە ئەو کارە بکرێت مەگەر بچوك واتە لەدەساڵ کەمتر بن وەك لەفەرموودەکەدا دەردەکەوێت، خوای گەورەزاناترە[113].

(١١١) ـ فتاةى لشيخ الالبانى ١١٤/١٠٦)و(مجموع الفتاوى ١١/٩٢)

(١١٢) ـ وعن عمرو بن شعيب، عن أبيه، عن جده - رضي الله عنه - قَالَ : قَالَ رَسُول الله - صلى الله عليه وسلم - : « مُرُوا أوْلادَكُمْ بالصَّلاة وَهُمْ أبْنَاءُ سَبْع سِنينَ، وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا، وَهُمْ أبْنَاءُ عَشْر، وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ في المضَاجِع » أخرجه أحمد (٢/١٨٠، رقم ٦٦٨٩)، وابن أبى شيبة (٣٠٤/١، رقم ٣٤٨٢)، وأبو داود (١٣٣/١، رقم ٤٩٥)

(١١٣) ـ (اسنى المطالب ٣/١٣)و(كشف القناع ٥/١٨)و(فتح الباري ٧/٢٠٤)

٦٧- پرسیار: من کە لەخەومدا ئیحتیلام یان شەیتانی دەبم کە هەڵدەستم لەخەو تەڕ نەبووم، ئایا غوسڵم لەسەرە؟
وەڵام:کاتێك ئینسان ئیحتیلام دەبێت مەرجە ئاو بێتە دەرەوە، ئەگەر خەوت بینی و دواتر بینین تەڕ نەبووی غوسڵت لەسەر نییە ، وەگەر خەویشت نەبینی بەڵام بینیت تەڕ بووی غوسڵت لەسەرە، بەڵام عادەتەن کەخەو دەبینرێت ئاویش دەردەچێت، بەڵام گەر دەرنەچوو خۆشتن پێویست ناکات، کەواتە ئاوەکە مەرجە بەپێچەوانەی جیماعەوە کەئەگەر ئینسان لەگەڵ خێزانیدا وویستی جیماع بکات و وەبەڕووتی زەکەر داخڵ بوو دواتر ئاویش دەرنەچوو هەر دەبێت خۆیان بشۆن[114].

٦٨- پرسیار: ئایا ڕەجمکردنی شەیتان لەحەجدا لەچیەوە هاتووە؟
وەڵام: لەکاتی باوەگەورەمان ( ابراهیم)ەوە علیە السلام هاتووە کاتێك خەوی بینی بەوەی کەکوڕەکەی سەرببڕێت وەخستیەبن دەستی و دەیبرد بۆ ئەوەی سەری ببڕێت لەو کاتەدا شەیتان هات بۆلای و ویستی دودڵی بۆ دروست بکات و پێی ووت باشە چۆن بەخەوێك تۆ ئەو کارەدەکەیت کێ دەڵی ئەو خەوە هەر ڕاستە لەوانەیە هەر ئاگات لەخۆت نەبوو بێت، لەوانەیە هەر خەیاڵێك بێت، وەڕۆشت بۆلای ژنەکەشی هەمان شتی پێ ووت بەڵام ابراهیم علیە السلام خۆی دەیزانی کەڕاستەو وەپێغەمبەر بوو، وەژنەکەشی دەیزانی کەڕاستە هەردووکیان نەعلەتیان لەشەیتان کردوو بەردیان تێ گرت ئەو ڕەجم کردنەوەی شەیتانە لەوەوە هاتووە، واتە پەیمان تازەکردنەوەیەکە لەسەر گوێڕایەڵ نەبوونی شەیتان و بەردگرتنەکە

(١١٤) ـ مجموع فتاوى للعثيمين المجلد /١١ باب الغسل

ڕەمزێکە بۆ پشت تێکردنی، مەکەی پیرۆزیش بەدەستی ئیبراهیم و کوڕەکەی سەلامی خوایان لێ بێت دروستکرا، وەزۆربەی کارەکانی حەج هەر لەو کاتەوەهاتووەوەك سەفاو مەروەش، وەهەروەها[١١٥].

٦٩- پرسیار: ئایا چ دۆعایەك باشە بۆ ئەو کەسانەی کەئەمەلی ژیانیان نەماوە؟

وەڵام: بۆ ئەو کەسانەی کەئەمەلی ژیانیان نەماوە خۆیان ئەم دوعا بخوێنن (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي وَارْحَمْنِي وألحِقْني بالرَّفِيقِ الأعْلَى « ([١١٦])، واتە: خوایە لێم خۆش بەو ڕەحمم پێ بکەو بمگەیەنە بەهاوڕێیانی پلەبەرز. ( لا إله إلا الله والله أكبر، لا إله إلا الله وحده، لا إله إلا الله لا شريك لهُ، لا إله إلا الله لهُ الملك ولهُ الحمد، لا إله إلا الله ولا حول ولا قوة إلا بالله )، واتە: هیچ پەرستراوێک نی یەجگە لە (الله) و خوا گەورەیە هیچ پەرستراوێک نی یە بەهەق جگە لە (الله) و تاکە، هیچ پەرستراوێک نییە بەهەق جگەلە (الله) و تاک و بێ هاوبەشە، هیچ پەرستراوێک نی یە بەهەق جگەلە (الله) و موڵک و ستایش بۆ ئەوە هیچ پەرستراوێک نی یە بەهەق جگەلە (الله) و گۆڕان و توانا نی یە مەگەر بەوەوە. وەئێوەش هەر دوعایەك بکەن ان شاء الله هەمووی باشە، وەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرمویٚ دوعای مسوڵمان بۆ مسوڵمان بەنهێنی وەرگیراوە[١١٧].

---

(١١٥) ـ (تفسير الرازي ٢/٢٥٢)و(تفسيرابن عطية ٤/٤٨٠)

(١١٦) ـ عن عائشة رضي الله عنها، قالت : سَمِعْتُ النبيَّ - صلى الله عليه وسلم - وَهُوَ مُسْتَنِدٌ إليَّ، يَقُولُ : (( اللَّهُمَّ اغْفِرْ لي وارْحَمْنِي، وأَلْحِقْني بالرَّفِيق الأَعْلَى )). (أخرجه أحمد (٢٣١/٦، رقم ٢٥٩٨٩)، ومسلم (١٨٩٣/٤، رقم ٢٤٤٤)، والترمذى (٥٢٥/٥، رقم ٣٤٩٦) والبخارى (١٦١٤/٤، رقم ٤١٧٦)

(١١٧) ـ سنن الترمذي كتاب الدعوات حديث رقم ٣٤١٨

٧٠- پرسیار: من مێردەکەم نوێـژ نـاکات و منداڵەکانیشم بـەزۆر دەیکـەن، ئەگـەر پێیـان نەڵێـم بیکـەن ئـەوە هـەر نایکـەن، ئایـا چ بکـەم و تـا چەنـد گوناهبارم؟

وەڵام: مـادام باوەڕیـان بەنوێـژ هەیـە بـەڵام لەتەمەڵیـدا نایکـەن، ئێـوە هـەر بـەردەوام بـن لەگەڵیانـدا ان شـاء الله هیـچ تاوانبـار نابیـت بەڵکـو خێرێکـی زۆریشـت دەسـت دەکەوێـت مـادام پێداگریـت لەسـەر ئـەوەی کەمێـردو منداڵەکانـت نوێـژ بکـەن وەمنداڵیـش زۆری لەوانەیـە حـەزی پـێ نـەکات چونکـە نازانـێ سـودی ئـەو کارە چییـە بەمانـای ڕاسـتێتی خـۆی بـەڵام کەگەورەبـوو وەفامـی کـرد خۆیـان پێداگـر دەبـن لەسـەری مـادام هـەر لەمنداڵیـەوە ڕاهاتـوون، خـوای گـەورە بتـان کات بەخێزانێکـی نمونەنـی واتـان لـێ بێـت کەهەمووتـان بـەردەوام نوێژەکانیشـتان بەکۆمـەڵ بکـەن.

٧١- پرسیار: ئایا سەیر کردنی سایت و فلیمە ڕووتەکان حەرامە؟

وەڵام: : سـەیرکرنی سـایت فیلـم وێنـە هەرچـی ڕووت بـوو حەرامـە، سـەیرکرنی فلیمـی سـێکس کارێکـی یەکجـار ترسـناکە، ڕێخۆشـکەرە بـۆ زینـا وە بەڵکـو لـەو کاتـەدا وا لەمـرۆڤ دەکات ئەگـەر ئـەو کارەی بـۆ دەسـت بـدات ڕاستەوخۆ بیـکات، مـرۆڤ دەبێـت هەرگیـز وا بیرنەکاتـەوە کەکەسـی لەگـەڵ نییـە ، ئایـا خـوای گـەورە ئـاگای لـێ نییـە ؟ دوو فریشـتە بەسـەر شـانمانەوە ئاگایـان لێـی نییـە ؟ جەسـتەی خۆمـان نابنـە شـایەت بەسـەرمانەوە لـەڕۆژی قیامەتـدا؟ چـۆن کەسـێك شـەرم نایگرێـت ئـەو کارە بـکات لەکاتێکـدا خـوای گـەورە سـەیرمان دەکات، وەڵامـت چـی یـە لای خـوای گـەورە؟ ئەگـەر باوکـت بێـت بەسـەرتا چ هەڵوێستێکت دەبێـت؟ ئیمامـی عوسمان ڕەزای خـوای لـێ بێـت سـەیری عەورەتـی خـۆی نەدەکـرد لەشـەرمی خـوای گـەورەدا، لەمەزهەبـی

شـافعيدا دروسـت نييـه ، ئينسـان سـەيرى عەورەتـى خێزانـى بـكات، چ جـاى ئـەوەى سـەيرى نامەحـرەم! ئـەو كاتـە ئيمـان بەڕاسـتى تـەواو لاواز دەبيـت ئەگـەر بيشـمێنىٚ، ئـەى ناترسيت لـەو كاتـەدا خـواى گـەورە گيانـت بكێشـىٚ؟ دواى بەوشـێوەيە زينـدوو ببيتەوە...لەپيـش چـاوى ئـەو هەمـوو خەڵكـە! كارەكـەت بەدزيـەوە كـرد كەچـى خـواى گـەورە ئاشـكراى كـرد. بۆيـە دەبێـت ئەگـەر ئـەو كارەت كـردووە هـەر ئێسـتا دواى خوێندنـەوەى ئـەم وەڵامـە، بـڕۆ دەسـتنوێژ بشـۆ دووڕكات نوێـژ بكـەو تەوبەيەكـى ڕاسـتى لەنێـوان خـۆت و خـواى گـەورەدا بكـە، كەجارێكـى تـر نەگەڕێيتـەوە سـەرى ئـەو تاوانـە، وە ئومێـدم هەيـە خـواى گەورەلێتـان خـۆش ببێـت بـەڵام هەرگيزيـش نەكـەن لاى كـەس باسـى بكـەن، بـا تەنهـا لەنێـوان خۆتـان و خـواى گـەورەدا بێـت، خـواى گـەورە موەفەقتـان كات بـۆ گەڕانـەوەو بـەردەوام نەبـوون لەسـەر ئـەو كارەناشـرينە[118].

٧٢- پرسيار: ئەگەر لەنوێژدا تەلەفۆنم بۆ كرا چى بكەم؟
وەڵام: لەنـا ونوێژەكـەت بـىٚ دەنگـى بكـە، وەباشـتر وايـە پێـش نوێـژ تەلەفۆنەكانمـان بكوژێنينـەوە وەيـان هەرنەبێـت دەنگەكـەى ببەسـتين بـۆ ئـەوەى لەكاتـى نوێـژدا مەشـغوڵمان نـەكات، نوێـژەكان كاتێكـى كەممـان لـىٚ دەگـرن بەڕاسـتى پێويسـتە لەسـەرمان بەئامادەييەكـەى باشـەوە بيانكەيـن و ئاگامـان لێـى بێـت وەنوێـژ يەكـەم شتێكە كەلـەڕۆژى دوايـدا پرسـيارمان لـى دەكرێـت دەربـارەى ئەگـەر سـەركەوتوو بيـن تێيـدا ئـەوا لەهەمـوو كارەكانـى ترمانـدا سـەركەوتوو دەبيـن وەگـەر نـا بەپێچەوانەوەدەبێـت[119].

---

(١١٨) ـ فتاوى الشبكة الاسلامية ماحكم وكفارة مشاهدة المواقع الاباحية ٦/٦٤٤

(١١٩) ـ (موقع الاسلام سؤال وجواب الشيخ محمد صالح المنجد٥/١٣٩٨)و(السلسلة

٧٣- پرسیار: ئەگەر ئافرەت لەکاتی نوێژدا قاچی دەرکەوت نوێژەکەی دروستە؟

وەڵام: ڕاجیاوازیەك هەیە دەربارەی داپۆشینی قاچی ئافرەت لەنوێژدا هەندێك پێیان وایە دەبێت داپۆشرێت وەك شافعیەکان و حەنابلەکان و مالیکیەکان، وەهەشە بەواجبی نازانێت، وەبەنسبەن دەرکەوتنەوە لەنوێژدا هەندێك پێیان وایە نوێژەکە بەتاڵ ناکاتەوە هەتا ئەگەر بەئەنقەستیش بێت، وەمادام بەئەنقەست نەبێت ان شاء الله هیچ کێشەیەکی تێدا نییە ، بەڵام هەر بۆ زیاتر متمانەی پێداگری لەسەر بکرێت کەدەرنەکەوێت باشترە، داپۆشینی قاچیش مەرج نییە هەر بەگوێرەوی بێت، دەکرێت بەشتی تریش بێت وەیان هەر بەمەکسی و کراسەش بێت کە لە بەریەتی، زۆر ئافرەت جلێکی تایبەتیان هەیە بۆ نوێژ وەك عەبای درێژو لە ماڵدا لە جێگەیەکدا هەڵواسراوە بۆ نوێژ بەکاری دەهێنن شتێکی جوان و عەمەلی و ئاسانیشە گەر ببێت لە ماڵدا کارێکی پاك و چاکە، خوای گەورەنوێژو پەرستشەکانتان وەرگیراو کات[١٢٠].

٧٤- پرسیار: ئایا دروستە کەمن کارێکی باشم کردبێت، بڵێم خوایە حەقی ئەو کارە کەکردومە تۆش فلانە کارم بۆ بکە؟ ئەگەر دروستە ئەتوانیت چەند داوای لێبکەیت؟

وەڵام: خوای گەورە کەدروستکەرو بەڕێوەبەری هەموو بوونەوەرە وەمافی ئەوەی هەیە لەسەرمان کەئێمەش گوێڕایەڵی بکەین و پابەند بین بەقورئانەکەیەوەو وەژیانمان لەپێناویدا سەرف بکەن،

---

الصحيحة لالباني (٤٤٣/١)

(١٢٠) ـ (الشرح الممتع ١٦١/٢)و(معالم السنن ١٥٩/١)و(فتاوى اللنة الدائمة ٥/١٤٣) و(الموسوعة الفقهية ٧/٨٦)

وەکردنـی ئـەم کارانەشـمان بەیارمەتـی خـوای گـەورە خۆیەتـی بەبێ یارمەتـی ئـەو بێگومـان هیـچ کـەس ناتوانێـت هەنگاوێـك بنێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا خـوای گـەورە پێـی خۆشـە کەمرۆڤـەکان گوێڕایەڵـی بـن و وەپاداشـتیان بداتـەوە لەسـەر ئـەو کارانـەی کەدەیکـەن، هەرچەنـد ئەگـەر بێـت و تۆزێـك تێـی بڕامێنیـن لەوانەیـە خستنەڕووی کارێکمـان لەبـەردەم خـوای گـەورەدا پێمـان ئاسـان نەبێـت بیڵێیـن چونکـە سـەرچاوەکەی خۆیەتـی، ئـەو کارانـەی ئێمـە کەدەیانکەیـن لەبەرانبـەر کارێکـدا نایکەیـن تـا دوای داوای پـێ بکـەن لەدونیـادا کەبەرەکـەی وەربگریـن بەڵکـو دەیانکەیـن لەبەرئـەوەی کەببێتـە مایـەی لێخۆشـبوونمان لـەڕۆژی دوایـداو بمانپارێزێـت لەئاگـری جەهەنـەم، هەرچەنـد هەندێـك لەزانایـان دەڵێـن خـوای گـەورە شـایەنی پەرسـتنە وەهەتـا ئەگـەر بیریشـمان لای بەهەشـت و جەهەنـەم نەبێـت، وەداواکـردن بەوشـێوە جـۆرە مانایەکـی تێـدا دەردەکەوێـت وەك ئـەوە وابێـت کەئـەو کارەکرابێـت لەبـری ئـەوەی کەدەتانەوێـت لەدونیـادا، کەئـەوە نابێـت ئامانجـی سـەرەکیمان بێـت لەکارەکانمانـدا، بـەڵام دەکریـت بڵێـن خوایەگیـان ئەگـەر ئـەو کارەمـان لەپێنـاوی تـۆدا کـردووە ئـەم کارەمـان بـۆ ڕێـك بخەئەگـەر خێـری تێدایـە چونکـە زۆر جـار هەندێـك شـت ئێمـەوا دەیـان بینیـن کەخێرمانـی تێدایـە بـەڵام خێرمانـی تێـدا نییـە وەهەندێـك جاریـش بەپێچەوانـەوە هەندێـك کار وا دەیـان بینیـن کەخێرمانـی تێـدا نییـە کەچـی خێـری تێدایـە وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ {وَعَسَـى أَن تَكْرَهُـوا شَـيْئًا وَهُـوَ خَيْـرٌ لَّكُـمْ وَعَسَـى أَن تُحِبُّـوا شَـيْئًا وَهُـوَ شَـرٌّ لَّكُـمْ وَاللهُ يَعْلَـمُ وَأَنْتُـمْ لاَ تَعْلَمُـونَ([١٢١])} وەداواکردنـی بەوشـێوەی کەبڵێـن خوایەگیـان ئەگـەر ئـەو کارەم لەپێنـاوی تـۆدا کـردووە ئـەم کارەم بـۆ ئاسـان بکـەن ئـەوە ئاسـاییە

(١٢١) ـ سورة البقرة الاية ٢١٦

هــەروەك، چــۆن ســێ کەســەکە لەئەشــکەوتەکەدا هەریەکــەو داوای خــۆی کــرد تــا خــوای گــەورە ڕەحمــی پــێ کــردن و ئەشکەوتەکەیان بــۆ کــراوە، وەك فەرموودەکــە بــەم شــێوەیەهاتووە{ قــال الإمــام البخــاري : حدثنــا إسماعيل بــن خليــل أخبرنــا علــي بــن مســهر عــن عبيــد الله بــن عمــر عــن نافــع عــن ابــن عمــر أن رسـول الله صلــى الله عليــه وسـلم قــال: « انطلــق ثلاثــة نفــر ممــن كان قبلكــم حتــى آواهــم المبيــت إلــى غــار فدخلوه، فانحـدرت صخـرة مـن الجبـل فسـدت عليهـم الغـار، فقالـوا : إنـه لا ينجيكـم مـن هـذه الصخـرة إلا أن تدعـوا الله بصالـح أعمالكـم . فقـال رجـل منهـم : اللَّهـم كان لـي أبـوان شـيخان كبيـران، وكنـت لا أغبـق قبلهمـا أهـلا ولا مـالاً ( أي : لا أقـدم فـي الشـرب قبلهمـا أحـداً )، فنـأى بـي طلـب الشـجر يومـاً فلـم أرح عليهمـا حتـى نامـا، فجلبـت لهمـا غبوقهمـا فوجدتهمـا نائميـن، فكرهـت أن أوقظهمـا وأن أغبـق قبلهمـا أهـلاً أو مـالاً فلبثـت والقدح علــى يــدي أنتظــر اســتيقاظهما حتــى بــرق الفجــر والصبيــة يتضاغــون عنـد قدمـي ( أي يصيحـون مـن الجـوع )، فاسـتيقظا فشـربا غبوقهمـا . اللَّهــم إن كنــت فعلــت ذلــك ابتغــاء وجهــك فافــرج عنــا مــا نحــن فيــه مــن هــذه الصخــرة، فانفرجــت شــيئاً لا يســتطيعون الخــروج منــه . فقــال الآخــر : اللَّهــم إنــه كانــت لــي ابنــة عــم كانــت أحــب النــاس إلــيَّ، وفـي روايـة : كنـت أحبهـا كأشـد مـا يحـب الرجـال النسـاء، فأردتهـا علـى نفسـها فامتنعـت، حتـى ألمـت بهـا سـنة مـن السـنين فجائتنـي فاعطيتهـا عشــرين ومائــة دينــار علــى أن تخلــي بينــي وبيــن نفســها ففعلــت، حتــى أذا قــدرت عليهــا وفــي روايــة فلمــا قعــدت بيــن رجليهــا قالــت : اتــق الله ولا تفضــن الخاتــم إلا بحقــه، فانصرفــت عنهــا وهــي أحــب النـاس إلـيَّ وتركـت الذهـب الـذي أعطيتهـا . اللهـم إن كنـت فعلـت ذلـك ابتغــاء وجهــك فافــرج عنــا مــا نحــن فيــه، فانفرجــت الصخــرة غيــر أنهـم لا يسـتطيعون الخـروج . وقـال الثالـث : اللهـم إنـي اسـتأجرت

أُجـراء وأعطيتهـم أجرهـم، غيـر رجـل واحـد، تـرك الـذي لـه وذهـب فثمـرت أجـره حتـى كثـرت منـه الأمـوال، فجاءنـي بعـد حيـن فقـال : يـا عبـدَ الله أدِّ إلـيّ أجـري، فقلـت : كل مـا تـرى مـن أجـرك مـن الإبـل والبقـر والغنـم والرقيـق فقـال : يـا عبـدَ الله لا تسـتهزئ بـي ! فقلـت : لا أسـتهزئ بـك، فأخـذه كلـه فاسـتقاه فلـم يتـرك منـه شـيئاً . اللهـم إن كنـت فعلـت ذلـك ابتغـاء وجهـك فافـرج عنـا مـا نحـن فيـه، فانفرجـت الصخـرة فخرجـوا يمشـون(١٢٢)} موسـلم و بوخـاری ڕیوایەتیـان کـردووە، خـوای گـەورە کارتـان بـۆ ئاسـان بـکاو هەرچـی خێـری دونیـاو قیامەتـی تێدایـە بۆتـان ئاسـان بـکات.

٧٥- پرسـیار: مامۆسـتا کەسـانێك هـەن بەنـاوی هاوڕێیەتیـەوە شـەوو ڕۆژ بەتەلەفـۆن قسـەدەکەن لەگـەڵ نامەحرەمـدا و ئارەزووەکانـی خۆیـان تێردەکـەن و خۆیـان ڕەحـەت دەکـەن، ئایـا ئـەم جـۆرە کەسـانە سـزایان چیـەو هەروەهـا چـۆن ئـەم کارە وازلێبهێنـن؟
وەڵام: ئیسـلام یاسایەکی جـوان و ڕێـك و ڕەوانـی دانـاوە بـۆ کەسـانێك بیانەوێـت ژن بهێنێـت یـان شـوو بکـەن، ئیتـر پێویسـت نەبەخـۆ خەڵاتانـدن وەنەبەکـەس خەڵەتانـدن نـاکات، وەگـەر ئـەو کارەکـرا بێگومـان هـەردوولا تاوانبـارن و وەتوشـی سـزای خـوای دەبـن مەگـەر تەوبەیەکـی پاکـی یەکجارەکـی بکـەن و کارو کـردەوەی چـاك ئەنجـام دەن دواتـر، وەئومێـد هەیـە خـوای گەورەلێیـان خـۆش بێـت ئەگـەر ئـەو تەوبەیەیـان کـرد، وەئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام ڕێگـری کـردووە لـەم جـۆرە کارانـە وەکارێکـی زۆر نەشـیاو ترسـناکە لەوانەیـە سەربکێشـێ بـۆ بەدڕەوشـتی و زینـا. وەچـۆن وازی لێبهێـن پێویسـتە بگەڕێنـەوە بـۆلای خـوای گـەورەو دەسـت بگـرن بەپەیامـە پاکەکەیـەوە، چونکـە بێگومـان

(١٢٢) ـ رواه البخاري ٢٢١٥

باشترین ڕێگەیە بۆ گۆڕینی هەموو خراپەکاریەك، ئەم پەیامە پاكە لەناخەوە مرۆڤەکان دەجولێنێ، وەبەشێوەیەکی واقعیانەش بیر بکەنەوە کەچ سودێك لەو کارەدەبینن، خوای گەورە بۆی ڕەوا کردوون بەشێوەیەکی ئاسایی ژن بهێنن و شوو بکەن، ئیتر چ پێویست بەم کارەدەکات، وەئەو ئاخافتەنەش کەبەو شێوە دەکرێت دەچێتە بابی لەغوەوە، واتەقسەی بێ سود کەئەویش تاوانە، وەیەکێك لەخەسڵەتی مرۆڤی مسوڵمان ئەوەیە کەپشت بکات لەقسەی بێ مانا، وەئەو جۆرە خۆڕەحەت کردنەش هەر تاوانە وەك خوای گەورەدەفەرموێ {وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ *إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ * فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ( [١٢٣])} ئەم سێ ئایەتەی سەرەتای سورەتی المؤمنون باسی خەسڵەتی ئینسانی ئیماندار دەکات وەلەو خەسڵەتانەش ئەوەیەکە دامێنی خۆیان دەپارێزن، لەزیناو هەموو ئەو شتانە، جگە لەگەڵ خێزانی خۆیاندا نەبێت وەلەگەڵ کەنیزەکدا کەڕێگەپێدراوە، وەبەدەر لەو دوانەیانی خێزان و کەنیزەك دروست نییە ئینسان دامێنی لە هیچ شتێکی تردا بەکار بهێنێت ئەگەر بەکاری هێنا ئەو کاتە زیادەڕۆی کردووە. وەئامۆژگاریمان بۆیان ئەوەیە کەبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورەو وەخوای گەورەش کار ئاسانیان بۆ بکات و چیتر بەردەوام نەبن لەسەر ئەو کارە. بەڵام دەبێت خۆیان هەنگاوی بۆ بنێن و پشت بەخوای گەورەببەستن، وەخوای گەورەش بەسەبۆ پشتیوانی[١٢٤].

---

(١٢٣) ـ سورة المؤمنون الاية ٥-٧

(١٢٤) ـ (صحيح الجامع ١٠٥٤)و(تبين الحقائق للزيعلي الحنفي ٦/٣١)و(مجموع فتاوى للعثيمين باب التوسل ١/٢٩٧)

٧٦- پرسـیار: ئایـا یەکـەم پرسـیار لەکاتـی مـردن چیـەو شـێوازەکەی چۆنـە؟

وەڵام: پێـم وایـە مەبەسـتان لـەم پرسـیارە دوای مردنـە، وەلەکاتـی مردنـدا کاتێـك ئینسـان خەریکـە دەمرێـت ئەگـەر ئـەو کەسەکەسـێکی بـاش و بۆخـوا سـوڵحاو بـوو ئـەوا فریشـتەیەك دادەبزێتـە سـەری و دوو مـژدەی زۆر خۆشـی پـێ دەدات یەکێکیـان بـەوەی کەخەمـی مـاڵ و منداڵـی نەبێـت وەیەکێکـی تریـان ئەوەیـە خەمـی داهاتووشـی نەبێـت، چونکـە ینسـان لـەو کاتـەدا ئـەو دوو ترسـەی هەیـە

{ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ(١٢٥)}

واتـە ئەوانـەی کەووتویانـە خـوای گـەورە خوامانـەو وەبـەردەوام بـوون لەسـەری تـا کاتـی مردنیـان ئـەو کاتـە فریشـە دادەبەزێتـە سـەریان ئـەو دوو مژدەیەیـان پـێ دەدات ئـەوەی کەخـوای گـەورە بەڵێنـی پێدابـوون. وەدوای مـردن ئـەم پرسـیارانە دەکرێـت وەك لەموسـنەدی ئیمـام ئەحمـەددا هاتـووە{ مَـنْ رَبُّـكَ؟ وَمَـا دِينُـكَ؟ فَيَقُـولُ : لاَ أَدْرِي فَيَقُـولاَنِ : فَمَا تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي بُعِثَ فِيكُمْ؟(١٢٦) } واتـە خـوات کێیـە؟ وەدینەکـەت چـی یـە؟ وەڕەئیـت چۆنـە بەرانبـەر بـەو پیـاوە مەبەسـت پێـی پێغەمبـەرە درودی خـوای لـێ بێـت، وەئەگـەر مردووەکـەش ئـەو کەسـەبوو کەلەسـەرەوە باسـمان کـرد، دەڵـێ خـوام اللەیـە، وەدینـم ئیسـلامە، وەئـەو پیـاوە پێغەمبـەری خوایـەو پێغەمبەرمـە، وەگـەر بەپێچەوانـەوە بـوو ئـەوا هەردەڵـی نازانـم نازانـم، وەئیتـر مەگـەر خـوا خـۆی ڕەحمـی پـێ بـکات. وەیەکـەم پرسیاریش کەلـەڕۆژی دوایـدا

(١٢٥) ـ سورة فصلت الاية ٣٠

(١٢٦) ـ أخرجه أبو داود (٢ / ٢٨١) والحاكم (١ / ٣٧ - ٤٠) والطيالسي (رقم ٧٥٣ وأحمد (٤ / ٢٨٧، ٢٨٨ و ٢٨٨ و ٢٩٥ و ٢٩٦)

لێمـان دەكرێـت نوێـژەوەك لـەم فەرمـوودەدا هاتووەكـە ئیمامـی ئەبـی داود گێڕاویەتیـەوە{ عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ، عَـنِ النَّبِـيِّ صَلَّـى الله عَلَيْـه وسَـلَّم - قَـالَ : هَـذَا الْـكَلاَمُ أَوْ نَحْـوَهُ عَـنِ النَّبِـيِّ صَلَّـى الله عَلَيْـه وسَـلَّم - : أَوَّلُ مَـا يُحَاسَـبُ بِـهِ الْعَبْـدُ صَلاَتُـهُ، يَقُـولُ الله لِمَلاَئِكَتِـهِ : انْظُـرُوا فِـي صَلاَةِ عَبْـدِي فَـإِنْ وَجَدُوهَـا كَامِلَـةً كُتِبَـتْ لَـهُ كَامِلَـةً، وَإِنْ وَجَدُوهَـا انْتُقِـصَ مِنْهَـا شَـيْءٌ، قَـالَ : انْظُـرُوا هَـلْ تَجِـدُونَ لِعَبْـدِي تَطَوُّعًـا؟ فَتُكْمَـلُ صَلاَتُـهُ مِـنْ تَطَوُّعِـهِ، ثُـمَّ تُؤْخَـذُ الأَعْمَـالُ عَلَـى قَـدْرِ ذَلِـكَ(١٢٧)}. واتـە یەكـەم شـت كەئینسـان محاسـەبە دەكرێـت لەسـەری لـەڕۆژی دوایـدا نوێـژە، ئەگـەر نوێژەكـەی تـەواو بـوو خـۆ ئەمـە تـەواوە، وەگـەر تـەواو نەبـوو لەنوێـژە سـونەتەكان تـەواوی دەكـەن هـەر بۆیـە زۆر گرنگـە كـەزۆر گرنگـی بەنوێژەكانمـان بـدەن، هەروەهـا بەنوێـژە سـونەتەكانیش بـۆ ئـەوەی ئەگـەر كەموكوڕیـەك لەنوێـژە فەرزەكانمانـدا بـوو ئـەوا بەنوێـژە سـونەتەكانمان بۆمـان تـەواو دەكرێـت، خـوای گـەورە ئێـوەو ئێمـەش ڕاگیـراو بـكات لەسـەر ئـەم پەیامەپاكـەو بەردەوامیمـان پـێ ببەخشـێ لەسـەری و وە ئـەو دوو مـژدە خۆشەشـمان پـێ بدرێـت لەسـەرەمەرگداو، زمانمـان پـاراو بـكات بـۆ وەڵامدانـەوەی گشـت پرسـیارەكان لەگـۆڕو وە لـەڕۆژی دوایـدا(١٢٨).

٧٧- پرسـیار: مـن خوێنـدكارم لـەدەرەوەی وڵات سـەعات ٢ تـا ٤ی ئێـوارە موحـازەرەم هەیـەو كاتێـك تـەواو دەبـم نوێـژی عەسـر نامێنێـت،

(١٢٧) ـ أخرجه أحمد (٤٢٥/٢، رقم ٩٤٩٠)، وأبو داود (٢٢٩/١، رقم ٨٦٤)، والنسائى (٢٣٣/١، رقم ٤٦٦)، والبيهقى (٣٨٦/٢، رقم ٣٨١٣)-

(١٢٨) ـ (تحفة الاحوزي المباركفوري ٣٢٨/٩)و(فتح الباري ١٧٧/١١)و(صحيح الجامع ١٦٨٤)

ئایا دەتوانم نوێژی عەسر بەجەمع تەقدیم بهێنم بۆ لای نیوەڕۆ؟ وەچۆن؟ وە نوێژی هەینی دەتوانم نوێژی عەسر بهێنم بۆ لای نوێژی نیوەڕۆ؟ واتا لەپاش جومعە؟ وەچۆن؟

وەڵام: ئەگەر دەزانی مەجالت نییە ، بێ گومان دەتوانیت نوێژی عەسر بهێنیت بۆلای نیوەڕۆ، وەچۆنێتیەکەی ئەوەیە نیەت دەهێنی لەکاتی نوێژی نیوەڕۆدا کەنوێژی عەسریشی لەگەڵ دەکەی دوای تەواو بونی نوێژی نیوەڕۆ یەکسەر نوێژی عەسریش دەکەی هەردووکیان چوار چوار، چونکەتۆ لەسەفەر نیت، وەنوێژی هەینیش لەبەر ئەوە بەجەماعەتە دوو ڕکات دەکەیت بەڵام دوای تەواو بوونی تۆ بۆخۆت چوار ڕکات نوێژی عەسر دەکەیت، وەئەوەشتان لەبیر بێت کەتەنها دڵ بەسەبۆ نیەت هێنان. خوای گەورە لێتان قبوڵ کات(١٢٩).

٧٨- پرسیار: ئایا مامۆستا سەیر کردنی فیلمی بیانی حەرامە؟

وەڵام: ئەگەر فیلمەکە بۆ خۆی خراپ نەبێت حەرام نییە ، مەگەر بە هۆی سەیر کردنیەوە نوێژ وەیان کارێکی گرنگت لەدەست بدات ئەو کاتە حەرام دەبێت بە هۆی ئەوەی کەبووەتە مایەی لەدەستدانی کارێکی گرنگت وەك نوێژ، بەڵام دەبێت کات ڕەچاو بکرێت کەبە هۆی ئەو فیلمانەوە کاتەکانمان لەدەست نەدەین چونکە عادەتەن فیلمەبیانیەکان سودێکی وایان نییە ، تەنها کات بەسەر بردنە، بەڵام ئەگەر فیلمەکە فیلمێکی باش بوو ئاساییەوە فیلمی باشیشیان زۆرە وەك فیلمی دوکومێنتەری، وەزۆرجار هەندیك لەمێژوو، جگەلەوەی کەسودی زمانەکەشیان هەیە کەپێویستیەکی سەردەمن، وەدەتوانرێت لەو ڕاستیانەبگەین و وەدواتر بەزمانی خۆیان دەعوەیان بکەین، ئەگەر بەو چاوەوە سەیرکران ان شاء

(١٢٩) ـ (فتاوى نور على الدرب كتاب الصلاة ٢٥/٧)و(مجموع فتاوى للعثيمين ١٢/٢١٦)

الله خێرداریــش دەبێــت، بــەڵام هــەر دەبێــت نوێژەکەمــان لەبیــر بێــت، چونکــە زۆر جــار هەندێــك کــەس بــە هــۆی ئــەو فیلمانــەوە نوێژەکانیــان لەدەســت دەدەن! وەیــان دوای دەخــەن![130]

٧٩- پرسـیار: مـن زۆر حـەزم لەنینـۆك بۆیـە کـردن و چـاو ڕشـتنە، ئایـا حەرامەیــان نــا؟
وەڵام:حــەرام نییــە ان شــاء الله مــادام لەبــەر کەسـێکی تــر نەبێــت جگــە لەمێردەکــەی خۆتــان وەیــان حەرەمەکانتــان، وەمــادام لەبــەر خــۆ دەرخســتن و نیشــاندانی جوانیتــان بــۆ بێگانــە نەبێــت ئەشــکالێکی تێــدا نییــە ، وەبەڵکــو کارێکــی زۆر باشیشــە ئەگــەر لەبــەر مێردەکەتــان بێــت، ئەگــەر مێردتــان هەیــە. وەگــەر مێردیشــتان نییــە هــەر هیــچ گرفتێکــێ تێــدا نییــە ئەگــەر مەبەســت پێــی ســەرج ڕاکێشــانی ڕەگــەزی بەرانبــەر نەبێــت[131].

٨٠- پرسـیار: ئایـا ژنێـك لەحەیـزو بـێ نوێژیـدا بچێتـە مزگـەوت، حـەرام ەیـان نـا؟
وەڵام:ئــەوەی کەحەرامــە ئافــرەت بیــان کات لەکاتــی حەیــزدا، نوێــژە، ڕۆژووە، جیمـاع کردنـە، قورئـان خوێندنـە، وەیـان دەسـت دانە لێـی ،وەیان هەڵگرتنەیەتــی، چونــە مزگەوتــە، تــەواف کردنــە، کەوابــوو دروســت نیــە، بــەڵام بــۆ جەژنــەکان فەرمــوودە هەیــە کەئافرەتــان لەحیزیشــدا بــوون و چــوون بــۆ مزگــەوت بــۆ گوێگرتــن لەووتــارو وەبەشــداری کردنــی خۆشــی جــەژن، یــان دەرس و دەوریــان هەیــەو ناکرێــت بیپچڕێنێــت و

(١٣٠) ـ (اغاثة اللهفان ابن القيم ٨٠/١)و(اضواء البيان ٥١٠/٥)
(١٣١) ـ فتاوى اللجنة الدائمة ٦/٢٧٢)و(تفسير ابن كثير ٥/٢٧٤)

ڕێکخـراوه[132].

٨١- پرسـیار: ئایا ڕیبا حەڵالەیـان حەڕامـە؟ واتـا قەرزکـردن کـە لەپاشـان فایـزی دەچێتـە سـەر، وە ئایا لەچـی ئایـەت و حەدیسـێکدا بـاس کـراوە؟ ئەتوانـن بۆمـان بنوسـن؟

وەڵام: ڕیبـا بەڵـی حەرامـە١٠٠٪ لـە١٠٠٪ وەخـوای گـەورەد ەربـارەی ڕیبـا دەفەرمـوێ [الَّذِيـنَ يَأْكُلُـونَ الرِّبَـا لَا يَقُومُـونَ إِلَّا كَمَـا يَقُـومُ الَّـذِي يَتَخَبَّطُـهُ الشَّـيْطَانُ مِـنَ الْمَـسِّ ذَلِـكَ بِأَنَّهُـمْ قَالُـوا إِنَّمَـا الْبَيْـعُ مِثْـلُ الرِّبَـا وَأَحَـلَّ اللَّـهُ الْبَيْـعَ وَحَـرَّمَ الرِّبَـا فَمَـنْ جَـاءَهُ مَوْعِظَـةٌ مِـنْ رَبِّـهِ فَانْتَـهَى فَلَـهُ مَـا سَـلَفَ وَأَمْـرُهُ إِلَـى اللَّـهِ وَمَـنْ عَـادَ فَأُولَئِـكَ أَصْحَـابُ النَّـارِ هُـمْ فِيـهَا خَالِـدُونَ([133])} واتە ئەوانەی کەسـوو دەخـۆن، هەڵـس و کەوتیـان وەك ئـەو کەسـە وایـە کەشـەیتان دەسـتی لـێ وەشـاندبێت (هـەر لەدنیـادا سروشـتی نیـن، لەقیامەتیشـدا وەك شـێت دەبـن) چونکـە ئەوانـە دەڵێـن: کڕیـن و فرۆشـتن وەك سـوو وایـە (لەحاڵێکـدا کـە): خـوا کڕیـن و فرۆشـتنی حـەڵاڵ کـردوەو سـووی حـەرام کـردووە، جـا ئـەوەی ئامـۆژگاری پـەروەردگاری پـێ گەیـی و وازی هێنـا، ئـەوەی دەسـتی کەوتـووە، بـۆ خـۆی، کاری (لـێ پرسینەوەشـی) دەکەوێتـە لای خـوا، بـەڵام ئـەوەی دەسـت بکاتـەوە بەسـووخۆریی، ئـا ئەوانـە جێنشـینی نـاو ئاگـری دۆزەخـن و ژیانـی هەمیشـەیی تیـادا دەبەنەسـەر. هەرلەهامـان سـورەتدا هاتووە{يَمْحَـقُ اللَّهُ الرِّبَـا وَيُرْبِـي الصَّدَقَـاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِـبُّ كُلَّ كَفَّـارٍ أَثِيـمٍ ([134])}خـوا، سـوو تەفـرو تونـا دەکات و بەرەکەتـی لـێ هەڵدەگرێـت، بـەڵام پاداشـتی خێـرو سـامان بەخشـین بـرەو پـێ دەدات و بەرەکەتـی تـێ دەخـات، بێگومـان خـوا

(١٣٢) ـ (المبسوط ٣/١٥٣)و(حاشية الدسوقي ١/١٧٣)و(المجموع ٢/٣٨٨)و(المغني ١/٦٩٥)

(١٣٣) ـ سورة البقرة الاية ٢٧٥

(١٣٤) ـ سورة البقرة الاية ٢٧٦

هیـچ کافرێکـی تاوانبـاری خـۆش ناوێـت. لەهەمـان سـورەت هاتـووە وەك دەفەرمـوێ{ يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـواْ اتَّقُـواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَـا بَقِـيَ مِـنَ الرِّبَـا إِن كُنتُـم مُّؤْمِنِيـنَ (١٣٥)}

ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، پارێـزکارو خوانـاس بـن و واز لەپاشماوەی سوو بێنن ئەگەر ئیمانـدارن. وەدەفەرمـوێ { يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـواْ لاَ تَأْكُلُـواْ الرِّبَـا أَضْعَافًـا مُّضَاعَفَـةً وَاتَّقُـواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُـونَ(١٣٦) } واتـە ئـەی ئەوانـەی کەباوەڕتـان هێنـاوە سـوو بەچەنـد قـات و چەنـد بەرانبـەر مەخـۆن (ئەمـەش قۆناغێـك بـوو لەحـەرام کـرد نییـە کجاریـی) وەلەخـوا بترسـن، بەڵکـو سـەرفەراز بـن. دەفەرمـوێ { وَأَخْـذِهِمُ الرِّبَـا وَقَـدْ نُهُـواْ عَنْـهُ وَأَكْلِهِـمْ أَمْـوَالَ النَّـاسِ بِالْبَاطِـلِ وَأَعْتَدْنَـا لِلْكَافِرِيـنَ مِنْهُـمْ عَذَابًـا أَلِيمًـا (١٣٧)}هەروەهـا بـە هـۆی سـوو خۆریانـەوە (هەندێـك شـتی تـری حەڵاڵمـان لـێ حـەرام کـردن) هەروەهـا بـە هـۆی ئەوەشـەوە کەمالـی خەڵکـی بەناحـەق دەخـۆن، بێگومـان بـۆ ئەوانەیـان کەکافـرن سـزایەکی بەئێشـمان ئامادەکـردووە. وەئیتـر هـەر پێویسـتمان بـەوە نییـە کەحەدیسـی لەسـەر هاتبێـت یـان نەمـادام ئـەو هەمـوو ئەیەتـە هەبێـت وەبێگومـان فەرمـوودەی زۆر زۆر هـەن لـەو بارەدەتوانیـت بڕوانیتەسـەحیحی بوخـاری بابـی البیـع دەبینیـت چەندەهـا فەرمـوودە لـەو بـارەوە هاتـووە لـەوەی کـەوەری دەگـرێ، ئـەوەی دەیخـوات وە هەرەهـا، بەگاڵتـەوە نییـە ئـەو هەمـوو مشـتو مـڕە لەسـەر حەرامیتـی ڕێبـا، وەخـوای گـەورە هەمـوو مسـوڵمانانی لـێ بـەدوور بگـرێ(١٣٨).

---

(١٣٥) ـ سورة البقرة الاية ٢٧٨

(١٣٦) ـ سورة ال عمران الاية ١٣٠

(١٣٧) ـ سورة النساء الاية ١٦١

(١٣٨) ـ (المغني باب الربا )و(المبدع في شرح المقنع باب الربا)

٨٢- پرسیار: مامۆستا گیان من ماوەی ٢ مانگە نوێژ دەکەم، بەڵام لەکاتی نوێژدا کوفر دێت بەدڵمدا، زۆر دەپاڕێمەوە کەئەم شتە نەمێنێت بەڵام ئەم کوفرە هەر دێت، ئایا چارەسەری من چیە؟
وەڵام: ئەوە شەیتانە بەڕێزتان تازە دەستان کردووە بەنوێژ شەیتان پێی بێ تاقەتەو جەوی نییە ، بەوشێوەیە دەیەوێت نوێژتان پێ تەرك بدات، بەڵام ئێوە هەر بەردەوام بن ان شاء الله وەزۆر پەنا بەخوا بگرن و ئیستیعازە بخوێنن واتە ووتنی (اعوذ بالله من الشیطان الرجیم)، وەهەرچی بەدڵتاندا بێت مادان بەدەم دەری نەبڕن تاوانتان ناگات ان شاء الله وەدیارە کەپێشتان ناخۆشە ئەوەش ڕاستێتی ئەوە دەسەلمێنێ کەبەئیرادەی خۆتان نیي ە ، وە هیچ گوێی مەدەنێ و لەبیری خۆتانی بکەن، وەکاتێك نوێژ دەکەن هەوڵ بدەن بیر لەمانای نوێژەکە بکەنەوەو، وەووشەکانی بەخەیاڵ بهێنە پێش چاوی خۆتان بۆ ئەوەی بیرتان بۆ لای قورئانەکە بچێ و بیرتان لای کوفرەکە نەمێنێ، بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێتان بۆ دروست نەکات، وەخوای گەورە بەردەوامیتان پێ ببەخشێ و هەردەم چقڵی چاوی شەیتان بن(١٣٩).

٨٣- پرسیار: مامۆستا ئایا لا نەبردنی مووی دەوری عەورەت کار ناکاتە سەر قبوڵ بوونی نوێژ؟ چونکە بیستومە کەنابێت لە٤٠ شەو کۆنتر بن ئەو مووانە.
وەڵام: لابرنی ئەو جۆرە موانەو مووی بن باخەڵ لەسونەتی سروشتین وە لەفەرموودەیەکدا بەم شێوە هاتووە لەسەحیحی بوخاریدا { الْفِطْرَةُ خَمْسٌ : الاخْتِتَانُ، وَالاسْتِحْدَادُ، وَقَصُّ الشَّارِبِ،

(١٣٩) ـ (صحيح البخاري ٦٤٩١و مسلم ١٣١)و(جامع العلوم والحكم ٣٥٣/٢)و(فتاوى اللجنة الدائمة ٢٠٢١٢)

وَتَقْلِيمُ الأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الإِبِطِ (١٤٠)} واته پێنج شت سونەتی سروشتین خەتەنەکردن، ئەو جۆرە موانە، هەروەها مووی بن باخەڵ، نینۆك کردن، بەرسمێڵ کردن. زۆر فەرمووده هەن لەو بارەوە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاشکرایە کەهاندەرمانن بۆ خۆ پاك کردنەوەو، پاکو تەمیزی ڕاگرتن. گەر نوێژەکەی مەرجی خۆی تێدا بێت ان شاء الله قبوڵە، بەڵام گرنگە کەزوو زوو ئەو جۆرەموانە لا ببەین، بەڵام ئەگەر تۆزێکی ماوە کەناڕەحەت بوو لا نەدەبرا گرفتێکی تێدا نییە مادام ئێوە هەوڵی خۆتان داوە، وەگەر دەرمان بەکار بهێنرێت بۆ ئەو جۆرە موانە ئاسانترەو وەباشتریش پاکی دەکاتەوە، زۆرن لەو دەرمانانەی کەبۆ ئەو مەبەستە بەکار دێن، خوای گەورە نوێژو پەرستشەکانتان وەرگرێت و سەربەرزتان کات(١٤١).

٨٤- پرسیار: من ئافرەتیکی بالا پۆش نیم و جلی خراپیشم لەبەر دەکرد بەڵام خەوێکم بینی لەدوای ئەو خەوە جل و بەرگم باشەو خۆم داپۆشیوە بەڵام لەچك ناکەم، مامۆستا من خەوێکم بینی نزیکەی مانگێکە خەونەکە ناخۆش نەبوو بەڵام کەخەبەرم بۆوە هەموو شتێکم لا گۆڕاو ماوەی ٢ هەفتەش نەچومەوە بۆ مەکتەب و نانیشم بۆ نەدەخورا.. وەمن زۆر لەمردن دەترسم.. مامۆستا گیان تکایە ئێستا بەردەوام دڵم تەنگەو بێ تاقەتم وەلە هیچیشم کەمم نیەو شووم کردوەو منداڵێکیشم هەیە.. تکایە چارەسەرێکم بۆ بدۆزنەوە.

(١٤٠) ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم، أَنَّهُ قَالَ : الْفِطْرَةُ خَمْسٌ : الاخْتِتَانُ، وَالاسْتِحْدَادُ، وَقَصُّ الشَّارِبِ، وَتَقْلِيمُ الأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الإِبِطِ أخرجه البخاري (١٠ / ٢٧٦، ١١ / ٧٤ و(لأدب المفرد « (رقم ١٢٥٧) ومسلم (١ / ١٥٣)

(١٤١) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة ١٩٤/٥)و(فتاوى المرءة المسلمة ١٩٤/٣)و(صحيح مسلم بشرح النووي ٢/١٥١)

وەڵام: خوشکی بەڕێزمان خوای گەورە موەفەق و سەرکەوتووتان کات و بەردەوامیتان پێ ببەخشێت و سەرفرازی دونیاو قیامەتتان بکات، بەڕاستی ئەمەفەزڵ و ڕەحمەتی خوای پەروەردگارە کەوای لێ کردوون بەخەویێك کەزۆرجار ئینسان هیچ گرنگیان پێ نادات وەلەو خەوەوەوای لێ کردوون کەبگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە، خوای گەورە بیەوێت کەسێك هیدایەت بدات دەیدات وەك دەفەرموێ { فَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يَهدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ (١٤٢)} واتە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت کەسێك هیدایەت بدات سنگی فراوان دەکات بۆ ئیسلام، وەسنگفراوانی چی یەئەمەیە، لەخەوێکەوە واتان لێ هاتووە بگەڕێنە، وەیان هەیە شتێکی ئاسان دەبینێ وەهەتا زۆرجار لەوانەیە خۆی بۆ خۆی شتێك بێت بەخەیاڵیدا وەدواتر دەبێنە مایەی بیرکرنەوەو گەڕانەوە بۆلای خوا، هۆی ترسەکەش والله اعلم ئەوەیە هێشتا هەنگاوی ترت ماوەبیبڕن ئەوش دەستکردن بەعیبادەتەکانت و وەلەچکەکەشت بدەی وەئومێد دەکەم خوای گەورە ئارامی ببەخشێت بەدڵەکانتان و ئەو ترسە بڕەوێنێتەوە، ئەگەر هەستان بەکارەکان ئەوکاتە ترسەکەتان لا نامێنێ، وەیادی خوای گەورە زۆر بکەن چونکە تەنها یادکردنی خوای گەورەیە دەبێتە مایەتی ئارامی دڵەکان وەك دەفەرموێ { أَلا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ (١٤٣)}خوای گەورە منداڵەکەشتان بۆخۆی بگونجێنێ و ژیانێکی پڕ ئارام ببەنەسەر لەگەڵ هاوسەری بەڕێزتاندا لەژێر سێبەری ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا(١٤٤).

---

(١٤٢) ـ سورة الانعام الاية ١٢٥

(١٤٣) ـ سورة الرعد الاية ٢٨

(١٤٤) ـ (فتاوى الشبكة الاسلامية ١/١٢٥)و(البخاري ٣٢٩٢)و(صحيح سنن ابن ماجه ٣١٥٥)

٨٥- پرسـیار: مامۆسـتا مـن دوو مۆبایـل تەوقیـت دەکـەم بـۆ نوێـژی بەیانـی بـەڵام خـەوم ئەوەنـدە قورسـە خەبـەرم نابێتـەوە، ناچـار ٢ ڕۆژ نەخەوتـم تـا نوێـژی بەیانـم دەکـرد، بـەڵام زۆر مانـدوو دەبـووم مێشـکم چونکـە بـەڕۆژ ئیـش دەکـەم، والله والله بەئەنقەسـت نیـە بـەڵام خـەوم قورسـە، تکایـە ڕێـگا چارەیـەك.

وەڵام: بەڕێـز خـوای گـەورە موەفـەق و سـەرکەوتووتان بـکات وە هیچیـش پێویسـتی بەسـوێند نەدەکـرد، تەنهـا پرسـیارکردنەکەت ڕاسـتی قسـەکانت دەسـەلمێنێ. بێگومـان نوێـژی بەیانـی کاتێکـی دیـاری کـراوی خـۆی هەیـە وەدەبێـت لەکاتـی خۆیـدا بکریـت بەپێچەوانـی نوێژەکانـی تـر کـەزۆر جـار بـە هـۆی جـۆراو جـۆرەوە دەتوانرێـت ببرێـت بـۆلای نوێژەکانـی تـر، نوێـژی بەیانیـان دواکاتـی پێـش خـۆر هەڵاتنـە، بەڕێزتـان کـەدوو تەلەفۆنیـش تەوقیـت دەکـەن بـەڵام هـەر خەبەرتـان نابێتـەوە، دەتوانـن کۆمەڵەکارێکـی تـر هەیـە بیگرنەبـەر بـۆ ئـەوەی خەبەرتـان ببێتـەوە بـۆ نمونـە ئەگـەر لەگـەڵ کەسـێکدا دەژیـت پێیـان بڵـێ ئـەوان خەبـەرت بکەنـەوە، وەگـەر خـۆت بەتەنهـا دەژیـت هـەوڵ بـدە زوو بخەویـت بـۆ ئـەوەی خەبـەرت بێتـەوە، تـۆ ئەگـەر بـۆ نمونـە نەخەویـت تـا درەنگانێـك ئـەوا دواتـر تێـر خەونابیـت و دواتـر خەبـەرت نابێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر تـۆ دوا هەوڵـی خـۆت داو هیچـی سـودی نەبـوو، وە ان شـاء الله سـودی دەبێـت، بـەڵام ئەگـەر نەبـوو ئـەوا هەرکاتێـك خەبەرتـان بـووەوە بـێ سـێ و دوو ڕاسـتەوخۆ نوێژەکەتـان بکـەن، هەتـا ئەگـەر خۆریـش بـەرز بـوو بـووەوە. خـوای گـەورە سـەرکەوتوو سـەرفرازتان بـکات بـۆ خەمخواردنـی نوێژەکانتـان کەبەڕاسـتی زۆر گرنگـن وەیەکـەم شـتێك کەلـەڕۆژی دوایـدا پرسـیارمان لـێ دەکرێـت نوێژەکانمانـە وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوێ{ إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ النَّاسُ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ أَعْمَالِهِمُ الصَّلاَةُ، قَالَ يَقُولُ

رَبُّنَـا عَـزَّ وَجَـلَّ لِمَلاَئِكَتِـهِ وَهُـوَ أَعْلَـمُ : انْظُـرُوا فِـى صَـلاَةِ عَبْـدِى أَتَمَّهَـا أَمْ نَقَصَـهَا؟ فَـإِنْ كَانَـتْ تَامَّـةً كُتِبَـتْ لَـهُ تَامَّـةً، وَإِنْ كَانَ انْتَقَـصَ مِنْهَـا شَيْئًا قَـالَ : انْظُـرُوا هَـلْ لِعَبْـدِى مِـنْ تَطَـوُّعٍ، فَـإِنْ كَانَ لَـهُ تَطَـوُّعٌ قَـالَ : أَتِمُّـوا لِعَبْـدِى فَرِيضَتَـهُ مِـنْ تَطَوُّعِـهِ. ثُمَّ تُؤْخَـذُ الأَعْمَـالُ عَلَـى ذَلِكُمْ (١٤٥)». } واتـه یەکـەم شـت کەئینسـان محاسـەبە دەکرێـت لەسـەری لـەڕۆژی دوایـدا نوێـژە، ئەگـەر نوێژەکـەی تـەواو بـوو خـۆ ئەمـە تـەواوە، وەگـەر تـەواو نەبـوو لەنوێـژە سـونەتەکان تـەواوی دەکـەن هـەر بۆیـە زۆر گرنگـە کـەزۆر گرنگـی بەنوێژەکانمـان بدەیـن، هەروەهـا بەنوێـژە سـونەتەکانیش بـۆ ئـەوەی ئەگـەر کەموکوڕیـەك لەنوێـژە فەرزەکانمانـدا بـوو ئـەوا بەنوێـژە سـونەتەکانمان بۆمـان تـەواو دەکرێـت، نوێژکردنیـش مەوعیـدە لەگـەڵ خـوای گـەورەدا چـۆن بـۆ ئیشـەکەدوا ناکەویـت نوێژەکـە گرنگتـرە، خـوای گـەورە خەوتـان سـوك بـكات و پێویسـتتان بەکـەس نەبێـت(١٤٦).

٨٦- پرسـیار: مامۆسـتا بەخێوکردنـی خوشـك و بـرا لەسـەر یـەك واجبەیـان نـا؟

وەڵام: زانایـان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی کەئەگـەر بـاوك و دایـك هـەژار بـوون واجبـە لەسـەر منداڵەکانیـان یارمەتیـان بـدەن، وەبەڵگـەش ئەوەیـە کەخـوای گەورەدەفەرمـوێ {وَبِالْوَالِدَيْـنِ إِحْسَـانًا(١٤٧)} هەروەها دەربـارەی واریسـیش هاتـووە وەك لـەم ئایەتـەدا دەردەکەوێـت (وَالْوَالِـدَاتُ يُرْضِعْـنَ أَوْلاَدَهُـنَّ حَوْلَيْـنِ كَامِلَيْـنِ لِمَـنْ أَرَادَ أَن يُتِـمَّ الرَّضَاعَـةَ وَعلَـى الْمَوْلُـودِ لَـهُ رِزْقُهُـنَّ وَكِسْـوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّـفُ نَفْـسٌ إِلاَّ وُسْـعَهَا

(١٤٥) ـ أخرجه أحمد (٤٢٥/٢، رقم ٩٤٩٠)، وأبو داود (٢٢٩/١، رقم ٨٦٤)، والنسائى (٢٣٣/١، رقم ٤٦٦)، والبيهقى (٣٨٦/٢، رقم ٣٨١٣)

(١٤٦) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة ٦/١٧)و(فتاوى يسالونك ١/٢٨)و(مجموع فتاوى للعثيمين ١٣/٢٢٦)

(١٤٧) ـ سورة الاسراء الاية ٢٣

لاَ تُضَآرَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُواْ أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ(١٤٨)

دایکان با شیر بدەن بەمنداڵەکانیان دوو دانەساڵی تەواو بۆ هەرکەس کەدەیەوێت شیری تەواو بدات، وەبۆ ئەو کەسەی کەخاوەنی منداڵەکەیە (واتە باوکی منداڵەکە) ڕزق و ڕۆزی و پۆشاك بەشێوەیەکی جوان و چاك دەبێ ئامادەبکات بۆ دایکان، هەرکەس بەگوێرەی توانای خۆی داوای لێ دەکرێت، نابێت هیچ دایکێك زیانی پێ بگات و (لەدیتنی منداڵی بێ بەش بکرێ)، هەروەها خاوەنی مناڵەکە (واتەباوکی، نابێت زیانی پێ بگاو، لەدیتنی مناڵەکەی بێ بەش بکرێت)، وەوەرەسەی مناڵەکەش بۆیان هەیەبەهەمان شێوە(گرنگی بەمناڵەکەبدەن، چ خزمانی دایك، چ خزمانی باوك)، خۆ ئەگەر دایك و باوك بەڕەزامەندی و پرس و ڕای هەردوو لایان ویستیان مناڵەکەیان لەشێر ببڕنەوە، ئەوەقەیناکاو گوناەیان ناگات، ئەگەر ویستتان دایەن بۆ شیر پێدانی مناڵەکەتان بگرن، ئەوەش قەیناکا بەمەرجێك ماف و کرێیان بەجوانی و شایستەپێ بدەن، لەخوا بترسن و پارێزکار بن، چاك بزانن کەخوا بینایەبەو کارو کردەوانەی کەئەنجامی دەدەن. لەهەمان لاپەڕەی ئیمام مالیکدا هاتووە لەفەرموودەیەکی زەعیفدا پیاویك پرسیاری کرد لەپێغەمبەر درودی خوای لێ بێت کەکێ لەپێشەکەپێیان ببەخشم پێغەمبەریش درودی خوای لێ بێت فەرمووی باوك و دایك و خوشك و برا، بەکورتیەکەی ئەوەیە ئەگەر کەسەکەبۆخۆی توانای هەبوو زیاتر لەخۆی واجبە یارمەتی باوك و دایك و خوشك و برا بدات،

---

(١٤٨) ـ سورة البقرة الاية ٢٣٣

لەبــەر ئــەوە میــرات لەیەکتــری دەبــەن، هەروەهــا ئینســانی مســوڵمان نابێــت چــروك بیــت وەگــەر زیــاد لەپێویســتی خــۆی هەبــوو دەبێــت یارمەتــی هەژارانیــش بــدات. خــوای گــەورە بەرەکــەت بخاتــە ماڵتانــەوەو ســەربەرزی هــەردوو دونیــا بــن[١٤٩].

٨٧- پرســیار: مامۆســتا مــن پێــش ئــەوەی کەژنەکــەم مارەبکــەم منداڵێکمــان بــوو، بــەڵام ئێســتا لەخــوا بەزیــاد بێــت هەردوکمــان نوێــژ دەکەیــن، ئایــا خــوای گــەورە لەگوناەمــان خــۆش دەبێــت؟

وەڵام: ئەگــەر حوکمــی ئیســلامی هەبووایــە لەهەلومەرجێکــی وادا ئینســان دەتوانێــت بــڕوات بــۆلای قــازی تــا حــەدی لــێ بــدات وەئــەو کاتــە ئــەو حــەدە دەبــووە کەفارەتــی تاوانەکەتــان، بــەڵام ئێســتا کەحوکمــی ئیســلامی نییــە ئــەو کارە ناتوانریــت بکرێــت، دەتوانــن تەوبەیەکــی یەکجارەکــی و ڕاســت بکــەن لەگــەڵ خــوای گــەورەداو کاری چاکــەزۆر بکــەن تــا دەتوانــن وەئومێــد هەیــە کەخــوای گەورەلیتــان خــۆش ببیــت ئەگــەر تەوبەکەتــان لەدڵەوەبێــت و بــەردەوام بــن لەســەر نوێــژو چاکــەکاری، خــوای گــەورەش دەفەرمــوێ {وَإِنِّـي لَغَفَّـارٌ لِمَـنْ تَـابَ وَآمَـنَ وَعَمِـلَ صَالِحـاً ثُـمَّ اهْتَـدَى ([١٥٠])}. دەفەرمــووێ مــن خــۆش دەبــم لەکەســێك کەتەوبەبــکات و وەدواتــر کاری چاکەبکات.وەهەروەهــا دەفەرمــوێ { وَهُـوَ الَّـذِي يَقْبَـلُ التَّوْبَـةَ عَـنْ عِبَـادِهِ وَيَعْفُـو عَـنِ السَّـيِّئَاتِ وَيَعْلَـمُ مَـا تَفْعَلُـونَ[١٥١]} و
خــوای گەورەتەوبــەی بەندەکانــی گیــرا دەکات و وەلەتاوانــەکان خــۆش دەبێــت و وەدەزانێــت چیــت کــردووە. زۆرن ئــەو ئایــەت و فەرموودانــەی

(١٤٩) ـ (تعرف على الاسلام ١/٨٨)و(مجموع شرح المهذ ب١٨/٢٩٧)
(١٥٠) ـ سورة طه الاية ٨٢
(١٥١) ـ سورة الشورى الاية ٢٥

کەباس لەو کەسانەدەکەن کەتاوانیان کردووەو دواتر پەشیمان بوونەتەوە، وەهەتا لەئایەتێکدا هاتووەکە دەفەرموێ کارە خراپەکانیان بۆ دەگۆڕی بەچاکە{إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا(١٥٢)} داواکارم لەخوای پەروەردگار کەئەم ئایەتە بتانگرێتەوەو وەبەردوام بن لەسەر ئەم پەیامە پیرۆزەو منداڵەکاشتان تەمەن دریژو بۆ خوا سوڵحاو بێت ان شاء الله(١٥٣).

٨٨- پرسیار: ئەگەر کەسێك غوسڵی دەرکرد، ئایا پێویستە کەسەرو لەشی تەڕ بکات؟ یان هەر لەشی؟
وەڵام: فەرزەکانی غوسڵ سیانن ١- نیەت هێنانە واتەئەو خۆشتنەت لەبەر غوسڵەکەت بێت وەلەدڵتا بۆ ئەوەبێت کەغوسڵەکەت دەربکەیت ٢- هەر پیسیەك لەسەر لەشت هەبوو پاکی بکەیتەوە وەك چڵك و چەوری و هەرشتێك کەببێتە ڕێگر لەوەی کەئاو بگاتەسەر پێستت ٣- گەشتنی ئاوە بەهەموو لەش. کەواتە بەڵی دەبێت سەرو لەشی هەمووی جوان بشوات و نیەتیشی هەبێت، وەهەموو لەشی تەڕ ببێت نەك هەر لەشی(١٥٤).

٨٩- پرسیار: من کوڕم و ژنم نیە بەڵام حەز بەتێکەڵی کوڕوکاڵ دەکەم، تاچەند گوناهبارم؟
وەڵام: ئەگەر ئەو تێکەڵیەئارەزووت بزوێنێت بە هیچ شێوەیەك

---

(١٥٢) ـ سورة الفرقان الاية ٦٨-٧٠

(١٥٣) ـ (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء ١٩/٢٧٠)و(فتاوى يسالونك ١٨١/٥) و(تنقيح الفصول للقرافي ٤٨٨)

(١٥٤) ـ (منهاج الطالبين ١/١٤)و( مجموع فتاوى الشيخ ابن باز ٢٣٧٩/٦)

دروست نییە ، وەهەتا ئەگەر سەیرکردنی کوڕی جوانکیلە وەك خۆتان دەڵێن ئارەزووتان بزوێنێت سەیرکردنیشیان دروست نییە ، ئەوکاتە حوکمەکەی وەك ئافرەتی لێ دێت بۆتان، بەڵکو خراپتریش چونکە ئەگەر ئارەزووتان ببزوێت، ئەوا ڕێخۆشکەرە بۆ کەوتنە نیو کاری بەدڕەوشتیەوە کەبەناوبانگە بەکردەوەی قەومی لوط، زانایان ڕا جیاوازیان هەیە لەحەدی ئەو کەسەی کەئەو کارەبکات، هەیە دەڵێت هەمان حوکمی زینای هەیە، هەیە دەڵێت هەردووکیان دەبێت بکوژرێن، هەتا هەشە باس لەچۆنیتی کوشتنەکەی دەکات وەك دەڵێت لەبەرزایەکەوە بخرێتە خوارەوە، یان بەشمشێر، یان بەئاگر، بەهەرحاڵ ئەو هەموو ڕاجیاوازیە نابینین کەلەحوکمی زینا کەمتریان باس کردبێت ئەوە دەلالەت لەوە دەکات کەکارێکی زۆر پیسە، وەبۆ ئەوەی نەکەونە ئەو تاوانەوە تێکەڵی کوڕی جوانکیلە! مەکەن خوای گەورە بەدوورتان بگرێت لەو تاوانەوە وەخێزانێکی ساڵحتان بەنسیب بکات[155].

٩٠- پرسیار: من تەمەنم ٢٠ساڵەو دەرچوی بەشی ساڵۆنم، ئایا ئیشەکەم حەرامەیان حەڵاڵ، واتا ئیش کردن لەساڵۆن و حەلاقە، چونکە من گوێ دەدەم بەحەرام و حەڵال.

وەڵام: کاری ساڵۆنی حەرام نییە ، چونکە هەم پیاو وەهەم ژن پێویستیان بەسەر چاك کردن دەبیت، جا دەبێت کەسانێك هەبێت سەریان چاك بکات، بەڵام دەبێت ئەو کارانە نەکات کەحەرامن وەك برۆ لابرن، وەقژی دەستکرد لکاندن بەقژی ئەسڵەوە، هەروەها ئەگەر کەسانێك دەهاتن بۆ ئەوەی بۆ خۆ جوان کردن و دواتر

(١٥٥) - (مجموع فتاوى شيخ الاسلام ابن تيمية ٣٧٥/١٥)و(الاختيارات ٢٩٠)و (فتاوى للشيخ محمحد ابراهيم عبد اللطيف ٣/٧٥)

بـڕۆن خەڵکانـی پـێ لەخشـتەبەرن ئەویـش دروسـت  نییـە ، خـوای گـەورە دەفەرمـوێ{ وَتَعَاوَنُـوا عَلَـى الْبِـرِّ وَالتَّقْـوَى وَلَا تَعَاوَنُـوا عَلَـى الْإِثْـمِ وَالْعُـدْوَانِ(١٥٦) } واتـە هـاوكاری یەكتـر بكـەن لەسـەر چاكـەو چاكـەكاری وەهـاوكاری یەكتـر مەكـەن لەسـەر خراپـەو خراپـەكاری.
گـەر صاڵۆنەكەبـۆ ئەوانـە بـوو برۆیـان هـەڵ بگـرن یـان قـژی سـەناعە بلكێنـن بەقژیانـەوە، یـان بـۆ ئەوەدەهـات كەخۆیـان بڕازیننـەوەو دواتـر خراپـەكاری بكـەن دروسـت  نییـە ، بـەڵام ئەگـەر بۆ ئـەوە نەبـوو ئاساییە، چونكـە ئافرەتـی مسـوڵمانیش زۆر جـار پێویسـتی بەوەدەبێـت كەخـۆی بڕازێنێتـەوەو میكیـاج بـكات و خـۆی جـوان بـكات بـۆ میردەكـەی وەلەوانەیـە خـۆی بـۆ خـۆی ئـەوەی پـێ نەكرێـت وەپێویسـت دەكات بچیـت بـۆ صاڵـۆن(١٥٧).

٩١- پرسـیار: ئەگـەر لەبـازار سـەگێك بـەر جـل و بەرگەكـەت بكەوێـت ئایـا جـل و بەرگەكـەم پیـس بـووە؟ وەچـۆن دەشـۆردرێت؟ هـەروەك جلـی ئاسـایی یـان شـێوەی تـر؟
وەڵام: ئەگـەر تـەڕای دەمـی سـەگ بەرمـان كـەوت یـان جلمـان دەبێـت بەقـوڕ بشـۆردرێت بـەڵام لەبـەر ئـەوەی كەئـەوە ناڕەحەتـە هـەر وەكـو جلـێ تـر بەسـابونیش ئومێـد دەكـەم كەئـەو جێگـە بگرێتـەوە چونكـە قوڕەكـە ئاسـان  نییـە ، بـەڵام ئەگـەر سـەگەكە ووشـك بـوو ئـەوا ئاساییەو هیچـی ناوێـت، بـەڵام زۆر حـەزەر بكـەن لـەوەی كەهـەر بەرتـان نەكەوێـت(١٥٨).

---

(١٥٦) ـ سورة المائدة الاية ٢

(١٥٧) ـ (فتـاوى اللجنـة الدائمـة ١٣٢/١٧)و(موقـع الاسـلام ٥/٦٤٩٨)و(فتـاوى الشـبكة الاسـلامية ٦/٢٥٦)

(١٥٨) ـ (مجمـوع الفتـاوى ابـن تيمية٥٣٠/٢١)و(الحـاوي الكبـير المـاوردي ٣٠٤)و(فتـاوى اللجنـة الدائمـة ١٩٦/٤)

٩٢- پرسیار: مامۆستا گیان لەئیشەکەم بە هۆی منەوە کچێك موسڵمان بووەو پێم ووتوە کەلەبەر من موسڵمان نەبێت و لەبەر خوا موسڵمان ببێت، ئێستا موسڵمانەو ئەیەوێت بیهێنم و منیش پێم خۆشە، بەڵام لەپاشەڕۆژ دەترسم کەبەیەکەوە نەگونجێین، تکایە ئامۆژگاریەکم بکەن.

وەڵام: ئەگەر کەسێك بە هۆی کەسێکەوە مسوڵمان ببێت پاداشتێکی یەکجار زۆری هەیە وەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێ{ فَوَاللَّهِ لأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلاً وَاحِداً خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ (١٥٩) } واتە ئەگەر تەنها کەسێك بە هۆی تۆوە مسوڵمان ببێت و هیدایەت وەربگرێت پاداشتی لەڕانەوشتر زیاترە، ئاشکرایە کەڕانەوشتر بەهایەکی یەکجاری هەبووە لەو سەردەمەدا، جا کێ خوای گەورە بۆی دەکاتەو شەرەفە گەورەی پێ ببەخشێت و خەڵکی لەژێر دەستیدا مسوڵمان ببێت، بەڕاستی ئێمەی مسوڵمان بەتایبەت ئەوانەمان کەلەئەوروپاو ناو نا مسوڵمانەندا دەژین دەبیت وەك هەلێك تێی بڕوانین چونکە ئەو فرسەتە بۆ ئێمە ڕێکەوتووە بۆ زۆر کەس ڕێناکەوێت، بەتایبەت ئەگەر ئیش و کاریشت لەگەڵیاندا بێت ڕۆژانە، کەئەمە فرسەتێکی بەر فراوانترە، دەبیت بەخوڕەوشتی جوان و قسەی بەڕێ و جێی و بیرۆکەی قورئانی پیرۆز وایان لێ بکەین سەرنجیان بۆ لای ئیسلام ڕابکێشین. یەکێکیش مسوڵمان ببێت بێگومان ئەوەی کردوویەتی لەخراپەوە خراپەکاری خوای گەورە لێی خۆش دەبێت وەك خوای گەورە دەفەرموێ { وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ

(١٥٩) ـ(عن سهل بن سعد رضي اللّه عنه؛ أن رسولَ اللّه صلى اللّه عليه وسلم قال لعليّ رضي اللّه عنه : « فَوَاللَّهِ لأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلاً وَاحِداً خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ » خرجه أحمد (٣٣٣/٥، رقم ٢٢٨٧٢)، والبخارى (١٠٩٦/٣، رقم ٢٨٤٧)، ومسلم (١٨٧٢/٤، رقم ٢٤٠٦) . وأخرجه أيضًا : ابن حبان (٣٧٧/١٥

اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا * إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا (١٦٠)} ئەوەی لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کەئەو کەسانەی تاوانبارن بەتەوبەکردنیان خوای گەورە کارە خراپەکانیشیان بۆ دەگۆڕی بۆ چاکە.

جا ئیتر لەبەر تۆ مسوڵمان بووەیان نەئەوە خوا خۆی دەزانێت، خۆ تۆ دڵت نەدڕیوەتا بزانیت، هەروەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت کەبەهاوەڵەکەی ووت لەئەنجامی کوشتی ئەو کەسەی کەشەهادەتی هێنا، کێ ناڵێت مسوڵمانیەتیەکەی بەدڵ نیە، وەئیتر دەکەوێتە سەر خۆت تا چەند لەخۆت ڕا دەبینی و دەتوانیت پارێزگاری لێ بکەیت و بتوانیت ڕایبهێنیت لەسەر ئیسلام و شارەزای بکەیت، چونکەئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر بەرێزتان کەلەسەر ئیسلام پەروەردەی بکەن، هەروەها منداڵەکانتان، گەر خۆت حەزی لێ دەکەیت لەدڵەوەنەك ڕووگیر بوو بیت، بە هۆی ئەوەوە کەمسوڵمان بووەلەبەر تۆ، دەتوانی بیهێنی، وەگەر نا من پێم وایە لەبەر ڕووگیری نەیهێنی باشە،چونکە دوای ئەو ڕووگیریەت نامێنێ و لەوانەیەنەتوانیت ژیان لەگەڵیدا بەردەوام بکەیت و وەببیتە مایەی دڵ ئێشانیشی لەئیسلام، چونکە ئەو کەسانەی کەتازەمسوڵمان دەبن زۆر پێویستیان بەموراعات هەیە، هەر بۆیەدەشبینین، کەزەکات دروستەبۆیان خوای گەورە هەمووومان ڕاگیراو بکات لەسەر ئیسلام و زیاتر شارەزامان بکات لێی.

---

(١٦٠) ـ سورة الفرقان الاية ٦٨ـ٧٠

٩٣- پرسیار: من هەمـوو سـاڵێك لـەدوای یەکـەم ڕۆژی جەژنـی ڕەمـەزان بـەڕۆژوو بـووم لەجیاتـی قـەرزو بـۆ شەشـەڵانیش واتـا نیەتـی هەردوکیانـم هەبـووە بەیەکـەوە، ئایـا شـتێکی باشـم کـردووە؟ ئەگـەر نـا ئایـا ڕۆژە قەرزەکانـی پێشـووم ئەگـەر قبـووڵ نەبـوە دەبێـت بیـان گرمـەوە؟

وەڵام: ئـەم کارە دوو چۆلەکـە بەبەردێـك کوشـتن نییـە ، ڕۆژی شـەوال کەگرتووتانـە وەدوو نیەتتـان هێنـاوە هـەر جێگـەی یەکێکیـان دەگرێـت، ئەگـەر قـەرزار بـوو بێـت بـە هـۆی نەخۆشـی وەیـان هـەر عوزرێکـی شـەرعی، ئـەوە جێگـەی قەرزەکـە دەگرێـت، پێویسـت بەگرتنەوەیـان نـاکات، وەمـادام نەشـتان زانیـوە هـەر هیـچ گرفتێـك نییـە ، بـەڵام ئێسـتەودوا دەتوانیـت قەرزەکانـت بدەیتـەوەو دواتـر شـەوالەکەش بگریـت، کەگرتنـی شـەش ڕۆژ لەشـەوال لەگـەڵ ڕەمەزانـدا خێـری سـاڵێکی تـەواوی هەیـە. جـا بـۆ ئـەوەی ئـەو خەیرەتـان دەسـت بکەوێـت دەبێـت مانگەکەتـەواو بکـەن و شـەش ڕۆژەکـەش بگـرن، خـوای گەورەلیتـان قبـوڵ بـکات[١٦١].

٩٤- پرسیار: ئایا سڵاوات بەتەسبیح جایزەیان نا؟

وەڵام: ئەسـڵ ئەوەیـە سـەڵاوات بەدەسـت بکرێـت خـوای گـەورە زاناتـرە، چونکـە پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت بەدەسـت کردوویەتـی، ئەویـش چۆنـە بەدەسـتی ڕاسـت هـەر پەنجەیـەك سـی و سـێ جـار بەپەنجـە بەرانـە دەیدەیـت لەنێـوان بۆشـای دەسـتت وەدووجـار دەسـتی ڕاسـتت دووبـارە دەکەیتـەوە، دووجـاری یەکـەم لەگـەڵ یـەك پەنجەزیاتـر سبحان الله، دواتـر الحمـدلله، وەکۆتایـی الله اکبـر، یانـی بـۆ هەریەکەیـان سـی و سـێ جـار، وەدوای هەمـووی دەڵێـی {لاالـە الا الله

(١٦١) ـ (سلسلة الهدى والنور ٧٥٣)و(فتاوى يسالونك ١/٨٠)و(فتاوى نرعلى الدرب ٩١٨)

وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد وهوعلى كل شي قدير} بەڵام بەتەسبیحیش هیچ گرفتێکی تێدا نییە ان شاء الله، مادام یارمەتی دەرتان بێت بۆ کردنی ئەو کارەخێرە، بەڵام ڕەچاوی ئەوەبکەن کەخەڵکی پێ مەشغوڵ نەکەن بەتایبەت ئەگەر لەمزگەوتدا بوون، چونکە هەندێك تەسبیح هەیە دەنگەکانیان ئەوەندە گەورەیە کەدەدەن لەیەك دەنگێك دەردەکەن، جا دەکرێت کەسێك لەتەنیشتەوە نوێژ دەکات یان ئەویش سەرقاڵی دوعاو پاڕانەوەیە بەم دەنگە کارەکەی لێ تێك بچێت، وەگەرنا هیچ گرفتێکی تێدا نابینم، گەر کەسێکیش بڵێت مادام پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەیکردووە داهێنراوە (بیدعە) ان شاء الله ناکەوێتە ئەو قاڵبەوە، خوای گەورەش زاناترە[١٦٢].

٩٥- پرسیار: ئایا چاتکردن لەگەڵ هاوڕێکانم کەباسی شتی ناشەرعی ناکەین جایزە؟ واتا هەر قسەدەکەین.

وەڵام: چات واتە گفتوو گۆ وەعادەتەن کەدەوترێت چات زیاتر بۆ ئەوە بەکاردێت کە لەکۆمپیوتەرەو بکریت، کەچات ووشەیەکی ئینگلیزیە، بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو ئاخافتنە بەکۆمپیوتەر بێت، بەتەلەفۆن بێت، بەدانیشتن بێت، هەمووی هەر یەك حوکم دەیان گرێتەوە ئەگەر قسەکان بێ شەرعی نەبوون ناتوانرێت بوترێت جائیز نییە ، بەمەرجێك بەو هۆیەوە کارێکی گرنگ لەدەست نەدەیت، بۆ نمونە سەرقاڵ ببیت پێوەی وەنوێژەکەت بڕوات ئەو کاتەبێ گومان جائیز نابێت، هەروەها دەبێت ئەوەلەیاد نەکەین کەخوای گەورە دەفەرموێت {مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ[١٦٣]} هەر

(١٦٢) -(نيل الاوطار٣/٦٠٢)و(فتاوى شيخ الاسلام ابن تيمية ٢٢/١٨٧)

(١٦٣) - سورة ق الاية ١٨

ووشـەیەك لەزارمانـەوە دەردەچێـت دەنوسـرێت وەدەبێـت بزانیـن چ دەڵێیـن چ ناڵێیـن، هـەر كۆمەڵێـك كەباسـی خـواو ئاینەكـەی تێـدا نەكـرا ئـەو كۆمەڵـە بەبەرەكـەت نابێـت، چەنـد خۆشـە لەئـەو چاتكردنـە بەووتـەی پڕمانـاو بەسـود بڕازێنریتـەوەو باسـی خـواو پیغەمبـەرو ئاینەكـەی تێـدا بكرێـت، وەك چـۆن هاوەڵانـی پێغەمبـەر كەدەگەشـتن بەیـەك بەیەكیـان دەگـووت توخـوا بـا كەمێـك پێكەوەدابنیشـین و دڵـی خۆمـان ئـاو بدەیـن بەقورئـان واز لەكڕیـن و فرۆشـتن و سـەرقاڵی دونیـا بهێنیـن، باسـی شـەریعەتی ئیسـلام بكەیـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دوو قسـەی خـۆش و باسـت و خواسـتی تریـش دەكرێـت، بـەڵام نـەك هـەر بـۆ كات بەسـەر بـردن بێـت چونكـە كات ژیانـە، بەكوشـتنی خۆمـان دەكوژیـن، دەكرێـت ئـەو كاتەخیرێكـی گـەورەی تیـدا بەسـەر ببریـت، خـوای گـەورە بەدورتـان بگریـت لەچاتیـك كەپێـی ناخۆشـە، هەمـوو وتەكانمـان بەوشـێوەیەبێت كەخـوای گـەورە لەقورئانـدا باسـی كـردووەو ئامۆژگاریمـان پـێ دەكات پێـی وەك دەفەرمـوێ {یـا ایها الذیـن آمنـوا اتقـوا الله وقولـوا قـولا سـدیدا(١٦٤)} هەردەم قسـەی بەڕێـی جـێ بكـەن، یـان فەرمـان كـردن بێـت بەچاكـە، یـان بەرگـری كـردن بێـت لەخراپـە، وەیـان یـادی خـوای گەورەبێـت(١٦٥).

٩٦- پرسـیار: بەڕێـزان مـن ئیشـی سـپی دەكـەم لەمەخزەنێـك و عەقدەكـەم بـۆ ٤ مانگـەو مەخزەنەكـە١٠٠٠ جـۆر شـتی تێدایـەو یەكێـك لـەو شـتانە مەشـروبە، وەمەشـروبەكە هەمـوو ڕۆژێـك نیـە، و ڕێژەشـی زۆر نیەلەسـەدا یـەك یـان دووە، ئایـا ئەمەتـا چەندێـك حەڵاڵـە؟

وەڵام: ئەگـەر زۆر زەرور نیـت بـەو كارە باشـتر وایـە وازی لـێ بهێنـی،

---

(١٦٤) ـ سورة الاحزاب الاية ٧٠

(١٦٥) ـ (فتاوى المراة شيخ ابن جبرين ٩٦)و(عون المعبود ٢٩٧/١١)و(الحاوى الكبير ١٧/٩)

خـوای گەورەدەربـارەی مەشـروب دەفەرمـوێ {یـا أيها الَّذيـنَ آمَنـوا إنَمـا الخَمـر والمَيسـر والأَنصـاب والأزلام رِجـس مـن عمـلِ الشَـيطانِ فاجتَنبـوه لَعَلَّكُـمْ تفلحـون(١٦٦)} سـورەتی المائـدة٩٠ لـەم ئایەتـەدا خـوای گـەورە ئامۆژگاریمـان دەكات بـەدوور كەوتنـەوە لەقومـارو مەشـروبات وەبەكـردەوەی شـەیتان ناویـان دەبـات. لەفەرمودەیەكـدا هاتـووە كەپێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوێ{ لَعَـنَ اللَّهُ الْخَمْـرَ وَشَـارِبَهَا وَسَـاقِيَهَا وَبَائِعَهَـا وَمُبْتَاعَهَـا وَعَاصِرَهَـا وَمُعْتَصِرَهَـا وَحَامِلَهَـا وَالْمَحْمُولَـةَ إِلَيْـهِ وَآكِلَ ثَمَنِهَـا(١٦٧)} واتـە خـوای گـەورە لەعنەتـی كـردووە لەمەشـروب، ئـەوەی كەدەیخـوات، ئـەوەی دەیـدات بەدەرخـواردی كەسێكی تـردا ئـەوەی كەدەیفرۆشـێ، ئـەوەی مشـتەری بـۆ پەیـدا دەكات، ئـەوەی هەڵـی دەگرێـت، ئـەوەی دروسـتی دەكات، ئـەوەی كەپارەكـەی دەخـوات. شـتێكی پیسـەو تـا بكرێـت خۆتانـی لـێ بـەدور بگـرن، چونكەدەكرێـت بەمامەڵـە لەگـەڵ كردنـی خواردنیشـی ئاسـایی بـكات لاتـان، دواتـر مـادام گـرێ بەسـتەكەش بـۆ چـوار مانگـەوا دەردەكەوێـت ئەگـەر نەشـی كـەن كێشـەیەكی وا نەبێـت، پشـت بەخـوا ببەسـتن خـوای گـەورەش بەسـەبۆ بشـتیوانی بـەڵام فەتـواش هەیەدەڵـێ ئەگـەر هـەر زۆر ناچـار بوویـت دەتوانیـت بیكەیـت وەبەقـەدەری ئـەوەی كەحەرامەكـەی تـێ دەكەوێـت پارەبكەیـت بەخیـر بـۆ نمونـە لەسـەددا

(١٦٦) ـ سورة المائدة الاية ٩٠

(١٦٧) ـ أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ الْحَافِظُ وَأَبُو سَعِيدِ بْنُ أَبِى عَمْرٍو قَالاَ حَدَّثَنَا أَبُو الْعَبَّاسِ : مُحَمَّدُ بْنُ يَعْقُوبَ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ إِسْحَاقَ الصَّغَانِىُّ حَدَّثَنَا أَبُو نُعَيْمٍ حَدَّثَنَا عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْغَافِقِىِّ مِنْ أَهْلِ مِصْرَ وَمَوْلًى لَنَا يُقَالُ لَهُ أَبُو طُعْمَةَ أَنَّهُمَا خَرَجَا مِنْ مِصْرَ حَاجَّيْنِ فَجَلَسَا إِلَى ابْنِ عُمَرَ فَذَكَرَ الْقِصَّةَ فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ : أَشْهَدُ لَسَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- وَهُوَ يَقُولُ :« لَعَنَ اللَّهُ الْخَمْرَ وَشَارِبَهَا وَسَاقِيَهَا وَبَائِعَهَا وَمُبْتَاعَهَا وَعَاصِرَهَا وَمُعْتَصِرَهَا وَحَامِلَهَا وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ وَآكِلَ ثَمَنِهَا ». أخرجه الطبرانى كما فى مجمع الزوائد (٩٠/٤) أخرجه أحمد (٢٥/٢)، (٧١/٢) (٥٣٩١). و«أبوداود» (٣٦٧٤)

یەکـی تێدەکەویـت وەیـان دوو وەك خۆتـان دەفەرمـوون بەئەنـدازەی ئـەو ڕێژەیـە پارەبکـەن بەخێـر، وەئیتـر خۆشـتان دەزانـن تـا چەنـد ناچـارن بـۆ ئـەو کارە، ئـەم پرسـیارانە لەخـۆت بکـە، ئەگـەر ئـەو کارەت دەسـت نەکەوتایـەچ دەبـوو؟ ئەگـەر نەیکەیـت چ دەبێـت؟. وەخـوای گـەورە موەفەقتـان کات و بەدورتـان بگریـت لەهـەر کارێـك کەخـۆی پێـی ناخۆشـە(١٦٨).

٩٧- پرسیار: ئەگـەر کەسێك جـادووی لێکرابێـت و بە هۆی ئـەو جادووەوە بـێ ڕێـزی بەرامبـەر بەدایـك و باوکی کردبێـت، ئایـا گوناهبارە؟
وەڵام: پێـش هەمـوو شـتێك دەبێـت بزانرێـت بۆچـی جـادوی لـێ کـراوە؟ ئایـا بـۆ خـۆی ڕۆشـتووە بـۆلای جادوگـەر؟ ئایـا بەڕاستی دەزانـێ؟ ئەگـەر وەڵامەکـەی نەخێـر بێـت و بەبـێ ویسـتی خـۆی کارێکـی وای بەسـەردا هاتبێـت وەشـتێکی وتبێـت بـەو هۆیـەوە کەئـاگای لەخـۆی نەبـوو بێـت، واتـە بەویسـتی خـۆی نەبـوو بێـت ئومێـد دەکـەم بکەوێتـە بابـی مغمـی علیـە وەك بێهـۆش، بـەڵام ئەگـەر بـۆ خـۆی ڕۆشـتبێت پێویسـت بەگەڕانەوەیەکـی ڕاسـتی دەکات کەجارێکـی تـر نەگەڕێتـەوە سـەر ئـەو کارە، وەبـۆ پوچـەڵ کردنـەوەی ئـەو جۆرەکارانەپێویسـتەئەم کارانـە بکەیـن: خوێنـدی [باسْـمِ اللَّهِ الَّـذي لاَ يَضُـرُّ مَـعَ اسْـمِهِ شَـيْءٌ فِـي الأرْضِ وَلا فـي السَّـماءِ وَهُوَ السَّـمِيعُ(١٦٩)] بەیانیـان و ئێـواران سـێ جـار، ئایـەت الکورسـی بخوێنیـن پێـش خەوتـن وەدوای نوێـژە فـەرزەکان

(١٦٨) - (مجموع فتاوى ابن باز ٢٦/٤٢٩)و(كتاب نظرية الضرورة الشرعية لجميل مبارك ٣١٦)و(فتاوى مصطفى الزرقا ٥٦٣)

(١٦٩) - ورويـنا في سنن أبي داود والترمذي، عن عثمان بن عفان رضي اللّه عنه قال : قال رسول اللّه صلى اللّه عليه وسلم : « مَا مِنْ عَبْدِ يَقُولُ في صَباح كُلّ يَوْم وَمَساءِ كُلّ لَيْلَةٍ، باسْمِ اللَّه الَّذي لاَ يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الأرْضِ وَلا فِي السَّماءِ وَهُوَ السَّمِيعُ العَلِيم، ثَلاثَ مَرَّاتٍ لَمْ يَضُرَّه شَيْءٌ) أخرجه الطيالسى (ص ١٤، رقم ٧٩)، والترمذى (٤٦٥/٥، رقم ٣٣٨٨)

لەگەڵ قل هو الله احد و قل اعوذ برب الفلق و قل اعوذ برب الناس. وەبەپشتیوانی خوا ئەو کارە پوچەڵ دەکاتەوە.

٩٨-پرسیار: ئایا خواردنەوەی تایگەر (tige-pwer plus) کە جۆرە خواردنەوەیەکی طاقەیە حەرامە یان حەڵاڵە؟

وەڵام: تایگەر ووشەیەکی ئینگلیزیە واتەپڵنگ، وەپاوەر پڵاس، کەدیارە ووشەی پاوەر لەنێوان پ وە دەبلیو ئۆیەك لەبیر کراوە، ئەگینا بەو شێوەیە هیچ مانایەك نادات بەدەستەوە، وەپاوەر واتە هێز کەلەگەڵ پڵاسدا هاتووە ئەویش واتەزیادە، کۆی هەموو مانەکە دەکاتە هێزێکی زیادە، ئەوەی لەو پرسیارە دەردەکەوێت دیارە ئەوە وەك ناوێکەو دانراوە لەسەر خواردنەوەیەك ئیتر خواردنەوەکە هەرچی یە. جا بۆ ئەوەی بزانین ئەو خواردنەوە حەڵاڵە یان حەرامە دەبێت سەیر مکەوەناتەکەی بکەین کە بەئینگلیزی نوسراوە: Ingredients

جا ئەگەر هەرشتێك لەو شتانەی تێدا بوو کەحەرامن وەك مەشروباتی سەرخۆش کەر، ئەو کاتە بێگومان ئەویش حەرامە، دەبیت ئەوەش بکەنە بنەمایەك بۆ خۆتان هەموو شتەکانی تر هەر سەیری مکەوەناتەکەی بکەن چونکە وولاتانی ئەوروپا جێگەی متمانەنین لەڕووی حەڵاڵ و حەرامەوە چونکەخۆیان مسوڵمان نین و گوێی تێ نادەن، جا گەر ئێمەش بێ گوێدانە شتەکان بیان کڕین و بیانخۆین دوور نییە زۆر جار لەخواردنە حەرامەکانیشی بەر بکەوێت[١٧٠].

---

(١٧٠) ـ (المغني ٨/٣٠٦)و الاقناع ٤/٧١)و(اللجنة العليا للافتاء في كردستان ٣٤٣)و(فتاوى ابن عثيمين ١١/٢٥٣)

٩٩- پرسیار: بەڕێزان من خێزانەکەم مەسیحی بوو لەڕێی منەوە موسڵمان بووە ئایا تا چەندێك خێرم گەیشتووە؟

وەڵام: ئەگەر کەسێك بە هۆی کەسێکەوە مسوڵمان ببێت پاداشتێکی یەکجار زۆری هەیەوەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێ {لأن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من حمر النعم[171]} واتە ئەگەر تەنها کەسێك بە هۆی تۆوە مسوڵمان ببێت و هیدایەت وەربگرێت پاداشتی لەڕانە وشتر زیاترە، ئاشکرایە کەڕانەوشتر بەهایەکی یەکجاری هەبووە لەو سەردەمەدا، دەبێت هەوڵی ئەوەش بدەن کەشارەزای بکەن لەئاینی ئیسلام بۆ ئەوەی ئیمانەکەی زیاتر پتەو بێت، وەهەوڵ بدەن لەڕێگەی ئەویشەوە خەڵکانی تر بانگ بکرێت بۆ ئیسلام، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەسانەی کەمسوڵمان نەبوون پێشتر وەدواتر کەمسوڵمان دەبن ئەوان زیاتر دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر خزم و کەس و هاوزمانانی خۆیان، جا ئەگەر شارەزای هەبوو دەتوانێت بەنمونەی ژیرانەو قورئانی خەڵکانی تر بێنەناو ئیسلامەوە، سەرچاوەکەشی بەڕیزتانن سوپاسی خوای گەورەی دەوێت کەکەسانیك هیدایەت وەرگرن لەڕێگەی ئێوەوە، خوای گەورەخێزانتان بۆ بپارێزێ ڕاگیراوی بکات لەسەر ئەم پەیامەپاکە[172].

١٠٠- پرسیار: لوتەوانە یان لەکونێك زیاتر بکەی لەگوێدا ئایا گوناهە؟ خوا لیتان ڕازی بیت.

(١٧١) ـ (عن سهل بن سعد رضي اللّه عنه؛ أن رسولَ اللّه صلى اللّه عليه وسلم قال لعليّ رضي اللّه عنه : « فَوَاللَّهِ لأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلاً وَاحِداً خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ » خرجه أحمد (٣٣٣/٥، رقم ٢٢٨٧٢)، والبخارى (١٠٩٦/٣، رقم ٢٨٤٧)، ومسلم (١٨٧٢/٤، رقم ٢٤٠٦) . وأخرجه أيضًا : ابن حبان (٣٧٧/١٥

(١٧٢) ـ (فتح القدير ٣/٩٣)و(دروس الشيخ عائض القرني ٢١/١٣)

وەڵام: ئەوەی کەبووە مایەی سەرسوڕمانم کەلەئەورپادا بینیم کونی زۆر بوو لەگوێدا، کەسی وا هەیە ئەوەندە کونی تێدایە بەئاسانی ناژمێردرێت! ئومێد دەکەم کارەکانی ئێمە چاو لێکردن نەبێت تا ئەو هەڕەشە نەمانگرێتەوە کەپێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرمویٚ { مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ [173]} ابو داود ڕیوایەتی کردووە. واتە هەرکەسێك خۆی بچوێنێ بەقەومێك ئەوە لەئەوانە، ئەوەپێم خۆش بوو وەك ئاگاداریەك لەپێش چاوتان بێت، بەنسبەن کون کردنی گوێ زانایان فەتوای ئەوەیان داوە کەدروستە ئافرەت گوێی کون بکات، بەڵام نەمدیووە کەباس زیاتر لەکونێك بکەن، هیچ دەقێکیشم نەدیوە لەسەری کەبەڕەوای نەزانێ، هەروەها بۆ لوت کون کردنیش، بەڵام بەکارێکی باش دانەنراوە لەبەر ئەوە لوت ناشرین دەکات بەکون کردن تێی، دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا بیت و ئەو کارەی تێدا نەکرێت کردنی باش نییە بەڵام لەکۆمەڵگەیەکدا بیت و هەمووی بیکات ئەو کاتە نابیتە جێگەی ئەوەی کەبەجۆرێك سەیر بکرێیت، هەندێك لەحەنەفیەکان ئەم بۆچونەیان هەبووە لەسەر کون کردنی لوت. بێگومان ئافرەتی مسوڵمانیش داپۆشراوە نابێت کەگوێی کون کرد گوێی دەربخان وەك لەهەندێك وڵات سەرپۆشەکان لەپشتەوە دەبەستن بەجۆرێك مل و گوێیان دەردەکەوێت، بەڵام لەماڵەوەو لەگەڵ موحرەمەکاندا ئاسابییە. ئەوەش دەبێت لەپێش چاو بگرین کەنابێت زیادەڕۆی لەکارەکاندا بکەن، خوای گەورە سەرفرازتان کات[174].

(١٧٣) ـ وَعَنِ اِبْنِ عُمَرَ -رَضِيَ اَللَّهُ عَنْهُمَا- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اَللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - { مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ, فَهُوَ مِنْهُمْ } أخرجه الترمذي (٢ / ١١٦) صحيح. رواه أبو داود (٤٠٣١).

(١٧٤) ـ (اللجنة الدائمة للافتاء٢٤/٣٦)و(البخاري ٤٩٥١)و(فتاوى الشيخ الفوزان ٣٢٤/٣)

١٠١- پرسیار: مامۆستا من لەغوسڵ دەرکردن زۆرم پێدەچێت و پێم وایەپاك نابمەوە، تکایە هاوکاریم بکەن.
وەڵام: زۆر پەنا بەخوای گەورە بگرەو، زۆر ئیستیعازە بخوێنە واتە ووتنی اعوذ بالله من الشیطان الرجیم، ئەو بیرەش لەدڵی خۆتان دەرکەن کەپاك نابنەوە، هەر کەخۆتان شت، دواتر سێ جار ئاوی پاك بکەن بەخۆتاندا، هەتا ئەگەر لەدڵیشدا وات زانی غوسلەکەت دەرنەچووە لەبیری خۆتی دەربکەو واز لەخۆشتنەکە بهێنن، بۆ ئەوەی زیاتر وەسوەسەتان بۆ دروست نەبێت، خوای گەورەیارو یارمەتی دەرتان بێت(١٧٥).

١٠٢- پرسیار: مامۆستا ئەگەر پیاو لەکۆمەوە لەگەڵ خێزانی جووت بێت تەڵاقی دەکەوێت؟
وەڵام: چوونە لای خێزان لەکۆمەوە کارێکی حەرامەو، وەزۆر زیان بەخشیشە لەڕووی تەندروستی یەوە، جگەلەوەی کەکارێکی پیسەو وەکاریگەری سلبی لێ دەکەوێتەوە دواتر، هەروەها نابێتە مایەی منداڵ دروست کردنیش، کەیەکێك لەئامانجەکانی خێزان دروست کردن زیاد کردنی وەچەیە، هەروەها ئافرەت ناگات بەچێژی جنسیش بەکردنی ئەو کارە، هۆکارێکە بۆ نەخۆشی و، وەهەروەها نەخۆشی دەرونیش وەك وەسوەسە. خوای گەورە دەفەرموێ {نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ (١٧٦)} واتە ئافرەتەکانتان کێڵگەن بۆتان، وەئاشکراشە کەجێگەی ئەو کێڵگەیە پێشەوەی ئافرەتە، چونکە هەر ئەوێشە جێگەی منداڵ بوون کەمانای کێڵگەیە کەڕوون دەکاتەوە. پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێ { مَلْعُونٌ مَنْ أَتَى امْرَأَةً

(١٧٥) ـ فتاوى نور على الدرب ٧/٣٢١
(١٧٦) ـ سورة البقرة الاية ٢٢٣

فِـي دُبُرِهَـا (١٧٧)} واتـە مەلعونـە ئـەوەی کەلـەدواوە بچێتـەلای خێزانـی.
وە ابـن تەیمیـەش دەفەرمـویَ ئەگـەر ئـەو کارە کـرا دەبیـت لێـك جیـا بکرێنـەوە، لەوانەیـە ئەمەبێـت کەدەڵێـن تەڵاقـی دەکەوێـت چونکـە بـۆ جیـا دەکرێنـەوە لەیـەك واتەتەڵاقـی کەوتبێـت، بـەڵام هیـچ ئایەتێـك وەیـان فەرموودەیەکـم نەدیـوە کەبڵـی تەڵاقـی دەکەویـت، بـەڵام ئـەو کارەکارێکـی قێزەونـەو حەرامـە، دەبێـت خۆتانـی لـێ بـەدوور بگـرن، وەلەڕوویەکـی تـرەوە چاوکردنـە لەکۆمەڵگـەی ئەوروپـی، کەژیـان لایـان هـەر جنسـەتا گەشـتوونەتە ئـەو ڕادەی هیـچ شـەرم و حەیایـەك لایـان نەمـاوە بەهەمـوو جۆریـك مومارەسـی دەکـەن، خـوای گـەورە مسـوڵمانانی لـێ بـەدوور بگرێـت(١٧٨).

١٠٣- پرسـیار: ئایـا پێغەمبـەر صلـی الله علیـه وسـلم جیـاوازی کـردووە لەنێـوان خێزانەکانیـدا؟ واتـا ئایـا مەیلـی زیاتـر بـووەب ۆ خێزانـی بچوکـی، وە ئایـا لەیـەك کاتـدا لـە ٤ ژن زیاتـری هەبـووە؟
وەڵام: پێغەمبـەر صلـی الله علیـه وسـلم لەیـەك کاتـدا زیاتـر لەچـوار ژنـی هەبـووە، بـەڵام جیـاوازی نەکـردووە لەنێـوان خێزانەکانیـدا، کـە لەشـەرعدا جیـاوازی نەکـردن لەنیـوان خێزانـدا سـێ شـت دەگرێتـەوە١- خـوارن دان پێیـان واتـە مەسـروف کردنیـان ٢- پۆشـاك کڕیـن بۆیـان ٣- جێگـەی حەسـانەوە.
بـەڵام خۆشەویسـی زیاتـر هەبـوو بێـت بـۆ یەکێکیـان ئـەوە لـەڕووی شـەرعەوە خـوازراو نییـە ، چونکـە ئـەو لەدەسـتی مـرۆڤ خۆیـدا نییـە

(١٧٧) ـ عَـنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ? قَـالَ : قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ? : « مَلْعُـونٌ مَـنْ أَتَـى امْـرَأَةً فِي دُبُرِهَـا » . أخرجـه أحمـد (٤٤٤/٢، رقـم ٩٧٣١)، وأبـو داود (٢٤٩/٢، رقـم ٢١٦٢)

(١٧٨) ـ (فتـاوى الرملـى ٣/١٨٤)و(فتـاوى الشـبكة الاسـلامية ٧/٩٧٣)و(الفتـاوى الفقهيةالكبرى ١/٤٢)

، ئێستە تۆ دەتوانیت ئەو پرسیارە لەخۆت بکەیت؟ ئایا دایك و باوکت و براو خوشکەکانت بەقەدەر یەك خۆش دەویێن وەیان ئەگەر خاوەن منداڵیت منداڵەکانی خۆتت بەقەدەر یەك خۆش دەویێن؟ شتیك نییە مرۆڤ بتوانێت تەحەکومی تێدا بکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە وا نەکات کەنادادگەر بیت لەنێوانیاندا ئەوە داواکراوە لەشەرعدا[١٧٩].

١٠٤- پرسیار: ئایا نوێژ قبوڵە گەر قسە لەگەڵ خزمەکانت نەکەیت؟
وەڵام: دروست نییە بۆ هیچ مسوڵمانێك کەقسە لەگەڵ خزمانی، ئیمانداران، هاوڕێکانی، ببڕێت زیاتر لەسێ ڕۆژ وەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێ { لا تَبَاغَضُوا وَلا تَحَاسَدُوا، وَلا تَدَابَرُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا، وَلا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاثِ لَيَالٍ([١٨٠])} بوخاری ڕیوایەتی کردووە، بەڵام نوێژ ان شاء الله هەر قبوڵە ئەگەر مەرجەکانی خۆی تێدا بێت، بەڵام ئەو کارە پێی تاوانبار دەبیت، دەبێت ئەوەش بزانین بۆ نوێژ دەکەین؟ بۆ کێی دەکەین؟ بۆچی دەیکەین؟ بێگومان لەبەر خوایە، لەبەر ڕەزامەندی ئەوە، هۆی بڕینی سیلەی ڕەحممان لەگەڵ خزمانماندا دەبیتەمایەی ناڕەزامەندی خوای گەورەو، دەبێت هەوڵ بدەین نێوان ئێمەو خزمانمان زۆر باش بێت وەمادام نوێژکەرو خوا پەرستیش بیت ئەوەزۆر لەپێشترەتا نەبینە مایەتۆرانی خەڵکیش لەئیسلام هەروەك جیهانی ئیسلامی

(١٧٩) ـ (العليل الكبيرص١٦٥)و(الكامل في الضعفاء ٨/٤٤٦)و(الجامع الصحيح ٢٥٩٣ )

(١٨٠) ـ وعن أنس - رضي الله عنه - أنَّ النَّبيّ - صلى الله عليه وسلم - قَالَ : « لا تَبَاغَضُوا، وَلا تَحَاسَدُوا، وَلا تَدَابَرُوا، وَلا تَقَاطَعُوا، وَكُونُوا عبَادَ الله إخْوَاناً، وَلا يَحلُّ لمُسْلمٍ أنْ يَهْجُرَ أخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ » . متفق عَلَيْهِ . خرجه مسلم (١٩٨٦/٤، رقم ٢٥٦٣) . وأخرجه أيضًا : أحمد (٣٩٣/٢، رقم ٩٠٩٨

ئەمڕۆ پێوەی دەناڵێنێ، ئەو دەڵێ سەیر ئەوە لەخۆیدا مسوڵمانە چ دەکاو چ دەکا؟! کەسانی تریشی پێ دوور بخەنەوە لەئیسلام و ئەو شەریعەتە پاك و نازارە بە هۆی ئێمەوە ڕووکەشێکی خراپ نیشان بدات[181].

١٠٥- پرسیار: ئایا شیعەو سونە چۆن سەری هەڵداوە؟ وە جیاوازیان چییە؟

وەڵام: لەسەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دا درودی خوای لێ بێت شتێك نەبووە پێی بوترێت شیعەو سونە ئەوەی کەئێستا کەسانێکی زۆری پێوەی گیرۆدە بووە، سەرەتای دروست بونی شیعە دەگەڕێتەوەب ۆ زەمەنی ئیمامی عەلی ڕەزای خوای لێ بێت، ئەویش بە هۆی خۆشەویستیان بۆ ئیمامی عەلی، بەڵام چ خۆشەویستیەك! جیاوازیەکان زۆرن، هەروەها شیعەش جۆریان هەیە هەیانە گەشتوونەتە ئاستی کافرێتی، هەشیانە کەمترو، هەشیانە جیاوازیەکان زۆر کەمن وەك زەیدیەکان ئەوانەی کەزیاتر لەیەمەن هەن. هەیانە قورئان تەحریف دەکەن و بەجۆرێك تەفسیری دەکەن نەلەڕووی زمانەوانەیەوە یەك دەگرێتەوە وەنەلەڕووی ژیریشەوە! یانی بەبێ هیچ بنەمایەکی شەرعی هەر بەئارەزووی خۆیان دەیکەن! شیعە بەجۆرێك دەڕواننە ئیمام کە هیچ هەڵەیەك ناکات و بێ تاوانە، بەڵام لەناو سونەدا بەپێچەوانەوە، هەندێکیان بەدوانزە ئیمامی بەناو بانگن و وەهەموو ئیمامەکان بەبێ تاوان دەزانن. شیعەزۆر بێ ئەدەبانەقسەبەهاوەڵانی پێغەمبەر دەڵێن وەك عومەرو عوسمان، هەروەها بەعائیشەی خێزانی پێغەمبەر، پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێ جوێن بەهاوەڵانم مەدەن وەك

(١٨١) ـ (المناوى ٢/٥٤٠)و(المرقاة ٦٥٨/٨)و(البخاري ٥٩٨٧)

لەم فەرموودەدا هاتووە{ لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابِى فَوَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ [١٨٢]} بوخاری لەباوکی سەعیدی خودری یەوە گێڕاویەتیەوە. هەڵەکانیان زۆر زۆرن. خوای گەورەپەنامان بدات لەوەی کەبەدەم قورئان و هاوەڵانی پێغەمبەرەوە درودی خوای لێ بێت دەیڵێن [١٨٣].

١٠٦- پرسیار: مەرجە ئەو کەسەی کەئیسلام بێ ئەبێت حافظ قورئان بێ؟ من هەوڵم داوە ببم بەحافظ قورئان بەڵام دایك و باوکم ناڕاین لەسەر ئەو کارە ئایا گوناح بار دەبم؟

وەڵام: مەرجە ئینسان شارەزای هەبێت لەسەر بنەماکانی دین و حەڵاڵ و حەرام، چونکە هەموو مسوڵمانیك پێویستی پێیان دەبێت ڕۆژانە، بۆ نمونە نوێژ کرنە، ڕۆژوو گرتنە، حەجە، زەکاتە چۆنێتی دانی و کردنیان، ئەم کارانەدەبێت هەموو مسوڵمانێك بیان زانێت بەنەزانینی گوناهبار دەبێت بۆ نمونەنە زانێت ڕۆژوو چۆن بگرێت، یان چۆن نوێژ بکات، یان زەکاتی ماڵەکەی دەربکات، هەروەها حەڵاڵ و حەرام، بەڵام مەرج نییە حافز قورئان بێت، پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت هاوەڵی وای هەبوو تەنها چەند سورەتێکی بچوکی لەبەر بووە، هەش بووە حافز بوو. بەڵام گرنگەکەزۆر پێداگر بین لەسەر شارەزایمان لەقورئان زیاتر لەهەموو شتەکانی تر چونکەقورئان یەکەم و گرنگترین سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامە، تا قورئانمان

---

(١٨٢) ـ عَنْ أَبِى سَعِيد قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّه -صلى الله عليه وسلم- :« لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِى فَوَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ أخرجه الطيالسى (ص ٢٩٠، رقم ٢١٨٣)، وأحمد (٥٤/٣، رقم ١١٥٣٤)، وابن أبى شيبة ٤٠٤/٦، رقم ٣٢٤٠٤)، وعبد بن حميد (ص ٢٨٧، رقم ٩١٨)، والبخارى (١٣٤٣/٣، رقم ٣٤٧٠)

(١٨٣) ـ (الكشاف للزمخشري ٦٤/١)و(الملل والنحل ٧٩/١)و(الامم والملوك ٢٢٩/٢)و(البيان والتبين ٢٨٩/٢)

زیاتـر لەبـەر بێـت پلـەی بەهەشـتام بەرزتـر دەبێـت لـەڕۆژی دوایـدا خـوای گـەورە پێمـان دەفەرموێـت قورئـان بخوێنـەوە بـەرز بەرەوەتـا ئـەو کاتـەی کەدەوەسـتین لەقورئـان خوێنـدن، شـوێنی وەسـتانەکەمان دەبێتـەدوا پلـەی بەهەشـتمان، جگەلـەوەی کەقورئـان شـەفاعەت دەکات بۆمـان لـەڕۆژی دوایـدا. دایـك و باوکتـان دەبوایـەد ەسـتیان مـاچ بکردایەیـت مـادام تـۆ ئەوەنـدەی پێداگـری لەسـەر لەبەرکردنـی قورئـان کەبێگومـان پلـەی ئەوانیـش بـە هـۆی تۆوەبـەرز دەبێتـەوە لەبەهەشـتدا، خـوای گەورەبـە بـەزەی خـۆی ئـەو دایـك و باوکانـەی کەپلـەی بەهەشـتیان نزمتـرە لەمندالەکانیـان بـە هـۆی منداڵەکانیانـەوە بەرزیـان دەکاتەوەتـا دەگەنـەلای منداڵەکانیـان، ئـەوەی فرسـەتێکی زۆر باشـەبۆ ئـەوان کەخۆشـیان مانـدوو نابـن و ئـەو پلەبەرزەشیان دەسـت دەکەوێـت، بەڕێزیشـتان دەتوانـن هـەر بـەردەوام بـن و هـەوڵ بـدەم لەگـەڵ دایـك و باوکتانـدا کـەڕازی ببـن، ئەویـش بـە هـۆی یارمەتـی دانیـان و بەدەمـەوە چوونیانـەوە. خـوای گەورەدڵـی دایـك و باوکیشـتان نـەرم بـکات و هەمووتـان بـۆ ئـەم پەیامەپـا کەگونجـاو بـکات و وەبەخۆشـیش لـەدواڕۆژدا یـەك بگـرن. وەمەرجیـش نییـە ئەگـەر ئـەوان ڕازی نەبـوون ئیتـر بەڕێزیشـتان ئـەو کارە خێرەڕابگـرن بەڵکـو بەبـێ ڕەزامەنـدی ئەوانیـش دەتوانیـت هـەر بـەردەوام بیـت(١٨٤).

١٠٧- پرسـیار: ئایـا دروسـتە داوا لەمـردوو بکەیـت یـان بیکەیتـە واسـتە لەنێـوان خـۆت و خـوادا؟

وەڵام: نەخێـر بـە هیـچ جۆرێـك دروسـت نییـە و خـوای گـەورە پەنامـان بـدات لـەو جـۆرە کارانـە، خـوای گـەورە پێویسـتی بەواسـیتە نییـە و لەهەمـوو کـەس نزیکتـرە لێمانـەوە، ئیتـر چ پێویسـت دەکات کـە داوا

(١٨٤) ـ (الاخلاق بين الفلاسفة وعلماء الاسلام ٤٣/٤٧)

لەكەسێكی تـر بكەن، ئایا بـاوەڕی بـەم ئایەتـە نییـە ، ئەگـەر وەڵامەكـەی بەڵـێ بێـت كافـر دەبێـت، وەگـەر نەخێـر بێـت ئیتـر بـۆ داوا لەكەسـێكی تـر دەكات، ئـەو كارە هاوەڵدانانـە بـۆ خـوای گـەورە، دانـی مافـی خـوای گەورەیـە بەمـردوو، كەئەمەسـتەمە لەخـوای گـەورە كەخـوای گـەورە مافـی ئـەوەی هەیـە بەسـەرمانەوە داوای لـێ بكەیـن وەمـردوو پێویسـتی بەدوعـای ئێمەیـە، نـەك ئێمـە پێویسـتمان بەواسـیتەی ئـەوان بێـت، خـوای گـەورە دەفەرمـوێ {وَالَّذِيـنَ جَـاءُوا مِـنْ بَعْدِهِـمْ يَقُولُـونَ رَبَّنَـا اغْفِـرْ لَنَـا وَلِإِخْوَانِنَـا الَّذِيـنَ سَـبَقُونَا بِالْإِيمَـانِ وَلَا تَجْعَـلْ فِـي قُلُوبِنَـا غِـلًّا لِلَّذِيـنَ آمَنُـوا رَبَّنَـا إِنَّـكَ رَءُوفٌ رَحِيـمٌ[١٨٥]} نـەی فەرمـووە ئێـوە داوایـان لـێ بكـەن و بیانكـەن بەواسـیتە. كردنـی ئـەم كارە ترسـتانكترن كارەو پێویسـتی بەتەوبەیەكـی ڕاسـت و دروسـت هەیـە[١٨٦].

١٠٨- پرسـیار: ئایـا ئـەو شـیرەی یـان ئـەو ژەكـەی مەمكـی ئافـرەت كەبەجلـەوە دەلكێـت ئایـا نوێـژی دروسـتە؟ واتـا جلەكـە دەتوانیـن نوێـژی پێوەبكەیـن؟

وەڵام: بەڵـێ دروسـتەو مـادام خوێنـی پێـوە نەبێـت، ئـەو ژەگەپاكـە، ئـەوەی پیسـەو دەبێـت بشـۆرێت، خوێنـە، كێمـە، پیسـاییە، چ پیسـی دواوەوەبێـت یـان پێشـەوە. بـەڵام باشـتر وایەكەئینسـان پـاك بوخـت و ڕێكـو پێـك بێـت كاتیـك كەنوێـژ دەكات، ئەگـەر دەسـتێكی تـەڕی پێـدا بهێنرێـت زۆر باشـەبۆ ئـەوەی بۆنەكـەی بـڕوات. جۆرەلۆكەیـەك هەیـە كەئافرەتـان بـەكاری دێنـن دەیخەنەسـەر مەمكیـان بـۆ ئـەوەی جلەكانیـان تـەڕ نەبێـت، ئەگـەر ئـەوە بەكاربێـت زیاتـر پاكـو تەمیـزی

(١٨٥) ـ سورة الحشر الاية ١٠

(١٨٦) ـ (الفتاوى الهندية ١/٢٦٦)و(الشفاء ٢/٩٢)

دەپارێـزی[187].

١٠٩- پرسـیار: لەدوکانـی پیزاکانـی بەریتانیـا گۆشـتی قـەل بەبـەراز دەدەن، واتـا لای مشـتەریەکان دەڵێـن بـەرازەو ئـەم حەڵالـە حـەرام دەکـەن، ئایـا ئەمانـە گوناهبـارن؟

وەڵام: زۆر ڕاستە خۆشم ئەوەم بینوە هەیە گوشتی قەل دەفرۆشی بەنرخی بەراز کاریکی نادروست وناشە رعە، بەڵام ئەوە ناچێتە ئەو باسەوە کەحەڵاڵ حەرام بکەن، چونکە ئەوە تەنها کاری خوای گەورەیە، گەر بێت و کەسێك حەڵاڵێك حەرام بکات، وەیان بەپێچەوانەوە حەرامێك حەڵاڵ بکات بێگومان پێی کافر دەبێت، بەڵام ئەو کەسانەی کەئەو کارەدەکەن ئەوە نییە کەحەڵاڵ حەرام بکەن وەیان حەرام حەڵاڵ بکەن، تەنها لەبەر موشتەریەکە ئەوان داوای بەراز دەکەن کابرای خاوەن دوکان گۆشتی قەل دەکات بەسەر پیدزاکەداو بەنزخی بەراز دەیدات بەمشتەری، بەڕاستی ئەمە کارێکی نەشیاوە فێڵ و درۆی تێدایە، وەنابێت بکرێت، خوای گەورە ڕۆزی دەرەئەو کەسەی مادام خوای گەورە ئەوەندەی پێداوە هەق نییە ئەوەندە ماف بدات بەخۆی کەدرۆ بکات لەگەڵ خەڵکدا، لەکاتێکدا بەهەزاران کەس هەیە کەتوانایان نییە پیدزایەکیش بکڕن، بەڵام کابرا لەبەر ڕەواج دان بەکارەکەی قەل بکات بەبەراز، بەهەزاران کەسیش هەیە دوکانی هەیەو بەرازیشی تێدا نافرۆشێت، با چەند پاوەندێك کەمتر بێت و بێ غەل و غەش و درۆ بێت خوای گەورەش بەرەکەتی تێ دەخات ان شاء الله[188].

(١٨٧) ـ (حاشية القليوبي ١/٨١)و(شرح المهذب ٢/٥٨٧)و(الانصاف ١/٣٤٣)

(١٨٨) ـ (مجموع فتاوى ابن تيمية ٢٢/١٧٩)و٠فتاوى اللجنة الدائمة ٢٨٢/٢٢)و(كشاف القناع عن متن الاقناع ١٨٤/١)

١١٠- پرسیار: من ٥ برام لەژیانە ماوە بەخۆمۆ لەگەڵ ٢ خوشك+دایکم. ئیمە لە١٩٨٦ باوکمان ئەمری خوای کردووە ئەو کاتە بەپێی شەرع ماڵمان بەش کردووە بۆ ئەوەی هەر کەس هامشۆمان بکات شتمان بخوات نەڵێت حەرامە ئیتر نازانم تا چەند ئەمە دروستە؟. من و ٢ برای ترم لەگەڵ خوشکێکم تەمەنمان لەخوار ١٨ساڵۆ بوو کەبراکەم چووەژێر باری هەڵ گرتنی بەشی ئیمە کەلەبیرمەیەکێ ٤٧٠ دینارمان بەر کەوت بەڵام ئیستا برا گەورەکەم کەکاتی خۆی خاوەنی ماڵو مناڵ بوو لێمان جیا بوو ١٩٩٦ ئەمری خوای کردووەئیستا خیزان و مناڵەکانی داوای بەشی میرات دەکەن،ئەو کاتەش ئەو گەردنی ئیمەی ئازاد کردووە لەو ماڵە ئایا هیچ شتێکی لەو ماڵەدەکەویت. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەمن و برایەکم لەئەورپاین. وەئەو ٣ براکەم ژنیان هیناوە لەسەر ماڵن وەخوشکەکەشم شووی کردووە.بەڵام ئیستا حاڵ و ماڵمان باشە خراپ نیەتەنها من و ئەو برای ترم کە لەئەوروپایە کەم دەرامەتین و خاوەن ماڵ و مناڵین.

وەڵام: برا گیان خوای گەورە لەباوك و براکەشتان خۆش بوو بێت و وەنەبێتە مایەی ناکۆکیتان ان شاء الله، خوای گەورە موەفەقتان بکات و سەرفراز بن کارێکی زۆر باشتان کردووە لەوەی کەماڵەکەتان بەشێوەیەکی شەرعی بەش کردووە، کاتێك ئێوەو ئەو براو خوشکەی تریشتان کەوتوونە تەلای ئەو برا کۆچکردووەتان ئەگەر ئەو پارەی کەبەبەر ئێوەکەوتووەوەك قەرزێك لای بووەئەوا ئێستە دەبێت ئەو برەپارەیە لەماڵەکەی براکەتان دەربکەن پێش بەش کردنی، وەگەر واش نەبووەو ئەو ئەرکی بەخێو کردنی ئێوەی گرتۆتە ئەستۆو گەردەنی ئازاد کردوون لەماڵەکەی وا پێ دەچێ لەو گەردەن ئازادیە ئەوەبێت کەئێوەوەك ماڵی خۆتان تەسەروف بکەن ئەویش بەمانی خۆی نەك بەو مانا دوای مردنیشی ماڵەکەی

بـەن بـۆ خۆتـان، گـەر وەسیەتیشـی کردبێـت و ماڵەکـەی دابێـت پێتـان هەمـووی ئـەوا تـا سـێ یەکـی شـەرع ڕێگـەدەدات بیبـەت وەباقیەکـەی دەبێـت بەپێـی شـەرع بـەش بکرێـت، مـن نازانـم ئایـا ئـەو براتانەچەنـد منداڵـی هەیـەو چەنـدی کچـەو چەنـدی کـوڕەو چەنـد ژنـی هەیـەو ئایـا دایکتـان هـەر ماوەلەژیانـدا ئەگینـا دەمتوانـی نەتیجەیەکـی ئاسـانم بدایـەت بەدەسـتانەوە بـەڵام بـرا گیـان ئـەم مەسـەلانەتۆزێك ئاڵـۆزەو پێویسـت بـەوەدەکات کەبەئامادەیـی هەمووتـان وەگـەر هـەر نەکـرا زۆربەتـان بچنـەلای مامۆسـتایەکی شـارەزای دینـی و کـۆی سـەروەتەکەی پـێ بڵێـن ئـەو کاتەهـەر کەسـەو بەشـی خـۆی نیشـان دەدرێـت وەمەسـەلەی هـەژاری وەیـان دەوڵەمەنـدی لـەم مەسـەلانەدا جیـاوازی نـاکات لەبـەش کردنـی ماڵەکـەدا مەگـەر کەسـی بەرانبـەر خـۆی وازی لـێ بهێنـێ و بەخـۆ بەخشـی بیـدات بەبەرانبـەر. بـەڵام لـەم مەسـەلەیەدا مـادام براکەتـان ژن و منداڵـی هەیـە ئێـوە هیچتـان بەرناکەوێـت بـۆ نمونـە ئەگـەر براکەتـان ١ ژن و ٢ کـوڕو ٢ کچـی هەیـە لەگـەڵ دایکتانـدا وەبـۆ نمونـە ١٠٠٠ دینـاری بەجـێ مـاوی هەیـە ئـەوا نەتیجەکـەی بـەم شـێوەیە دەبێـت

دوو کوڕەکە/٣٦ = ٤٧٢,٢٢

دوو کچەکە٧٢/١٧ = ٢٣٦,١١

دایکەکە ٦/١ = ١٦٦,٦٧

ژنەکەی ٨/١ = ١٢٥

کۆی هەموو ١٠٠٠ دینارەکەی کرد هیچی نەماوەبۆ کەس[١٨٩]

١١١- پرسـیار: مـن ژنەکـەم هـەر بـەزۆر لەسـلێمانی و لەئەوروپـا تڵاقـی لـێ وەرگرتـم وەئێسـتە پێنـج شـەش مانگـی بەسـەردا چـووە، ئێسـتە

(١٨٩) ـ (کتاب التحفة باب المیراث )و(موطا مالك کتاب الفرائض )

دەمانەوێت ڕێ بکەوینەوە، جا ئایە دەتوانین لەڕێگەی شەرعەوە وەیان نابێت؟
وەڵام: خوای گەورە ئارامی بەهەموو لایەکمان ببەخشێن زوو بڕیاری پێش وەخت نەدەین. برا گیان تەڵاقەکەتان کەوتووە. وە لەشەرع دا بەم جۆرە کارە دەوترێت خلع واتە داڕنینی تەڵاق لەخۆ وەچونکە ئافرەتەک ەبەئارەزووی خۆی بووە گرێ بەستەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام مادام دەتانەوێت دووبارە پێکەوە بژین زۆر ئاساییە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناو ژیانی هاوسەرێتی بەڵام دەبێت بەگرێبەستێکی تازە واتە هەر چۆن یەکەم جار زەواجتان کرد ئەمجارەش دەبێت دووشاهید و سەرپەرشتیاری کچەکە ئامادەبن و وەگرێبەستێکی تازە ئەنجام بەن دواتر لەیەکتر حەڵاڵن. خوای گەورە یارو یاوەری هەموولایەك بێت[190]

١١٢- پرسیار: ئایە فیدیە واتا هی ئەو ڕۆژانەی کە لە ڕەمەزاندا نەگیراوە بە پارە ئەی قەبڵێنی ئەتوانی دوای ڕەمەزان بییەی، وە هەر ڕۆژێك بە چەند ئەقەبڵێنرێت بە دۆلار.
وەڵام: بەڵێ بەڕێز گیان دەتوانن بیدەن وەڕێژەکەشی هەر ڕۆژەو بەقەدەر سەرفترەی کەسێکە ئێستە بەڕێزتان دەزانن لەو وولاتەی لێی دەژین چەند دانراوە بۆ سەرفترەی کەسیك وەبەپێی ئەوەدەتوانن حسابی بکەن بۆ نمونەهەموو مانگەڕۆژووتان نەگرتووە وەبۆ کەسێك ١٠ دۆلار سەرفتر ەبووە بەپێی ئەوەهەر ڕۆژەو ١٠ دۆلار دابنین، خوای گەورە لێتانی وەرگرێت و سەرکەوتوو بن. خێری سەدەقەتان دەگات لەم سەرفترەدانەدا[191].

(١٩٠) ـ (فتاوى نور على الدرب ٣٢٤)و(فتاوى شيخ الاسلام ابن تيمية ١١/٥٢٩٩)
(١٩١) ـ (المغني ٤/٣٩٦)و(الموسوعة الفقهية ٥/١١٧)و(مجموع فتاوى ابن باز ١٥/٢٠٣)

١١٣- پرسیار: من کچێکم خۆش دەوێت بەڵام نازانم چۆن پێی بڵێم وە ئایا باشترین ڕێگەب ۆ من چی یەو چۆن پێی بڵێم؟

وەڵام: برا گیان خوای گەورە سەرکەوتووتان کات و ئەگەر ئەم کارەش خێری تیایە بەڕێکو پێکی بتان گەیەنێت بەیەك. کچێکت خۆش دەوێت نازانی چۆن پێی بڵێ ئامان نەکەویتە ژێر کاریگەری کەسانی ترو خۆت توشی تاوان بکەیت. برا گیان زۆر ئاسایی دەتوانیت داوای بکەین بەئاشکرا چەند کەسێك بنێری بۆماڵیان داوای بکەن وەدواتریش ئەوان پرسیاری لێ دەکەن ئەگەر ئەویش حەزی لەتۆیەیان نە، وەئەگەر پێشت خۆشەپێش ئەوەی داوای بکەیت بزانی ڕەئی کچەکەچۆنەزۆر ئاساییەدەتوانیت کەسێك بنێریت بۆ لای کچەکە وەك دایك پور خوشك بۆ ئەوەی پێی بڵێ وەبۆی ڕوون بکاتەوە کەهەستی تۆ چۆنە بۆ ئەو وەمەبەستت خواستنیەتی ئەگەر ئەو ڕەزامەندی لەسەر هەبێت وەلەم قسانەشدا ئەو کەسەی کەتۆ دەینێری بۆلای دەتوانێت هەڵی بسەنگێنێ. خۆشت دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەی ئەگەر کەسێك لەنێوانتاندا هەبوو. خۆت بەو جۆرە مەهێڵەوە وەقەت بیر لەوە نەکەیتەوە بەتەنها لەگەڵ ئەو کچەدا قسەبکەیت چونکە شەیتان دەبێتەسێهەمتان. کارەکان بەپیاوانەو سەربەرزانە بکە نەك بەدزی و کەسایەتی یەکتر ڕووشاندن. دووبارەخ وای گەورە کار ئاسانیتان بۆ بکا. شتی وا هەیە حەزی لێ دەکەی بەڵام خەیرتی تێدا نییە وەشتی وا هەیە حەزیشی لێ ناکەیت بەڵام خەیرو چاکەتی تێدایە. جا ئەگەر ڕێنەکەوت ئەو ئایەتە با دڵخۆشکەرت بێت[١٩٢].

---

(١٩٢) - (فتاوى اسلامية حكم مكالمة المراة في الهاتف ٢/٧٩)

١١٤- پرسیار: ئەگەر بکرێت پێناسەی [الاعراف] خوا خێرتان بنوست.
وەڵام: الاعـراف نـاوی یەکێـك لەسـورەتەکانی قورئانـی پیـرۆزە، هەروەهـا الاعـراف بـەو کۆمەڵـە دەوترێـت کەچاکـەو خراپەیـان وەك یەکە لـەڕۆژی دوایـدا وەدواتـر خـوای گـەورە بەڕەحمـی خـۆی دەیانخاتـە بەهەشـتەوە. پرسـیارەکەتان زۆر لەجێگـەی خۆیدایـە زۆرجـار ئێمـە بەقورئانـدا ناوەکانیـش دەزانیـن بـەڵام بـۆ خۆمـان نازانیـن مانایـان چـی یـە هـەر ئـەوە دەزانیـن کەلەقورئانـدا هاتـووەو تـەواو، ئـەو سـورەتەش ئـەو نـاوەی لـێ نـراوە لەبـەر هاتنـی ئـەو ووشـەیە. پێناسـەی ئـەو ووشـە ئەمەیـە: الاعـراف لـە (عـرف)وە وەرگیـراوە واتـە خـۆی کۆیـە تاکەکـەی (عـرف)ە وە هەرشـتێك بـەرز بێتـەوە لـەزەوی پێـی دەوترێـت عـرف هـەروەك بەخوینـدن قوقـی کەڵەشـێر ووتـراوە عـرف چونکـە دەنگەگـەی بـەرز دەبێتـەوە. بەکورتیەکـەی مانـای بـەرزی دەگەیەنـێ چونکـە لەشـوێنێکی بـەرزدان ئـەو کۆمەڵـە ئەهلـی جەهەنـم و وە ئەهلـی بەهەشـت دەیـان بینـن والله اعلـم[١٩٣].

١١٥- پرسـیار: دراوسـێیەکم هەیـە کـوردە ٧سـاڵە پاسـپۆرتی نیـە محامیەکـەی پێـی وتـووە ئەگـەر ببیـت بـە مەسـیحی واتـا بـە کریسـتیان وەری ئەگری، ئـەو کچـەش ئەڵـی ئەگـەر بـە دڵ نەبـم بـەس بـۆ پاسـپۆرت ئایـە گوناهـە یـان نـا؟ ئـەو کچـە نوێژیـش ئـەکات و بـەڕۆژوش ئەبیـت.
وەڵام: خوشـکی بەڕێزمـان خـوای گـەورە بەردەوامیمـان پـێ ببەخشـێت لەسـەر ئـەم پەیامـە پاکـەو، وە هیـچ شـتێك نەتوانێـت ئەگـەر بـۆ چرکەیەکیـش بێـت ئـەو باوەڕەمـان پـێ بگۆڕێـت جـا ئیتـر مەسـڵەحەتی دنیایەیـان هەرشـتێکی تـرە. خوشـکی بەڕێـز بەدراوسـێکەتان بڵـێ

(١٩٣) ـ (طریـق الهجرتـین ٥٦٧/٥٦٤)و(لقـاءات البـاب المفتـوح الشـیخ عثیمـین ١/٤٠٨) و(الحبائـك في اخبـار الملائـك للسـیوطی ص ٨٨)

نەخێـر بـە هیـچ شـێوەیەك دروسـت نیـە ئـەو کارەبکات هەڵـە زۆر هـەڵ دەگرێـت بـەڵام بەکورتیەکـەی بڵـێ هەرگیـز کاری وا بەبیریـدا نەیـەت، وەدوای ئـەوەش چـۆن دەزانێـت ئەگـەر ببێـت بەمەسـیحی ئیقامـە وەردەگرێـت والله خەڵـك هەیـە هـەر بەڕاسـتیش مەسـیحی یـە کەچـی ڕەفـزی وەرگرتـووە لەکاتێکـدا ئـەو هەمـوو مسـوڵمانە ئیقامەیـان هەیـە. مـن حـەز دەکـەم نمونەیەکـی واقعیـت بـۆ بـاس بکـەم خـۆم ئێسـتە جنسـیەکی بەریتانیـم هەیـە وەکاتێـك چاوپێکەوتنـم لەگەڵـدا کـرا هەمـووی سـێ ڕۆژ بـوو کارەسـاتەکەی ١١ی سـێپتەمبەر ڕوویـدا بـوو کەبارودۆخـی مسـوڵمانان زۆر ناسـك بـوو لـەو کاتـەدا پرسـیاریان لـێ کردم تـۆ چ دینێکـت هەیەووتـم ئیسـلام وەسونیشـم بەخـوا زۆر ئاسـایی بـوو بەلامـەوە لەبـەر ئـەو قسـە بمنێرنـەوە چ جـای ئیقامـە. دەبێـت زۆر خـۆ ڕاگـر بیـن هیـچ شـتێك وامـان لـێ نـەکات ئیسـلامەتیەکەمان بەخـراپ بێتەپێش چـاو، خـوای گـەورە ئەویـش و ئێمـەش ڕاگیـراو بـکات ان شـاء الله[١٩٤].

١١٦-پرسـیار: هاوڕێیەکـم میردەکـەی لـە گەڵـی شـەڕێکی گـەورەی بـووە لـەو کاتـەدا لـە خەسـتەخانە بـووە لای منداڵەکـەی کـە زۆر هیـلاك بـووە. وە مێردەکەشـی مەشـروبی خـواردووە سـەرخۆش بـووە ژنەکـەش وتوویەتـی بـە تەڵاقـم ئەویـش وتویەتـی ٣بـە ٣ تەڵاقـم کەوتبـێ وەدوای ئـەوە ئاشـت بوونەتـەوە لای یـەك ئەژیـن جـا نازانـن ئایـە تەلاقـی کەوتووە یـان نـا.

وەڵام:خوشـکی بەڕێـز مەسـەلەی تەڵاقـی ئـەو کابرایـەی کەسـەرخۆش بووەو تەڵاقـی خـواردووە بـەم شـێوەیە: دەبێـت جارێـك ئـەوە بزانرێـت ئایـا؟ ئـەو کابـرا بـۆ سـەرخۆش بـووە ئەگـەر بەویسـتی خـۆی مەشـروبی

(١٩٤) ـ فتاوى الشيخ صالح فوزان ٢٥٦١١

خــواردووه جیـاوازه لەگـەڵ ئـەوەی کەبـەزۆر دەرخواردیـان دابێـت وەیـان نەیزانـی بێـت بـەڵام ئـەوەی لەپرسـیارەکەدا دەردەکەوێـت وا دیـارە خـۆی خواردوویەتـی جـا ئەگـەر وایـە ئەمـە وەڵامەکەیەتـی: کـۆڕەوی زانایـان لەسـەر ئـەوەن کەتەڵاقـی سـەرخۆش دەکەوێـت لەبـەر ئـەوە خـۆی هۆکارێـك بـووە بـۆ سەرخۆشـی، وەهەندێکیـش دەڵێـن تەڵاقـی سـەرخۆش ناکەوێـت چونکـە سـەرخۆش وەك شـێت وایەلـەو کاتـەدا. هەروەهـا دەبێـت ئـەوەش بزانیـن ئایا مەبەسـتی لـەو تـەڵاق خواردنەچـی بـووە ئەگـەر مەبەسـتی ئـەوە بـوو بێـت لەخێزانـی جیـا بـوو بێتـەوە شـتێکی ترەلەگـەڵ ئـەوەی کەمەبەسـتی هـەر وەك سوێندێك بـوو بێـت جـا ئەگـەر مەبەستی سوێند بـوو بێـت یانـی وەکـو سوێنێك ئـەو تەڵاقـەی خواردبێـت ئـەو کاتـە کەفارەتـی دەکەوێتـە سـەر یانـی دەبێـت خواردنـی دەهـەژار بـدات و پێویسـتی بـە هیـچ شـتێکی تـر نابێـت. جـا بەکورتیەکـەی ئامـۆژگاری مـن ئەوەیەبـۆی تەوبەیەکـی بـاش بـکات جارێکـی تـر نەگەڕێتەوەسـەر مەشـروب خـواردن وەخـۆی لەنێـوان خـۆی و خـوادا فرمێسـکی پەشـیمانی بڕژێنـێ تـا بـەو هۆیـەوە نەبێتەمایـەی کێشـەی نێـوان خـۆی خێزانـی و، هەردووکیشـیان تاوانبـار ببـن بـە هـۆی ئـەو کارەوە، بـەڵام ئەگـەر جارێکـی تـر دووبـارەی بکاتـەوە بەڕاسـتی ترسـناکە چونکـە حوکمەکـەی بـۆ ڕوونبووەتـەوە لەوانەیـە ئێسـتا نەیزانـی بێـت بـەڵام دوای ئـەم وەڵامەخـۆ دەزانـێ، وەهەروەهـا بـۆ خێزانـی بەڕێزیشـی دەبێـت خـۆ گـر بێـت بـۆ داوای تەڵاقـی لـێ دەکات! کەدەزانـێ سەرخۆشـە لەبـری ئـەوەی یارمەتـی بـدات مەشـروب نەخـوات خۆشـی توشـی کێشـەدەکات جـا بەڕاسـتی ئەوکاتـە ئەویـش تاوانبـار دەبێـت کەکارەکـە لەمـەوە دروسـت بووەخـۆ پیاوەکـە عەقڵـی لای خـۆی نەبووەخـۆ ئـەم عەقڵـی لای خـۆی بووەئەویـش پێویسـتی بەتەوبەیـەك هەیـەو هەردووکیـان پەیمـان بـدەن کەچیتـر کارێکـی

وا دووبـاره نەکەنەوە،خـوای گەورەژیانێکـی خۆشـیان پـێ ببەخشـێت لەگـەڵ ئێوەشـدا، بـە هـۆی قەدەغـە کراوەکانـەوە ژیـان لـە خۆمـان تێـك نەدەیـن[١٩٥]

١١٧-پرسـیار: لەبـارەی فرۆشـتنی جوابـی ژنهێنـان بـۆ نمونـە ئەگـەر کەسـێك نەیەوێـت ژن بێنێتـە ئەوروپـا ئـەوا ژن بـۆ کەسـێکی تـر بێنێـت لەسـەر نـاوی خـۆی بەمەبلەغێـك پـارە جگـە لـەو تەفاصیلـە کـەوا لەڕاسـتیدا ژنـی خـۆی نیـە ئێـوەش زانیاریتـان هەیـە لـەم بارەیـەوە ئینجـا ئایـا لـەڕووی شـەرعەوە جائیزەیـان نـا.

وەڵام: لەڕاسـتیدا ئـەو پرسـیارە پێویسـتی بەزیاتـر ووردەکاری هەیـە لەبـارەی ئـەو کەسـەی کەجوابەکـەی دەفرۆشـێ و وەئـەو کەسەشـی کەدەیەوێـت ژن بهێنـێ، هـەر چەنـد مـن خـۆم ئـەو کارەم بـەلاوە بـاش نییـە چونکـە لەڕاسـتیدا درۆو فێڵـی تێدەکەوێـت بـەڵام زۆر کـەس فتوایـان داوە کەدروسـتەوە دەڵێـن ئـەو کەسـەی کەژنەکـەی دهێنـێ ناچـارەوە ئەوەشـی کـە دەیفرۆشـێ مافێکـی خۆیەتـی و واز لـەو مافـەی خـۆی دێنـێ بـۆ کەسـێکی تـر، جـا بەهەرحـاڵ ئەگـەر کـرا، دەبێـت کۆمەڵـە خاڵێـك هەیـە ڕەچـاوی بکـەن.

١-ئـەو کەسـەی کەژنەکـەی بـۆ دەهێنرێـت سـەیر بکرێـت بزانـن تاچەنـد زەرورە ئـەو کارە بـکات.

٢-وەگەر ناچار بوو بۆی بکرێت لەگەڵ یارمەتیدانیدا.

٣-مامەڵەکـە لەسـەرەتاوە جـوان ڕوون بکەنـەوە، چونکـە زۆر کـەس دوای هێنانیـان کێشـەیان بـۆ دروسـت دەبێـت، بـە هـۆی منداڵ بـوون و، جیـا بوونـەوە لێـی.

---

(١٩٥) ـ (المغنـي لابـن قدامـة ٧/٢٨٩)و(فتـاوى الرمـلى طـلاق السـكران ٢/٢٥٠)و(الموسـوعة الفقهيـة ٢٩/١٨)و(الانصـاف ٨٩/٤٣٣

٤-ئـەو کەسـەی کەکارەکـەش دەکات وەك بازرگانیـەك نەیـکات، وەك زۆرێـك هەیـە ژن دێنـێ و دواتـر تەڵاقـی دەدات و، وەهـەم جارێکـی تـر ئـەو کارە دەکاتـەوە!

٥-ئـەو کەسـەی کەژنەکـە دەهێنـێ ئایـا خـۆی بەتەمـای چـی یـە؟ ئایـا خـۆی دەیەوێـت ژن بـۆ کەسـێکی تـر بهێنـێ و دواتـر خـۆی بچێتـەوە بـۆ کوردسـتان؟ زۆر کـەس دەزانـم وایـان کـرد کەچـی نـەش ڕۆشـتنەوەو ئێسـتە خۆشـیان گیریـان خـواردووە کەسـێکی تریـان دەسـت ناکەوێـت ژن بـۆ خۆیـان بهێنـێ!، ئەگـەر خۆیـان لەئەوروپـا ژنیـان دەسـت کەوتـووە، خـۆ ناکرێـت دوو ژن بهێنـی لەیـەك کاتـدا لەئەوروپـا!.

لەکۆتایـدا ئـەو کار پێویسـتی بـە هوشـیاری زۆر زۆر هەیـە، چونکـە زۆر کـەس ویسـتوویەتی یارمەتـی کەسـێکی تـر بـدات دواتـر کێشـە کەوتووەتـە نێوانیـان، هـەروەك بیستووشـمە کێشـەی خیانەتیـش ڕوویـداوە، کەسـی وا هەبـووە ئـەو ئافرەتـەی کەبـۆ کوڕەکـەی هێناوەلەژێـرەو ڕێکەوتووەلەگـەڵ ئافرەتەکـەدا دواتـر ژیانـی خۆشـی و کچەکـەش و وەمێـردی کچەکەشـی تێکـداوە، نمونـەی واقعـی هـەن لـەو مەسـەلانەدا، ئێرە جێگـەی باسکردنیان نییـە ، بـەڵام تـا بکرێـت ئـەو کارەنەکرێـت باشـە، وەکەکـراش ئـەو خاڵانـەو زۆرێکـی تریـش ڕەچـاو بکرێـت، هـەروەك دەبیـت سـەیری نیەتـی خۆشـت بکەیـت بـۆ ئـەو کارەدەکەیـت ئایـا مەبەسـتت ئەوەیەکەسـێك لەگرفـت ڕزگار بکەیـت یـان هـەر لەبـەر پارەکەیـە. سـەرەنجامی ئـەو هەمـوو گێرمـەو کێشـانەو فێـڵ و تەڵەکەبازیـەی کەتێیدایـە لەگـەڵ ئەوەشـدا کەفەتـواش هەبێـت دەتوانیـن بڵێیـن هـەر لەحەرامـەوە نزیکـە.

١١٨-پرسیار: ئەگـەر خەتمی قورئانـی پیـرۆز بـە کـوردی بکـەم ئەبێـت یـان نـا مـن چەنـد جارێـك بـە عەرەبـی کردوومـە حـەز ئەکـەم بەکـوردی بیکـەم

بۆ ئەوەی جوان تر تیبگەم ئەو قورئانەی لای منە لە سلیمانی کریومە لە سالی ٢٠٠٠ لەلایەن بەریزان مەلا محەمەد سالح ئیبراهیم وە سەید محەمەد موسەوی تەرجومە کراوە لە ئیران وا لە سەری نوسراوە واتا ئەمەویت تەنها کوردیەکەی بخوینمەوەو خەتمی بکەم ئەبیت زۆر سوپاستان ئەکەم.

وەڵام: خەتمی قورئان ئەگەر مەبەستت پاداشت بێت گەر کوردیەکەشی بخوێنیتەوە هەر خەیرت دەست دەکەوێت، بەڵام بۆ ئەوەی خێری خەتمەکەت بگات دەبێت قورئانەکە خۆی بخوێنێ چونکە تەرجومەکەی بەقورئان دانانرێت، بەڵام وا باشە ئەگەر ویستت ئەو کارەبکەیت هەردووکیان پێکەوە بکەیت بۆ نمونە لاپەڕەیەك قورئان دەخوێنێ دواتر ماناکەشی، یان یەك ئایەت دەخوێنی و دواتر ماناکەی وەبەم شێوە یارمەتی دەریش دەبێت بۆ تێگەشتن لەئایەتەکەو وەیارمەتی دان بۆ فێربوونی عەرەبیش، من خۆم بۆ خۆم زۆر جار بەمنداڵی وام دەکرد وە لەزەتێکی تایبەتیشی تێدایە دواتر دەبینی خۆت بۆ خۆت دەزانی ئایەتەکە مانای چی یەبەبێ ئەوەی سەیری تەرجومەکەشی بکەیت، خوای گەورە موەفەقتان کات بۆ هەوڵدانتان و تێگەیشتنتان لەقورئان کەلەڕاستیدا زۆر زۆر گرنگە چونک ەقورئان یەکەم سەرچاوەی ئەم شەریعەتە پاکەیەو وەگرنگترینیش سەرچاوەیە، هەموو سەرچاوەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ قورئان، جا بۆیەتا خۆتان ئەزیەت بدەن لەتێگەشتن لێی دەبێتە مایەی دڵ ڕۆشنیتان لەقیامەتدا هەروەك چۆن لەدونیاشدا دەبێت مایەی ئارامی دڵەکان، خوای گەورەی ئێمەش و ئێوەش موەفەق بکات بۆ زیاتر تێگەشتن لێی[١٩٦].

(١٩٦) - فتاوى اسلامية ٤/٤٥

١١٩-پرسـیار: مـن مامێکـم هەبـوو هیـچ منداڵـی نەبـوو وەدووسـاڵ لەمـەو بـەر عەمـری خـوای کـرد، ئینجـا مـن ئەمـەوێ قوربانـی بـۆ بکـەم ئایـا پێـی ئـەگات؟ مـن بـەدەم گوتومـە کەبەنیـازم قوربانـی بکـەم واتـە هـەر بەنییـەت نەمگوتـووە ئایـا چـی پێویسـتە بیکـەم؟

وەڵام: خـوای گـەورە یـارو یاوەرتـان بێـت بـۆ جێبەجـێ کردنـی هـەر کارێکـی چاك کـە لـە خـۆی نزیکتـان بکاتـەوە. کاتێـك هـەر مرۆڤێـك بەڵێـن دەدات بەخـوای گـەورە کـە کارێـك بکات دەبێـت سـەیری ئـەو کارە بکرێت کـە بەڵێنـی بـۆ دراوە ئەگـەر کارەکـە لـە شـەرعدا ڕێگـە پێـدراو بـوو ئـەو کاتـە مولزەمـن بـەوەی کـە کارەکـە جـێ بەجـێ بکـەن وەگـەر نەیکـەن تاوانبـار دەبن، بـەڵام ئەگـەر نەتانتوانـی جـێ بەجێـی بکـەن تاوانبـار نابن ئەگـەر لـە ڕاسـتیدا ویسـتبێتتان بیکـەن و وە نیەتتـان کردنـی بـوو بێـت بـەڵام ئیتـر ڕێگرێـك بـووە لـەوەی کـە نەتـان توانیـوە. هـەرکات توانیتـان دەبێـت بیکـەن نـەوەك پشـتگوێ بخرێـت. ئەگـەر ئـەو بەڵێنـەی کـە دراوە کارێـك بێـت لـە شـەرعدا ڕێگـەی پـێ نەدرابێـت ئـەو کاتـە نابێـت بیکـەن وە دەبێـت کەفارەتـی بـدەن، وەگـەر بیکـەن تاوانبـار دەبـن بـەوەی کـە بەڵێنتـان بەشـتێکی ناشـەرعی داوەو وە تاوانباریـش دەبـن بـەوەی کـە کارێکـی ناشەرعیشـتان کـردووە، خـوای گـەورە پشـتیوانتان بێـت بـۆ وەفایتـان بـە بەڵێنەکانتانـەوە، وە لـە گونـاەی ئێـوەو ئێمـەش خـۆش ببێـت(١٩٧).

١٢٠-پرسیار: ڕۆژووی نۆمینـەی حاجیـان نـاوی ئەتوانـی قـەرزی لـێ بێنـی یـان لـە جیاتـی قـەرز ناگیـرێ، بـۆ نمونـە مـن ئەمـەوێ لـە جیاتـی قـەرز دای نێـم ئەبێـت یـان نـا؟ یـان هەرئەبیـت وەکـو خێـر بیگـری، وە ئەبیـت

(١٩٧) ـ (الفتاوى الهندية ٥/٢٩٤)و(فتاوى يسالونك ـ الاضحية عن الميت ٢/٣٧٣)

هـەر نـۆ ڕۆژەکـە بگـری یـان بـە ڕەخبەتـی خۆتـە. واتـا وەکـو شەشـەڵان کـە لـە دوای ڕەمـەزان دێـت.
وەڵام: ڕۆژی نومینـەی حاجیـان ئەگـەر قـەرزار بـن دەتوانیـت نیەتـی قـەرز بهێنـن و ڕۆژووەکەتـان بگـرن وە ان شـاء الله جگـە لەخێـری قەرزەکـە خێـری ئەوەشـتان دەگات کەئـەو ڕۆژانـە زۆر گرنگـن و یـادی خـوای تێـدا دەکـەن بـەڵام هـەر جێگـەی قەرزەکـە دەگرێـت، ئەگـەر بتوانرێـت هـەر نـۆ ڕۆژەکـە بگیرێـت زۆر باشـە وەگەرنـا بەلانـی کەمـەوە ڕۆژی عەرەفـە بگیرێـت چونکـە خێرێکـی یەکجـاری هەیـە وەك لەفەرمـودەی سـەحیحدا هاتـووە تاوانـی سـاڵێکی ڕابـوردوو وەسـاڵێکی داهاتوو دەسڕێتەوە، بەڵام هەمـوو ئەوانـەی کەدەوترێـن سـوننەتن و وەبەڕوغبەتـە دەتوانـن هـەر نەشـیگرن بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەو ڕۆژانـەلای خـوای گـەورە گـەورەن و وەخێرێکـی زۆر باشـیان تێدایـە باشـتر وایـە کەپێداگربیـن لەگرتنیـان، خـوای گـەورە یارمەتـی دەر بێـت.

١٢١-پرسـیار: هەندێـك پـارەم هەیـەو سـاڵی بەسـەردا چـووەو گەشـتۆتە حـەدی نیسـاب، وە هەندێـك پارەشـم قـەرزە لای خەڵـك ئایـە زەکاتـی چـۆن بـدەم ئـەوەی کەقـەرزە؟
وەڵام: پارەکـە گەشـت بەحـەدی نیسـاب و سـاڵی بەسـەردا چـوو ئیتـر ئەبێـت زەکاتـی لـێ دەربکرێـت وەگـەر هەندێـك لـەو پـارەلای کەسـی تـر بـوو هـەر حسـێب دەکرێـت چونکـە پـارەی تۆیـە، دەتوانرێـت زەکاتـی ئـەوەی کـەلای خـۆت نییە دوای بخەیت تا کاتێـك وەری دەگریتەوەو دوای بەسـەریەکەوە زەکاتەکـەی بدەیـت بـەڵام باشـترەهەر بەسـەریەکەوە بدرێـت و دوا نەخرێـت مـادام پارەکـە تەئکیـد بیـت لـەوەی ک ەناخورێـت و کەسەکە جێگەی متمانەیەو دەتان داتەوە (١٩٨).

(١٩٨) ـ (فتاوى الرملي ٣/٤٩)و(فتاوى اللجنة الدائمة ٩/٢٥٥)و(الشرح الممتع ٦/١٠٣)

١٢٢-پرسیار: ئایە شیعری دڵداری دروستە؟
وەڵام: ئەگەر بۆ گومڕاکردن بێت حەرامە، وەگەر ووشەی خراپی تێدا بێت حەرامە، چونکە شیعریش حوکی قسەکردن وەردەگرێت، بەڵام عادەتەن لەکوردەواری خۆماندا کەدەوترێت دڵداری مەبەست بۆ ئەو کەسانەیە کە بەناشەرعی و ژێر بەژێر کاریان لەگەڵ دەکەن وەبێگومان ئەگەر بۆ ئەوەبێت حەرامەو هیچ دودڵی تێدا نییە ، بەڵام گەر وشەی ناسك و خۆشەویستی بێت و بۆ خێزانی خۆت بڵێی ئەوا ئاساییە بەڵام دەبێت ووریای بڵاوکردنەوەی بکرێت نەوەك کەسانێك بۆ شتی خراپ بەکاری بهێنن(١٩٩).

١٢٣-پرسیار: ئایە بە چ مروڤ کافر دەبێت؟
وەڵام: ئینسان بەشەهادەت دێتە ناو ئیسلامەوەو لەبازنەی ئیسلامدا دەبێت، وەدەبێت بیروباوەڕی ئیسلامی بێت و بڕوای بەهەموو شتەکانی هەبێت عەقیدە وەگەر بڕواکەی پێچەوانە بووەوە کافر دەبێت، بەڵام ئەگەر کردەوەیەکی خراپی لێ کەوتەوە کافر نابێت مادام بەحەڵاڵی نەزانێ، ئەو شتانەی کەئینسان کافر دەکەن زۆرن وەك کوفر کردن، تەرك دانی فەریزەیەك و بڕوا نەبوون پێی، ئینکاری کردنی دەقی نەگۆڕی شەرعی..هتد(٢٠٠).

١٢٤-پرسیار: ئایە نوێژی وتر واجبە؟
وەڵام: نەخێر سونەتە بەڵام زۆر باشە گەر بکرێت وە لەمەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفەدا بەنوێژی شەشەم دانراوە ئەوەندە گرنگە هەر بۆیە زۆرێك زیاتر موبالەغەی تێدا کردووەو بەئاستی واجب

(١٩٩) ـ (البخاري ٦١٤٥)و(المغني لابن قدامة ١٤/١٦٢)و(مسلم ٢٤٩٠)
(٢٠٠) ـ (اضواء البيان ـ سورة المائدة الاية ٤٤)

ناساندوویانه، بەڵگـە زۆرە کەنوێـژە واجبـەکان هـەر پێنجـن[٢٠١].

١٢٥-پرسیار: ئایە جگەرە حەرامە؟
وەڵام: بەڵـێ حەرامـەو هیـچ دودڵیەکـی تێـدا نییـە ، جگـەرە زەرەرمەنـدە بەهەمـوو شـێوەیەك هـەر شـتێکیش زەرەری هەبێـت حەرامـە[٢٠٢].

١٢٦-پرسیار: ئایە دروستە بڕوانامەی ساختە بەکار بێنم؟
کەسـێك لەفەرمانگەیـەك خزمـەت دەکات و توانـای زۆر باشـی هەیـە لەخزمـەت کردنـداو زۆریـش دڵسـۆزەو دائیرەکـەی پێویسـتی پێیەتـی ئایـە ئەگـەر بڕوانامەیەکـی سـاختە بـکات لـەڕووی ئاینیـەوە گونـاح بـار دەبێـت بەشـەرتێك توانـای ئـەو بڕوانامەشـی هەبێـت بەزیادیشـەوە.
وەڵام: مـادام بەبـێ بڕوانامـە کارەکـە نـادەن و بڕوانامـە بەمـەرج دەگیـرێ دروسـت نییـە بڕوانامـەی سـاختەی بـۆ بـەکار بهێنرێـت، بـەڵام باشـترە لەگەڵیانـدا قسـەبکات و بڵـێ کەهـەر ئەرکێکـم پـێ دەسـپێرن بەباشـی دەیکـەم و توانـام هەیـە وەگـەر قبوڵیـان نەکـرد، دروسـت نییـە بەسـاختەکاری دابمەزرێـت، چونکـە دوور نییـە لـەدواڕۆژدا ئاشـکرا ببێـت و حەیاشـی بچێـت، جگەلـەوەی کاری سـاختەکاری خـۆی ئەشکالیشـی تێدایـە. وەمـادام ئەوەنـدەش بەتوانایـە بـا بڕوانامەکـەی پێ دەربهێنێت[٢٠٣] .

١٢٧-پرسیار: ئایـە جیـل دان لەسـەر دروسـتە؟ ئایـە وێنـەی دارو درەخـت

(٢٠١) ـ (فتـاوى يسـالونك ـ صـلاة الوتر١/٣٧)و(فتـاوى الرمـلي ـباب صـلاة النفـل ١/٢٠٩) و(الفتـاوى الفقهيـة الكـبرى ١/١٨٣)

(٢٠٢) ـ (فتاوى اللجنـة الدائمة ٢٢/١٨٢)و(موقـع الاسلام سـوال وجـواب ٥/٦٩٤)و(فتـاوى نـور علـى الـدرب للعثيمـين ٨/٢)

(٢٠٣) ـ فتاوى الشبكة الاسلامية ٩٠٧٥١

دروست کردن دروستە؟

وەڵام: بەڵێ هەردووکیان دروستەو کێشەیان تێدا نییە ، مەگەر جیلەکە بەدەر بکەوێت کە لەمادەیەکی خراپ دروست کرا بێت[٢٠٤].

١٢٨-پرسیار: مامەڵەکردن لەگەڵ بەنکدا چۆنە کەوەرەقەیەك بە١٢٠٠٠٠هەزار دەخەملێنێت؟

من دانیشتوی شارۆچکەیەکم نزیك هەولێر. برسیارەکەم ئەوەیە بانکێکی ئیسلامی لە هەولێر هەیە پارە دەدات بە خەڵکی (بڕی یەك دەفتە دۆلاری دەداتێ ) مانگانە پێنج وەرەقە دەداتەوە بە بەنك بەڵام بە مەرجێك هەر وەرەقەی لەسەر ١٢٠٠٠٠ دەخەملێنرێت بەڵام لە بازاردا بە ١١٨٥٠٠ ئایا حەڵاڵە یان نا دەبێتە ڕیبا.

وەڵام: دۆلار بەرانبەر دینار دوو عوملەی جیاوازەو زیادو کەم کردن تێیدا دروستە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت ئایا ئەو جیاوازیە لەسەر ئەساسی چ شتێکە ئەگەر لەسەر ئەساسی موعامەلە بێت ئەوە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ناوی ڕیبا بێت یان زیادە، وەبەنکی ئیسلامی تەنها ناوی ئیسلامیەکەی بەس نییە بۆ ئەوەی هەموو متمانەیەکی خۆمانیان بدەینێ، زۆر بەنك هەیە بەناوی ئیسلامیەوە قۆڵی خەڵکی زیاتر لەبانکەڕیبەویەکان دەبڕێت، وەدۆلار بەردەوام بەرزو نزم دەکات ئەو موعامەلە دەبێت ڕوونتر بێت چونکە ئەگەر سبەی دۆلار شکاو بوو بە١٠٠٠٠٠ وەیان دینار شکاو بەپێچەوانەوە بووە، چونکە بڕی دەفتەرێك بەگەڕانەوەی پێنج وەرەقە لەئیستەدا کەدەکاتە٦٠٠٠٠٠ هەزار، کەئەگەر زۆر بەرزوو نزم بوو دۆلار ئەوسا چۆن دەبێت، کەدەفتەرێك بەو شێوەیە نزیکی دوو ساڵی پێ دەچێت تا تەواو دەبێت، تا دووساڵی تر ئەو ڕێژەپێ دەچێ زۆر گۆڕانکاری بەسەردا

(٢٠٤) ـ اللقاء الشهري الشيخ ابن عثيمين ٦٨/١٤

بێـت و وەك جۆرێـك لەقومـاری بەسـەر دێـت، پێویسـتە زیاتـر تێگەشـتن هەبێـت پێـم وا بێـت جۆرێـك لەنـا تێگەشـتن هەبێـت لـەم نێوەنـدەدا، لەوانەیـە لەئێسـتەدا بـڕی وەرەقەیـەك بە١٢٠٠٠٠هـەزار بخەملێنرێـت نـەك هـەر بـەردەوام وا بێـت(٢٠٥).

١٢٩-پرسیار: ئایە فایتحە ئەچێ بۆ مردوو؟
وەڵام: یەکێـك لەخەسـڵەتی مرۆڤـی مسـوڵمان ئەوەیـە دوعـا بـۆ پێشـینەکانی خـۆی بـکات وەك خـوای گـەورە دەفەرموێـت.
{وَالَّذِيـنَ جَـاءُوا مِـن بَعْدِهِـمْ يَقُولُـونَ رَبَّنَـا اغْفِـرْ لَنَـا وَلِإِخْوَانِنَـا الَّذِيـنَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَـانِ وَلَا تَجْعَلْ فِـي قُلُوبِنَـا غِـلًّا لِّلَّذِيـنَ آمَنُـوا رَبَّنَـا إِنَّـكَ رَءُوفٌ رَّحِيـمٌ(٢٠٦)}
والذین جاءوا من بعدهم یقولـون ئەوانەش لەدوای ئەوانـەوە هاتـوون، واتـە: پـاش کۆچکـەران و یارمەتیدەرانـەوە هاتـوون، دەڵێـن: ربنـا اغفـر لنـا ولإخواننـا الذیـن سبقونا بالإیمـان ئـەی پەروەردگارەکەمـان ! لەئێمـەو لـەو برایانەمـان پێـش ئێمـە باوەڕیـان هێنـاوە خۆشببە ولا تجعـل فـی قلوبنـا غـلا للذیـن آمنـوا وهیـچ بوغـزو قینێـك مەخـە دڵمانـەوە بەرامبـەر بەوکەسـانە باوەڕیـان هێنـاوە ربنـا إنـك رؤوف رحیـم ئـەی پـەروەردگاری ئێمـە! بەڕاسـتی تەنهـا ئەتـۆی بەسـۆزی میهرەبـان. پێشـەوا (عومـەر) گوێـی لەپیاوێکـەوە بـوو باسـی موهاجیرانـی بەچـاك دەکـردا ئەویـش ئایەتـی ( للفقـراء المهاجریـن )ـەی بـۆ خوێنـدەوەو، فەرمـووی: ئایـا تـۆ وەك ئـەوان دەبـی؟ وتـی: نەخێـر، پاشـان ئایەتـی ( والذیـن تبـؤوا الـدار و

(٢٠٥) (کتـاب الرحلـة الاخیرة لعلامـة الجزیـرة ص١٦٣)و(کتـاب قمـع المعانـد ص ٢٨٨)و (فتـاوی اللجنـة الدائمـة ١٣/٣١٠)
(٢٠٦) ـ سورة الحشر الایة ١٠

الإیمـان (٢٠٧)ەی بەسـەرا خوێنـدەوەو فەرمـووی: ئـەی وەك ئـەو دەسـتە دەبیـت؟ کابـرا وتـی: نەخێـر، پاشـان ئایەتـی: ( والذیـن جاؤوا مـن بعدهـم .. )ی بۆخوێنـدەوەو فەرمـووی: ئـەی لەمانەیـت؟ کابـرا وتـی: بەتەمـام لەمانەبـم. پێشـەوا (عومـەر) فەرمـووی: دەچـاك بزانـە هەرکەسـێك بەباشـی ناویـان نەبـاو، بگـرە لەباتـی ئـەوە جنێویـان پێبـدات، باچـاك بزانێـت لـە هیچـکام لـەو ئیماندارانـە نیـە. واتـە: لەهـەر سـێ تاقمـە کەبـێ بەشـە. بێجگـە لـەوەش پێشـەوا (مالیـك) دەڵێـت: ئـەو کەسـەی جوێـن بەهـاوەڵان دەدات کافـرەو لە(فیئ)یـش بـەش نابـات.

فاتیحەکردنیـش وەك دوعـا کـردن وایـە، بـەڵام باشـترە لەبـری ئـەوە دوعاکـە بکەیـن وەك لەقورئانـدا هاتـووە وەخـوای گـەورە ڕەحـم بە مـردووی هەمووڵایەکیشـمان بـکات(٢٠٨).

١٣٠-پرسـیار: ئایـا حوکمـی بەکارهێنانـی سـەعاتی بەئاڵتـون زەرد کـراو چییە؟

وەڵام: لەبـەر ئـەوەی بـەکار هێنانـی ئاڵتـون بـۆ پیـاو دروسـت نییـە باشـتر وایـە بـەدوور بکەوینـەوە لـەو جـۆرە شـتانەش ئەگەرچـی بۆچوونیـش هەبێـت و قسـە لەسـەر کەمێتـی مادەکـە بـکات، بـۆ ئـەوەی نەکەوینـە تاوانـەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا چ گرفتێـك هەیـە لەبـری ئـەو سـەعاتانە سـەعاتی جـوان و ڕەنگـی زەردیـش بـەکار بهێنـن بـەڵام بەبـێ ئاڵتـون(٢٠٩).

---

(٢٠٧) ـ سورة الحشر الاية ٨ـ٩

(٢٠٨) ـ (فتـاوى اللجنـة الدائمة ٩/٣٨)و(تفسـير ابـن كثـير ٢٥٩/٤)و(اسـلام ويـب مركـز الفتـوى حكـم قـراءة الفاتحـة واهـداء ثوابهـا الى الميـت )

(٢٠٩) ت (حكـم لبـس الذهـب للرجـال حـرام رواه مسـلم ٢٠٩٠)و(الموسـوعة الفقهيـة ١/١١٩) و(فتـاوى اسـلامية ٤/٢٥٤)

١٣١-پرسیار: گومانم بۆ دروست بووە لەسەر بەشی ئافرەت و پیاو لەئیسلامدا تکایە ڕێنمونی؟
سلام و رەحمەت خواتان لێ بێت -الحمدلله جوانێکی ئەهلی تەعەهەود وەبە دڵ دڵخۆش بە دینی ئیسلامم هەروەها موتالیعەیشم لە ئەم زەمینەدا زورە-بەڵەم بە داخەوە دوای چەندین مانگ جەدەل و بەحس لەگەڵ کچێکی ڕێگە لێ شێواوی (فمنیست) بۆ حالی کردن و وەڕێ خستنی بەرەو ڕێگای جوانی ئیسلام بە ناموەففەقی لێ جیابوومەوە-بەداخەوە ئێستا برێ جار لە مەوردی حقوقی ژن و ئایاتی کە لە مەوردی ژنە وە لە قورآنی پیروزدا هەیە وە سوەسە دەبم چارە چیە؟ (ڕابتەم لە ئەسڵدا بە بونەی ئیزدواج بوو) خواتان لێ ڕازی بێ زۆر ڕاهنماییم دەوێ.
وەڵام: فەزڵی خوای گەورەیە بەسەرمانەوە کەخۆشەویستی بۆلای خۆیمان بىات، وەفەزڵی خوای گەورەیە کەئەو تاقەی پێ بەخشیوین بتوانین موتاڵەعە بکەین لەکاتێکدا بەچەندە مسوڵمان هەیە لەسەرانسەری دونیادا بێبەشن لەلەزەتی خوێندەواری و موتاڵەعە، وەدەبێت خۆشمان ئەوە فێری خۆمان بکەین و بزانین دوژمنەکان لەچواردەورمان زۆرن، زۆرجار ئێمە بە هۆی خوێندەواریمانەوەوا دەزانین هیچ کەس زەفەرمان پێ نابات بەڵام ئەگەر وریا نەبین هەر زوو دەیدۆڕێنین و خوێندەواریەکەش دەبێتە کۆتێك لەملماندا لەڕۆژی دوایدا، بەتایبەت مەسەلەی ئافرەت کەباسێکی حەساسەوە مامەڵەکردنیش لەگەڵیاندا هەر حەساسە، بۆیە عومەر کوڕی خەتاب دەفەرموێ دەتوانم ئەمانەتی هەموو شتێك بپارێزم بەڵام ناتوانم بچمەژێر باری ئەوەی چەند هەنگاویك لەگەڵ ئافرەتدا بەتەنها بڕۆم، لەکاتێکدا عومەر چی کەڵەپیاوێك بووە بەڵام ئەو قسە ئاماژەی زۆر گەورەی تێدایە بۆ ئێمەو دەبێت بەهەند وەریگرین،

دینی ئیسلام دینێکی کاملەو دەبێت ئەوە لەدڵماندا بچەسپێت کەبێ کەموکوڕی و تێرو تەواوە، وەخوای پەروەردگار کەدروستکەری ئافرەت و پیاویشە، هەر خۆی شارەزایە بەتەبیعەت و حەزی هەردوولایان و بەگوێرەی ئەوە ئەرك و واجباتی بۆ داناون، ئەگەرچی ئێمە لەڕواڵەتدا جیاوازی ببینین بەڵام لەناوەرۆکدا کارەکان هەریەکەو بۆ خۆی شیاوە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی دادگەریە، دادگەری ئیسلام لەچیدا دەردەکەوێت لەوەی هەریەکەو بەپێی خۆی و گوێرەی خۆی بەڵام لهەزرەکانی تردا وا نییە ، بۆ نمونە زۆرجار ئێمە گوێبیستی یەکسانی دەبین وەخەڵکانێك ئەم یەکسانیە دەکەن بەچەك بەرانبەر ئیسلام لەکاتێکدا لەئیسلامدا لەبری یەکسانی دادگەری هەیە، وەگەر بێت وئێم ەبەراوردی هەردووکیان بکەین و جوان لێکیان بەینەوە دەبینین دادگەریەکە شیاوترە لەیەکسانیەکە، بۆ نمونە پیاوێك ٤ منداڵی هەیە یەکسانی دەڵێ دەبێت هەموو شت دەبێت بەیەکسانی بکەیت بۆیان، بۆ نمونە کەنان دەخۆن یەکی قاپێك برنج و فاسۆلیایان بدەرێ وە ئیسلامیش دەڵێ نەخێر دادگەربە، وەیەکسانیەکە دەبینین زوڵمە چۆن ئەو قاپە فاسۆلیاو برنجە لەوانەیە تێیدا بێت نەتوانێت هەمووی بخوات و لایەکی خەسار بێت وەلەولاشەوە کەسێکیان بەو خواردنە تێر نەخوات و لەبرسان خەوی لێ نەکەویت، دادگەری ئیسلام دەڵێ هەر یەکەو بەگوێرەی خۆی منداڵێکی گەورەی تێدایەو دوو قاپیش تێر ناکات زیاتری بدەرێ تا تێر دەخوات وە منداڵێکی تر قاپێکیش لێی زیادە ئەوەندەی بدەرێ کەخەسار نەبێت، جا ئەوە نمونەیەکی بچوکە بەرانبەر دادگەری ئیسلام و یەکسانی هزرەکانی تر، مەسەلەی ئافرەتیش هەروەها، ئەگەر ئێمە بەشەکانمان بەلاوەکەم و زیاد بێت و هەندێك جیاوازی ببینین بەڵام نابێت گومانمان لەدادگەری

ئیسلامدا بۆ دروست ببێت، مادام خۆشتان سوپاس بۆ خوا ڕۆشنبیرن و دەخوێننەوە زیاتری لەسەر بخوێننەوەب ەڵام ڕێنومای برای بچوکتان ئەوەیە کە بڕیاری پێش وەخت مەدەن، بەو ڕۆحیەتەوە بەدوایدا بچۆ کەوا ئیسلام وەڵامی پرسیارەکانی تێدایەو دادگەرەنە وەك بەگومانەوە بۆ دەقەکان بڕوانیت، خوای گەورەز یاتر ڕاگیراوتان بکات لەسەر ئیسلام و هیچ شتێك ئەو ئیمانە جێگیرەتان بێ لێژ نەکات(٢١٠).

١٣٢-پرسیار: حوكمی بڕوا بوون بەبورجەکان چی یە؟
وەڵام: هەموو غەیبیان لەزانست و زانیاریەکانی خوای گەورەن و هەر خۆشی دەزانێت و گەورەی و بەتوانای خوای پەروەردگارو بێ توانای مرۆڤەکانیش دەردەخات. هەموو ئەو عاداتانهەینی پێش ئیسلامن و ئیسلام هەمووی پوچ کردەوە وەك خوای گەورەدەفەرموێ{ قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ(٢١١)} جگە لەخوا هیچ کەس غەیب نازانێت، هەتا یەکێك پێی وابێت کەپێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەزانێ سبەینێ چ دەبێت ئەوە بەهەقیقەت درۆیەکی گەورەی لەسەر خوا هەڵبەستووە. وەلەفەرموودەیەکدا کەئەبی داود دەیگێڕێتەوە لەئیبن عەباسەوە دەفەرموێ{مَنِ اقْتَبَسَ عِلْمًا مِنَ النُّجُومِ اقْتَبَسَ شُعْبَةً مِنَ السِّحْرِ زَادَ مَا زَادَ (٢١٢)} لەفەرموودەیەکی

(٢١٠) ـ (المراة بين الفقه والقانون ٢٩-٣٢)و(الروض الوريف شرح حقوق الجنس اللطيف ص ٩)و(سورة النساء الاية ٧-١١)

(٢١١) ـ سورة النمل الاية ٦٥

(٢١٢) ـ عَن ابْن عَبَّاس أَنَّ رَسُولَ اللَّه -صلى الله عليه وسلم- قَالَ :« مَن اقْتَبَسَ علْمًا منَ النُّجُوم اقْتَبَسَ شُعْبَةً منَ السِّحْر فَمَا زَادَ زَادَ) أخرجه الطبرانى (١٣٥/١١، رقم ١١٢٧٨)، وأبو الشيخ (١٢٢٥/٤، رقم ٧٠١٢٢) . وأخرجه أيضًا : البيهقى فى شعب الإيمان (٣٠٦/٤، رقم ٥١٩٧)
.

تردا بەم شێوەیە هاتووە
{ لَيْسَ مِنَّا مَنْ تَطَيَّرَ وَلاَ مَنْ تُطِيِّرَ لَهُ أَوْ تَكَهَّنَ أَوْ تُكُهِّنَ لَهُ أَوْ تَسَحَّرَ أَوْ تُسِحِّرَ (٢١٣)} لەكۆتایدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت ئەو جۆرە زانیاریانەی كەبە هۆی بورجەكانەوە بانگەشەی بۆ دەكرێت دەچێتە چوار چێوەی غەیبیاتەوە كەجگە لەخوای گەورە نەبێت، دەبێت ئێمەش خۆمانی لێ بەدوور بگرین و بڕوامان پێی نەبێت وە گەرنا دەكەوینەبەر ئەو هەڕەشانەی لەو دوو فەرموودەدا هاتووە.

١٣٣--پرسیار: خێزانم زۆر تووڕەیە دەمەوێت تەڵاقی بدەم.
خێزانەكەم زۆر زۆر تورەو عەصەبی یەو زۆر جار قسەی ناشیرین بەمن دەڵێت و زۆر لەمنداڵەكان دەدات هەرجەندی ئامۆژكاریم كردووە بەڵام سوودی نەبووە تا كار گەیشتە ئەوەی كەزۆریشم لێی داوە بەڵام هەرلەسەر تەبیعەتی خۆیەتی من ئیستا زۆر زۆر بیزارم. ئایا رای شەرع جۆنە لەبارەی خێزانەكەم و لەم حاڵەتەدا بۆم هەیە بیگەڕێنمەوە بۆ ماڵی باوكی؟
وەڵام: بەڕەوشت جوانی و قسەی خۆش كاریگەی لەتووڕەبوون و هەراو دەمەقاڵە زۆرترە، ئەو تووڕەیە تۆ ئارام بەلەكاتی تووڕەبوندا زۆر سەر مەنێ سەری تا ئارام دەبێتەوە نەوەك كاری خراپ و ووتەی كوفرو ناشیاوی بەدەمدا بێت و ببێتەمایەی زیاتر تاوانباری قوڵكرنەوەی زیاتر كێشەكان، وەلەكاتی ئارامیدا بەووردی قسەی بۆ بكەو شتەكانی بۆ شی بكەرەو، گەر فایدەی نەبوو دەتوانی لەڕێگەیەكی ترەوە كەسێكی تر لەخزمی خۆی و خزمی خۆت بۆ نمونە خوشك و دایك و پورو ئەو كەسانەی كەدڵسۆزن و بەئەمانەت نهێنیەكانتان دەپارێزن، وەخۆشت ڕێگە هەیە بیگریتەبەر وەك جێگە

(٢١٣) - أخرجه الطبراني (١٦٢/١٨، رقم ٣٥٥) . قال الهيثمي (١٠٣/٥)

جیاکردنـەوەب ۆ ماوەیـەك تـا نیشـانی بدەیـت کەعاجـزی لێـی نـەوەك کوتەکـی بـۆ بخەیتـە ئـاو و لێـی بدەیـت کەزیاتـر دڵـی لێـت دەئێشـێ. خـوای گـەورە هەردوولاتـان گونجـاو کات بـۆ یـەك و منداڵەکانتـان لەسـەر ئیسـلام و خوڕەوشـی جـوان پـەروەردە بکـەن، گـەر سـودی نەبـوو وە نەتتوانـی ئارامـی لەسـەر بگریـت ئاساییە دەتوانـن جیـا ببنـەوە لەیـەك بـە شـێوەیەك سـتەم لـە خۆتـان و منداڵـەکان نەکـەن(٢١٤).

١٣٤-پرسـیار: ئەگـەر کەسـێك تۆزێـك پشـتی بئێشـێت دەتوانێـت تەیەموم بکات لەبری دەست نوێژ؟

وەڵام: ئەگـەر کەسـێك تۆزێـك پشـتی بێشـێت تۆزێـك ئاسـاییە ان شـاء الله مـادام بتوانێـت دەسـتنوێژەکەی بشـوات و وەئـاو هەبێـت، وەگـەر هـەر نەیتوانـی بـا کەسـێکی تـر دەسـتنوێژەکەی بـۆ بشـوات، تەیەمـوم بـۆ کاتێکـە ئـاو نەبێـت وەیـان برینێکـی خـراپ لەسـەر ئەندامەکانـی دەسـتنوێژ شـتن بێـت وەیـان جەنابەتـی لەسـەر بێـت و ئـاوی دەسـت نەکەوێـت بـەو شـێوە.

١٣٥-پرسـیار: ئایـا گۆرانـی وەیـان سـرود حەڵاڵـە یـان حەرامـە؟ وە ئایـا سزاکەی چەندە؟

وەڵام: گۆرانـی وەهـەم سـرود هەردووکیـان حوکمـی قسـەکردن وەردەگـرن لەشـەرعدا جـا ئەگـەر ووشـەی خراپـی تێـدا بەکارهـات بێگومـان حەرامـەو نابێـت گوێـی لـێ بگیرێـت، هـەروەك چـۆن قسـەکردنیش ئەگـەر ئینسـان قسـەی خـراپ بـکات تاوانبـارە، مۆسـیقاش جێگـەی ڕاجیاوازییـە لەنـاو ئەهلـی عیلمـدا پێشـتریش باسـمان کـردووە،

(٢١٤) ـ (فتـاوى اللجنـة الدائمـة ١٦٦٩٤/١)و (التنجيـم والمنجـون وحكـم ذلـك في الاسـلام ٢١٥)

بەڵام تا بکرێت گوێی لێ نەگیرێت بەڕای من باشە، وەگەر گوێیشی لێ گیرا با لەو گۆرانی و سرودانە بێت کەووشەی خراپی تێدا نین واتەئەو گۆرانی و سرودانەی کەبەسەر دین و خاك و وولاتدا هەڵدەدەن، ئەوانە ئاساییە، وەبەنسبەت تاچەند تاوانبارەو سزاکەی چەندە ئەو شتانە بەنسبەت ئێمەوە نسبین خوای گەورە خۆی دەزانێ ئەمەوەك سزایەکی دونیای نییە بوترێت ١٠ ڕۆژ زیندانیە وەیان ئەوەندە غەرامەیە زۆربەی تاوانەکان ئێمە نازانین وەهەتا ئەوانەش کەدیاری کراوە هەر بۆ ئەوەیە ئێمە فکرەکەی لێوە وەرگرین وەگەرنا ئێشی ئازاری ئاگری دۆزەخ خۆ وەك دونیا نییە ،بەڵام ئەوە بزانرێت نەڕۆژی دوا ڕۆژ وەك ئێرەیە وە نەسزاکانیشی، وە هەرکات زانیمان شتێك حەرامە ئیتر بێ چەندو چوون دەبێت وازیان لێ بهێنین ئەگەر سزاکەشی نەزانین دەبێت ئەوە بزانین لەهەر تاوانێکدا کەئێمە دەیکەین سەرپێچی خوای گەورەمان کردووەوە ئێمە دەبێت شەرم لەخوای گەورە بکەین و تاوان نەکەین هەتا ئەگەر سزاشمان نەدات(٢١٥).

١٣٦-پرسیار: ئایە ئەو خواردنانەی کەE٤٧١ی تێدایە حەڵاڵە یان حەرامە؟

وەڵام:E٤٧١ واتەمادەی گۆشتی تێدایە جا ئیتر دەکرێت گۆشتەکە بەراز بێت مانگا بێت وەیان مەڕ بێت، شتەکە گوماناویەو دیار نییە چونکە ئەوان جیاوازی ناکەن لەنێوان حەیوانەکانداو هەمووی وەك یەك بەکار دێنن، هەتا زۆرجار لەشیرینیەکانیشدا هەیە، جا بۆ ئەوەی ئێمە بەدووربین لەو شتە گوماناویانە باشتر وایە هەر شتێك

(٢١٥) ـ (کف الرعاع عن اللهو والسماع ص١١٨)و(شرح السنة ١٢/٣٨٣)و(المغنی لابن قدامة ٩/١٣٢)و(اغاثة اللهفان لابن القیم ١/٤١٥)

گۆشـتی تێـدا بـوو نەیـان کڕیـن، گۆشـتیش لەمارکێتـە حەڵاڵـەکان، بـەڵام هەندێـك ڕێگەیـان داوەبـەو شـتانە بـۆ نمونـە ئاسـکرێمەو وەیـان نانەوەیـان شـتێکە لـەو جۆرانـە کەئەسـڵ تێیـدا نانەبـۆ نمونـە بـەڵام پـێ دەچێـت هەندێکـی زۆرکەمـی گۆشـت تێدابێـت بـەڵام بـەو هەنـدە کەمـە لەسـیفەتی نانەکـەی کـەم نەکردۆتـەوەو هـەر تـام و بۆنـی نـان دەدات، بـەڵام نابێـت ئێمەبـەردەوام هـەر ئەزعەفـول ئیمـان هەڵبژێریـن مـادام زەرور نیـن و وەلەبەرانبـەر ئـەوەدا بێگومانەکەمـان دەسـت دەکەوێـت(٢١٦).

١٣٧-پرسیار: ئایا شەترەنج و مۆسیقا حەڵاڵە یان حەرامە؟
وەڵام: شـەترەنج گونـاح نییـە واللهأعلـم، بـەڵام نابێـت لەسـەر شـت بێـت وە نابێـت کاتـی نوێـژو عیباداتـی گرنگـی لەسـەر بچێـت و وەنابێـت سـوێندنی لەسـەر بخورێـت، مۆسـیقاش شـتێکەو جێگـەی ڕا جیاوازیـە لەنێـوان زانایانـداو هەندێـك ڕێگـەی داوەو هەندێـك نـا، بـەڵام باشـترە ئەگـەر خۆمانـی لـێ بـەدوور بگریـن و خێـر زیاتـر لەوەدایـە کەبەکاریـان نـە هێنیـن، وەسـوپاس بـۆ خـوا لەبەرانبـەر ئـەوەدا ئەوەنـدە سـرودی خـۆش و بـێ مۆسـیقاش هـەن بەبیسـتنیان جگـە لەخۆشیەکەشـی ئیمـان بـەرز دەکەنـەوە(٢١٧).

١٣٨-پرسـیار: ئایـا مزگەوتێـك قەبـری تێـدا بێـت دروسـتە نوێـژی تێـدا بکەین بەڵام دیوار لەنیوانیاندا هەیە؟
وەڵام: ئەسـڵ ئەوەیـە لەجێگەیـەك کەقەبـری تێـدا بـوو نوێـژی تێـدا

---

(٢١٦) ـ (حكم سماع الغناء مع الة موسيقية على المذهب الاربعة ٨٨/١٠٠٠)

(٢١٧) ـ (مجموع فتاوى شيش الاسلام ابن تيمية ٣٢/٢١٨)و(الكبائر٨٩ ـ ٩٠)و(الجامع لاحكام القران للقرطبي ٦/٢٩١)

نەکرێـت بـەڵام هەندێـك مزگـەوت هەیـەو کـراوە لەتوانـای ئێمـەدا نەبـووە، ئـەو کات نوێـژی ئـەو مزگەوتانـە دروسـتە ان شـاء الله وەمەیکـەن بەڕێگـر بـۆ کردنـی نوێـژی جەماعەتتـان و خێـری ٢٥ نوێـژ لەکیسـی خۆتـان بـدەن بـۆی، بـەڵام ئەگـەر خۆتـان لەشـوێنێك بـوون و قەبـری تێـدا بـوو نوێـژی تێـدا مەکـەن، بـەڵام مزگەوتەکـە تـازە دروسـتکراوەو بەئـارەزووی خۆمـان نەبـووە[٢١٨].

١٣٩-پرسـیار: ئایـا ڕاسـتە دەڵێـن هەمـوو کـەس هـەر عـەزاب دەدرێـت ئەوسا دەچێتە بەهەشت؟

وەڵام: کاتێـك بـاس لەسـزا دەکرێـت مەبەسـت پێـی هـەر جەهەنـم نییـە مرۆڤـی مسـوڵمان لەدونیـادا ئـەو هەمـوو ناڕەحەتیانـەی کەدەیکێشـێ مـادام ئارامـی لەسـەر بگرێـت دەبێتـە مایـەی سـڕینەوەی تاوانەکانـی وەگـەر هـەر تاوانـی پێوەمابـوو تامـردن ئـەوە ئـازاری سەرەمەرگیشـی بـۆ دەبێتـە سـڕینەوەی تاوانـەکای وەگـەر هـەر پێـوەی مابـوو عەزابـی قەبـری بـۆ دەبێتـە مایـەی سـڕینەوەی تاوانەکانـی وگـەر هـەر پێـوەی مابـوو ئەزیـەت و ناڕەحەتـی مەحشـەر وەگـەر دوای هەمـوو ئـەو شـتانە پێوەی مابـوو ئـەوکات بایـی ئـەوەی پێـوەی مـاوە واتـە خراپەکـەی زۆرتـر بـوو لەچاکەبایـی ئەوەعـەزاب دەچێژێـت[٢١٩].

١٤٠-پرسـیار: ئایـا کەسـێك لەخـەو هەسـتاو بینـی تـەڕ بـووە بـەڵام نەیزانی مە نییە یان میز دەبێت خۆی بشوات؟

وەڵام: مەنـی خـۆی دیـارەو هـاوار دەکات و بەئاشـکرا لەمیـز جیـا

(٢١٨) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة ١/٤١١)و(مجموع فتاوى الشيخ ابن باز ١٠/٢٤٦)

(٢١٩) ـ (مرعـات المفاتيـح شرح مشـكاة المصابيـح ٢٢٢/١)و(لوامـع الانـوار البهيـة ١٨/٢)و(فتـح البـاري ٢٤٣/٣)

دەكرێتــەوە مەنــی دەلكێـت بەیەكـداو تۆپــەڵ دەبێـت وەكەوشــكیش بـوو بـووەوە جێگەكـەی بەئاشكرا دیارەبـەڵام میـز گـەر وشـك بـووەوەوا هەسـت ناكەیـت كەشـتێك بـوو بێـت. گـەر ئەوەڕوویـدا دەبێـت خـۆت بشـۆیت بـۆ ئـەوەی بتوانیـت نوێژەكانـت بكەیـت، وەخۆشتنەكەشـی سێ مەرجـی هەیـە یەكـەم: نیەتـت هەبێـت كەبـۆ ئەوەخـۆت دەشـۆی پـاك بیتـەوەو نوێژەكانـت بكەیـت. دووەم: هـەر پیسیەك لەسـەر لاشـەت بـوو دەبێـت لایبەریـت بەسابون و شـامپۆ جـوان خـۆت پـاك بكەیـت. سێهەم: دەبێـت ئـاو بگاتـە هەمـوو لەشـت نـەوەك هـەر سـەرت بشۆی وا بزانـێ تـەواو كارەكـەت ئەنجـام داوە وەیـان هـەر لەشـت بشـۆیت وتـەواو دەبیـت هەمـوو جەسـتەت بشـۆیت و ئـاوی پـێ بـگات[220].

١٤١-پرسیار: لەبەركردنی كام ڕەنك بۆ پیاو و ژن حەرامە؟

وەڵام: ڕەنگـەكان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـارەزووی كەسـەكان لەشـەرعدا هیچ ڕەنگێـك دیـاری نەكـراوە بـۆ ژن و پیـاو ئـەو كارانـە دەكەونە نێـوان وازلێهێنـراوەكان ئـەوەی كەمرۆڤ خـۆی سەرپشـك دەبێت لەهەڵبژاردنـی، بـەڵام ئەگـەر لەكۆمەڵگەیەكـدا هەندێـك لـەو ڕەنگانەتایبـەت بـوو بەئافـرەت ئـەوا بـۆ پیـاو دروسـت نییـە لەبەریـان بـكات نـەك لەبـەر ڕەنگەكـە بەڵكـو لەبـەر خۆچواندنـی بەئافرەتـەوە، هەروەهـا بەنسـبەت ئافرەتیشـەوە نابێـت ڕەنگێـك كە تایبـەت بێـت بەپیـاو بیپۆشـن، دەكرێـت بـە هـۆی خـوی كۆمەڵـگاوە جیاوازیـش لـەوەدا هەبێـت بـۆ نمونـە ڕەنگێـك لەكوردسـتاندا بـە هـی ئافـرەت ناسـراوە هەمـان ڕەنـگ لەووڵاتێكـی تـر بـۆ پیـاو یـان پێچەوانەوەئاسـایی بێـت[221].

---

(٢٢٠) ـ (النـوي في شرح مسلم ١٤/٨)و(فتـاوى اللجنـة الدائمـة رقـم الفتـواى ١٢١٠٢)و(كشـف الخفـاء ٢٤٨/١)

(٢٢١) ـ(عـون المعبـو د١١/١٢٦)و(حاشـية الدسـوقي ١/٤٠٦)و(الفاكـه الـدواني ١/٢١٨)و(فتاوى

١٤٢-پرسیار: ئەو شتە هەیە کە ئەگەر جلت بە پێچەوانەوە لەبەرکرد دوعا بکەی باشە؟
وەڵام: بەڵێ هەیە بەڵام نەك بۆ هەموو کاتێك بەڵکو بۆ کاتی ڕۆشتنە بۆ نوێژەبارانەوە هۆی ئەو کارەش بۆ ئەوەی کەنیشانی بدەن هەموو پێویستی بەخوای گەورەیەو زەلیلی خۆیان بۆ خوای گەورە نیشان بدەن، بەڵام نەك بۆ کاتەکانی تر[٢٢٢].

١٤٣-پرسیار: ئایا سمێڵ تاشین گوناهە؟
وەڵام: ئەو مشتومڕەی کە لەسەر ڕیش هاتوون باسی سمێڵ کورت کردنەوەش دەکەن لەگەڵیدا وەسمێڵ دەبێت کورت بکرێتەوە چونکە درێژ کردنەوەیان دروست نییە ، جا ئەگەر تاشراش لەبری کورت کردنەوەدا، هەر ئاساییە شتێك نەهاتووە حەرامی بکات فەرموودەکان باسی کورت کردنەوەی دەکەن[٢٢٣].

١٤٤-پرسیار: سەکسوك حەڵاڵە یان نا؟
وەڵام: ئەو فەرموودانەی کەباسی ڕیش دەکەن لەشی کردنەوەی ڕیشدا زانایان باسیان کردووە کەڕیش لەکوێوە دەست پێ دەکات تا کوێ وە هێڵانەوەی سەکسوکە واتە هێشتنەوەی نیوەی ڕیش، فەرموودەکان باسی ڕیش بەتەواوی دەکەن نەك نیوەی، وەئەو ڕاجیاوازیەی کەلەسەر ڕیش تاشین و هێشتنەوەی دەکەن باس لەهەمووی دەکەن نەك سەکسوکە وەسەکسوکە نەئەمەیە

اسلامية للعثيمين ٣/٣١٣)
(٢٢٢) ـ (البخاري ١٠١٢)و(المغني لابن قدامة ٢/١٥١)
(٢٢٣) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة ٥/١٣٣)و(الرملي بهامش فتاوى ابن حجر ٩٦/٤)و(اعانة الطالبين ٢/٢٤٠)

ڕیشی تـەواو بێـت وەنەئەمەشـە بێ ڕیـش بێـت، جـا گـەر کەسـێك بیەوێـت ڕیـش بهێڵێتـەوە بـا هەمـووی بێـت وەگەرنـا ئـەم تۆزەچـی یـە بەرچناکەوە[224].

١٤٥-پرسیار: ئایا ڕاگرتنی سەك دروستە لەماڵەوە یان نا؟
پرسـیارێکم هەیـە لەسـەر هەبوونـی سـەگ؟ هەبوونـی سـەگی بینـای لەکاتێکـدا دەرزی لەناوبردنـی هەمـوو ئـەو میکرۆبانـەی لـەو سـەگەدا هەیـە لەنـاو دەبـات .. ئایـە گوناحـە؟ ئـەو ماڵـە نوێـژی تیـا دروسـتە؟ وەهەنـدێ زانیـاری تـر لەسـەری ئەگـەر پێـم بڵێـن سـوپاس.
وەڵام: دروسـت نییـە ڕاگرتنـی سـەگ بەبـێ هـۆ وەك دەبینیـن زۆرێـك لەئەوروپـاو هەتـا بەداخـەوە لەکوردسـتانیش پەیـدا بـووە کەسـەگ لەماڵـەوە بەخێـو دەکـەن و جێگـەو خـواردن و کۆمەڵێـك کاری لەگەڵـدا دەکرێـت لەگـەڵ شـەرعدا یـەك ناگرنـەوە، بـەڵام ئەگـەر ڕاگرتنـی سـەگەکە بـۆ کارێکـی گرنـگ بـوو ئـەوە ئاسـاییە بـەڵام لەجێگـەی تایبەتـی بـۆ نمونـە نەیەتـە نـاو مـاڵ و منداڵ و سـەرجێگە چونکـە سـەگ گیاندارێکـی میکـرۆب دارەو پـاك نییـە ، وەئـەو هۆکارانـەی کەدەتوانرێـت سـەگ ڕابگیرێـت بـۆ پاسـەوانی بـۆ نمونـە کابـرا ئاژەڵـدارە وەیـان ترسـی دزو شـتی هەیـە، وەبـۆ ڕاو کەئەویـش ئەحکامـی خـۆی هەیـە لەچۆنێتـی ڕاوکردنەکـەی کەئێـرە جێگـەی ئـەو شـیکاریە نییـە بـەڵام دەتوانرێـت بـە هۆیـەوە ڕابگیرێـت وەیـان بـۆ زۆرکاری تـری پێویسـت کـەڕۆژگار دەری دەخـات بـۆ نمونـە کەشـفی ئەڵغـام و مـادەی هۆشـبەرو کاری خـراپ کەئەمانـەش سـودەکانیان دیـارە، وەهەروەهـا بـۆ ئـەو کەسـانەی کەنابینـان بـۆ ڕاکێشـانیان و سـود لـێ وەرگرتنیـان دروسـتە والله اعلـم، بـەڵام ئەوەنـدە هەیـە دەبێـت ئـەو کەسـەی کەبـەکاری دێنێـت تـا چەنـد

(٢٢٤) ـ (فتاوى اللنة الدائمة ٥/١٣٣)و(الانصاف ١/١٣٣)و (لقاء الباب المفتوح ٩/١٦)

زەرورەپێــی بــۆ نمونــە کەســێك نابینایــە لەکۆمەڵگــەی خۆمانــدا ئایــە پێویســتی بەســەگ هەیــە؟ مەگــەر هــەر کەســی نەبێــت و گوێــی پــێ نــەدەن وەگەرنــا لەکۆمەڵگــەی ئیســلامیدا ســوپاس بــۆ خــوا جێگــەی ڕێــزوو یارمەتــی زیاتــرن[٢٢٥]، بەکورتــی تــا بکرێــت نەکرێــت وەگــەر نەکــرا بۆ یەکێك لەو کارانە پێویست بوو ئەوکات مەعزورن ان شاء الله.

١٤٦-پرسیار: ئایا موعامەلەکردن لەکڕین و فرۆشتندا دروستە؟
وەڵام: معامەلەکــردن شــتێکی ئاســاییە، بــەڵام ئــەوەی گرنگــە لەبەرچــاو بگیرێــت ســوێندنی درۆو درۆی تێــدا نــەکات بەســوێند خــواردن ماڵەکــەی بــەرز بکاتــەوە، چونکــە ســوێند مــاڵ بــەرز دەکاتــەوە بــەڵام بەرەکەتــی لەســەر لادەبــات، وەپێغەمبــەران و پیــاو چــاکات کڕیــن و فرۆشتنیشــیان کــردووەو پیــاو چاکانیــش دوای ئــەوان هــەر کردوویانــە، ئیمامــی ئەبوحەنیفــە ڕەحمەتــی خــوای لــێ بێــت بازرگانــی قومــاش بــوو وەبەناوبانگــە ڕاســتگۆیی و سەرڕاســی ئیمامــی ئەبوحەنیفــە وەلەبازرگانیەکەیــدا هاتــووە ڕۆژێــك قوماشــێك تۆزێکــی چــرچ بــوو بــوو هاوڕێیەکــی شــەریکی هەبــوو پێــی ووت هــەر کات ئــەم قوماشــەت فرۆشــت ئەوچرچیــەی نیشــان بــدەوە گەرنــا پارەکــەی حــەرام دەبێــت و معامەلەکــەدرۆی تــێ دەکەوێــت، کابــرا قوماشــەکەی فرۆشــت بــەڵام لەبیــری کــرد کەعەیبەکەنیشــانی کڕیارەکــە بــدات هــەر کەئیمــام ئەمــەی زانــی پارەکــەی کــرد بەخێــرو وەوازیشــی لەبازرگانیەکــەی هێنــا بــە هــۆی ئــەوەوە، بــەڵام کێشــەکە لەوەدایــە زۆرێــك کەشــت دەفرۆشــێ لەکابــرای دەکات بەتەیــارەو درۆو ســوێندنی ناهەقیشــی لەســەر دەخوات! وەزۆرێکیــش هەیــە هەندێــك بــارودۆخ بەهەنــد

(٢٢٥) ـ (ابن ماجه ٣٦٤٠)و(فتح الباري ٥/٩)و(شرح رياض الصالحين لشيخ ابن عثيمين ٤/٢٤١)

وەردەگرێـت بـۆ خـۆی بـۆ نمونـە مانگـی ڕەمەزانـەو دەزانـی مسـوڵمانان پێویسـتیان بەشـتە ئەوانیـش گرانـی دەکـەن لەژێـر بیانـوی مەعامەلـەو بەوەنـدە دەیفرۆشـین جـا لەڕاسـتیدا ئەوانەتاوانبـارن، وەیـان هەیـە خـاوەن کارەو لە ئەورپایـە بـۆ نمونـە کەسـی بـێ ئیقامـە زۆرەو ناچـارن کەهەرچۆنێـك بێـت کار بکـەن وەئەوانیـش دێـن ئـەم هەلـە دەقۆزنـەوە بـۆ خۆیـان و بەپارەیەکـی کـەم کاریـان پێ دەکـەن لەکاتێکیـدا ئـەوان ناچارن بـەڵام خـۆ خـاوەن کار ناچـار نییـە ! یـا وەك کەسـانی تـری ئـەو جێگـە پارەیـان پـێ بـدات نـەوەك بەبیانـوی مەعامەلەوە کارێکـی زۆریـان پـێ بکات بەپارەیەکـی کـەم! دەبێـت عـورف لەبەرچـاو بگیرێـت، بـۆ نمونە کیلـۆی برنـج لەکوردسـتاندا لەدوکانەکانـدا ٢٠٠٠ دینـارە کەسێکیش دەچێـت بـۆ دوکان برنـج بکڕێـت هەمـوو دوکانـەکان داخـراوە یـەك دوکان نەبێـت ئەویش ناچـارە هەرچۆنێـك بێـت بیکڕێـت جـا نابێـت کابـرای دوکانداریـش بەبیانـوی مەعمەلـە حەڵاڵیـەوە٤٠٠٠ هـەزاری لـێ وەرگرێـت، وەیـان کەسـێك دەیەوێـت شـتێك بفرۆشـێت بـەڵام نازانـێ نرخـی بـازاڕ چۆنـە بـۆ نمونـە لە لادێیەکـەوە دێـت کابرایەکی شـاری پـێ دەگات پێش ئـەوەی بچێتـە نـاو شـارەوەو هەواڵـی بـازاڕ بزانێـت نابێت ئـەم کابـرا شـاریە لادێیەکـە بخەڵەتێنـێ و چاوبەسـتی لـێ بـکات بـەوەی بـازاڕ هەروایـە هەتـا ئەگـەر لادێیەکـەش ڕازی بێـت، چونکـە ئەگەر ئەو نرخـی بـازاڕی بزانیایـە بێگومـان بـەو نرخـە کەمـە نەیدەفرۆشـت، جا گـەر ئـەو مەرجانـە لەبەرچاوگیـرا معامەلەکـردن ئاسـاییەو حەڵاڵـە، وەزۆر گرنگـە هەوڵـی پـارەی حـەڵاڵ بدەیـن[٢٢٦].

١٤٧-پرسیار: ئایا نەعل ڕووی لەئاسمان بێت تاوانە؟

(٢٢٦) ـ (صحيح مسلم ١/١٠٢)و(فتاوى اللجنة الدائمة ١٣/٨)و(فتح الباري ٤/٣١٥)

وەڵام: مەگـەر کەسـێك بەمەبەسـت ئـەو کارە بـکات و بیشـوبهێنێت بـەکاری دونیاییـەوە وەگـەر نـا ئەشـکال لـەوەدا نییـە ، کەسـێك لەدونیانـدا کەنەعلـی ڕووی تـێ دەکـەن بەشـتێکی سـوك سـەیر دەکرێـت، وەکەدەبینـێ نەعـل وەیـان پێـڵاو ڕووی لەئاسـمانە بەجۆرێـك لێکـی دەدەنـەوە وەك وا بێـت ئـەوەی لەئاسـمانە حسـابی بـۆ نەکرێـت، جـا ئەگـەر بـەو مەبەسـتەوە ڕووی نەعـل و پێـڵاو خراوەسـەرەوە ئـەوە تاوانەبـۆ ئـەو کەسـەی کەکارەکـەی کردووە، وەگـەر نـا هیـچ ئەشـکالێکی تێـدا نییـە ، جـاری وا هەیـە ئێمـە جزمـەو نەعـل و پێـڵاوەکان دەشـۆرین و ڕوویـان دەکەینـە ئاسـمان بـۆ ئـەوەی وشـك بێتـەوەو ئاوەکـەی بچۆڕێـت وەیـان خـۆر لێـی بدات نـەك بەمەبەسـتی تـر، وەنەعـل و پێـڵاو پیوەرێکـی دونیایـن بـۆ کردنـی هەندێـك کار وەگـەر نـا ئەویـش کاڵایەکـە وەك کاڵاکانـی تـرو وەزۆرجـار دروسـتە نوێژیشـیان پێوەبکەیـن[227].

١٤٨-پرسـیار: سـلاوتان لێبێـت ئایـا کریـن و فرۆشـتنی گـوڵ دروسـتە لەکاتێکدا گوڵ و گوڵزار بەگشتی سروشتی و دروستکراوی خوایە؟

وەڵام: بەڵـێ دروسـتە چونکـە کەسـەکە ئەزیەتـی لەگەڵـدا دەکێشـێ و دەڕوات دەیبـڕێ و جـۆری دەکات وەهەمـوو ڕووەکـەکان سـەرچاوەی خوایـن و بەبـێ ئیزنـی ئـەو ناڕوێـن، وەئـەو کەسەشـی کەدەیفرۆشـی ئەزیەتـی لەگەڵـدا دەکێشـێ و بەحـازری پێشکەشـی کڕیـاری دەکات[228].

١٤٩-پرسیار: ئایا حەرامە مرۆڤ یاری بلیارد لەماڵەوە دابنێت؟

---

(٢٢٧) ـ (الاداب الشرعیة ٢٦٨/١)و(فتاوی نور علی الدرب ١٣/٦٥)و(فتاوی اللنة الدائمة ٣٠٢/٢٦)

(٢٢٨) ـ(اللجنة الدائمة للبحوث العلمیة والافتاء ٢١٤٠٩)و(اقتضاء الصراط المستقیم ١/٥٢٨) و(صحیح الجامع الصغیر ٦٠٢٥)

وەڵام: هەندێـك لـەو جـۆرە یاریانـەی لـەم زەمەنـەدا هـەن دەگەڕێتـەوە بـۆ مەبەسـتی کەسـی کار پـێ کـەری، بـۆ نمونـە بلیـارد، خـودی خـۆی دەقـی لەسـەر نییـە، بـەڵام چـی حەرامـی دەکات، ئەگـەر لەسـەر پـارە بکرێـت ئـەوە حەرامـی دەکات چونکـە ئـەوکات دەبێـت بەقومـارو قوماریـش دەقـی سـەریحی لەسـەرە، گـەر لەسـەر پـارەش نەکـرا دەبێـت لەجێگەیەکـی وادا نەکرێـت کەلەگـەڵ خوڕەوشـتی مسـوڵمانانداناگونجـێ بـۆ نمونـە لەگازینـۆو جێگـەی تێکـەڵاوو قسـەی پڕوپوچـی تێـدا دەکرێـت کەهـەر ئەسـڵەن دانیشـتن لـەو جێگانـە خـوازراو نیـن، گـەر بێـت و لەماڵەوەکـرا ئـەوکات دەبیـت کۆمەڵێـك خـاڵ هـەن لەبەرچاویـان بگریـن ١-سـوێندنی لەسـەر نەخورێـت ٢-نوێـژو کاری گرنگـی لەسـەر دوانەخرێـت وەیـان نەفەوتێنرێـت ٣-بـۆ کوشـتنی کات نەبێـت چونکـە کات ژیانـە وەبەکوشـتنی خۆمـان دەکوژیـن بەڵکـو دەکرێـت وەك پشـوویەکی کاتـی و تاوێـك حەسـانەوە بـەکار بێـت، بـەڵام دەبێـت ئەوەمـان لەپێـش چـاو بێـت کەئاڵـۆدە نەبیـن پێـوەی وەگـەر بکرێـت جۆرێـك لـەکاری تـر لەجێگەیانـدا بکرێـت کەسـودی جەسـتەی تێـدا بێـت باشـترە والله اعلـم[٢٢٩].

١٥٠-پرسـیار: لەفینلەنـدا کاتەکانـی نوێـژ دەگـۆڕێ، جـاری وا هەیـە کەنوێـژی خەوتنـان و بەیـا نـی یـە ک یـان دوو کاتژمێـری فەرقـە، ئایـا دەتوانیـن نوێـژی خەوتنـان بخەینـە پێشـەوە وە بەگشـتی حوکمـی دەستکاری کاتەکان چیە؟

وەڵام: کاتەکانـی نوێـژ دیـاری کـراوە لەشـەرعداو وەباشـترین کات یەکـەم کاتـی دەسـتپێکردنیەتی بـەڵام بـە هـۆی هـۆکاری جیـاوازەوە دەتوانرێـت

---

(٢٢٩) ـ (موقع الاسلام سوال وجواب ٥/٦١٢٨)و(فتاوى الشبكة الاسلامية ٦/١٢٠٨)و(فتاوى واستشارات الاسلام اليوم ١٣/٣١٤)

دوابخرێـت بـەڵام باشـترین کات ئـەو کاتەیـە کەدەسـت پـێ دەکات ڕاسـتەوخۆ بیکەیـن، وە گـەر بـە جەماعەتیـش بێـت ئـەوا خێرەکـەی ٢٧ جـار زیـاد دەکات، نـەوەك وەك کـوردی خۆمـان دەڵـێ نوێـژی عیشـا تـا دوای بخەیـت خێـری زۆرە! نوێـژ تـا لەکاتـی خۆیـدا بکرێـت خێـری زۆرتـرە بـەڵام گـەر دواخـرا بـە هـۆی هیلاکـی و سـەرقاڵیەوە ان شاء الله کێشـەیەك نابێـت مـادام ئـەو کاتـەی شـەرع دایـنـاوە تێـی نەپەڕێـنـی، زۆر ڕاسـتە فینلەنـدا کاتـەکان زۆر جیـاوازی هەیـە لەهاویـن و زسـتاندا بـەڵام مـادام شـەو و ڕۆژی تێدایـە کاتەکانـی نوێـژ دیـاری کـراوە بەپێچەوانـەی هەندێـك وواڵت کەزۆربـەی کات شـەو وەیـان ڕۆژە کەبەتەقدیـری دەکرێـت خـوای گـەورە نوێژەکانتـان لـێ وەربگرێـت و لەوەڵامـی نوێـژدا کەیەکـەم پرسـیارە لـەڕۆژی دوایـدا سـەرکەوتووتان بـکات، بـۆ ئـەوەی ئێـوەش نزیکـی ٣ مانگێـك وایـە لـە سـاڵدا، لیژنـەی فەتـوای ئەوروپـی ڕێگەیـان داوە جەمـع و تەقدیـم بکرێـت، واتـە نوێـژی عیشـاو مەغریـب پێکـەوە بکـەن لـە کاتـی مەغریبـدا، هەتـا لـە ڕووی فەلەکیـەوە دەڵێـن کاتەکانیشـان بەیەکـەوە داخـل دەبێـت، لـە هەندێـك لـە مزگەوتەکانـی بەریتانیـا هـەر بـە جەماعـەت ئـەو دوو نوێـژە پێکـەوە دەکـەن لـەو سـێ مانگـەدا، بـۆ نمونـە شـاری لیـدز کـە د عبـدالله جدیـع خـۆی لـەوێ نوێـژ دەکات و یەکێکـە لـە ئەندامانـی لیژنـەی فەتـوای ئەوروپـی[٢٣٠].

١٥١-پرسیار: ئایە کەراهەت فەرقی چی یە؟ لەگەڵ مەکروهە؟
وەڵام: لەفیقـەی ئیسـلامیدا پێنـج شـتمان هەیـە لەسـەر کـردەوەکان یەکـەم: فـەرز کەبـەو شـتە دەوترێـت کەدەبێـت بکرێـت، بەکردنـی سـودمەند دەبیـن وەبەنەکردنـی تاوانبـار دەبیـن، واجـب هەیـە، موبـاح

(٢٣٠) ـ(فتـاوى اللنـة الدائمـة للبحـوث العلميـة والافتـاء رقـم ٢٧٦٩)و(مجمـوع فتـاوى ورسـائل ابـن عثيمـين ١٩/٣٢١)

هەیـە، مەكـروە هەیـە، وەحـەرام هەیـە. مەكـروە بـەو شـتەدەوترێت كەبەنەكردنی خێرمـان دەست دەكەوێت و بەكردنـی تاونبـار نابیـن بـەڵام نەكردنـی باشـە چونكـە نزیكـە لەحەرامـەوە، كەدەوترێـت كەراهەتـی هەیـە هیـچ جیـاوازی نییـە لەگـەك ئـەوەی دەوترێـت مەكروهـە پێـم وایـە كەراهەتەكـە كـراوە بەكـوردی و بەرگـی كـوردی بەبەرگـدا كراوەكەعەرەبیەكـەی (مكروە)پـی دەوترێـت بـەڵام ئـەو دەسـتەواژەیە كەبـڵاوە لەنـاو كـورددا بـۆ ئەوەیـە خەڵكـی تـێ بگەیـەت كەمەبەسـت پێـی چـی یەبـۆ نمونـە ئەگـەر بوترێـت بـاش نییـە لەوانەیـەوا بزانیـن مەبەسـتمان پێـی دونیاییـە بـەڵام كەدەوترێـت مەكروهـە ڕاسـتەوخۆ دەزانیـن مەبەسـت پێـی حوكمـی شـەرعیە، خـوای گـەورە بەدوورتـان كات لەهەمـوو خراپـەو گومانلێكراوێـك و كردەوەكانتـان هەمـووی لەچوارچێـوەی حـەڵاڵ و موبـاح نەچێتـەدەرەوە[231].

١٥٢-پرسـیار: ئایـە سـەیركردنی زنجیـرە فیلمـی حەزرەتـی یوسـف دروستە؟
وەڵام: ئەڵبـەت ئێمـە نازانیـن چ زنجیـرە درامایەكـی حەزرەتـی یوسـف علیـە السلام دەڵێـن و خۆمـان نەمـان بینیـوە ناتوانیـن حوكمـی لەسـەر بدەیـن، بـەڵام كارێكـی زۆر بـاش و گونجـاوە ئەگـەر چیرۆكـە قورئانیـەكان بكرێـن بەدرامـا لەبـەر نەبوونـی مەیلـی خوێنـدن لەلایـەن زۆر كەسـێكەوەو وەهەروەهـا نەخوێنـدەواران هەرچـۆن سودمەندیشـە بـۆ گشـت لایـەك و مەیلێكـی زیاتـر دەدات بـۆ سـەیركردنی و لـێ تێگەشـتنی، بـەڵام دەبێـت ووریـای ئەوەبیـن كەشـتی ناشـیاو تێكەڵـی نەكرابێـت و ئـەو مەقسـودە نـەدات كەلەقورئانـدا لەسـەر هاتـووە، چونكەپـێ

(٢٣١) ـ (نهایـة السـوال ٤٩/١)و(الرسـالة ٣٦٩/٣٦٦)و(بدائـع الفوائـد ٤/٣)و(اعـلام الموقعـین ١٣٥/٣)

دەچێـت هەندێـك لـەو درامانـە دەسـتی لەپشـتەوەبن جـا بـۆ ئـەوەی نەکەوینـە ئـەو هەڵانـەوە هـەر مەوقیفێـك کەبەلامانـەوە سـەیر بـوو باشـتر وایـە پرسـیاری لەسـەر بکرێـت، بـۆ هـەر دراما یـان فلیمێکـی تـری ئاینـی دوکومێنتـاری پێویسـتە ئێمـە هـەردەم ئاگامـان لـە دەقـەکان بێـت گـەر سـەیرمان کـرد ڕای شـەرعی لەسـەر بزانیـن و هـەر گومانێکمـان تێیـدا بـۆ دروسـت بـوو تەئکیـدی لەسـەر بکەیـن(٢٣٢).

١٥٣-پرسیار:حوکمی ئیسلام لە سە ر زەکاتی پێش وەخت؟
لـە مانگـی هەشـتی هەمـوو سـاڵێك زەکاتـی پارەکـەم دەردەکـەم هەرچەند خـوای گـەورە دابێـت، بـەڵام ئەمسـاڵ لـە مانگـی چـوار ئامۆزایەکـم کەکەسێکی موسڵمانەو نوێـژ خوێنـەو مـاڵ و منداڵیشـی هـەر بـەو شـێوە توشـی زەرەرێکـی مـادی بـوو کـە خۆشـی فەقیـر حاڵـە تـا ئیسـتە لـە لادێ دەژی لـە بـەر بـێ خانوویـی بـەڵام مـن مەبلەغێـك پـارەم بـۆ نـارد بـەلام نیەتـی زەکاتـم لێهێنـا ئایـا دروسـتە لـە مانگـی هەشـت کاتێـك زەکاتـم دەرکـرد ئـەو پـارە رابـردووە بـە زەکات حسـاب بکـەم جارێکـی تـر نەیدەمـەوە، ئایـا زەکات بـەو ئامۆزایـەم دەشـێت خـوا پاداشـتتان بداتـەوە.
وەڵام: زەکاتـدان عیبادەتـە هـەر بۆیـە لـەو کاتـەوە فـەرز دەبێـت کەکاتەکـەی هاتبێـت واتـە پێـش وەخـت فـەرز نییـە لەسـەرتان کەبیـدەن بـەڵام کەداوتانـە بـە هـۆی حاڵەتێکـی تایبەتـەوە هیـچ گرفتـی تێـدا نییـە ، هـەروەك زەکاتـی فیطـر کـە لەڕەمەزانـدا دەدرێـت خـۆی لەیەکـەم ڕۆژی جەژنـەوە دەبێـت بدرێـت بـەڵام بـە هـۆی کۆمەڵێـك هـۆکاری جیـاوازەوە ئەوەتـە خەڵکـی پێشـتر دەیـان دات، بەتایبـەت ئەوانـەی لەئەوروپـان هـەر لەڕەمەزانـەوە کـۆی دەکەنـەوە

(٢٣٢) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة ٣/٢٦٨ـ ٢٧٠)

تـا بیگەیەنـن بەهـەژاران پێـش جـەژن، بەنسـبەت ئـەو زەكاتـەی كەبەڕێزتـان داوتانـە بەئامـۆزای خۆتـان ئایـە دەشـێ یـان نـە بەڵـێ دەشـێ و وەكارێكـی یەكجـار باشیشـتان كـردووە كەهـەم سیلەی ڕەحـم زیاتـر بـە هێـز دەكات وەهـەم خزمیشـە لەپێشـترە بـۆ ئێوەتـا كەسـی تـر، ئەوانـەی كەنابێـت زەكانـی پـێ بـدەی دایـك و باوكـی خۆتـەوە ژن و منداڵەكانـت، خـوای گـەورە بەرەكەتـی زیاتـر بخاتـە ماڵتانـەوە انشـاء الله[٢٣٣].

١٥٤-پرسـیار: شـوەكەم دوای شـوكردم پێـی دەسـتی بەخواردنـەوە كـرد چـی بكـەم؟

سـڵاو، ئەزیزانـم مـن كەشـوم كـرد یەكـەم مەرجـم ئەوەبـوو كەنوێـژ بـكات و مەشـروب نەخواتـەوە مێردەكـەم، هاوسـەرەكەم زۆر نوێـژی دەكـردو زۆر خێـری دەكـرد تـا مـاوەی سـێ سـاڵ بـەڵام ئـەوە ساڵێكە نوێـژ نـاكات و مەشـروب دەخواتـەوە زۆر زۆر هەوڵـم لەگەڵـدا داوە بەقسـەی خـۆش بەنەرمـی بـەڵام بێسـودە كەقسـەی بـۆ دەكـەم دەڵـێ خـۆم هەمـووی دەزانـم و قسـەكانتم لەبـەر كـردووە، بەڕاسـتی ئەوەبـۆ دوو سـاڵە بووەتـە كێشـەی سـەرەكیمان وە پێـم دەڵـێ ئەگـەر قبوڵـت نییـە بـڕۆ، منیـش خاوەنـی دوو منداڵـم، بەدایـك و كەسـوكارم ووت پێیـان ووتـم ئاسـاییە هەمـوو گەنجێـك ئەخواتـەوە، بەڕاسـتی كـەس نییـە یارمەتیـم بـدات، وەقسـەی مـن هیـچ كاریگـەری نییـە ،دایوەلەسـەری چونكـە براكانـی و زاواكانـی و هاوڕێكانـی هەموویـان مەشـروب خـۆرن تكایـە چـی بكـەم، دوای ئەوەدایـم لەماڵـەوەش دەخواتـەوە.

وەڵام:خوشـكی بەڕێزمـان خـوای گـەورە هەمـوو ئـەو ناڕەحەتیانەتـان

---

(٢٣٣) ـ٠الوسـوعة الفقهيـة ٤٨/٣٥)و(المغنـى لابـن قدامـة ٤٩٢/٢)و(الـشرح الممتـع عـلى زاد المسـتقنع ٢١٤/٦ـ ٢١٥)

بەتوێشـوی قیامەت قبـوڵ کردبێـت مـادام لەبـەر بەرگـری کردنـە لەخراپـە، خوشـکی بەڕێـز پێـش هەمـوو شـتێك مێردەکـەت بجوڵێنـەو قسـەی لەگـەڵ بکـە بزانـە بۆچـی نوێـژ نـاکات وە بۆچـی مەشـروب دەخواتـەوە؟ گـەر هـۆکاری نەکردنـی نوێـژو خواردنـەوە مەشـروبی گـەر بـێ بـاوەڕی بێـت و لەدیـن هەڵگەڕابێتـەوە ئـەوە دروسـت نییـە لای دابنیشـی و پێویسـتە لێـی جیـا ببیتـەوە، چونکـە ئافرەتـی مسـوڵمان دروست نییە لەژێـر ڕکێفی کافـردا بێـت، وەگـەر بـاوەڕی بەدیـن هەیـەو بـەڵام ئیتـر لەتەمەڵـی و نەفـس بـەرزی خۆیـدا ڕێگـەی پـێ نـادات نوێـژ بـکات و مەشـروب دەخواتـەوە، ئـەوە پێویسـتە لـەو خاڵـەوە دەسـت پـێ بکەیـت کەکاریگـەری لەسـەر مێردەکـەت دروسـت بـووە، ئـەوەی بـەدی دەکرێـت لـەم باسـەدا هـۆکاری تێکەڵـی مێردەکـەت لەگـەڵ ئـەو کەسـە مەشـروب خۆرانـەدا وایـان لـێ کردووەکـە ئەمیـش مەشـروب بخـوات، تـۆ هـەوڵ بـدەوای لـێ بکـەت کەتێکەڵیـان نـەکات، گـەر بکرێـت بـار بکـەن و دوور بکەونـەوە لـەو بیئـە زۆر بـاش دەبێـت، ئـەو ئایـەت و فەرمووودانـەی بەبیـر بێرەوەکـە لەسـەر هاوڕێیەتـی خـراپ دەدوێ، بەماڵەوەشـتان بڵـێ کەپیـاو ماقـوڵ و کەسـوکارتان قسـەی لەگـەڵ بکـەن، ئـەو مەرجەشیان بەبیـر بهێنـەوە کەتـۆ مافـی خۆتـە، مەرجیـش نییـە هەمـوو گەنجێـك بخواتـەوە بەمەلاییـن گەنـج هەیەناخواتـەوە، چوارکـەس لـەدەوری مێردەکەتـان کـۆ بووەتـەوەو مەشـروب دەخـوات نابێـت دونیـای لا تەسـك ببێتـەوە هەمـوو گەنـج بەمەشـروب خـۆر بزانێـت، جـا هەمـوو ئـەو هەوڵانـە ئـەوە بزانـە هەمـووی دەبێتەپاداشـت بـۆ بەڕێزتـان هەتـا ئەگـەر سودیشـی نەبـوو چونکـە کارەکـەی ئێـوە لەپێنـاو چاکەکاریـدا بـووە، بـەو شـێوەیە لەگەڵیـدا بـڕۆ، گـەر هـەر هیـچ سـودی نەبـوو ئێوەشـەرعەن تاوانبـار نابـن گـەر جیـا ببنەوەلێـی، بـەڵام ئارامگرتـن لەگەڵیـداو بەردەوامـی ئامـۆژگاری ئومێـد هەیـە ئەنجامـی

باشـی هەبێـت و مـن دڵنیـام گـەر ئێوەخـۆ ڕاگربـن و بـەردەوام هەوڵـی خۆتـان بـدەن ئەنجامـی هـەر لەدونیـادا دەبینـی جگەلـەوەی پاداشـتێکی نەبڕاوەی قیامەتیشـی لەدوایـە، خـوای گـەورە کار ئاسـانیتان بـۆ بـکات و مێردەکەشـتان بگەڕێتـەوە سـەر هەمـان ڕێـڕەوی پێشـووی و ئـەم خێزانـەی ەشـپرزەنەکات(٢٣٤).

١٥٥-پرسیار: خانوو گرتن بەڕەهن گوناحە یان نا؟ بۆم ڕوون بکەنەوە؟
وەڵام: ڕەهـن بـەو شـتە دەوترێـت کەلەبـری شـتێك دابنرێـت بەکـوردی پێـی دەوترێـت بارمتـە، بـۆ نمونـە کەسـێك قەرزێـك دەدات بەکەسـێکی تـر وەکابـرای قـەرزدەر داوای بارمتـە دەکات بـۆ ئـەوەی سـیقەیەکی بـۆ دروسـت ببێـت کەپارەکـەی نافەوتێـت، جـا ئـەو شـتەی کەبـە ڕەهـن دانـراوە، ئایـا خانـووە سـەیارەیە، وەئـەم جـۆرە کارە ڕەوایـە لەشـەرع دا، ئایەتـی ٢٨٢-٢٨٣ ووردەکاری قـەرزو ڕەهنـی تێدایـە هـەر بۆیـە دەیکـەم بەدیـار بـۆ زیاتـر تێگەشـتن لێـی بەتەفسیرەکەیەوە، ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِيـنَ ءَامَنُـوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡـنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَلَا يَأۡبَ كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ فَلۡيَكۡتُبۡ وَلۡيُمۡلِلِ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ وَلَا يَأۡبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْۚ وَلَا تَسۡـَٔمُوٓاْ أَن تَكۡتُبُوهُ صَغِيرًا أَوۡ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِ وَأَقۡوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ وَأَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَرۡتَابُوٓاْۖ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً حَاضِرَةٗ تُدِيرُونَهَا بَيۡنَكُمۡ فَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَلَّا تَكۡتُبُوهَاۗ وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٞ وَلَا شَهِيدٞۚ وَإِن تَفۡعَلُواْ فَإِنَّهُۥ

(٢٣٤) ـ (الفتاوى الكبرى لابن تيمية ٢/٤٢٧)و(قاعدة في المحبة ١/٨١)

فُسُوقُۢ بِكُمۡۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ(٢٣٥)}
واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەئەگەر قەرزێکتان کرد لەیەکتر تا ماوەیەکی دیاری کراو، ئەوە بینوسن و با نووسەرێك کەدادپەروەربێت بەڕاستی و دروستی لەنێوانتاندا بینوسێت، با هیچ نوسەرێك سەرپێچی نەکات لەنوسین، هەر وەك چۆن خوا فێری کردووە با بنووسێت، (خۆ ئەگەر کەسێك خوێندەوار نەبێت) ئەوەی کەحەقەکەی بەسەرەوەیەو قەرزەکەی لایە با بەدەمی خۆی (ئەندازەی قەرزەکەی) بەکاتبەکە بڵێت و لەخوای پەروەردگاری بترسێت و چاوپۆشی لە هیچی نەکات و لێی کەم نەکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەوەی قەرزەکەی لەسەرە هەڵەشە بوو، یا لاواز بوو (منداڵ یان بەساڵاچوو بوو) یا نەیدەتوانی دان بەحەقەکەدا بنێت (کەڕوڵاڵ بوو) با بەخێوکەر، یا سەرپەرشتیارەکەی دادگەرانە حەقیقەت و ڕاستی قەرزەکەی بڵێت و با دوو پیاو لەخۆتان شایەتی لەسەر (قەرزو مامەڵە)بگرن، ئەگەر دووپیاو دەستنەکەوتن بۆ شایەتی، با پیاوێك و دوو ئافرەت شایەتییەکە بدەن لەو کەسانەی کەڕازین بەشایەتیدانیان، نەوەکو یەکێك لە(ئافرەتەکان) بیری بچێت، با ئەوی تریان بیری بهێنێتەوەو شایەتەکان نابێت کە کاتێك داواکران خۆ وێڵ بکەن و ئامادە نەبن، بێزار مەبن لەوەی کە(قەرز) بنووسن، کەم بێت یان زۆر و تا ماوەی دیاری کراوی، بەڕوونی با یاداشت بکرێت، ئەنجامدانی مەسەلەی قەرزتان بەو شێوە دادپەروەرانەیەو پەسەندترە لای خوا (لەنەنووسین)، ئەوسا چاکتر دەتوانن شایەتی ڕاگرن و نزیکترن لەوەی گومان و دوودڵی بەیەکتر نەبەن (مافی کەس تیا نەچێت)، مەگەر بازرگانیەك بێت لەبەر دەستانداو لەنێو خۆتاندا بیگێڕن و کڕین و فرۆشتن

(٢٣٥) ـ سورة البقرة الاية ٢٨٢

ئەنجام بدەن، ئەوەگوناەتان ناگات کەناینووسن، (چونکەئاسان نیەو مامەڵە دوادەخات، هەتا بۆتان دەکرێت) شایەت بگرن کاتێک کڕین و فرۆشتنتان ئەنجامدا و نابێت نووسەرو شایەت ئازار بدرێن و بێزار بکرێن، خۆ ئەگەر شتی وابکەن ئەوە بەڕاستی مانای وایە ئێوە لەچەندەها فەرمانبەرداری دەرچوون، جا لەخوا بترسن و خۆ پارێزبن و خوا فێری ئەو شتانەتان دەکات (کەخێری تیایە بۆ دنیاو پاداشتی قیامەتی لەدوایە) و خوا بەهەموو شتێك زانایە.

{ وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُواْ كَاتِبًا فَرِهَٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا تَكْتُمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ(٢٣٦)}

واتە: خۆ ئەگەر لەسەفەردا بوون و نووسەرێکتان دەست نەکەوت، ئەوە بارمتەکان وەردەگیرێن (لەباتی قەباڵەو سەنەدەکە)، خۆ ئەگەر لەیەکتری دڵنیا بوون با ئەوەی بەئەمین و دەستپاك دادەنرێت ئەمانەتەکەی (قەرزەکە) بداتەوەو با لەخوای پەروەردگاری بترسێت، نەکەن شایەتی بشارنەوە، ئەوەی شایەتی بشارێتەوە ئەوە بەڕاستی دڵی ژەنگاوی و ناپوخت گوناهبارە، خوایش بەهەموو ئەو کردەوانەی کەدەیکەن زانایە.

١٥٦-پرسیار: ئایە بیدعەی حەسەنە هەیە؟

من دەمەوێت بپرسم لەمامۆستا کەبیدعەی حەسەنە هەیە بەڵێ یان نەخێر؟ ئەگەر بەڵێ باشە پێم بڵێ لەچەندەم لاپەڕەیا هاتووە کەبزانم پشتی ئەوانە بگرم کەدەڵێن نیە ئەگەر نەخێر، باشە مامۆستا ئێمە چۆن ئەو کەسانە کەدەڵێن بیدعە بیدعەی حەسەنەیە هەیە چۆن بیانهێنیە سەر ئەوەی کەپێیان بڵێین ئەو ڕێگایەی کەگرتووتە

(٢٣٦) ـ سورة البقرة الاية ٢٨٣

بـەر هەڵەیـە، بـەڵام بەبێ بەڵگـە مـن هیچـم پـێ ناکرێـت، زۆر سوپاسـی هەمووڵایەکتـان دەکـەم.
وەڵام: بـرای بەڕێـز بیدعـە هەمـووی هـەر بیدعەیـەو وەهەمووشـی خراپـە شـتێك نییـە پێـی بووترێـت ئەمـە بیدعەیـە بـەڵام ئەمەیـان چاکـەو وەئەمەیـان خراپـە، بەڵگـەش پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـێ: «کل بدعـة ضلالـة، وکل ضلالـة فـي النـار(٢٣٧)» واتـە هەمـوو بیدعەیـەك سەرلێشـواویە، وەهەمـوو سەرلێشـێوایەکیش بـۆ ئاگـرە، کەواتـە بۆمـان دەرکـەوت بەپێـی ئـەو فەرموودەیـە شـتێك نییـە کەبەبیدعـەی حەسـەنەناو ببرێـت، تەنهـا ئەوەنەبێـت لەفەرموودەیەکـدا هاتووەکـە بوخـاری بۆمـان دەگەڕێنێتـەوە بـەم شـێوەیە: عمـر رضـي الله عنـە: «نعمـت البدعـة هـذە(٢٣٨)» واتـە عومـەری کـوڕی خەتـاب ڕەزای خـوای لـێ بێـت فەرموویەتـی ئەمـە بیدعەیەکـی چاکـە، واتـە ئـەو ووشـەی بـەکار هێنـاوە ووشـەی بیدعـە بەچاکـە، بـەڵام مەبەسـت لـەو بیدعەیـە بیدعـەی زمانەوانیەنـەك بیدعـەی شـەرعی، چونکـە زۆرێـك لـەم سـەردەمەدا شـتانی بەنـاو شـەرعیەوە دەکـەن و بەنـاوی بیدعـەی حەسـەنەوە، وەووتەکـەی ئیمامـی عومـەر ڕەزای خـوای لـێ بێـت لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت کەخەڵکـی کـۆ کـردەوە بـۆ نوێـژی تەراویـح بەکۆمـەڵ، بـەڵام نوێـژی تەراویـح شـەرعێتی هەبـوو پێـش ئەویـش، بـەڵام پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت بـە هـۆی ئـەوەی نـەوەك فـەرز ببێـت لەسـەریان نەیکـرد بەبەردەوامـی وەئەمـەش واتـە پێشـتر کـراوە بـەڵام ئێسـتە ئێمـە گەڕاوینەتـەوە بـۆ شـتێك کەلێـی دابڕاویـن، بـەڵام لێـرەدا شـتێکی تـر هەیـە کەلێـك چـووە لەگـەڵ ئـەم بابەتـەدا

(٢٣٧) -[رواه النسائي في «سننه» (١٨٨/٣ - ١٨٩)
(٢٣٨) - [رواه البخاري في «صحيحه» (٢٥٢/٢) من حديث عبد الرحمن بن عبد القاري]

کەئەویش سونەتی حەسەنەیە، وە سەرچاوەی ئەو باسەش ئەم فەرموودەیە: قوله صلى الله عليه وسلم : «من سن في الإسلام سنة حسنة[٢٣٩]» وە مەبەست لەزیندوو کردنەوەی سونەتەی حەسەنەیە، وەپێغەمبەر درودی خوای لێ بێت ئەم فەرموودەی ووت لەمناسەبەتی یەکێك لەو هاوەڵانەیدا کەخێرێکی زۆری هێنا لەکاتێکدا کەئەزمەبوو، هەتا خەڵکی چاوی لێ بکەن و ئەوانیش ماڵ و پارە ببەخشن. خوای گەورە بەدوورمان بخات لەهەموو بیدعەیەك، وە بمانکات بەپێشەنگ لەسەنەتی حەسەنەدا.

١٥٧-پرسیار: ئایە سەید لێپرسینەوەی هەیە؟
وەڵام: تەنها پێوەرێك بۆ چوونە بەهەشت و ڕزگار بوون لەسزای دۆزەخ کردەوەکانمانە جا ئیتر سەید بێت، شێخ بیت، سۆفی بێت، دەروێش بێت ئەگەر کارەکان هاوتا بوون لەگەڵ خیتابە قورئانیەکاندا دەبێتە مایەی ڕزگاری وەگەرنا سەیدی خۆی بۆ خۆی هیچ کاریگەری نییە ، وەسەید بەکەسێك دەوترێت کە لەعائیلەی پێغەمبەر بێت درودی خوای لێ بێت وەمامی پێغەمبەر لەدۆزەخ دایە! وەزۆرن ئەو کەسانەی کەبەبێ حساب دەچنە بەهەشت دەکرێت سەیدیش لەو کەسانەبێت بەڵام نەك لەبەر سەیدێتیان[٢٤٠].

١٥٨-پرسیار: لەمووچەی خۆم یارمەتی ماڵی باوکم دەدەم ئەوە لەسەرم فەرزە وەیان بەخێر بۆم ئەنوسرێت؟
بەڕێزان من شووم کردووەو لەماڵی خۆمدام، بەڵام لەمووچەی خۆم

---

(٢٣٩) - [رواه الإمام مسلم في «صحيحه» (٢/٧٠٤ - ٧٠٥) من حديث جرير بن عبد الله]

(٢٤٠) -(فتح الباري ٥/١٧٩)و(دليل الفالحين ٨/٥٤٢)و(شرح النوي على مسلم ٧/١٥) و(الاذكار ص ٣٦٢٩)

یارمەتـی ماڵـی باوکـم دەدەم ئـەوە لەسـەرم فـەرزە وەیـان بەخێـر بـۆم ئەنوسـرێت لەگـەڵ ڕێـزو سوپاسـمدا.

وەڵام: زانایـان کۆکن لەسـەر ئـەوەی کەئەگـەر بـاوك و دایـك هـەژار بـوون واجبـە لەسـەر منداڵەکانیـان یارمەتیـان بـدەن وەك لەفیقـەی ئیمـام مالـك بەرگـی یەکـەم لاپـەڕە۳۲۹دا هاتـووە، بەڵگـەش ئەوەیـە کەخـوای گـەورە دەفەرمـوێ {وَبِالْوَالِدَيْـنِ إِحْسَـانًا([٢٤١])} خوای گـەورە بەرەکـەت بخاتـە دارایەکەتانـەوەو مێـردی بەڕێزیشـتان سـەربەز بـکات، بەڕاسـتی ئەمـە یەکێکـە لەخەسـڵەتە هەرەجوانـە ئیسـلامیەکان کەلـەڕووی داراییـەوە ئاگامـان لەیەکتـر بێـت زۆر کـەس کەشـوو دەکات مـاڵ باوکـی پشـت گـوێ دەخـات هـەروەك زۆر کەسـیش کـەژن دەهێنـێ بەهەمـان شـێوە، هەشـە ڕێگـری دەکات لـەوەی کەخێزانـی وەیـان مێردەکـەی یارمەتـی مـاڵ دایـك و باوکـی بـدەن سوپاسـی خـوای گـەورەی دەوێـت کەبەڕێزتـان هیچێـك لەوانەتـان تێـدا کـۆ نەبۆتـەوە، یارمەتـی دانـی دایـك و بـاوك هـەر خـۆی بـۆ خـۆی گەورەتریـن خێـرو جێگـەی ڕەزامەنـدی خـوای گەورەیـە، بـەو ڕۆحیەتـەوە مامەڵـە لەگـەڵ دایـك و باوکـدا بکـەن نـەوەك خوانەخواسـت ئەگـەر بزانـن فـەرز نییـە وازی لـێ بهێنـن([٢٤٢]).

١٥٩-پرسیار: لوتەوانەیان لەکونێ زیاتر بکەی لەگوێدا ئایا گوناهە؟

وەڵام: ئـەوەی کەبـووە مایـەی سەرسـوڕمانم کـە لەئەورپـادا بینیـم کونـی زۆر بـوو لەگوێـدا، کەسـی وا هەیـە ئەوەنـدە کونـی تێدایـە بەئاسـانی ناژمێردرێـت! ئومێـد دەکـەم کارەکانـی ئێمـە چـاو لێکـردن نەبێـت تـا ئـەو هەڕەشـە نەمانگرێتـەوە کەپێغەمبـەر صَلَّـى اللهُ عَلَيـه

(٢٤١) ـ سورة الاسراء الاية ٢٣

(٢٤٢) ـ (صحيح مسلم البروالصلة والاداب ٢٥٥٧)و(والخرائطي في مساوىء الاخلاق ص ١٢٥ـ ١٢٧)

وسَلَّم دەفەرموێ {مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ [٢٤٣]} ابو داود ڕیوایەتی کردووە. واتە هەرکەسێك خۆی بچوێنێ بەقەومێك ئەوە لەئەوانە، ئەوە پێم خۆش بوو وەك ئاگاداریەك لەپێش چاوتان بێت، بەنسبەت کون کردنی گوێ زانایان فەتوای ئەوەیان داوە کەدروستە ئافرەت گوێی کون بکات، بەڵام نەمدیووە کەباس زیاتر لەکونێك بکەن، هیچ دەقێکیشم نەدیوە لەسەری کەبەڕەوای نەزانێ، هەروەها بۆ لوت کون کردنیش، بەڵام بەکارێکی باش دانەنراوە لەبەر ئەوە لوت ناشرین دەکات بەکون کردن تێی، دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا بیت و ئەو کارەی تێدا نەکرێت کردنی باش نییە بەڵام لەکۆمەڵگەیەکدا بیت و هەمووی بیکات ئەو کاتە نابیتە جێگەی ئەوەی کەبەجۆرێك سەیر بکرێیت، هەندێك لەحەنەفیەکان ئەم بۆچونەیان هەبووە لەسەر کون کردنی لوت. بێگومان ئافرەتی مسوڵمانیش داپۆشراوە نابێت کەگوێی کون کرد گوێی دەربخان وەك لەهەندێك وڵات سەرپۆشەکان لەپشتەوە دەبەستن بەجۆرێك مل و گوێیان دەردەکەوێت، بەڵام لەماڵەوەو لەگەڵ مەحرەمەکاندا ئاساییە. ئەوەش دەبێت لەپێش چاو بگرین کەنابێت زیادەڕۆی لەکارەکانماند بکەن، خوای گەورەسەرفرازتان کات[٢٤٤].

١٦٠-پرسیار: ڕێنمونیم دەوێت لەسەر ژنهێنان ماڵەوەمان هاوکاریم ناکەن؟

من گەنجێکم بە تەنیا لە ئەوروپا ئەژیم، تەمەنم وا سی ساڵی

(٢٤٣) ـ وَعَن اِبْن عُمَرَ -رَضَيَ اَللَّهُ عَنْهُمَا- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اَللَّهِ - صلى الله عليه وسلم - { مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْم, فَهُوَ مِنْهُمْ } أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ, وَصَحَّحَهُ اِبْنُ حِبَّانَ صحيح. رواه أبو داود (٤٠٣١) خرجه أحمد (٢ / ٥٠ و ٩٢)

(٢٤٤) ـ (فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء ٢٤/٣٦)و(الموسوعة الفقهية ٢٩/٢١٦)و(مجموع فتاوى ابن عثمين ٦٩/١١)

تێپەڕاندووە و تا ئێستا خێزان واتا ژنم نیە، زۆر زەحمەتیشە کەوا کچێکی کورد بکەمە هاوسەری خۆم چونکە لە شوێنێکم کوردی بە دەگمەن لێیە و کەس ناناسم، ماڵی باوکیشم و کەسوکاریشم هەر جارێك بڕۆمەوە بۆ کوردستان هیچ باسی ئەوە ناکەن بڵێن ئەوە تۆ بۆ ژن ناهێنی یان کەسێکی ڕێك و پێکم بۆ بدۆزنەوە، چەند جارێکیش خۆم داومە بە گوێیاندا بەڵام خۆیانی تێناگەیەنن، بە داخەوە زۆر جار توشی گوناح بووم، بەڵام ماوەیەك ئەبێت زۆر خۆم دوور ئەگرم لە کاری گوناحەو خۆم لێ دوور خستۆتەوە .. بەڵام ئەترسم تاسەر نەتوانم بەرەنگاری نەفسم بکەم، تکایەچارە چییە؟ وەڵام: برای بەڕێز، بەڕێزتان تەمەنی منداڵیتان تێپەڕاندووەو نابێت هەر چاوەڕێی ئەوەبن کەباوك و دایکتان کارتان بۆ بکات هەرچەند لەکوردەواری خۆشماندا با وابێت دایك و باوك دەستپێشخەربن لەو مەسەلانەدا بەڵام گەر ئەوان دەستپێشخەریان نەکرد نابێت ئێمەش دەستەوسان دابنیشین و شتێك کەپێویستمان پێیەتی لەبەر شەرمێکی کەم وازی لێ بهێنین، مادام شتەکە شەرعیشە ئەوە زۆر لەپێشترە کەهەوڵی بۆ بدەن چونکەئ ەگەر هەوڵەکەلەو کارە مەشروعەدا نەیخەیتەگەڕ ئەوا بەپێچەوانەوە دەبێتەوە وەك خۆت ئامازەت پێ کردووە لەوانەیە خوانەخواست لەخراپەدا بکەوێتەگەڕ وەك توش بوون بەزیناو بەد ڕەوشتی و شەرواڵ پیسیەوە بەڵام بێگومان بەڕێزێکی وەك ئێوە ناگاتە ئەو ئاستەی جڵەوی نەفسی خۆی ئەوەندە شل بکات بکەوێتەئەو تاوانانەوە، برا گیان سوپاسی خوای گەورەی دەوێت کەوا ئیقامەت هەیەو دەتوانی سەفەری کوردستان بکەیت بەهەزارەها کوردی هەژار لەو نیعمەتەبێ بەش بوون و ئامادەی کاری خراپەش نین، بەڕێزتان هەرچەند سەفەرتان کردووەتەوە پێشتر ان شاء الله بەخێرو پاداشت بۆتان نوسراوە

کەدڵی دایك و باوك و خزم و کەستان خۆش کردووە بەو سەفەرانە، ئامۆژگاری ئێمەب ۆتان خۆتان ڕابگرن و پابەندی عیبادەتەکان بن بەتایبەت نوێژی بەکۆمەڵ و خوێندنەوە تا بۆتان دەلوێ سەفەرێکی کوردستان بکەنەوە زۆر زۆر بەڕاشکاوی و سەربەرزانە بەدایك و باوکت بڵێ پێویستم بەژن هێنانە ئەگەر تەمەنتان ١٥ ساڵ و ١٦ ساڵ بوایە شەرمتان بکردایەتا ڕادەیەك ئاسایی بوو بەڵام ئیتر چ لەڕووی شەرعیشەو وەچ لەڕووی دونیایشەوە هیچ شەرم نییە کەبڵێی ئیتر وەختی ژنمەو پێویستم بەوەیە هاوسەرێکم هەبێت، گومانم نییە لەوەش ماڵۆتان دڵخۆش دەبن بەوەی کەتۆ هاوسەرێکت هەبێت، زۆر جار دایك و باوك کەبەکوڕەکانیان ناڵێن دەگەڕێتەوەبۆ دوو هۆکار:١- یان وا دەزانن ئەرکێکی قورسەو حەزناکەت بیدەن بەشانی کوڕەکەیاندا، ٢- یان لەوانەیە تۆزێك حەزی مادی زاڵ بێت بەسەریاندا حەز نەکەن کوڕەکەیان ژن بهێنێ نەوەك بەژن هێنانیان ئەوان پشتگوێ بکەون، بەڵام تۆ دەتوانی ئەوەیان بۆ ڕوون بکەیتەوە کەسوپاس بۆ خوا توانات هەیەو وەیارمەتی دایك و باوکیش ئەرکێکی دینیە پەیوەست نییە بەژن هێنانەوە، جا گەر ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت هەموولاتان دڵخۆش دەبن، دیستان ئامۆژگاریمان بۆ بەڕێزتان ئەوەیە پێش سەفەرەکە ئەو مەسەلانە لای ماڵەوە بوروژێنن و خۆت بەگوێیاندا بدە، دەشتوانی کەسانێك کەنزیکن لێتەوەو متمانە لەنێوانتاندا هەیە ڕای بسپێرن بەدایك و باوکتان بڵێ بۆ ئەوەی تا دەڕۆنەوەکارەکەئاسایی بوو بێتەوە، شەرم کردنیش دەبێت سنورەکەی هەر ئەوەند بێت نەمان خاتە تاوانەوە کەزانیمان ئەو سنورە دەبەزێنی نابێت ئەو مافە بدەین بەخۆمان لەبەر شەرم تاوان بکەین، چونکە تاوان خۆی بۆ خۆی گەورەترین بێ شەرمیەبەرانبەر خوای گەورەکە ئەو هەموو

فەزڵـەی بەسـەرمانەوە هەیـە ئێمەبێیـن لەبیریـان بکەیـن وکوفـری نیعمەتـی بکەیـن، جـا ان شـاء الله بەڕێزتـان دوور دەبـن لەتـاوان و ئەوانـەی کەووتمـان کاری پـێ بکـەن ان شـاء الله بەرهەمـی دەبێـت و خـوای گـەور خێزانـی سـاڵح و ئیماندارتـان بەنسـیب بـکات و وەچاوتـان بەکۆرپـەی خۆتـان گـەش بێتـەوە، بەدوعـای خێـر بـۆ ئێمـەش(٢٤٥).

١٦١-پرسـیار: ئایـە چێـژ وەرگرتنـم لەئەندامەکانـی خێـزان لەکاتـی سـوڕی مانگانـەدا دروسـتە؟

وەڵام: دیـارە مەبەسـتتان لەئافـرەت خێزانـی خۆتانـە. ئـەوەی لەشـەرعدا هاتـوو دەربـارەی پەیوەنـدی جنسـی نێـوان ژن و پیـاو کەنەرێـی لـێ کرابێـت چوونـە لایەتـی لـەدواوە، چوونـە لایەتـی لەکاتـی حەیـزدا، لەکاتـی حەیـزو چوونـەلای ئافـرەت ڕێگەپـێ نـەدراوە جگـە لـەو ەشـەرع بـێ دەنـگ بووەلێـی و دەکرێـت بەموبـاح سـەیری بکەیـن و کردنـی ئاسـاییە مەگـەر لەلایەنێکـی تـرەوە بـەدەر بکەوێـت ئـەو جـۆرە مومارەسـە جنسـیە کێشـەی لـێ بکەوێتـەوە وەك لایەنـی پزیشـکی یـان دەرونـی وەهەروەهـا، جـا کردنـی ئـەو کارە ئەگـەر ئافرەتەکـە ڕازی بێـت پێـی و بـەزۆر ناچـار نەکرێـت لـەکارە موبـاح کراوەکانـە(٢٤٦).

١٦٢-پرسیار: دانانی هەیکەل لەماڵدا دروستە یان نە؟

سـڵاوم هەیـە بـۆ مامۆسـتای بەڕێـز وەك بیسـتوومە وەك مـەزاری و تیمسـال دانانـی لەمـاڵ کەزەلامـی پێوەیـە حەرامـە ئایـا بـەڕای بەڕێزتـان

(٢٤٥) ـ (سـورة النسـاء الايـة ٣٤)و(البخـاري ٤٨٠٢)و(مسـلم ١٤٦٦)و(عيـون الاخبـار لابـن قتيبـة ١/٣٧٥)

(٢٤٦) ـ (الاسـلام سـوال وجـواب ١٥٢٨٨٥)و(البخـاري ١٨٢٦)و(مسـلم ١١٠٦)و(فتـح البـاري ٢/٢٧)

چۆنە بۆم ڕوون بکەنەوە چونکە بۆ جوانیە خۆ نایپەرستین.
وەڵام: سڵاو خوا لەبەڕێزتان، دانان و هەڵواسینی مەزارو ئەو شتانە کەزەلامی پێوەیە حەرامەو دروست نییە لەماڵدا دابنرێن و هەڵ بواسرێن، مەگەر شتێکی منداڵانەبێت، ڕاجیاوازیەك هەیە لەسەر ئەم حوکمە بەڵام فەرموودەگەلێك هەن کەحەرامی دەکەن مادام ئەو شتە وەك گیاندارێك دەربکەوێت بەتایبەت مرۆڤ، لەفەرموودەیەکدا هاتووە: عن عائشة - رضي الله عنها - قالت: دخل عليَّ النبي - صلى الله عليه وسلم - وقد سترتُ سهوةً لي بقُرام فيه تماثيل، فلما رآه هَتَكَهُ وتلوَّن وجهه، وقال: ((يا عائشة! أشدُّ الناس عذابًا يوم القيامة الذين يُضاهِئُون بخلق الله)). قالت عائشة: فقطعناه فجعلنا منه وسادة أو وسادتين؛ رواه مسلم(٢٤٧).
دەبینین پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت ڕێگری لەژنەکەی خۆی کردووە لەسەر کردنی ئەو کارە لەکاتێکدا خۆ ئاشکرایە خێزانی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت خۆ نەیپەرستووەو شتێکی نەگونجاو بووە بیپەرستێت وەلەگەڵ ئەوەشدا ڕێگر بووە، جگەلەوەی ئەو فەرموودەی تر هەیە کەماڵێك وێنەو ئەو شتانەی تێدا بێت مەلائیکەتی ڕەحمەتی تێ ناچێت جا هەتا ئەگەر حەرامیش نەبێت ئێمە بۆ کارێك بکەین مەلائیکەی ڕەحمەت نەیەتە ماڵمان کەزۆر پێویستمان پێیانە. بەڵام هەڵواسین و دانانی وێنەی دارو بەردو شاخ و مەنزەر ئاساییە، وەباشترین بەدیل بۆ ئەم کارە دەتوانین بەئایەت و فەرموودە کەزۆر بەجوانی خەتاتەکان دروستی دەکەن هەڵیان بواسین هەم مەنزەرێکی جوان بەماڵ دەدات وەهەم کارێکی خێرەو هەرکەس

(٢٤٧) ـ أخرجه الترمذي (٦٤٣/٤، رقم ٢٤٦٨)

چاویشی پێ بکەوێت و بیخوێنێتەوە خێرمان دەست دەکەوێت[٢٤٨].

١٦٣-پرسیار: ئایا دوعای قنوتی بەیانیان هەیە یان نا؟
وەڵام: دووعای قنوت لەبەیانیاندا لەمەزهەبی شافعی و مالیکیدا هاتووە یانی بەڵی هەیە[٢٤٩].

١٦٤-پرسیار: ئایا پەنجەجوڵاندن لەکاتی نوێژدا هەیە؟
وەڵام: بەڵی هەیەو فەرموودەی لەسەر هاتووە[٢٥٠].

١٦٥-پرسیار: ئایا دیاری وەرگرتن و خواردنی شیرینی بۆنە ئاینیە مەسیحیەکان دروستە؟
وەڵام: ئەگەر ئەو شیرینیانە وەك عەقیدە تەوزیعی دەکەن باش نییە وەریان بگرن وەگەر هەر وەك عاداتێکی لێ هاتووە ئەوە ئاساییە ئەگەر خودی شتەکە خۆی حەرام نەبێت وەدەبێت ئاگاداری ئەوەبین کاریگەری بیروباوەڕ لەسەرمان دروست نەکات[٢٥١].

١٦٦-پرسیار: ئایا دەبێت لەکاتی دوعا کردندا دەستمان بەرز بکەینەوە؟
وەڵام: ئەسڵ ئەوەیە کەلەکاتی دوعا کردندا دەستمان بەرز

(٢٤٨) ـ (البخاري ٣٠٥٣)و(مسلم ٢١٠٦)و(فتح الباري ٣٨٢/١٠)و(فتاوى اللجنة الدائمة ٧٢٠/١)و(فتاوى نور على الدرب ٣٠٩ـ ٣١٠)

(٢٤٩) ـ (المغني لابن قدامة ٥٨٥/٢)و(زاد المعاد ١١٥/١)

(٢٥٠) ـ (الاستذكار٢٩٤/٢)و(شرح مسلم ٨١/٥)و(تحفة الاحوزي ٢/١٥٨)و(تمام المنة ص ٢٢٣)

(٢٥١) ـ (تبين الحقائق الحنفي ٦/٢٢٨)و(البخاري ٢٦١٩)و(التاج والاكليل مالكي ٤/٣١٩)و(اقتضاء الصراط المستقيم ١/٢٥١)

بکەینـەوە بـۆ لای خـوای گـەورە چونکـە ئـەوە زەلیلـی و بـێ دەسـتەڵای خۆمـان نیشـان دەدات، فەرمـوودە زۆرە لەسـەر بەرزکردنـەوەی دەسـت لەدوعـادا وەپێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت خۆشـی کردوویەتـی، ئەشـکالێك لەدەسـت بەرزکردنـەوەدا نابینـم[٢٥٢].

١٦٧-پرسیار: ئایا وەرزش چاك و خراپی هەیە؟
وەڵام: وەرزش کـردن ئەگـەر بـۆ خـۆ بـە هێـز کـردن بێـت ئـەوە سـونەتە ئەگـەر خـودی وەرزشـەکە خـراپ نەبێـت و لەجێگەیـەك نەبێـت حەرامـی تێـدا بکرێـت وەك ئـەوەی لەئەوروپـا دەبینرێـت تێکەڵـی و ڕووتـی و ئەوشـتانە، جگەلـەوە هـەر وەرزشـیك بێـت شـتێکی چاکـە ئەگـەر بەمیقـداری پێویسـتی خـۆی بێـت و سـنورەکان نەبەزێنرێـت تێیـدا وەك کاتـی نوێـژ لەسـەر کوشـتن و سـوێند خـوارد لەسـەری و تورەبـوون و سـووربوونەوە لەیەکتـر، وەرزش بـۆ خـۆ بـە هێزکردنـە دەبێـت ئـەو ئەسـڵەمان لەبـری نەچێـت نـەك بـە هـۆی ئەوەوەتوشـی حـەرام ببیـن و خەڵکـی لەخۆمـان عاجـز بکەیـن[٢٥٣].

١٦٨-پرسیار: ئایا زیو بۆ ئافرەت حەرامە؟
وەڵام: کاتێـك دەوترێـت بـۆ ئافـرەت ئاڵتـون و بـۆ پیـاو زیـو بـۆ ئەوەیـە ئاڵتـون بـۆ پیـاو نییـە و لەبـری ئـەوەدا زیـو بـەکار بێنێـت، بـەڵام بـۆ ئافرەتەکـە دەتوانێـت زیویـش بـەکار بێنێـت و هیـچ گرفتـی تێـدا نییـە بـۆی[٢٥٤].

(٢٥٢) ـ (تلخيص احكام الجنائز ١/٨٣)و٠مجموع شرح المهذب ٢٩/٥٠٧)و(مغني المحتاج الى معرفة معاني الفاظ المنهاج ٢/٢١٦)
(٢٥٣) ـ (فتاوى الشيخ عبد الكريم الخضير ٢١/١)و(الدرر السنية في الاجوبة النجدية ١٥/٢٠١)
(٢٥٤) ـ (المغني ٣٢٤/٢)و(المجموع ٥٢٣/٥)و(الاسلام سوال وجواب ١٠٥٤٠٠)

١٦٩-پرسیار: ئایا لەناچاریدا نوێژ لەسەر کورسی کردن دروستە؟
وەڵام: نوێـژ ئەسـڵ ئەوەیـە بەپێـوە بکرێـت لەئـەرزدا خـوای گـەورە دەفەرمـوێ {وقومـوا لله قانتیـن [٢٥٥]} بـەڵام ئەگـەر نەیتوانـی وەك ئـەو کەسـانەی نوقسـانن و کورسـی بـەکار دێنـن ئـەوە ئاسـاییەو مەعـزورن لەشـەرعدا چونکـە بەئـارەزووی خۆیـان نەبـووەو لەنەتوانایـدا بـووە وەخـوای گـەورەش ئەرکـی زیاتـر ناخاتـە سەرشـانی کەسـێك کەزیاتـر بێـت لەتوانـای[٢٥٦].

١٧٠-پرسـیار: ئـەرزەم هەیـەو سـاڵی بەسـەردا چـووەو نەمکـردووە بەخانـوو ئایـە زەکاتـی دەکەوێـت؟
وەڵام: ئەگـەر بـۆ توجـارەت کڕیبێـت ئـەوە زەکاتـی دەکەوێـت وەگـەر بـۆ خۆتـت کـڕی بێـت و پـارەت نییـە ئێسـتەو بـۆ دەرفەتێـك دەگەڕێـی کەبیکەیـت بەخانـوو ئـەوە زەکاتـی ناکەوێـت و خـوای گـەورە یارمەتیدەرتـان بێـت بـۆ ئـەوەی بیکـەن بەمەئوایـەك بـۆ حەسـانەوە ان شـاء الله.[٢٥٧]

١٧١-پرسیار: خوێن گرتنی کافر بۆ مسوڵمان دروستەیان نا؟
دایکم لـە نەرویـژ نەشتەرگەری حـەوزی نێکـی بـۆ کراوە گـەر بـۆی نەکرابا ئـەوا ئیفلیـج دەبـوو جـا کـە نەشـتەرگەریەکە کـرا خوێنـی تێکرابـوو جـا ئایـە ئـەم خوێنـە حەرامـە یـان حەڵالـە چونکـە خوێنەکـە لـە نەخۆشـخانە

(٢٥٥) ـ سورة البقرة الاية ٢٣٨
(٢٥٦) ـ (البخـاري ١٠٦٦)و(المجمـوع ٢٢٦/٤)و(المغـي ٤٤٣/١)و(الموسـوعة الفقهيـة ٦٩/٢١) و(نيـل الاوطـار ٢٤٣/٣)
(٢٥٧) ـ (المجموع ٤٩/٦)و(اسنى المطالب ١/٣٨٥)و(الانصاف ٣/١٥٤)و(الذخيرة ٣/١٨)

تێیکرابوو جا ئەم خوێنە ئی کەسانی خەڵکی نەرویژن یان لە وولاتی تر هاتووە کە ئەم خەڵکانەش ئێمە نازانین ئایە ئیسلامن، مەسیحن یان یەهودن یان لەوانەیە باوەڕیان بە هیچ ئاینێك نەبێت کە خوێنی خۆیان ئەدەن بە نەخۆشخانەکان. جا ئایە ئەم خوێنە حەرامە یان حەرام نیە کە لە لایەن کەسێکی غەیری ئیسلام بچێتە ناو گیانی کەسێکی مسوڵمان لە کاتی نەشتەرگەری کە پێویستی پێی بوونێت؟

وەڵام: ئاشکرایە ئاینی ڕاستی ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی پێنج شت یەکێك لەوانە پاراستی نەفسە جەستەی ئینسان جا بۆ ڕێگری لەدژەکانی و پاراستی ئەم جەستەیە دەبێت کارەکان وەك خۆی و لەکاتی خۆیدا بکەین، کاتێك کەسێك نەخۆش دەکەوێت بۆ پاراستنی نەفسەکەی دەبێت بچێت بۆ دکتۆر یان ڕێو شوێنی تایبەت و پێویستی بۆ بگرێت، ئەو کەسەی کەلەئەوروپا دەژی ناچار دەبێت زۆر شت هەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵام ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت شتەکان مادام ناچاریە دروست نەبێت، خوێن گرتن لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەحاڵەکاتێکی بەو شێوەیەدا هیچ گرفتێکی تێدا نییە ، یەکەم بۆ پاراستنی نەفسی ئەو کەسەو، دووهەم بە هۆی ناچاری کەسەکەشەوە کەهەندێك ئەحکام هەیە دەیگرێتەوە هەتا ئەگەر بۆ خۆشی دروست نەبێت، جگەلەوەی مەسەلەی خوێن لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر مەرج نییە مسوڵمان بێت وەیان نا، لەسەر گواستنەوەی ئەندام فەتوای تایبەت هەیە بەڵام خوێن گرفتێکی تێدا نابینم واللهأعلم، لەبەر ئەوە بێخەم بە ان شاء الله خوای گەورە شیفای خێری دایکی بەڕێزتان بدات[٢٥٨].

(٢٥٨) ـ (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء رقم ١٣٣٥)و(حاشية ابن عابدين ١٤٥/٤) و(الدررالمباحة في الحضر والاباحة ص ١٧٥)

١٧٢-پرسیار: هێنانی زێڕ بەقیست دروستە یان نا؟

ئایە من دەتوانم زێر لە لای زێڕنگەر بهێنم بە قیست هەموو مانگ نسبە پارەیەکی بدەمێ، وە نسبە پارەکە سابت بێت بۆ نموونە مانگی ٢٠٠ دۆلار؟ هەندێك كەس دەڵێن نا زێر هینان بە قیست حەرامە دەڵێن دەبێت زێرەکە هەر لای زێرین گرەکە بێت و هەموو مانگ من ئەو نسبە پارە دیاری کراوەی بۆ ببەم تا پارەی زێرەکە تەواو دەبێت ئەوجا حەڵالە؟ من زۆر سوپاستان دەکەم گەر پێم بڵێن بە قیست حەرامە بیهێنم زێرەکەش لای خۆم بێت؟ یان بە شێوەکەی تر بیهێنم کە هەر لای زێڕنگرەکە بێت تا کاتی پارەکەی زێرەکە تەواو دەبێت؟

وەڵام: زێر کڕین دەبێت بەحازر بێت نەك بەقەرز ئەگەر بەقەرز بێت ئەوا جۆرێك لەڕیبای تێ دەکەوێت، لەکڕین و فرۆشتی ئاڵتوندا دەبێت زۆر ووریا بین چونکە زۆر لەڕیبا هەیە ئەمڕۆ خەڵکی تێ دەکەوێت و نازانێت کەڕیبایە، وەك لەم فەرموودەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە: عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم : الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ، وَالفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ، وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ، مِثْلاً بِمِثْلٍ، كَيْلاً بِكَيْلٍ، مَنْ زَادَ أَوِ اسْتَزَادَ فَقَدْ أَرْبَى (٢٥٩)

ئاڵتون بەحازر بکڕن و قەرزی تێ مەکەن بۆ ئەوەی بەدووربن لەتاوانی ڕیبا.

١٧٣-پرسیار: ئایا قورئان هەموو شتی تێدایە کەپێویستمان بەشتی تر نەبێت؟

وەڵام: ئەوەی کەگرنگە بۆ ژین لەقورئانی بەرزو ڕاستی ئیسلامدا هەیە، ئەوەشی کەنەبێت هەر لەقورئان دەتوانرێت دەربهێنرێت

(٢٥٩) ـ أخرجه أبو داود (٣٣٤٩) والطحاوي (٢ / ١٩٧) والبيهقي (٥ / ٢٧٧)و(موقع الاسلام سوال وجواب ٥/٦٨١٥)و(اللجنة الدائمة للافتاء ٤٨٣/١٣)

بەبەرچـاو گرتنـی ئامانجـە سـەرەکیەکانی ئیسـلام، هەربۆیـە هاوەڵێکـی پێغەمبـەر درودی خـوا لەپێغەمبـەرو ڕەزای خـواش لـەو بێـت، دەفەرموێـت ئـەوەی لەقورئانـدا حەڵاڵـە ئەوەئیتـر حەڵاڵـەو دەتوانرێـت بکرێـت وەئەوەشـی کەحەرامەحەرامـەو نابێـت بکرێـت ئەوەشـی کەباسـی نەکـردووە موباحـەو ئینسـانەکان سەرپشـکن لـەوەی کەبیکـەن یـان نـە، بـەڵام خـوای گـەورە ئەوەنـدەش دەرفەتـی داوە ئینسـانەکان ئیجتیهـاد لەهەندێـك شـتدا بکـەن و لەژێـر ڕۆشـنای قورئانـدا لێـی دەربهێنـن بـۆ ژیـن(٢٦٠).

١٧٤-پرسیار: ئایا خەتەنە کردن لە ئیسلام فەرزە یان سوونەت؟
وەڵام: خەتەنەکـردن کاتێـك دەوترێـت سـونەتە لەکـودەواری خۆمانـدا بـەو شـێوەیە لەسـونەت تێگەشـتوون کەکردنـی باشـەو نەکردنـی ئاسـاییە بـەڵام لەڕاسـتیدا وا نییـە ، هـەروەك ڕاسـتکردنەوەیەك بـۆ مەفهومـی سـونەت، وەمەسـەلەی فـەرزی و سـونەتی خەتەنـە جێگـەی مشـتومڕو ڕاجیـاوازی نـاو زانایانـە بـەڵام هەمـوویـان هـاوڕان لـەوەی کەپیـاو هـەر دەبێـت خەتەنـە بکرێـت ئەمـەش هەندیـك دەقـی ئـەو ڕاجیاوازییـە.
فقـال الشـعبي وربيعـة والأوزاعـي ويحيـى بـن سـعيد الأنصـاري ومالـك والشـافعي وأحمـد هـو واجـب، وشـدد فيـه مالـك حتـى قـال: مـن لـم يختتـن لـم تجـز إمامتـه ولـم تقبـل شـهادته، ونقـل كثيـر مـن الفقهـاء عـن مالـك، أنـه سـنة، حتـى قـال القاضـي عيـاض: الاختتـان عنـد مالـك وعامـة العلمـاء سـنة، ولكـن السـنة عندهـم يأثـم تاركهـا، فهـم يطلقونهـا علـى مرتبـة بيـن الفـرض والنـدب، وقـال الحسـن البصـرى وأبـو حنيفـة لا يجـب

(٢٦٠) - (المنثـورفي الفواعـد ١٤٢/١)و(الزركـشى ١١/٦)و(الاداب الشرعيـة ٣٠٧/٢)و(البحـر المحيـط ٧/٦)و(اعـلام الموقعـين ٢٥٠/١)

بل هو سنة[٢٦١].

١٧٥-پرسیار: ئایا پێش بانگەوازی ئیسلام عەرەب منداڵەکانیان خەتەنە دەکرد؟

وەڵام: خەتەنەکردن پێش ئیسلام بەڵی هەبووە، ئەگەر ئێمە سەیری مێژووی پێش ئیسلام و پاش ئیسلام بکەین دەبینین هەندێکیان هاوشێوەن هەندێکیان هەبووەو ئیسلام زەوابتێکی بۆ داناوە هەندێکیشیێ هەر بەتەواوی بنبڕی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئیسلام لەو کۆمەڵگەدا دەستی پێ کردووە خاوەنی هەندێك شتی خراپ بوون کەئیسلام بنبڕی کردووە، خاوەنی هەندێك شتی باش بوو ئیسلام هێڵایەتیەوە، خاوەنی هەندێك شت بوون خراپ و چاکی تێکەڵ بووە ئیسلام خراپەکەی لێ جیا کردووەتەوە، خەتەنەکردنیش یەکێکە لەو شتانەی کە بە فیطرەت پێویستی بە کردنە وەك چۆن نینۆك و بنباڵ کردن و موە زیادەکانی خوارەوەی تری لەش پێویستی بە کردنە[٢٦٢].

١٧٦-پرسیار: ئایا پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم خەتەنە کرابوو یان نا؟

وەڵام: پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم خەتەنە نەکراوە چونکە خۆی کوردی خۆمان دەڵێ پەلی وڕ بووە، واتە لەسکماکی و خواییەوە خەتەنە کراوە، هەروەك چۆن لەم سەردەمەشدا لەو کەسانە

(٢٦١) ـ (الاختيار شرح المختارللمو صلی ٢٩٧/٢)و(شرح السنة للبغوي ١٠٩/١٢)و(المغني لابن قدامة ص ٧٠)و(المهذب للشيرازي وشرحه المجموع للنوي ٢٩٧/١)

(٢٦٢) ـ (تحفة المورود لابن القيم ص١١٩)و(التاريخ الطبري ١٦/٢)و(قصص الانبياء عبدالوهاب نجار ص٩٤)و(فتح الباري ٢٨٦/١٠)

زۆرن[٢٦٣].

١٧٧-پرسیار: بەکارهێنانی کرێدیت کارد حەڵاڵە یان حەرامە؟.
وەڵام: ئێمە کاتێك مامەڵە لەگەڵ هەر بانکێك وەیان دەزگایەکی نا ئیسلامیدا دەکەین و مامەڵەی پارەی تێ دەکەوێت ئیتر بەهەر جۆرێك بێت دەبێت زۆر ووریا بین لەوەی کەسووی تێ نەکەوێت. زۆرێك لەو بانك و دەزگانە لەدەستوریاندا مامەڵەکردن بەسوودەوە کارێکی ئاساییەو هەروەك هەر مامەڵەیەکی تری ئاسایی لێی دەڕوانن، بەڵام بەنسبەت ئێمەوە بەپێچەوانەوەیە چونکە سوو ئەوەندە تاوانەکەی گەورەیە کەنەقورئان وەنەفەرموودەکان لێی بێدەگ نەبوون و هەڕەشەی توندیان لەو کەسانە کردووە کەمامەڵە بەسوودەوە دەکەن بەهەردوو دیوەکەیدا.
خوای باڵا دەست لەسەر سوو دەفەرموێ:
{الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَىَ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ[٢٦٤]}.
ئەوانەی کەسوو دەخۆن، هەڵس و کەوتیان وەك ئەو کەسە وایە کەشەیتان دەستی لێ وەشاندبێت (هەر لەدنیادا سروشتی نین، لەقیامەتیشدا وەك شێت دەبن) چونکە ئەوانە دەڵێن: کڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە (لەحاڵێکدا کە): خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوەو سووی حەرام کردووە، جا ئەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری

(٢٦٣) - (موقع الاسلام سوال وجواب ٩/١٨٦)و(زاد المعاد لابن القيم ١/٨٢)و(تحفة المولود ص٢٠١)و(اللفظ المكرم في خصائص النبي صلىالله عليه وسلم باختصار ١/٢٢١)
(٢٦٤) - سورة البقرة الاية ٢٧٥

پـێ گەیـی و وازی هێنـا، ئـەوەی دەسـتی کەوتـووە، بـۆ خـۆی، کاری (لـێ پرسینەوەشـی) دەکەوێتـە لای خـوا، بـەڵام ئـەوەی دەست بکاتـەوە بەسـووخۆریی، ئـا ئەوانـە جێنشـینی نـاو ئاگـری دۆزەخـن و ژیانـی هەمیشـەیی تیـادا دەبەنەسـەر. هـەر دوا بـەدوای ئایەتـی پێشـوو دەفەرمـوێ: { يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ(٢٦٥)}.

خـوا، سـوو تەفـرو تونـا دەکات و بەرەکەتـی لـێ هەڵدەگرێـت، بـەڵام پاداشـتی خێـرو سـامان بەخشـین بـرەو پـێ دەدات و بەرەکەتـی تـێ دەخـات، بێگومـان خـوا هیـچ کافرێکـی تاوانبـاری خـۆش ناوێـت.

لەهەمان سورەتی بەقەرەدا خوای گەورە دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (٢٦٦)}

ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، پارێـزکارو خوانـاس بـن و واز لەپاشـماوەی سـوو بێنـن ئەگـەر ئیمانـدارن.

هەمان ئایەتی دوای ئەو دیسان دەفەرموێ:

{ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ (٢٦٧)}

ئەگـەر وا نەکـەن، ئـەوە وا دەگەیەنێـت کەجەنگتـان دژی خـواو پێغەمەبەرەکـەی ڕاگەیانـدووە (کەسـەرەنجامەکەی زۆر سـامناکە)، خـۆ ئەگـەر تەوبـە بکـەن و (لەسـووخۆری واز بێنـن) سـەرمایەکانتان ماڵـی خۆتـان دەبێـت، نەسـتەم بکـەن و (زێدەوەرگـرن)، نەسـتەمتان لـێ دەکرێـت (بەدەسـت بەسـەراگرتنی سـەرمایەکەتان).

(٢٦٥) ـ سورة البقرة الاية ٢٧٦

(٢٦٦) ـ سورة البقرة الاية ٢٧٨

(٢٦٧) ـ سورة البقرة الاية٢٧٩

زۆرن ئـەو دەقانـەی لەسـەر سـوو دەدوێـن و هەریـەك بەجۆرێـك لەجـۆرەكان دەمـان ترسـێنێت لـەوەی كەخۆمـان بـەدوور بگریـن لێـی و توخنـی ئـەو كارە قێزەونـە نەكەوینـەوە بـە هیـچ جۆرێـك.
كرێدیـت كارد بـەو حسـابیە بانكـە دەوترێـت كەپارەیەكـی بانكـی لەسـەرەو خـاوەن كارد دەتوانێـت ئـەو پـارەی بانكـە بـەكار بهێنێـت بەهەمـوو جۆرێـك، ئەگـەر بێـت و ئـەو پـارە بەنەقـدی لـەدەزگای پـارە دەر بهێنێتـە دەرەوە سـووی دەچێتـە سـەر ئەگـەر بێـت و زووش پارەكـە بگەڕێنێتـەوە، ئەمـە بەئاشـكرا سـووەو حەرامێتـی جێگـەی مشـتومڕ نییـە و ئاشـكرایە، بـەڵام گـەر بێـت و شـتی پـێ بكڕێـت لەڕێگـەی تـۆڕی ئەنتەرنێتـەوە وەیـان كاردەكـەی بـەكار بهێنێـت لەسـۆپەرماركێتەوە ئەوسـا ماوەیەكـی هەیـە كەئەویـش لەبانكێكـە وەبـۆ بانكێكـی تـر جیـاوازی هەیـە بـۆ نمونـە مەسـتەر كاردی بانكـی لۆیـدس لەبەریتانیـا ٥٦ ڕۆژ دەرفـەت دەدەن وسـووی ناچێتـە سـەر ئەگـەر بێـت و پێـش ئـەو ماوەیـە پارەكـە بگەڕێنێتـەوە، جـا ئەگـەر هاتـوو كەسـێك بـەو جۆرەكاردەكـەی بەكارهێنـاو پێـش وەخـت توانـی پارەكـە بگەڕێنێتـەوە ئـەوا بێگومـان توشـی حـەرام نەبـووەو ناتوانرێـت كارەكـەی بەحـەرام نـاو ببرێـت چونكـە هیـچ سـووی نـەداوە، بـەڵام دەبێـت كەسـی بەكارهێنـەر زۆر ووریـا بێـت لەبەكارهێنانـی، كەسـێك زۆر بیـری لای خـۆی نەبێـت وەیـان ئیەمـاڵ بێـت لەكارەكانیـدا ئـەوا زۆر بەئاسـانی دەكەوێتـە حەرامـەوە لەبەكارهێنانـی ئـەم كاردەدا، زۆرجـار بانكـەكان خۆیـان كەمتەرخـەم دەبـن بـۆ ئـەوەی خـاوەن كارد پـارەی زیـادەی لـێ وەربگرن، بـۆ نمونەكەسـێك كاردەكـەی بەكارهێنـاوە دەبێـت چاوەڕوانـی ئەوەبـكات ئـەوان نامـەی بـۆ بنێـرن تـا پارەكەیـان بداتەوەهەندێـك جـار كاتێـك ئـەو نامەدەنێـرن یـان كاتەكـەی بەسـەر چووەوەیـان زۆر كەمـی مـاوە بـۆ نمونـە ٢ ڕۆژی دەمێنێـت و تـۆش هەینـی بەدەسـتت

دەگات لەکاتێکدا شەممەو یەك شەممە دەوام نییە ، مەگەر کەسێك لەسەر ئەنتەرنێتەوە بتوانێت پارە تەحویل بکات و قەرزەکەی پێش وەخت بداتەوە، جا لەبەر ئەوەی کەکارەکە حەساسە باشتر وایە بەکار نەهێرنێت و تەنها ئەو کاردانە بەکار بهێنرێت کەتەنها پارەی خۆتی لەسەرە، وەگەر بەکارهێنراو توانرا بەردەوام پێش وەخت بەردەوام قەرزەکەی بداتەوەو سووی تێ نەکەوێت ئەوا ئاساییە وەگەر تێی کەوت ئەوسا بێگومان تاوانی گەورەی کردووە، وەگەر کەسێك بەکاری هێناو جارێك کەوتە ئەو تاوانەوە نابێت جارێکی تر بەکاری بهێنێتەوە، داواکارین لەخوای گەورە مسوڵمانان لەتاوانی سوو بەدوور بگرێت و حەڵاڵ نەبێت حەرام نەچێتە لەشیانەوە.

١٧٨-پرسیار: ئایا خواردنی گۆشتی حوشتر دەستنوێژ دەشکێنێت؟
وەڵام: گۆشتی حوشتر دەست نوێژ دەشکێنێ وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە (حديث جابر بن سمرة أن رجلا سأل النبي (صلى الله عليه وسلم) « أأتوضأ من لحوم الغنم؟ قال إن شئت توضأ وإن شئت لا تتوضأ، قال أأتوضأ من لحوم الإبل؟ قال نعم توضأ من لحوم الإبل(٢٦٨)}
پرسیاری کرا لە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەسەر دەستنوێژ شکان لەسەر گۆشتی حوشتر ئەویش فەرمووی دەستنوێژ بگرنەوە، بەڵام بۆ گۆشتی مەڕ فەرمووی مەیگرنەوە، وەیان ئەگەر ویستت بیگرەوە.
علەتی ئەم مەسەلەیە چەند لێکدانەوەیەکی بۆ کراوە هەیە دەڵی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لە گەڵ کۆمەڵێك هاوەڵیدا

(٢٦٨) ـ وروٰه الترمذي (١ / ١٢٣) وابن ماجه رقم (٤٩٥) أخرجه مسلم في أواخر « الطهارة « (١ / ١٨٩)

دانیشـتوون و گۆشـتی حوشـتریان خـواردووە یەکێـك لـە هاوەڵەکانـی پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت لـە پەنـای پێغەمبـەرەوە بـووەو بایەکـی لـێ بووەتـەوە، بۆ ئـەوەی ئـەو هاوەڵە هەسـت بـە شـەرم نـەکات پێغەمبەر بـە هاوەڵەکانـی فەرمـووە هەرکـەس گۆشـتی حوشـتری خـواردووە بـا دەسـتنوێژ بگرێتـەوە.

لێکدانـەوەی تـر ئەوەیـە کـە حوشـتر لـە شـەیتان دروسـت کـراوە، جـا کەوابـوو باشـتر ئەوەیـە کـە گۆشـتی حوشـترمان خـوارد دەسـتنوێژ بشـۆرینەوە بـۆ ئـەوەی دڵمـان جێگیـر بێـت لەسـەر ئـەوەی نوێژەکەمـان دروسـت بێـت(٢٦٩).

١٧٩-پرسـیار:لە نوێـژدا هەڵـە دەکـەم و توشـی دڵـە ڕاوکـێ دەبـم و بـەدوای چـارەدا دەگەڕێـم.

وەڵام: بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە دوو دڵـی هەڵـەی نوێـژ باشـترین چـارە هاتووچـۆ کردنـی مزگەوتـەو کردنـی نوێژەکانـە بـە جەماعـەت، کاتێـك بـە جەماعـەت نوێـژ دەکەیـت جگـە لـەوەی بـەدوور دەبیـن لـە دڵـە ڕاوکـەو لـێ تێکچوونـی نوێژەکـەت خێـری بیسـت و پێنـج نوێـژت دەسـت دەکەوێـت بەلانـی کەمـەوە جگـە لـە ڕێگاکـەش کـە دەیبڕیـت هەمـووی هـەر خێـرە، ئەوسـا کـە لـە پشـت مـەلاوە نوێـژ دەکەیـت بێخـەم دەبـن لـە هەڵەکـردن چوونکـە هـەر شـوێنی ئیمـام دەکەویـت، ئەگـەر هەوڵـی ئـەوە بـدەن لەسـەری ڕاڕێـن و ئەوکاتیـش کـە مەجـال نەبـوو پشـت بەخـوا لێتـان تێـك ناچێـت، بـۆ ئـەوەی کـە نازانـن نوێـژ قـەرزارن یـان نـە باشـترین کار بـۆ ئـەوە کردنـی نوێـژی سـونەتە ئەویـش هـەر لـە مزگـەوت باشـتر دەکرێـت کاتێـك مـەلا بانـگ دەدات پێـش نوێـژ نوێـژی سـونەت بکـە، کـە دەچیتـە

---

(٢٦٩) - (المغني لابن قدامة ١٢٢/١)و(الطحاوي شرح معاني الاثار ١/٦٧)و(مجموع شرح المهذ ب ٢/٦٦)و(بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع ١/٣٣)

مزگەوت یەکسەر دوو ڕکات نوێژی سونەت بکە، ئەو سونەتانە جێگەی کەموکوڕی نوێژەکانتان بۆ دەگرێت ئەگەر قەرزار بووبن پێشتر، گەر بە تەنهاش نوێژت کردوو هەڵەت تێداکرد دەتوانیت سوجدەی سەهو بەریت کە ئەویش دوای تەواو کردنی نوێژە دەتوانیت بیبەیت کە پێش سەلام و دوای سەلامیش هەرکامیان بێت هەر دەتوانیت، دوو سوجدە دەبەیت و دووبارە سەلام دەدەیتەوە. خوای گەورە موەفەق و سەرکەووتووتان کات[٢٧٠].

١٨٠-پرسیار: من حەلاقم ئایا دروستە بۆم برۆی خەڵك لابەرم؟
وەڵام: هەرشتێك کە حەرام بێت ئینسان بۆ خۆی بیکات ئەوسا حەرامە بۆ کەسێکی تریشی بکات، وە دەبێتە جۆریك لە یارمەتی دانیشیان لەسەر خراپە کە ئەویش دەقی ڕاستەوخۆمان هەیە لەوەی یارمەتی کەس نەدەین لەسەر خراپەکاری، برۆ لابرن حەرامەو دەبێت خۆتانی لێ بەدووربگرن هەروەها قژی دەستکردن لکاندن بە قژی ترەوە، جا زۆر پێویستە هەوڵی ئەوە بدەیت کە کارەکانمان حەڵاڵ بن، مادام خۆشتان خاوەنی ئەو کارەبن ئەوە زۆر لە جێیە شوکری خوای لەسەر بکەن و بەحەڵاڵی بیهێڵنەوە با سەرچاککردنەکە بێت بەبێ برۆلابردن چ ئەشکالێکی تێدایە، لە من ئەم ماوەیە لە سعودیە سەرم چاککرد ویستیشم ڕیشیشم دەستکاری بکەم بە حەلاقەکەم ووت نەیکرد زۆر ئاسایش هەر سەرەکەم چاککردوو خوا حافیزم کرد، مەرج نی یە ئیتر هەر ئەوەندە حەلاق بووین هەرچی خەڵك پێی خۆش بوو بۆی بکەیت، وەیان لەبەر پارەیەکی کەمی دونیای خۆت بیکەیت، خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە کاری حەڵاڵەوە.

---

(٢٧٠) ـ (مسلم ٤/١٧٢٨)و(اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء ٧/٤٠)

١٨١-پرسیار: ئایە لە جەژنان واجبە بە دەنگی بەرز سورەتی الرحمان بخوێندرێت لە مزگەوتەکان.
وەڵام: لەجەژندا الله اکبر دەکرێت تا کاتی خوتبەی لەجەژنی ڕەمەزاندا، وە لەجەژنی قوربانیش دا سێ ڕۆژ دوای جەژنیش.

١٨٢-پرسیار: ئایە گچکەترین گوناه چیە.
وەڵام: گوناهە گەورەکان زۆری دیاری کراوە لەشەرعدا بەڵام گچکەکان نەوتراوە ئەمە لەهەمووی کچگەترە، وەنابێت ئێمە گوێ نەدەین بەتاوان بە هۆی گچکەیەوە، هەموو تاوانێك سەرپێچی خوای گەورەیە، وەکیش وتراوە سەیری گچکەی تاوان مەکەن سەیری گەورەی خوای گەورە بکەن، سەیر بکەن سەرپێچی کێ دەکەن!.

١٨٣-پرسیار: ئایە گوناهە بچیە سەر قەبری کەسێك بڵێی خوایە لەبەر خاتری ئەو لێم خۆشبە.
وەڵام: چونەسەرقەبران ئاساییە بۆ ئەوەی مردنمان بەبیر بهێنێتەوە، بەڵام دەبێت ئاگامان لەوەبێت نەکەوینە تاوانەوەو داوا لەمردوو بکەین، خوای گەورە نزیکترین کەسەلێمانەوە، خوای گەورە لەبەر خاتری کەسیش لێمان خۆش نابێت ئەگەر بۆخۆمان چاکەکار نەبین گەر وابایەمامی پێغەمبەر لەبەر پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت خوای گەورە لێی خۆش دەبوو.
١٨٤-پرسیار: ئایە بەخت هەیە؟
وەڵام: بەخت دەستەواژەیەکی دونیاییەو زۆرجار تێکەڵ بەدین کراوە، هەر شتیك کەبەسەرماندا دێت لەچاکەو خراپە هەمووی تاقیکردنەوەی خواییە، دەبێت ئێمەش وەك خۆیان تێی بڕوانین و نەیانبەستین بە بەختەوە کەخۆی تاقیکردنەوەیە.

١٨٥-پرسیار: ئایە یاری ئوکەی حەرامە یان حەڵاڵە؟
وەڵام: نازانم باس لەچ یاریەك دەکەن و یەکەم جارمە گوێبیستی ئەو یاریەبم، ئۆکەی وشەیەکی ئینگلیزیە، بەڵام وا دیارە یاریەك هەبێت و ئەو ناوەی لێ نرابێت، وەگەر یاریەکە لەسەر پارەبێت حەرامە، وەگەر ئامێرەکانی ئەو شتانەبێت کەشەرع حەرامی کردووە ئەوا حەرامە، وەگەر ئەوانە هیچێ نەبوون ئەوسا حەڵاڵە بەمەرج، مەرجەکانیش سوێندنی لەسەر نەخورێت و لەسەر پارە نەکرێت و ئیش و کاری گرنگی لەسەر واز یان دوانەخریت.

١٨٦-پرسیار: ئایا ڕاگرتنی بەراز حەرامە یان حەڵاڵە؟
وەڵام: ئێمە کەسود لەبەراز وەرناگرین ئیتر بەچی مەبەستێك بەخیویان بکەن، کوردی خۆمان ووتویانەنان خۆری سفرەدڕ، مەگەر لە حەدیقە حەیواناتدا گەرنا بۆ ماڵ کارێکی خراپە، سروشتی بەراز دەبێت لە شاخ و چۆڵەوانیەکاندا بێت کە هەڵدەستێت بە خواردنی پیسیەکان و زۆرجار کێڵانی زەوی.

١٨٧-پرسیار: ئایا [یۆگا]حەرامە یان نا؟
وەڵام: هیچ تێ ناگەم مەبەست لەیۆگا چییە، ووشەی وام لەکوردیدا نەبیستووە، ئەگەر ئینگلیزیشە بە ئینگلیزی بینوسە تا بزانم مەبەستان چی یە.

١٨٨-پرسیار: کوڕێکم خۆش دەوێت و هەر ڕێناکەوێت بۆ یەك بین نوێژی ئیستیخارەشم بۆ کردووە؟
وەڵام: زۆر شت هەیە ئێمە حەزی لێ دەکەین وە لەبەرژەوەندیماندا نییە ، زۆر شتیش هەیەحەزی پێ ناکەین و لەبەرژەوەندیماندایە،

کاتێك شتێك بەزاهیـری بـاش دیـارەو ئێمـە هەوڵـی خۆمانـی بـۆ دەدەیـن و بـەڵام ناگونجێـت ئیتـر بـا خۆمـان دەستەوسـان نەکەیـن و سـەری دونیـا لەخۆمـان بهێنینـە یـەك، وەبـێ گومـان ئەزیـەت و ئازارەکانیـش بەخێـر بۆمـان دەنوسـرێت مـادان سنورەکان نەبەزێنیـن، خـوای گـەورە توشـی پیـاوی سـاڵح و لەخواترسـی بـکات و ژیانێکـی خـۆش و ئاسـودەلەژێر سێبەری قورئانـدا بەسـەر بـەرن.

١٨٩-پرسیار: ئایە زەرف درێژکردن بۆ بیاو حەرامە؟
وەڵام: پرسیارە کەڕوون نییە نازانم زەرف مەبەست پێی چی یە.

١٩٠-پرسیار: ئایە لە هەموو شتێك خێرتر چیە؟
وەڵام: لەهەمـوو شـت خێرتـر کردنـی کارەکانـە لەجێگـەی خـۆی و کاتـی خۆیـدا، بـۆ نمونـە نوێـژ فـەرزە وەکاتێـك بانـگ دەدات لەهەمـوو شـتێك خێرتـر ئەوەیـە نوێژەکـە بکەیـن، وەهـەر فەریزەیـەك کەکاتـی خـۆی دێـت لەکاتـی خۆیـدا بکرێـت، ئیتـر شـتەکان زۆرن وەخێرەکانیـش زۆرن.

١١٩-پرسیار: ئایە ناوی سورەتەکان چۆن دانراوە؟
وەڵام: سـورەتەکانی قورئـان بەگوێـرەی ناوەرۆکـی سـورەتەکان دانـراون.

١٩٢-پرسیار: ئایە خوێندنەوەی کتێبی جنسی دروستە؟
وەڵام: نزیـك بوونـەوە لەوروژێنـەرە جنسیەکان بـەرەو زینامـان دەبـەن کەگەورەتریـن تاوانـە، جـا بـۆ ڕێگرتـن لـەو تاوانـە گـەورە باشـتر وایـە نەیانخوێنینـەوە بـەڵام گـەر دەزانـی بـۆ نمونـە ژن دەگوازیتـەوە دوای چەنـد ڕۆژێکـی تـرو دەتەوێـت زانیـاری لەسـەر پەیـدا بکەیـت

ئـەوکات ئاسـاییە، چونکـە پرۆسـەکە لەبەردەمتایـەو بـۆ ئـەو مەبەسـتە دەیکەیـت، بـەڵام هـەر بـۆ خۆشـی و بەنـاوی زانیاریـە وەدوور نییـە سـەرمان بەقـوڕدا بـکات، وەکتێبـی جنسـیش جـۆری هەیـە ئەگـەر شـیکاریەکی زانسـتی بـوو ئـەوە جیایـە لەگـەڵ ئـەوەی باسـی چۆنێتـی جـوت بـوون و وروژانـدن و ئەندامـەکان دەکات.

۱۹۳-پرسیار: ئایە فیکەکردن و چەپڵەلێدان حەرامە؟
وەڵام: ئـەو دوو کـرداره بەکـرداری قەومـی لـوت مەشـهور بـوون بـەڵام هەندێـك جـار لـەم سـەردەمەدا چەپڵەلێـدان وەك ڕێزیـك بـەکار دێـت وە هیـچ ئەشـکالی تێـدا نابینـم بـەڵام فیکـە زەرورەتـی دیـار نییـە و دەبێـت خۆمانـی لـێ بپارێزیـن.

۱۹٤-پرسیار: ئایە خواردنی ماسی لەماکدۆناڵدس حەڵاڵە؟
مامۆسـتا گیـان مـن گەنجێکـم لەوڵاتـی صیـن دەژیـم، لەشـارێك دەژیـم کـەوا سـوپاس بـۆ خـوا خـواردن و چێشـتخانەی ئیسـلامی و کـوردی زۆرە، بـەڵام زۆر جـار بـۆکار ڕێمدەکەوێتـە هەندێـك شـار، کـە نەخواردنـی ئیسـلامی تێدایـە، نەخواردنـی عەرەبـی تێدایـە، بۆیـە ناچـارم ڕوو لـە (مەکدۆناڵـدز) دەکـەم و ماسـی دەخـۆم، ئایـا ئـەم ماسـی یەحەلالـە؟ یـان دەچمـە خواردنگـە دەریاییـەکان Sea Food و لـەوێ ماسـی دەخـۆم، ئایـا ئـەم ماسـیە حەڵالـە یـان نـا؟ بـەڵام نازانـم چـۆن ئامـادە دەکرێـت.
وەڵام: مایـەی دڵخۆشـی و گـەورەی ئیسـلام و کوردانێکـی بەڕەوشـت و پاپەنـد بەئیسـلامەوەیە کـەوا لـەم سـەری دونیـاوە بـۆ ئەوسـەری لەسـەفەرو هەمـوو کاروبارەکانیـدا حـەڵاڵ و حـەرام بەشـێکی گەورەیـە لەژیانـی، بـرا بەڕێـزی مـن کاتێـك بـاس لەخواردنـی حـەڵاڵ و حـەرام و

بەئاگابـوون دەکرێت تەنها لەشـتە حـەرام کراوەکانـە، وەك بـەراز وە لەسـین سـەگیش دەخـۆن، ئـەم دوانەیـە کەدەبێـت ئێمـە زۆر ئاگاداریـان بیـن، لەگـەڵ ئـەو حەیوانانـەی کەبەرێگـەی ئیسـلامی سـەرنەبڕاوە، وەماسـی بەرهەمی دەریـاکان ئـەو حەڵاڵـی و حەرامیـە نایگرێتـەوە چونکـە ماسـی ئەسـڵەن خـۆی هـەر سـەربڕینی ناوێـت، کاتێـك ئێمـە کێشـەمان لەگـەڵ ئەو گۆشـتانەی کـە لەچێشـتخانەکاندا دەکرێت کێشـەکە لەسـەر سـەربڕینەکەیە وەگەرنـا خـۆی حەیوانەکـە پاکـە، بـەڵام ماسـی ئـەوە نایگرێتـەوە، کەوابـوو لەهەرکـوێ خـورا هیـچ گرفتـی تێـدا نییـە ماسـی هـەر ماسـیە لەهەرکـوێ بێـت، مەگـەر ترسـی ئەوەتـان هەبێـت کەلەڕۆنێکـدا سـوری بکەنـەوە هەمـان ڕۆن بێـت کەبـۆ بەرازیـش بـەکار بێـت ئەوسـا دەبێـت لـەوە بپرسـرێت کەئایە ڕۆنەکـەی جیایـەوە یـان تێکـەڵ، چونکـە عادەتـەن ڕۆنـی ماسـی بەجیـا دەکرێـت لەبـەر بۆنەکـەی هـەر خۆیـان تێکەڵـی ناکـەن، وەگـەر بەبرژانیـش بـوو ئـەوە لـەو گومانـەش بـەدوورە، زۆر گرنگـە ئینسـانی مسـوڵمان نەهێڵێـت هەرگیز پارویەکـی حـەرام بچێتـە لەشـی، خـوای گـەورە سـەفەرەکەتان پـڕ بەرەکـەت بـکات.

١٩٥-پرسیار: ئایا دەتوانم موی لەشم بتاشم کەزۆر بێزارم دەکات؟
وەڵام: مـوی لـەش زۆر جێگـە دەگرێتـەوە لەوانەبـن باخـەڵ وەموەکانـی خـوارەوە، گرنگـە مسـوڵمان بـەردەوام بەپاکـی ڕایـان بگرێـت و لایـان بەرێـت ئیتـر بەتاشـین بێـت بڕیـن بێت هـەر ئامێرێکـی تـر کەلـەم سـەردەمەدا هـەن، وەمـوی تـری باقـی لـەش وەك بـاڵ و قـاچ و نـاو سـنگەکان ئەگـەر ئافـرەت بێـت زۆر ئاسـاییە چونکە سروشـتی ئافـرەت بـێ مـووی هەڵدەگرێـت وەگـەر پیاویـش بێـت و مەبەسـتی خـۆ چوانـدن نەبێـت هـەر ئاسـاییە بـەڵام شـتێکی ناسروشـتی یەکە پیـاو مـودارە،

وەدەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت لەکاتی ئیحرامکردن لەحەجدا لابردنیان دروست نی یەتا ئیحرامەکەی تەواو دەبێت.

١٩٦-پرسیار: ئەگەر پێت خوێنی لێ بێت دەتوانی تەیەموم لە جیاتی دەست نوێژ بکەیت نەوەك بۆبرینەکە خراپ بێت؟
وەڵام: ئەگەر ئەو حاڵەتە ڕوویدا دەبێت لەسەر پاکی پێیەکان بپێچرێت و دواتر دەست نوێژ دەشۆریت و لەسەر پێکان مەسح دەکەیت نەوەك لەبری پێیەك وەیان پێکان دەست و دەموچاویش نەشۆردرێت ئەوەی کە ترسی نەخۆشی خراپترو ئاودزی لێ دەکرێت تەنها ئەو جێگە مەسحی لەسەر دەکرێت و نوێژەکەش دروستە ان شاء الله.

١٩٧-پرسیار: ئایا بۆچی خودای گەورە دەمانسوتێنێ بەئاگری دۆزەخ کاتێك خۆی پێمان دەڵێت من دەزانم بەندەکانم پێش ئەوەی لەدایك ببن دەچن بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ؟ ئەی مادام خۆی دەزانێت من دەچم بۆ جەهەنم بۆ سزام دەدات؟
وەڵام: پرسیاری یەکەم خوای گەورە کەدروستکەرو ژێنەری هەموو بوونەوەرە خۆی زانایە بەهەموو شتەکان، بەڵام خۆ ئێمە نازانین سەرەنجامی کارەکان چۆن دەبێت ئەوانە هەموو لەعیلمی خوای پەروەردگارە، لێرەدا لەو جۆرە پرسیارەی ئێوە خۆی قیت دەکاتەوە دەڵێ ئەی باشەکەشتەکان دیارین ئیتر من بۆ کار بکەم هەمووی دیاری کراوەو تەواو بەڵام ئەوە شەیتانە ئەو جۆرە پرسیارانەمان بۆ دروست دەکات و وامان لێ دەکات کەکەمتەرخەم و نا بەرپرسیار بین بەرانبەر دین و بەوەی کە ئێمە هەرچی بکەین خوا نوسیویەتی و تەواو لەتوانای ئێمەدا نەبووە، لەڕاستیدا پرسیارێکی تر لەم لاشەوە دەڵی باشەخوای گەورەخۆی دەزانێ بەسەرەنجامی کارەکان

خـۆ ئێمـە نازانیـن کەوابـوو بـا ئێمـە چاکـە بکەین کەوابـوو خـوای گـەورە چاکەشـی بـۆ ئێمـە نوسـیوەو سەرەنجامی بەهەشـتی بـۆ داناویـن نـەك دۆزەخ، چونکـە زانیـاری مرۆڤـەکان کورتـە هەتـا ناتوانـێ پێشبینی داهاتوویەکـی نزیکیـش بـکات چـۆن ئـەو مافـە دەدات بەخـۆی بیـر لەزانیـاری خـوای گـەورە بکاتـەوە بیـکات بەبیانوویـەك تـەوای ژیانـی خراپـەکار بێـت بـەوەی کەخـوای گـەورە زانیویەتـی ئـەو خراپـەکار دەبێـت دەبـا ئێمـە چاکـەکار بیـن ئەوسـا بۆمـان دەردەکەوێـت خـوای گـەورە زانیویەتـی کەئێمـە چاکەکاریـن و بـۆ بەهەشـتی داناویـن نـەك بەپێچەوانـەوە.

١٩٨-پرسـیار: ئایـا بۆچـی پێغەمبەرایەتـی بەمیراتـی یـەك لـەدوای یـەك بۆیـان ماوەتـەوە؟
وەڵام: کـوا پێغەمبـەران بەمیراتـی بـووە خـۆ سـەرۆکەکانی ئـەم سـەردەمەنین پێغەمبـەران خـوای گـەورە خـۆی هەڵیبـژاردوون بـۆ پێغەمبەرایەتـی و خۆیـان چاکـەکار بـوون نـەك بەمیراتـی پێغەمبەرایەتیـان بـۆ مابێتـەوە، بـەڵام هەندێـك پێغەمبـەر بـۆ نمونـە کوڕەکەشـی پێغەمبـەر بـووە لـەوەدا مەبەسـت میراتـی نییـە خـۆ ئەگـەر میراتـی بوایـە هەموویـان دەبوایـە وا بوایـەن بـۆ نمونـە پێغەمبـەر یەعقـوب چەنـد کـوڕی هەبـوو ئـێ خـۆ هـەر یەکێکیـان بـوون بەپێغەمبـەر خـۆ ئەگـەر میراتـی بوایـە دەبوایـە هەموویـان ببوایـەت.

١٩٩-پرسیار: ڕاتان لەووتەی سەعید نەورەسی چی یە کەدەڵێ؟
ماموسـتا سـەعید نەورسـی دەربـارەی تەسـەوف لـە کتێبـی مەکتوبـات دەڵێـت: (ئـەو کەسـەی هیـچ بەشـێکی لـە تەسـەوف (تەریقـەت)دا نیـەو دڵیشـی نەکەوتوەتـە جوڵـە بـۆی لـەم ڕۆژکارەدا

زۆر زەحمەتـە بتوانیـت ئیمانەکـەی دەربـاز بـکات) ڕای بەڕێزتـان لـەو بارەیــەوە ئایــا مەبەســتی مامۆســتا چیــە ئەمــە چــۆن وتەیەکــە؟
وەڵام: سـەعید نەورەسـی چەنـد مەراحیلێـك لەژیانیـدا هاتـووە، وەك تێکەڵـی سیاسـەت بەشـێوەیەکی تـا ڕادەزۆر، دواتـر کەعەزیـەت و زۆر تەوژمـی بـۆ هاتووەتـا ڕادەیـەك بـێ ئومێـدی لا دروسـت بـووەو زیاتـر بـۆلای تەسـەوف ڕۆشـتووە، بـەڵام ئـەو دوو مەرحەلـە پێویسـتیەکی هەمـوو مسـوڵمانێکە لەهەمـوو سـەردەمەکاندا مەگـەر اللهـم هیـچ کێشـەیەکی سیاسـیمان نەبێـت و خۆمـان خاوەنـی کیانێکـی تـەواوی خۆمـان بیـن وەئـەو کاتـەش هـەر دەبیـت کۆمەڵێـك هەسـتن پێـی وەگەرنـا چـۆن دەوڵـەت بەڕێوەدەچێـت، تێگەشـتن لەسـەر تەسـەوف هـەروا سادەی نییـە ئێمـە بەسۆفیگەرێتی ئەمڕۆ لێکی بەینـەوە بەڵکو تەزکێـی نەفـس و خـۆ ڕاهێنـان لەسـەر عیبادەتـی زیاتـرو بایەخـدان بـەکارە دەرونیـەکان لـەڕووی دینینـەوە، ئـەوە مەبەسـتەوە ئەمـەش پێویسـتیەکی هەمـوو تاکێکـی مسـوڵمانە.

٢٠٠-پرسـیار: ئایـە دروسـتە لەکۆمپیوتـەرەوە خـۆم بـۆ دەزگیرانـم ڕووت بکەمـەوە وەیـان بەقوربانـی جیگـەی حەساسـی یەکتـر ببیـن؟
وەڵام: بـرای بەڕێـز کاتێـك ئافرەتێـك مـارە دەکرێـت لەکوڕێـك بێگومـان هـەر بەبەسـتنی ئـەو گـرێ بەسـتە دەبنـە حەڵاڵـی یەکتـر، بـەڵام هەندێـك بـارودۆخ هەیـە دەبێـت لەبەچـاو بگیـرێ بـۆ پابەنـد بـوون بەشـەرعەوەو دوورکەوتنـەوە لەئەگەرەکانـی تـاوان، بـۆ نمونـە ئـەو ئافرەتـە حەڵاڵـی بەڕێزتانـە شـەرعەن بۆتـان هەیـە لاشـەی یەکتـر ببینـن، بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی کـەدوورن لەیەکتریـەوە والله اعلم ئێمـە بـەڕەوای نابینیـن کەئـەو کارە ئێسـتە بکرێـت تـا ئەوکاتـەی دەگـەن بەیـەك، لەبـەر ئـەم هۆکارانـە ١-دوور نییـە کەسـێك بێـت بەسـەرتاو

بتـان بینێـت، بـۆ ئارەزوویەکـی کاتـی شـتەکەتان لـێ گـەورە بـکات و سـەرەنجام بەتـەڵاق کۆتـای پـێ بێت.٢-کردنـی ئـەو کارەبـۆ ئێسـتە بـەڕەوای نابینیـن چونکـە ئارەزووتـان دەوروژێ و زۆر زەحمەتـە بتوانـن خۆتـان ڕابگـرن بەڵکـو دەگەنـە ئـەو ئاسـتەی بەهـەر شـێوەیەك بێـت ئـەو ئـارەزوو دابمرکێننـەوە کەئەمـەش حەرامـە چونکـە بەهـەر شـێوەیەك ئـەو ئـارەزوو دابمرکێننـەوە حەرامـە، وەکردنـی ئـەو کارەتـان پاڵنەرێکـی زۆر زۆر بـە هێزەبـۆی، جـا کەوابـوو پەلـەی تێـدا مەکـەن. وەبەنسـبەت بەقوربـا نـی یەکتـری و هەندێـك جیگـەی لاشـەی یەکتـری دەبێـت ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە لەبەرچـاو بگـرن ئەگـەر ئەویـش ببنـە هۆیـەك بـۆ دەرچوونتـان لـەو ئاسـتەئەویش حـەڵاڵ نییـە ، بـەڵام دەکرێـت خۆشەویسـتی بـۆ یەکتـر دەربـڕن و شـعوری خۆتـان بـۆ یەکتـر بـاس بکـەن، بـەڵام نـەك باسـی جێگـەی حەساسـی یەکتـری کەبێگومـان هـەر لەسـەرەتاوە ئـەو جـۆرە کارانـە ئـارەزووی جنسـیە پـاڵ دەنێـت بەکەسـەکەوە باسـیان بـکات وەکەبـاس کـران ئـەو ئـارەزووە زیاتـر پەرەدەسـتێنێ و دوور نییـە بـەکاری حـەرام کۆتـای پـێ نەیـەت، جـا ئامـۆژگاری ئێمـە بـۆ بەڕێزتـان بـۆ ئـەوەی بـەدوور بـن لەتـاوان و لەئەگەرەکانـی بـە هیـچ شـێوەیەك نەلەسـەر کۆمپیوتـەر خۆتـان ڕووت بکـەن وەنەباسـی جیگـەی حەساسـی یەکتـر بکـەن، وەخـوای گـەورە بەدوورتـان بگرێـت لەهەمـوو تاوانێـك.

٢٠١-پرسـیار: ئایـە دروسـتە بەحـس بـۆ کەسـێك بنوسـم کـە لەزانکـۆ دەخوێنێـت؟

وەڵام: بـرا گیـان کارێکـی زۆر گرنگـە کەئێمـە ڕۆحـی یارمەتیمـان تێـدا بێـت بەرانبـەر یەکتـری بـەڵام کارەکان دەبێـت لەبەرچـاو بگیـرێ و بەچـی بوارێکـدا دەڕوات ئـەم کارەی بەڕێزتـان واللەأعلـم حەرامـەو بـە

هیـچ شـێوەیەك دروسـت  نییـە چونکـە تـۆ کارێـك دەکەیـت کەئەرکـی کەسـێکی تـرە بیـکات دەکرێـت ڕێنومـای بکەیـت و وەئەگـەر خـۆی نوسـی تـۆ دوای هەندیـك دەسـتکاری بکەیـت وەك چـۆن لەئـاوت ڕیچـی زانکـۆکان دەکرێـت بـەڵام تـۆ بـۆی بنوسیتەوە ئـەوە خیانەتێکـە لەزانکۆکـە دەکرێـت وەلـەدواڕۆژی ئـەو قوتابیانـەی کەلـەدوا ڕۆژدا ئـەو کەسـە دەبێتـە مامۆسـتایان جـا تـۆ تەسـەور بکـە ئەگـەر کەسـێکی تـر کارەکانـی تـۆی بکردایـە ئێستە دەتتوانـی مامۆسـتای بکەیـت، هەرچەنـد ئـەو کەسـە هـەق وایەخـۆی ئـەو مافـە نـەدات بەخـۆی کەکەسـێکی تـر ئـەو کارەی بـۆ بـکات وەئەتوانـم بڵێـم ئەمـە یەکێکـە لـەکارە هـەر قێزەونـەکان کەقوتابـی پەنـای بـۆ دەبـات.

٢٠٢-پرسیار: ئایا بۆیاخکردنی سەر بۆ پیاو ژن دروستە؟
وەڵام: بۆیـاخ کردنـی قـژو ڕیـش و ئـەو جـۆرە شـتانە ئەگـەر بۆیاخەکـە ڕەش نەبێـت ئـەوە ئاسـاییە چونکـە فەرمـوودە هاتـووە لەسـەر نەکردنـی بۆیـاخ بـەڕەش وەك پیغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوێ «غیـروا هذا الشیب وجنبـوه السـواد» (رواه الإمـام مسلم فـي صحیحـه)، وجـاء فـي الحدیـث أیضـاً: « أنّ قومـاً یصبغـون لحاهـم بالسـواد فـي آخـر الزمـان کحواصـل الحمـام لا یریحـون رائحـة الجنـة» (رواه أبـو داود فـي سننە) لـەم فەرموودانـەدا هەڕەشـە هەیـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کەسـەرو ڕیشـیان بەبۆیاخـی ڕەش دەکـەن، وەجگـە لەڕەنگـی ڕەش ڕەنگەکانـی تـر ئاسـایین، بـەڵام لێـرەدا دەبێـت عورفـی ئـەو جێگـەش لەپێـش چـاو بگیرێـت بـۆ ئـەوەی نەبنـە سـەرباس و خواسـتی خەڵکـی، هـەروەك چـۆن دەبێـت ئـەم بۆیـاخ کردنـە لەبـەر چـاو لێکـردن نەبێـت، وەبـۆ ئافـرەت ئاسـاییە بـەڵام تەنهـا لەماڵـەوەو لەگـەڵ مەحرەمەکانـدا نـەوەك پێـی بچێتـە دەرەوە خـۆ ئاشـکرایە کەئافـرەت هـەر بـۆی  نییـە بەسـەری

ڕووتەوەدەربچێت ئەگەر ڕەنگیشی نەکردبێت بەڵام بۆیە لێرەدا ئاماژەمان پێدا چونکە زۆریك لەبەر دەرەوەڕەنگی دەکات، وەباشترین کار بۆ ڕەنگ کردن خەنەیە، دەبێت ئەوەش لەبیرمان بێت نابێت بەم ڕەنگ کردنە بەشێوەیەك بێت کەپیاو وەیان ئافرەت خۆیان ببەنە سەر شێوەی یەکتری، خوای گەورە هەموولایەك موەفەق بکات بۆ کردنی کارەکان لەبەر ڕەزامەندی خۆی.

٢٠٣-پرسیار: ئایە گۆرانی و هەڵپەڕكێ حەڵاڵەیان حەرامە؟
سڵاوی خواتان لێ بێت من پرسیارێکم هەیە سەبارەت بەگوێگرتن لە( گۆرانی ) یان ( ئاهەنگ) واتا ئاهەنگێک کەهەڵپەڕکێی تێدا بێت وەگۆرانیش لێ بدرێت وەیان ( ئاهەنگی لەدایک بوون بۆ منداڵ ) کەئەویش تێیدا هەڵپەڕیت ئایا حەرامە وە ئەگەر حەرام نییە چۆن بێت سوپاستان دەکەم ئەگەر جوابێکی دروستم بدەنەوە لەبەر ئەوەی من نوێژ دەکەم وەدەشچم بۆ ئەو ئاهەنگانە وەهەڵیشدەپەڕم. تۆبەم کردووە کەئیتر نەچم بەڵام من هەر چاوەڕێی جەنابتانم جوابم بدەنەوە. خوای گەورە بتانبەخشێت
وەڵام: داواکارین لەخوای گەورە تەوبەکەتانی وەرگرتبێت و وەئێوەش بڕیارێکی یەکجارەکیتان دابێت، وە هۆکاری تەوبەکردنەکەشتان بۆ نەچوونی ئەو جۆرە کارانە دەگەڕێتەوە بۆ حەرامێتی ئەو کارە هەروەك چۆن بەرێزتان هەستان پێ کردووە، وەبێگومان هەڵپەڕكێ و گۆرانی حەرامە، چونکە ئاشکرایە ئەو گۆرانیانە کەبۆ هەڵپەڕكێ لێ دەدرێن ووشەی ناشیاوی زۆر تێدان و بەڵکو مرۆڤ لەڕووی نایەت بەووتن بیانڵێت چ جای بەگۆرانیەوە، وەهەڵپەڕكێکان تێکەڵەو ئەویش هەر حەرامەو کردنی ئەو کارانەسەر بۆ خراپتریش دەکێشێ، دەکرێت ئێمەهەموو ئەو کردارانە بەرگێکی ئیسلامی بەسەردا

بدەیـن و خۆشـی خۆمـان بکەیـن و توشـی حەرامیـش نەبیـن وەبەڵکـو خێریشـی لەسـەر وەرگریـن، ئەویـش بەکردنیـان بەشـێوەیەکی شـیاو، بـۆ نمونـە ئافـرەت بەجیـا وەپیـاو بەجیـا، خواردنـی حـەڵاڵ تەنهـا، خەنـدە خسـتنە سـەر لێـوی یەکتـری بـۆ ئـەو کاتـە، وەبـۆ یـادی لەدایـك بـوون گرنگەئـەم کارە بـۆ چـاو لێکـردن نەبێت چونکـە زۆرێـك وەك چاولێکـردن دەیـکات و لەئەوروپایـە وە یـان لەکوردسـتانەو کاریگـەری ڕەوشـتی ئەوروپـی بەسـەرەوە هەیـە، گـەر کـرا لەبـەر هاندانـی منداڵەکـە بێـت بـۆ کردنـی کاری چاکـەو کارەچاکەکانـی سـاڵی ڕابـووردی بهێنیتـەوە یـادو هانـی زیاتـری بدرێـت بـۆ هەوڵـی زیاتـر بـۆ نمونـە لـەو سـاڵەدا هەندێـك قورئانـی لەبـەر کـردووە هەوڵـی پـێ بدرێـت لەسـاڵی داهاتـوودا زیاتـر لەبـەر بـکات، گـەر لەقوتابخانـەدا کەوتـووەو وەیـان پلـەی نزمـی هێنـاوە زیاتـری بـکات، گـەر ڕۆژێـك لـەڕۆژان ووشـەی ناشـیاوی بـەکار هێنـاوە هەوڵـی تـەرك کردنـی بـدات لەسـاڵی داهاتـوودا بـۆ ئـەوەی چاوەکانمـان پێیـان گـەش بێتـەوە لـەدوا ڕۆژداو لەدونیاشـدا سـود مەنـد بـن بـۆ کۆمەڵـگا.

٢٠٤-پرسیار: من دەمەوێت بگەڕێمەوە بەڵام نازانم چۆن بکەم؟

وەڵام: گەورەتریـن خۆشـبەختی و سـەرفرازیە کەکەسـێك بـگات بـەو بڕوایـەی کەبگەڕێتـەوە لای بەرنامـەی خـوای پـەروەردگارو هەسـت بەهەڵەکانـی ڕابـوردووی بـکات، کاتێـك سـەیری قورئـان و فەرمـوودە بەپێزەکانـی پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەکەیـن، دەبینیـن مژدەگەلێکـی یەکجـار زۆرو خۆشـی تێدایـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کەدەگەڕێنـەوە، هـەر بەگەڕانەوەیـان و وازهێنـان لـەو هەڵانـەی کەکردوویانـە پێشـتر خـوای گـەورە لەتاوانەکانـی خـۆش دەبێـت وەبەڵکـو زیاتـر لـەوەش خراپەکانـی بـۆ دەگـۆڕێ بـۆ چاکـە،

بـۆ ئـەوەی ئـەو پاداشـتە گەورەتـان دەسـت بکەوێـت دەبێـت ئێـوەش گەڕانەوەیەکـی یەکجـاری بێـت و هـەر کارێکـی خراپەکەکردبێتـان جارێکـی تـر نەگەڕێنـەوە سـەری و وەپابەنـد بـن بەئـاداب و خـو ڕەوشـتە ئیسـلامیەکانەوەو وەخـۆ شـارەزا کـردن لەبەرنامەکـەی بەپێـی توانـا، وەیەکـەم هەنـگاو بـۆ ئێسـتەی بەڕێزتـان نزیـك بوونەوەلـەو کەسـانەی کەمسـوڵمانن و پابەنـدن بەشـەریعەتەوە تـا ووردە ووردە لەگـەڵ خـو ڕەوشـتی مسـوڵمانێتیدا ڕا بێـن وەهەوڵـی فێـر بوونـی عەقیـدە واتـە بیروبـاوەڕ بـدەن پێـش هەمـوو شـتێك، خـوای گـەورە بەردەوامیتـان پـێ ببەخشـێ و سـەراپای ژیانتـان بـەکاری خێـر دابپۆشـێ.

٢٠٥-پرسـیار: ئایـا چـات کـردن حەڵاڵـە لەڕێگـەی ئەنتەرنێتـەوە ئەگـەر سنورەکان بپارێـزم؟
وەڵام: چـات کـردن حوکمـی گفتوگـۆ وەردەگرێـت وەمـادام سـنورەکانی بپارێزرێـت ئـەوا حەڵاڵـەو گرفتێکـی تێـدا نییـە ، بـەڵام کاتێـك کەفەرمووتانـە سـنوری خـۆی بپارێزێـت ئـەو ووشـەیە مانـا زۆر هـەڵ دەگرێـت وەئەڵبـەت لای بەڕێزتـان ڕوونـە کەسـنورەکان چیـن بۆیـە ئاماژەتـان پـێ کـردووە هەربۆیـە دەڵێـن مـادام سـنورەکان بپارێزرێـت گرفتـی تێـدا نییـە .

٢٠٦-پرسـیار: ئایـا ئافرەتـی موحاجەبـە ئەگـەر کەسـێك بەبـێ ئـاگای ئـەم بەسـەر ڕووتـی بینـی چۆنـە؟
وەڵام: ئاشـکرایە کەئافرەتـی مسـوڵمان هـەر لەسـەرەتای پێگەشـتنیەوە واتـە بلوغـی شـەرعی دەبێـت خـۆی دابپۆشـێت و نـە هێڵێـت کەسـانێك کەبـەو نامەحرەمـن ببینـن، گـەر کەمتەرخەمـی کـرد تێیـدا بێگومـان تاوانبـار دەبێـت، بـەڵام لەوانەیـە هەندێـك جـار توشـی یەکتـر بینـن

ببین بە هۆی کۆمەڵە هۆکارێکە وەبۆ نمونە کەسێك لەمیوانی ماڵێکەو بەنەزانی دەرگای ژنان دەکاتەوە دەبینێت ئافرەتەکان سەریان دانەپۆشراوەو لەنێو خۆیاندا قسە دەکەن جا ئەم کابرای کەبەسەریاندا چووەگەبەقەستی ئەو کارەی کردبێت بێ گومان تاوانبارە وەگەر هەروەها ئەگەر ئافرەتەکانیش دەرگاکەیان پێوەنەدابێت بەشێوەیەك ئاسان بێت بۆ بینینیان ئەوا ئەوانیش تاوانبارن، بەڵام گەر هەمووالا کاری خۆیان بەتەواوەتی کردبێت بەڵام بەهەڵە کارەکە ڕوویدا ئەوە هیچ لا تاوانبار نابن چونکە مەبەستیان کردنی ئەو کارە نەبووە، ئەوەش دەبێت لەپێش چاو بگیرێ ئەگەر هاتوو کەسێك بەهەڵە بەسەر ئەوکارەدا چوو نابێت دوای باسی بکات و خەڵکی پێ ڕابگەیەنێت، دەبێت ئەوەشمان لەپێش چاو بێت بۆ کردنی ئەم کارانە لەعورفەوە دەتوانین سود وەرگرین بۆ نمونە ئەگەر تۆ لەکۆمەڵگەیەکدا دەژیایت و هاتووچۆ بەسەر یەکتریدا زۆر دەکرا دەبێت زیاتر ئەحتیاد وەربگیرێ هەروەك لەکۆمەڵگەی خۆماندا زۆرجار زۆرکەس بەبێ دان لەدەرگا خۆی دەکات بەژووردا جا ئەگەر ئافرەتێك لەحەوشەکەدا بوو باشتر وایەخۆی داپۆشێ وەگەرنا موقەسیر بووەو ئەگەر پیاوێك بەسەریدا هات تاوانبار دەبێت،خوای گەورە زیاتر پاپەندمان بکات بەدینەکەیەوە.

٢٠٧-پرسیار: بەڕێزان ئەگەر کەسێك سەیارەی کڕی وەیان خانوو ئەگەر ویستی خێری بۆ بکات پارە باشترە وەیان حەیوانی بۆ سەربڕێت ؟

وەڵام: مادام کەدیاریتان نەکردووە بڵێن کەئەو خانووە یان سەیارەم کڕی ئەوەی بۆ دەکەم بەخێر خۆتان سەرپشکن هەر کامیان بکەن ئاساییەوە باشتر وایەسەیری دەورو بەر بکرێت و لێك بدرێتەوە

کامیـان زیاتـر بەقازانجـی هـەژاران وەیـان مسـوڵمانانـدا دەشـکێتەوە ئەوەیـان بکـەن، بـۆ نمونـە ئـەو جێگـەی ئێوەهـەژاری زۆر تێدایـەو باشـتر وایەپارەیـان بدرێتـێ تـا ئـەوەی خۆیـان پێویسـتیانە بیکـڕن وەزۆرجـار لەوانەیـە خەڵکەکـە هەمـووی وەزعـی بـاش بێـت بـەڵام لـەڕووی کۆمەڵایەتیـە وەسـیلەی ڕەحمیـان کەمـە ئـەوە باشـتر خواردنیـان بـۆ دروسـت بکرێـت و کـۆ بکرێنـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو هەسـتە زینـدوو بێتـەوە لایـان، خـوای گـەورە بەرەکەتـی خێـر بخاتەمـاڵ و سـامانتانەوە.

٢٠٨-پرسیار: ئایا دەتوانم شو بکەم بەکەسێك مەشروب بخواتەوە؟

ئەگـەر مـن شـوو بەکوڕێـك بکـەم مەشـروب بخواتـەوە بـەس بیـرە ئەخواتـەوە ئێسـتە بـۆی تـەرك ناکرێـت بـەڵام ئەمـەوێ دوای زەواج مـن پێـی تـەرك بکـەم ئایـا گوناحبـار ئەبـم ئەگـەر ئێسـتە شـوی پـێ بکەم؟چاوەڕێـی وەڵامـی جەنابتانـم زۆر سـوباس.

وەڵام: کەسـێك ئامـادەی تـەرك کردنـی مەشـروبی نەبێـت لەپێـش زەواجـدا کەخۆشەویسـتی بـۆلای ئافـرەت زۆر دەبێـت دوای شـوو کردنـی بەڕێزتـان لەوانەیـە گەمـەش بەتـەرك کردنـی بـکات و بڵـی خـۆ تـۆ دەتزانـی مـن مەشـروب دەخـۆم بـۆ شـووت پـێ کـردم، ئامـۆژگاری ئێمـە بۆتـان ئەوەیـە ئافرەتـی داوێـن پـاك و بەحورمـەت بەباشـی نازانیـن لەگـەڵ مەشـروب خـۆردا مامەڵـە بـکات ئەمـە مانـای وا نییـە حـەرام بێـت شـوو کـردن پێـی چونکـە مەشـروب خـۆر هـەر مسـوڵمانە مـادام بـڕوای بەدیـن هەبێـت و ئینـکاری نـەکات، بـەڵام مەشـروب خـۆر مامەڵـە لەگەڵیـدا ئاسـان نییـە چەندمـان بینـی بـە هـۆی سەرخۆشـیەوەدەدا لەخێزانـی ڕۆژی چەنـد جـار تڵاقـی داوەوەبەچەندەهـا کێشـەی تـر جـا بـۆ ئـەوەی بـەدوور بیـت لـەو کێشـانە، بەمەرجـی بگرەکـە واز لەمەشـروب بهێنـێ و وەلەعەقدەکەشـدا بنوسـرێت وەگـەر ئامـادە

نەبـوو تـۆش ئامـادە مەبەشـووی پـێ بکەیـت تـۆ خـۆت بخەیتـە بەردەسـتی بەخۆشـحاڵیەوە بـەڵام ئـەو ئامـادە نەبێـت واز لەمەشـروب بهێنـێ، کەسـی مەشـروب خـۆر جائیـز نـی یـە دانیشـتن لەگەڵیـدا، دواتـر ئـەو لـە ماڵـەوە دەخواتـەوە تـۆ چـی دەکەیـت؟ دەبێـت لـە دەرەوە چاوەڕێ بکەیـت! یـان مەزەکەشـت پـێ دەهێنێـت، مەرجـی شـوکردن و ڕازی بـوون دیـن و ئەخلاقـە، مەشـروب خـۆریـش کێشـەی ئەخلاقیـەو ڕەدی بکەنـەوە لەبـەر ئـەوە.

٢٠٩-پرسـیار: مـن دەمەوێـت واز لەقومـار بهێنـم بـەڵام ناتوانـم تکایـە ڕێـگا چارەیەکـم بـۆ بدۆزنـەوەو وەڵامـم بدەنـەوە خـوا خێرتـان بنوسـێت.
وەڵام: ئـەوە لەبیـری خۆتـان دەربکـەن کەناتوانـن! بڵـێ پشـت بەخـوا وازی لـێ دەهێنـم و وەدەشـتوانم وەئەوەشـی پشـت بەخـوای ببەسـتێت خـوای گـەورەی بەسـە بـۆ پشـتیوانی، نیەتـت پـاك بکـەرەوە بـۆ خـواو ئـەو کارە لەبـەر ئـەو بکـە بـەڕۆژوو بەزۆرینـەی کاتەکانـت لەمزگەوتـدا بەسـەر بەریـت دەبینـی لەکۆتـای مانگەکـەدا خۆشەویسـتی قومـار لەدڵتـدا نەمـاوە وەیـان ئەوەنـدە زەعیـف بووەهـەر زۆر ئاسـانەکەبتوانی بەلایـدا نەچیـت، ئـەو جێگانـەی کەقومـاری لێیـە هەوڵبـدە بەدووربیـت لێـی و هاوڕێیەتـی ئـەو کەسـانە مەکـە کەبانگـت دەکـەن بـۆی، هەوڵـی خوێنـدن قورئـان زۆر بدەئەگـەر دەزانـی بیخوێنیتـەوە ئەگـەر نازانـی هەوڵـی فێـر بوونـی بـدە، خـۆت سـەرقاڵ بکەبەنووسـینەوەئەگەر دەسـتی نوسـینت نییـە لەشـتی ئاساییەوەدەسـت پـێ بکـە، بـۆ نمونـە دەفتەرێکـی گـەورەو قەڵـەم بکڕەهەرچـی کاری باشـت کـردووەو لەبیرتەبیـان نوسـەرەوە، خـوای گـەورە یارمەتـی دەرت بێـت.

٢١٠-پرسیار: ئایا دوو ركعات سونەت پێش نوێژی جومعە هەیە یان نە؟
وەڵام: شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە لەسەر ئەو پرسیارە دەفەرموێ (أما النبي صلى الله عليه وسلم فإنه لم يكن يصلي قبل الجمعة بعد الأذان شيئاً، ولا نقل هذا عنه أحد، فإن النبي صلى الله عليه وسلم كان لا يؤذَّن على عهده إلا إذا قعد على المنبر، ويؤذن بلال، ثم يخطب النبي صلى الله عليه وسلم الخطبتين، ثم يقيم بلال فيصلي النبي صلى الله عليه وسلم بالناس، فما كان يمكن أن يصلي بعد الأذان، لا هو ولا أحد من المسلمين الذين يصلون معه صلى الله عليه وسلم...) پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت لەپێش جومعە نوێژی نەکردووە، بەڵکو بیلال بانگی دەدا دواتر ئەویش دەچووە سەر مینبەرو خوتبەی خۆی دەداو بەو شێوەیە، بەڵام کەسێك کەدێتە مزگەوتەوە ئەوە نوێژی تەحیەت و مەسجدی خۆی دەکات ئەگەر مەلاش خوتبە بدات ئەوە هەر دەیکات بەڵام بەپەلەتر.

٢١١-پرسیار: مێردەکەم مەسرەفم ناکات و هەر بۆ سەرجێگە منی دەوێت چی بکەم تکایە لەئەروپاش دەژیم؟
وەڵام: ئەگەر پیاو مەسرەفی ژنی خۆی نەکردوو ئەو هەستەی تێدا نەبوو، عەیب نییە خۆت داوای لێ بکەیت و پێداگربیت لەوەی مەسرەفت بەباشی بکات بۆ خۆت و بۆ منداڵیشت، وەمادام تۆ لەئەوروپایت و خۆت و منداڵیش مەعاشی تایبەتی خۆتان هەیە ئەوە کوردی خۆمان دەڵێ منەتیشی نییە ، وەگەر هەر نەیکرد دەتوانیت کاردەکەی لێ جیا بکەیتەوە، دەتوانیت بەقەدەر پێویستی خۆت پارەشی لێ ببەیت هەتا ئەگەر ئەویش ئاگای لێ نەبێت، بەڵام نەك بەشێوەیەکی وا کێشەی لەدوا بکەوێتەوە، تۆش دەبێت

سـەیری پیاوەکـەت بکەیـت و بزانیـت ئایـا کەمەسـرەفتان نـاکات یـان کـەم دەیـکات بـۆ چـی یـە، ئەگـەر پارەکـە لەخراپـەدا سـەرف دەکات ئـەوە هـەق وایـە زۆر زۆر تـۆش تونـد بیـت لەگەڵـی وەگـەر بـۆ پاشـەکەوت کـردن و مسـتەقبەلی خۆتانـەو بـۆ پێداویسـتی سـەفەرو کڕیـن و خانـوو ئـەو شـتانەیە ئـەوە سـودەکەی هـەر بـۆ خۆتـان دەگەڕێتـەوە، چونکـە بەشـێوەیەکی گشـتی کوردەکانـی هەنـدەران حەزیـان لەگەڕانەوەیـە بـۆ کوردسـتان و ژیانـی خۆیـان تۆزێـك نارەحـەت دەکـەن بـۆ ئـەوەی دوارۆژێکیـان هەبێـت لەکوردسـتاندا، جـا ئیتـر تـۆش سـەیری مێردەکـەو بـەراوردی ئەوحاڵانـە بکـە. خـوای گـەورە ژیانتـان پـڕ خـۆش و کامـەران بـکات.

٢١٢-پرسیار: ئایا لەناچاریدا نوێژ لەسەر کورسی کردن دروستە؟
وەڵام: نوێـژ ئەسـڵ ئەوەیـە بەپێـوە بکرێـت لەئـەرزدا خـوای گـەورە دەفەرمـوێ { وقومـوا لله قانتیـن } [ سـورة البقـرة / ٢٣٨ ] .
بـەڵام ئەگـەر نەیتوانـی وەك ئـەو کەسانەی نوقسـانن و کورسـی بـەکار دێنـن ئـەوە ئاسـاییەو مەعـزورن لەشـەرعدا چونکـە بەئـارەزووی خۆیـان نەبـووەو لەنەتوانایـدا بـووە وەخـوای گـەورەش ئەرکـی زیاتـر ناخاتـە سەرشـانی کەسـێك کەزیاتـر بێـت لەتوانـای.

٢١٣-پرسـیار: ئایـا ڕاسـتە خەدیجـە داوای لەپێغەمبـەر کـردووە شـوی پـێ بـکات؟
وەڵام: بەلـی ڕاسـتە خەدیجـە پێشـنیار کـرد لەڕێگـەی چەنـد کەسـێکەوە بۆ ئـەوەی پیغەمبـەر بیخوازێـت، دوای ئـەوەی بـۆی دەرکـەوت پێغەمبـەر کەسـێکی دەسـتپاك و ڕاسـتگۆو داوێـن پاکـەو خیانـەت نـاکات، وەئـەو کەسـەی کـە لەسـەفەری بازرگانیەکـەدا لەگـەڵ پێغەمبـەردا ڕۆشـتن بـۆ

بازرگانی چاودێری پێغەمبەری دەکردوو هەرچی بینی بۆی گێڕایەوە ئیتر ئەویش بەئەهلی ئەوەی زانی کەخۆی دەستپێشخەری بکات بۆی، وە لەئیسلامیشدا دروستە ئەو کارە بەڵام ئیتر دەبێت بزانرێت ئەو کەسە کێیە ئەو پێشنیارەی بۆ دەکریت.

٢١٤-پرسیار: ئایا شەرع دەربارەی ئەو فیلمانەی ئێران چی دەڵێ وەك فیلمی حەزرەتی یوسف سەلامی خوای لێ بێت.
وەڵام: دەربارەی فیلمی یوسف علیه السلام و هاوەڵانی ئەشکەوت، کارێکی زۆر باشە ئەو چیرۆکە قورئانیانە بکرێن بەفیلم بۆ زیاتر تێگەشتن و سودی مسوڵمانان چونکە ئاشکرایە هەموو مسوڵمانان خوێندەواریان نییە، وەلەڕێگەی ئەو فیلمانەوە لەچیرۆکە قورئانیەکان تێدەگەن، بەڵام هەندێك جار بە هۆی مەرامی تایبەتیەوە دەستکاری ڕاستێتی ئەو چیرۆکانە دەکرێت و وەبە هۆی ئەوەی کەئێمەش دەرهێنەرو دەستەکان ناناسین و نازانین کێ لەپشت ئەو کارانەوەن، باشتر وایە خۆمان چیرۆکەکە لەقورئانەوە بەڕاستی بزانین بۆ ئەوەی دواتر هەندێك هەڵە ئەگەر لەفیلمەکانەوە هەبێت لێمان نەبێت بەڕاست.

٢١٥-پرسیار: دەمەوێت قورئان هەمووی بەدەنگ و ڕەنگی کوردی بخەمە سەر یوتیوب ئایا چۆنە؟
وەڵام: بڵاوکردنەوەی تەفسیر لەیوتیوب، کارێکی زۆر باش و خێرێکی بەردەوامە بۆ خۆتان و هیچ سێ و دووی لێ مەکەو دوو دڵ مەبە لەکردنی و بیکە هەتا لەسەر یوتیوب بمێنێتەوەو سەیر بکرێت تۆش خێرت بۆ دەنوسێت ان شاء الله، خوای گەورە لەئێوەو ئێمەش خۆش بێت و هاریکارمان بێت بۆ زیاتر خزمەت کردن.

٢١٦-پرسیار: لەقوتابخانە لەگەڵ کچدا وانە حازر دەکەین ئایا دروستە؟
من لە وڵاتی سوید ئەژیم، لەمەکتەبێکی سویدی ئەخوێنم وە لە پۆلەکەی مندا هەمووی سویدیە، زۆر جار بابەتێك ئامادە دەکەین وە پێویستە لەگەڵ کەسێکی تردا بیکەیت، لەو پۆلەی مندا تەنها ٣کەسمان کوڕین ئەوانی تر کچن، هەمیشە ئەبێت کوڕەکان لە گەڵ کچەکاندا بابەت ئامادە بکەن، بۆیە ئەبێت لە کاتی ئامادەکردنی بابەتەکان بۆ ماوەی ١ بۆ ٢ سەعات لە ژورێکدا لەگەڵ کچێکدا بیت، ئەوان جلو بەرگی زۆر ڕوت وە ناشرین لەبەر دەکەن وە منیش لەگەڵیاندا کاردەکەم ناتوانم بۆ ماوەی ١بۆ ٢ کاتژمێر چاوم دابخەم بەڵام من بە هیچ شێوەیە بۆ هیچ مەبەستێك سەیریان ناکەم، ئایا من گوناهبار دەبم بەو کارە؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە.
وەڵام: زۆر گرنگە ئینسانی مسوڵمان پێداگر بێت لەخوێندن و بەدوادا چوون بەمەبەستی فێربوون، هەروەك چۆن گرنگیشە خۆمان لەتاوان بپارێزین و بە هۆی چاکەیەکەوە توشی تاوان و خراپەکاری نەبین، چونکە کاتێك مسوڵمان دەخوێنێ و مەبەستیەتی فێر بێت هەموو بەخێر بۆ دەنوسێت و دواتریش کەخزمەت دەکات هەر خێرە، جا بۆ ئەوەی خێرەکەمان بەپاکی بێت و تێکەڵی خراپە نەبێت گرنگە ئاگام لەچاومان بێت لەداوێنمان بێت لەدەممان بێت لەکاتی کردنی کارەکاندا، مانەوە لەگەڵ ئافرەتدا بۆ ئەو ماوەیە بەتەنها دروست نییە ، هەوڵی ئەوە بدەیان کەسێکتان لەگەڵ بێت وەیان هەوڵی ئەوەبدە بەتەنها بێت وەگەر هەر نەکرا، واز لەخوێندنەکە مەهێنەو پەنا بەخوای گەورە بگرە زۆرو چاوی خۆت بپارێزە، خوای گەورە ڕاگیراو بەردەوامتان بکات لەسەر ئاینی ڕاستی ئیسلام و زانست و زانیاری بەسودتان پێ ببەخشێ.

٢١٧-پرسیار: پیاوەکەم مافم نادات و بەتەنها لەماڵەوە بەجێم دەهێڵێ و نایەڵێت کۆلێژ بکەم، ئایە مافی من چی یە؟
وەڵام: مافی ئافرەت لەسەر مێردەکەی دوولایەن دەگرێتەوە، لایەنێکی مادی وە لایەنێکی ڕۆحی و غەیرە مادی.
لایەنە مادیەکان سیانن
یەکەم: مارەی پێدان لەکاتی مارە بڕیندا.
دووهەم: خواردن و جل و بەرگ بۆ کڕین.
سێهەم: جێگە دابین کردن بۆی واتە خانوو.
لایەنەکانی تر
یەکەم: دادگەری لەگەڵ خێزانەکەی یان خێزانەکانیدا.
دووهەم: جوان مامەڵەکردن لەگەڵیدا.
سێهەم زەرەر نەگەیاندن پێی.
ئەوەی بەڕێزتان دیارە دەکەوێتە بەشی دووهەم و خاڵی سێهەم، کەزەرەرە، کەخوێندن ئەرێکی گرنگە لەسەر مسوڵمان بەژن و پیاوە وەهەوڵی بۆ بدات، بەڵام لەم حاڵەتەدا من ناتوانم بڵێم پیاوەکە زوڵمی لێ کردووی، تا گوێ لەویش نەگیرێت، چونکە ئەگەر ئافرەت هەندێك لارەملی کرد بەرانبەر پیاوەکەی ئەوکات بۆ ئەویش هەیە ڕێگر بێت لەوەی هەتا بیش ڕۆیتە دەرەوە، بەڵام لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی وەزعتان ئاڵۆز نەبێت من پێشنیارێك بۆ بەڕێزتان دەکەم بۆ ئەوەی نەنێوانتان خراپ بێت و وەنەتۆش بێ بەش بیت لەسودی خوێندن زۆر خوێندن هەیە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە دەکرێت هەتا ئاستەباڵاکانیش.

٢١٨-پرسیار: نەنکم کۆچی دوای کردوو زۆر خەفەتبارم تکایە چی بکەم؟

وەڵام: زۆر گرنگـە ئینسـانی مسـوڵمان ئەگەرچـی کێشەشـی زۆر بێـت هـەر گـەش بیـن بێـت و ئومێـدی زۆری هەبێـت، ئـەم دونیـا زۆر خـەم و خەفـەت بەمرۆڤـەکان دەدات زۆرجـار بەخۆشـی و هەندێـك جاریـش بەناخۆشی، گرنگە لەسەر هەردووکیـان هـەر خـۆ ڕاگـروو سـوپاس گـوزار بیـن، ئـەوکات ناخۆشـیەکان دەبێتـە مایـەی سـڕینەوەی تاوانەکانمـان و بـەرز بوونـەوەی پلەمـان لەبەهەشـتدا، باشـترین هـاوڕێ بـۆ کاتـی ناڕەحەتـی و خـەم و خەفـەت قورئانـەو بیکـەن بەهاوڕێـی خۆتـان ئەگـەر دەزانـی بیخوێنیتـەوە هەوڵـی خەتمـی بـەردەوام بـدەوە لەبـەر کـردن بەگوێـرەی توانـا، گـەر نازانـن بیخوێننـەوە هەوڵـی فێربوونـی بـدە، مردنـی خـزم و کەسـوکارمان تاقیکردنەوەیەکـی گرانـە بـەڵام بەقـەدەر گرانیەکـەی پاداشتەکەشـی قورسـە ئەگـەر ئارامـی لەسـەر بگـرن، باشـترین شـتێك دوعـا کردنـە بـۆی بـەردەوام و لەکاتـی بانـگ و داوای نوێـژو بەربانگکـردن و شـەو نوێژەکانـدا، دەتوانـن حەجیشـی بـۆ بکـەن مـەرج نییـە وەسیەتیشـی کردبێـت، خـوای گـەورە لێـی خـۆش بێـت و ئارامـی و خۆشـی بـۆ دڵـی ئێـوەش بگەڕێنێتـەوە.

٢١٩-پرسـیار: کچێـك هەیـە دەمەوێـت بیهێنـم بـەڵام نازانـم ڕەفتـاری چۆنە تکایە ڕێنمونـی؟

وەڵام: ژن هێنـان گرنگیەکـی یەکجـاری لەژیانـی مسـوڵماندا هەیـە بەتایبـەت لـەم سـەردەمەدا، هۆکارێکـی زۆر گرنگـە بـۆ پاراستنی داوێـن و نەکەوتنـە نـاو حـەرام و خراپەکاریـەوە، سـەرەنجامی ئـەو جـۆرە تێکەڵیـەی لەنیـوان کـوڕو کچـدا دروسـت بـووە جۆریـك لـەدوو دڵـی لەدڵـی هـەردوولادا دروسـت کـردووە، کـەزۆر بیـری لـێ بکاتـەوە پێـش هێنانـی، لەفەرموودەیەکـی سـەحیحدا پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت کاتێـك ڕێنمونیمـان دەکات بەجۆرێتـی ژن هێنـان ئامۆژگاریمـان

دەكات بـەوەی كەكەسـێكی دینـدار بهێنین،گـەر بێـت و سـەیری ئـەو فەرمـوودە وەك واقعێـك سـەیر بكەیـت زۆر گرنگـەو هەتـا ئاسانیشـە چونكـە كەسـی دینـدار هـەر خـۆی دیـارە داپۆشـراوە، نوێـژ كـەروو ڕوو لەخوایـە، خەڵكیـش شـایەتی بـۆ دەدات ئەگـەر وا بـوو تـۆش هیـچ لێـی مەوەسـتە وە نـاوی خـوای لـێ بێنـە، خـوای گـەورە گـەر خێـری تێدایـە بۆتانـی ئاسـان بـكات و بەخۆشـی بەیەكتـان بگەیەنێـت و تەمەنیـان لەژێـر سـێبەری قورئانـدا بەسـەر بـەرن.

٢٢٠-پرسیار: كێن ئەوانەی پێغەمبەر (د.خ) شەفاعەتیان بۆ دەكات؟
وەڵام: ئـەو كەسـانەی كـەوا ئەهلـی یەكتاپەرسـتین شـەفاعەتیان بـۆ دەكریـت. ئـەو كەسـانەش كـەوا ئەهلـی شـیرك و هـاوەڵ دانـەرن شـەفاعەتیان بـۆ ناكرێـت وەك خـوای گـەورە دەفەرمـوێ فَمَـا تَنْفَعُهُـمْ شَـفَاعَةُ الشَّـافِعِينَ وەجـۆری یەكەمـی شـەفاعەت شـەفاعەتی گەورەیـە كەپێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت بـۆ هەمـوو كەسـی دەكات دەلیلیـش لەسـەر ئەمـە [أن النـاس یأتـون آدم ثـم نوحـا ثـم إبراهیـم ثـم موسـی ثـم عیسـی ثـم یأتـون نبینـا محمـدا -صلـی الله علیـه وسـلم- فیذهـب فیسـجد تحـت العـرش فـي مـكان یقـال لـه: الفحـص فیقـول الله: مـا شـأنك وهـو أعلـم؟ قـال رسـول الله -صلـی الله علیـه وسـلم-: فأقـول: یـا ربـي وعدتنـي الشـفاعة فشـفعني فـي خلقـك، فاقـض بینهـم فیقـول الـرب -سـبحانه وتعالـی- شـفعتك أنـا آتیكـم فأقضـي بینهـم قـال: فأرجـع فأقـف مـع النـاس].
دووەم شـەفاعەت كـردن بـۆ ئەهلـی بەهەشـت وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـوێ [أنـا أول شـفیع فـي الجنـة]
سـێهەم شـەفاعەت كـردن بـۆ ئـەو كەسـانەی كـەوا حسـابیان لەگـەڵ ناكریـت [أدخـل الجنـة مـن أمتـك مـن لا حسـاب علیـه مـن البـاب الأیمـن].

چوارەم شەفاعەت کردن بۆ بەرز بوونەوەی پلەی بەهەشت.
پێنجەم شەفاعەت کردن بۆ ئەو کەسانەی کەوا چاکەو خراپەیان بەقەدەر یەکە.
شەشەم شەفاعەت بۆ ئەو کەسانەی کەئەمری چوون بۆ ئاگریان پێکراوە.
حەوتەم شەفاعەت کردن بۆ کەم کردنەوەی سزا.
هەشتەم شەفاعەت کرد بۆ ئەو کەسانەی تاوانی گەورەیان کردووە لەوانەی کەخراونەتە ناو ئاگرو دواتر دەرهێنراون.

٢٢١-پرسیار: ئایە ماچکردنی شوو برا حەڵاڵە یان حەرامە؟
وەڵام: حەرامە.

٢٢٢-پرسیار: ئایا کەسێك کەدەزانم دوو زووبانە قسەی لەگەڵ نەکەم چۆنە؟
وەڵام: کەسێك کەزانیت دوو زوبانە ئامۆژگاری بکە لەخوای گەورە بترسێت و نەبێتە مایەی فیتنەو ئاژاوەگێڕی و وەخۆشت حەزەری لێ بکەو قسەی خۆتی مەخەژێر دەستی خوای گەورە هەموومان لەخراپەبەدوورخات.

٢٢٣-پرسیار: ئایە بانگ بکرێیت بۆ ئاهەنگی لەدایك بوون بچیت گوناهبار دەبیت؟
وەڵام: لەئیسلامدا عەقیقە هەیە بۆ منداڵ لەبری یادی لەدایك بوون، بەڵام بەداخەوە زۆرێك عەقیقە کە مافی منداڵە لەبیر دەکات و یادی لەدایك بوون کەنەریتێکی نا باوە دەیهێننە ناو کەلتوری ئیسلامیەوەو سونەت و کەلتورەپڕ سەروەریەکانی خۆمان

لەبیر دەکەین، من ئامۆژگاریم بۆ هەموو ئەو کەسانە ئەوەیە کەخۆیان بەم جۆرە کارانەوە خەریك نەکەن و منداڵەکانمان لەسەر خورەوشتی ئیسلامی پەروەردە بکەین نەوەك خۆمان هۆیەك بین بۆ پەرتەوازەو فێرکردنی شتی نا باوەوە، بەڵام وەهەرکەس دەعوەت کرا بۆ ئەو مەبەستە من بەلامەوە باشەنەچێت ئەگەر چووش بۆ ئەوە بچێت ئەم ڕاستیانە بگەیەنێت، دەبێت ئەوەشمان لەپێش چاو بێت ئەگەر زانرا لەو یاد کردنانەدا شتی خراپی تێدا دەکرێت نابێت بچن، وەگەر چوون و دواتر کاری خراپەتان تێدا بینی دەبێت دەستبەجێ ئەوێ جێ بهێڵن،

# عەقیقە وەك مافێكی گەورەی منداڵ



گەورەیـی و گشـتگیری ئاینـی ڕاسـتی ئیسـلامە كەوایكـردووە ئیسـلام بەزینـدووی و درێـژی بمێنێتـەوە لەكاتێكـدا وەك هێـزو دەسـتەڵات هیچێكـی واشـمان لەدەسـتدا نەمـاوە، سـەرەنجامی ئـەو گشـتگیریەو بایەخدانـی هەمەلایەنیەیـە ناحەزانـی ئیسـلامی قەڵـس كـردووەو بەهانـە بـۆ یاسـاو ڕێسـاكانی دەهێننـەوە، بـۆ ئـەوەی لەبەرچـاوی مسـوڵمانانی ناشـرین بكـەن، هەرچەنـد ئـەو هەوڵانـە پڕوپـوچ و بـێ سـەرەنجامن و دەبێتـە زیاتـر مایـەی پابەنـدی مسـوڵمانان بەئیسـلامەوەو وەزیاتـر ناسـاندنی ئیسـلام لای گەلانـی تـر.

كاتێـك چـاو بەدەقـە قورئانـی و فەرمـوودە ڕاسـتەكانی پێغەمبـەردا دەخشـێنین گشـتگیری و بایەخـی بەرفـراوان بەهەمـوو لایەنەكانـی ژیـان بەئاشـكرا بەرچاومـان دەكەوێـت، زانایانیـش زیاتـر ئـەو ووردەكاریەیـان لێـك داوەتـەوەو بـۆ مسـوڵمانانیان زیاتـر ڕوونكردۆتـەوە، هـەر بۆیـە زۆرێـك لـەم زانسـتە ئیسـلامیانەی كەئێسـتە لەسەرانسـەری

جیهانـدا هـەن و لەزانکـۆو خوێندنگەکانـدا دەخوێنرێـت سـەرەنجامی هـەوڵ و تێکۆشـانی زانایـان بـووە لەبەرژەوەنـدی پێویسـتیەکانی مسـوڵمانانـدا بـن، وەك دڵسۆزیشـیان بەرانبـەر ئیسـلام، لەکاتێکـدا لەسـەردەمی پێغەمبـەری مەزنـدا تەنهـا قورئـان هەبـوو وەك دەق و وەپێغەمبەریـش لەناویانـدا بـوو، ئیتـر وجـودی پێغەبـەر درودی خـوای لـێ بێـت لەنـاو مسـوڵماناندناو تێگەشـتنی ئـەو بـۆ قورئـان پیویسـتی هەبوونـی زۆرێـك لـەو زانسـتانەی کەئێسـتە هـەن نەبـوو، بـەڵام بەنەمانـی ئـەو لەناویانـداو دوورکەوتنـەوەی خەڵکـی لەزمانـی ڕەسـەنی قورەیشـی و فـراوان بوونـی ئیسـلام بەچـواردەوری خۆیانـدا پیویسـتی هەبوونـی زۆرێـك لـەو زانسـتانەی کەئێسـتە هـەن و سـەرچاوەکانیان قورئـان و فەرموودەکانـن بهێنێتـە کایـەوە. گشـتگیری ئیسـلام و فراوانـی ڕێسـاکانی ئەوەنـدە فراوانـن تەنهـا شـتێکی گرنـگ نییـە کەئامـاژەی پـێ نەکـرا بێـت، وەئێستەکەباسـەکەمان لەسـەر عەقیقـەی منداڵـەو تۆزێـك لەسـەر ئـەو باسـە دەدوێیـن زیاتـر ئـەو گشـتگیریەمان بـۆ دەردەخـات.

مسـوڵمان هـەر لەیەکـەم بیرکردنـەوەی بـۆ چوونـە نـاو کـەژاوەی خێزانداریـەوە ئیسـلام ڕێنمونـی کـردووە کەئافرەتێکـی داوێـن پـاك و بەشـەرەف بهێنێـت، چونکـە لەئاینـدەدا دەبێتـە دایکـی منداڵەکانـی، هـەر ئەمـە خـۆی بـۆ خـۆی پەیامێکیشـەبۆ ئافرەتـان بەگشـتی کەبـۆ ئـەوەی مافەکانیـان پارێـزراو بێـت و شـایەنی ئەوەبـن ببـن بـە دایـك و هەڵبژاردنیـان لەلایـەن مسـوڵمانەوە خۆیـان بەپاکـی بهێڵنـەوەو بـەدوور بـن لەبـەد ڕەوشـتی و خراپـەکاری. سـەرەنجامی خراپـەکار یەئافـرەت موعـەرەز دەکات بـۆ دەسـت درێـژی کردنـە سـەریان و پێشـێل کردنـی مافەکانیـان.

ئـەوەی ئەمڕۆ بەنـاو مافی مرۆڤ و مافـی ئافرەتـەوە کار دەکـەن ئیسـلام

هـەر لەسـەرەتای سـەرهەڵدانیەوە لەگـەڵ کۆمەڵـە مافێکـی تـەواو پێیانـەوە هاتـووە، بەئاشـکرا لەباسـی عەقیقـەدا بۆمـان دەردەکەوێـت، کاتێـك ئافـرەت کەحاملەیـە ئیسـلام یاسـاو ڕێسـای خـۆی بـۆ دانـاوە وەك مافێـك بـۆ ئافرەتەکـەو وەدیسـان بـۆ منداڵەکـەش، کـە هێشـتا نەهاتووەتـە دونیـاوە مافـی خـۆی هەیـە، هەربۆیـە دەبینیـن لەئیسـلامدا کـەڕۆژوو پایەیەکـی گرنگـی ئیسـلامە لەکاتـی حەملـدا لەسـەر ئافرەتەکـە هەڵگیـراوە، ئـازادە لـەوەی بـەڕۆژوو نەبێـت، بـۆ ئـەوەی ئەزیەتـی نەبێـت بـە هـۆی برسـێتی و تونێتیـەوە لەکاتـی حەملـدا، وەمافێکـی منداڵەکەشـە دایکەکـەی خواردنـی پێویسـت بخـوات بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی ئاسـایی گەشـەی خـۆی بـکات و بەجەسـتەیەکی تـەواوو بـێ نوقسـتانی بێتەدونیـاوە، ئیتـر ئافرەتەکەدەبێـت پیـاو یارمەتـی دەری بێـت و ئەرکێکـی زیاتـر نەخرێتـە سـەری کەلەتوانـای بـەدەر بێـت، یارمەتـی دانـی ئافـرەت لەلایـەن پیـاوەوە پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت سەرمەشـقمانە کەخـۆی بەدەسـتی خـۆی ماڵـی گسـك داوەو یارمەتـی خێزانەکانـی داوە.

کاتێـك ئافرەتەکـە منداڵەکـەی دەبێـت لەئیسـلامدا ماوەیەکـی زۆر حەسـانەوەبۆ ئـەو ئافرەتـە دانـراوە کەنوێژیـش نـەکات کەکۆڵەکـەی دینـە، ئیتـر ئـەو ماوەیـە لەکەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر جیـاوازی هەیەمانگێکـەدوو مانگەهەرچەندێکەتـا پـاك دەبێتـەوەو جەسـتەی ئاسـایی دەبێتـەوە، هەتـا جەسـتەی ئاسـایی نەبێتەوەکەبەپـاك بوونەوەکەدیـاری دەکرێـت، ئـەم وازهێنـان لەنوێـژو ڕۆژووەلەکاتـی حەمـل و منـداڵ بووندا مافێکـی ئافـرەت و منداڵەکەیە، هـەر بۆیەدەبینین ئیسـلام تەنەزولـی کردووەلەئاسـتی ئـەو دوو پایەگـەورەدا لـەو کاتانـەدا لەبـەر ئافـرەت و منـداڵ، بەڕاسـتی تـا لێـی ووردبینەوەزیاتـر گـەورەی ئیسـلام و گرنگـی دان بەئافـرەت و منداڵ و تـەواوی مرۆڤایەتیمـان بـۆ

دەردەکەوێــت.
وەدواتریش بە هۆی مافی منداڵەوەیە ئەگەر کەسێك توشی تاوانێکی گەورەبوو لەوەی کەئیسلام سزای کوشتنی بەسەردا داوە، نایکوژێت تا حەملەکە دادەنێت و منداڵەکەگەورەدەکات، وەك لەبەسەرهاتی ژنێکدا کەهات بۆلای پێغەمبەرو دانی نا بەتاوانەکەیدا پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت نەیکوشت تا منداڵەکەی بوو، وەتا گەورەشی کرد بەشێوەیەك پێویستی بەشیری ئافرەتەکەنەبێت.
دەبینین پلەبەپلە ئیسلام بەرنامەڕێژی هەیەبۆ کارەکان تا کۆتایی، هەر لەسەرەتای ژن هێنانەوە کەپەیوەندی نێوان دوو کەسە، بەگرێ بەستێکی شەرعی و ئاشکرا دەکرێت، دواتر چۆنێتی حەمل و منداڵ دانان و پەروەردەکردن و شیر پێدانی تا دوو ساڵ بەلانی کەمەوەو دواتر تەربیەت کردنی لەسەر خوڕەوشتی پاك، فەرمان پێ کردنی بەچاکەهەر لەسەرەتاوە وەکەگەشت بەحەوت ساڵی فێری ئاداب و خو ڕەوشتە ئیسلامیەکانی بکرێت و لەسەر ئەو بنەمانە بنەمای داڕێژرێت.
کاتێك منداڵەکە لەدایك دەبێت، دایناوە خۆشی و شادی بۆ بکرێت، لەکاتێکدا لەو کاتەدا کەکەسێك کچی بوایە لەناوی دەبردوو زیندەبەچاڵی دەکرد، ئیسلام گۆڕی بەعەقیقەو حەیوان سەربڕین بۆی و شای و خۆشی کردن بۆی و مژدەدان بەخەڵکی لەوەی کەخوای گەورەمنداڵی پێ بەخشیوون، ئەو کچەی کەلەپێش ئیسلامدا سەر دەبڕا ئیسلام هات و هانی داین لەوەی کەهەرکەس سێ کچ بەچاکی پەروەردە بکات جێگەی بەهەشتە؟! سەیر ئەو پەیامەچەند گەورەو شکۆمەندە، کوا ئەو هزرانەی کەدژایەتی ئیسلام دەکەن کۆمەڵگەیان بەو شێوەیە گۆڕا بێت، لەکوشتنەوە بۆ شای بۆ کردن، لەعەیبەوەبۆ شانازی پیوەکردن، لەشاردنەوە

وەبـۆ مژدەپێـدان، گۆڕانکاریـەکان زۆرن مەگـەر کەسێك مێـژووی پێـش ئیسـلام بزانێـت و مێـژووی دواشـی تـا بەجوانـی و ڕوونـی لەهەمـووی تـێ بـگات.

لەسـەردەمی پێـش ئیسـلام و کاتێـك کەئیسـلام هـات کەسێك منداڵـی بوایـە پێـی قەڵـس دەبـوو وەك قورئـان بۆمـان دەگێڕێتـەوەو دەفەرموێت:

{وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ} النحـل ٥٨

واتـە کاتێـك مژدەبەکەسێکیان بدرایەکەکچێکـی بـووە، دەبینـی دەم و چـاوی ڕەش هەڵدەگـەڕێ و دەرونیشـی بەرانبـەر بەخـوا پـڕ لـەڕق و کیـن دەبێـت و پیـش دەخواتـەوە هـەر خەریکـە دەتەقێتـەوە لەبـەر ئـەوەی کچـی داوەتـێ.

ئـەم ڕەوشـتە ڕەوشـتێکی پێـش ئیسـلام بـووەو قورئـان وەك نمونـە باسـی دەکات بۆمـان بـەڵام ئێسـتەش هەندێـك لـەم خەسـڵەتانە لەنـاو کـوردی خۆمانـدا مـاوەو پێـی ناخۆشـەکچی هەبێـت، کەدەبێـت ئـەو کەسـانەبەخۆیاندا بچنـەوە. هـەر کەمنداڵتـان بـوو کـچ بـوو یـان کـوڕ مژدەبـدەن بەخەڵکـی و دڵـی پـێ خـۆش بکـەن کەخـوای گەورەمنداڵـی پـێ داون، چەنـدن ئـەو کەسانەی کـەوا خـوای گەورەبـێ بەشـی کـردوون لەخۆشـی و نیعمەتـی منداڵ، بەوەتاقیـان دەکاتـەوەو ئـەم دکتـۆرو ئـەو دکتـۆر دەکـەن و داوای دوعـای خیـر لەخەڵکـی دەکـەن کەدوعایـان بـۆ بکـەن بـۆ ئـەوەی منداڵیـان بداتـێ. هـەر بۆیـە کەمنداڵـی پـێ دان جێگـەی خۆیەتـی مژەبـدەن بەخەڵکـی لـەوەی خـوای گـەورە کۆرپەیەکـی پـێ بەخشـیون.

وەك چـۆن خـوای گەورەمـژدەی دا بەپێغەمبـەر ئیبراهیـم و زەکەریـا سـەلامی خوایـان لـێ بێـت، وەك دەفەرمـوێ{أن اللەيبشـرك بيحيـى} وە{فبشـرناها باسـحاق ومـن وراء اسـحاق يعقـوب}

منـداڵ ڕزقـی خـۆی لەگـەڵ خۆیدایـەو خـوای گـەورە بەشـی هەمـوو

کەسێك لـەڕزق و ڕۆزی خـۆی بـۆ دیـاری کـردووە، پێویسـت بەتـرس و بیـم نـاکات لـەوەی کەبـە هـۆی منداڵـەوە توشـی برسـێتی ببـن، بەڵکـو زۆرجـار خـوای گەورەبـە هـۆی منداڵەکانمانـەوە کەبـێ تاوانـن زیاتـر نـازو نیعمەتـی خۆیمـان بەسـەردا دەڕژێنێـت.

وەکاتێـك ئـەم منداڵـە لەدایـك دەبێـت بـۆ ڕێزلێنانـی دەبێـت ئـەم کا را نە بگیر ێتە بـە ر:

١-نـاو لێنانی، بەناوێکی جـوان و شایسـتەو گونجـاو کەگـەورە بـوو دڵـی پێـی خـۆش بـکات نـەوەك پێـی سـوك ببێـت و شـەرم بـکات لەناوەکـەی کەبەداخـەوە هەندێـك کـەس نـاوی وایـان لەمنداڵەکانیـان نـاوە بەڕاسـتی پیـاو تەریقـی دەبێتـەوە لـەوەی بـەو نـاوەوە بانگـی بـکات، چونکـە ئـەو منداڵەبـێ تاوانـەو هیـچ ئیختیارێکـی نییـە لـەوەی کەهـەر ناوێکـی لـێ بنێـن، ئەگـەر لـەو کاتـەدا ئەقـڵ و زوبانـی هەبوایـەڕازی نەدەبـوو پێـی، چونکـە نـاو کاریگـەری زۆری لەسـەر دەرونـی منداڵەکـە دەبێـت لـەدوا ڕۆژدا، چ خۆشـە ناوێکـی بنرێـت کەمانایەکـی ئاسـانی هەبێـت و پیویسـت بەڕوونکردنەوەنـەکات، وەیـان ناوێکـی ئاشـکرا بێـت و لای خەڵکـی نامـۆ بێـت، چونکـە نـاوی وا هەیەلـەم ڕۆژەدا لەقاموسیشـدا نییـە ، برایـەك تەلەفۆنـی بـۆ کـردم ووتـی منداڵمـان بـووە ناوێکـی عەرەبیمـان بـۆ هەڵبـژاردووە بـەڵام نازانیـن مانـای چـی یـە قاموسـێکی عەرەبیـم هەیـە نزیکـی ١٠٠٠ لاپەڕەیـە بەنـاوی المنجـد، هێنـام و بـردم نەمدۆزیـەوە.

وەباشـترین نـاو لای خـوای گـەورە عبـداللەو عبدالرحمـن ە وەك لەفەرموودەیەکـدا هاتـووە { أحـب الأسـماء الـی الله تعالـی عبـداللەو عبدالرحمـن} رواە مسـلم.

٢-سەرتاشین، وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لێ بێت دەفەرموێت {احلقي رأسـه وتصدقـي بـوزن شـعره فضة علی المسـاکین} رواه أحمـد و الطبراني.

نیشـانەی خۆشـحاڵی ئـەو منداڵەیـە لەئاینـدەدا کەدەزانـێ بایەخێکـی بـەو جـۆرە پیـدراوە، ڕاسـتێتی خۆشویسـتی بـاوك و دایکەکـەش دەردەخـات کەفعلـەن پێیـان خـۆش بـووە منداڵیـان بـووەو شـوکریان لەسـەری کـردووە، نیشـانەش ئەوەتـا هەسـتاون بەکارەکـەو خیریـان بـۆ کـردووە، ئیسـلامیش زیـوی دانـاوە کەشـتێکی باشـە بـۆ خێـر، ئاڵتونیشـی دانەنـاوە چونکـە گرانەوەپـێ دەچێـت هەمـوو کـەس توانـای کڕینـی نەبێـت، هەرچەنـد خـۆی توکەکـە ئەوەنـدەش نییـە لەڕاسـتیدا بـەڵام خـۆ دەبینیـن هەندێـك کـەس ئەوەنـدە چروکەئـەو توکەکـە هەمـووی لەچەنـد غرامێـك تـێ ناپەڕێـت نایـکات.

٣-گۆێزەبانە وەیـان حەوتەوانـە، پێغەمبـەری خـوا فەرموویەتـی: (کل غلام رەینـە بعقیقتـە, تذبـح عنـە یـوم سابعە ویسمی فیـە ویحلق رأسـە) رواە (اصحـاب السـنن, والحدیـث صحیـح, والترمـذی, والحاکـم) واتـە: هەمـوو منداڵێکـی تـازە لەدایـك بـوو گـەردن بەنـدی ئـەو گوێزەبانەیـە کـە لـەڕۆژی حەوتەمـی تەمەنـی دا بـۆی سـەر دەبڕێـت, وهـەر لـەو ڕۆژەش دا ناودەنرێـت و سەریشـی دەتاشـرێت. ئەمـە کردارێکـە پێغەمبـەر خـۆی پێـی هەسـتاوەو وەفەرمانـی بەکردنیشـی کـردووە، ئـەو حەیوانەشـی کەدەکرێـت بەگوێزەبانـە، قسـەو بـاس هەیـە لەسـەری کەدەبیـت حەیوانێکـی پـاك و چـاك بێـت وەك چـۆن کاتێـك حەیوانێـك دەکەیـن بەقوربانـی ئەمیـش بەهەمـان شـێوە.

٤-خەتەنەکردنـی، ئـەوەش کارێکـی گرنگـە کەتـا زووبکرێـت باشـترە، وەلەسـودی منداڵەکەدایـە، هـەر بۆیـە زۆرێـك هەتـا نـا مسـوڵمانەکانیش ئێسـتە دەیکەیـن، وە فەرمـوودەی خیتانیـش دەفەرمـوێ لەسـونەتی فیطریـە. وەپێغەمبـەر (صلی الله علیـە وسـلم) بـۆ حەسـەن و حوسـەین لەحەوتـەم ڕۆژدا بـۆی کردوون {عـق رسـول الله صلـی الله علیـە وسـلم عـن الحسـن والحسـین وختنهمـا لسـبعة أیـام} خەتەنەکـردن واجبـە بـۆ

پیاوان.
٥-کۆردنەوەی خەڵك بۆ نان خواردن، ئەو منداڵەی کەتوانای ئەوەشی نییە بەخێرهاتنی خەڵك بکات ئیسلام ئەو ڕیزەی لێ ناوەو خەڵکی بۆ کۆ دەکاتەوەو بەباوك و دایکەکەشی دەڵێ شانازی پێوەبکەن و سوپاسی خوای لەسەر بکەن و دوعای بەخێری بۆ بکەن، بەڵام پێش ئیسلام دەیان برد بۆ چۆڵەوانیەك و زیندەبەچاڵیان دەکرد، بەڵام ئیسلام ئەوەی گۆڕی بۆ خۆشی و شادی و خێرو چاکەبۆ کردن.
٦-بانگ و قامەت دان بەگوێیدا، بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتای ژیانیەوە ئاشنای بکەین بەبەرنامە پاك و ڕاستەکەی خوای گەورە، ئەوەتا ئیسلام چ ڕێزێکی لێ ناویت تۆش بەوەفابە بەرانبەری کەگەورە بوویت.
باس و خواستی عەقیقە بێگومان ووردەکاری زیاتری تێدایە، ئەوەی کەدەیکات توشی چی خێرێك دەبێت هەتا لەدوارۆژیشدا بە هۆی ئەو عەقیقەوە وەك شەفاعەت کردنی منداڵەکە بۆ ئەو دایك و باوکە، بەڵام ئەگەر نەیکات بەر ئەو شەفاعەتە ناکات، وەزۆر شتی تر بەڵام بەوەندە ئیکتیفا دەکەین و بە هیوای سودمەندبوون لێی.

٢٢٤-پرسیار: من ئافرەتم و پیاوم نییە و چەند جار زینام کردووە، ئێستە گەڕاومەتەوە ئایا خوای گەورە لێم خۆش دەبێت؟
وەڵام: یەکێك لەخەسڵەتی ئینسانی مسوڵمان ئەوەیە کەکاتێك تاوانێکی کرد چ گەورەبێت وەیان بچوك دوای بیری لێ دەکاتەوەو تەوبەی لەسەر دەکات و بەردەوام نابێت لەسەری وەك خوای گەورە دەفەرموێت {وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ} ئەمەش نیشانی ئیمانە لەئینسانەکاندا، وەلەکاتی

کردارێکـی وادا بێگومـان شـتێکی ئاسـان و بـی ئەهمیـەت نییـە چونکـە لەئیسـلامدا حـەدی بـۆ دانـراوە، گـەر حوکمـی ئیسـلامی هەبوایـە دەتانتوانـی ئـەو حوکمـەی بـۆ بگەڕێننـەوەو بەحەدەکـە تاوانەکەتـان لەسـەر لا دەچـوو، وەئێسـتە کەئـەوە نییـە ، پێویسـتە تەوبەیەکـی ڕاسـت و دروسـت و ڕاسـتگۆیان لەگـەڵ خـوای گـەورەدا بکەیـت و کارو کـرداری چاکـە زۆر بکەیـت و زۆر داوای لێخۆشـبوون و اسـتغفار بکەیـت، ئومێـد هەیـە خـوای گـەورە لێتـان خـۆش ببێـت.

٢٢٥-پرسیار: ئیمان بەرز دەبێت و نزم دەبێتەوە تکایە چی بکەم؟
مـن رۆژی یـەك شـەممە لـە مزگـەوت بـووم لەگـەڵ چەنـد برایـەك دانەیەکیـان قسـەی دەکـرد وتـی خـوا بپەرسـتن بـە یەکتاکـی. لەویـا شـتێك لـە دڵـم دروسـت بـوو کە ئۆقـرەی لێ بریـوم ئەوەیە. کە بیری لیدەکەمـەوە ئیمانـم لاواز دەبێـت نازانـم چیبکـەم، شـتەکەش ئەوەیـە کـە شـتێك لـە دڵـم دروسـت بـووە وەهیچـی تیا نیـە. ئیمـان کە بـەرز دەکەمەوە بـە یـەك بیـر کردنـەوە دێتـە خـوارە نازانـم چـی ئۆقـرەی لـێ بریـووم . وە برواشـم بـە خـواو پێغەمەبەرەکـەی هەیـە (عەلەی سـەڵاتوو وە سـەلام) هیوادارم ڕێگە چارەیەکم بۆ بدۆزناوە تا دەربازبم.
وەڵام: بـەڕای زانایـان ئیمـان بـەرز دەبێـت و نـزم دەبێتەوەبەپێـی ئـەو حاڵەتـەی کەئینسـانەکان تـێ دەکـەون کاتێـك ئامـادەی ووتـاری هەینـی دەبیـت وەیـان گـوێ لەمحازەرەیـەك دەگریـت وەیـان لەمزگەوتایـت یـان قورئـان دەخوێنـی و هـەر جۆرێکـی تـری عیبـادەت کـردن و زۆر کردنـی، بێگومـان ئیمـان بـەرز دەکاتـەوە وەبەپێچەوانەشـەوە نـزم دەبێتـەوە، جـا ئـەوە حاڵەتێکـی ئاسـاییەکە ئیمـان بـەرز دەبێـت و نزمیـش دەبێـت، جـا بـۆ ئـەوەی زیاتـر لەخـوای گـەورە نزیـك بـن و پارێزگاربـن لەئیمانتـان زیاتـرو زووتـر کارەچاکـەکان بکـەن و خۆتـان بـەدوور بگـرن لەتـاوان و

بیرکردنـەوەی لەخراپـەکاری و پەنـا بەخــوا زۆر بگـرن.

٢٢٦-پرسیار: دەمەوێت ژنێك بهێنم لەخۆم گەورەترو شەرم دەکەم؟
مـن تەمەنـم ٢٣ سـاڵە جنسـم زۆر بـە هێـزەو بەشـێوەیەك ئـەو خەیاڵـی داگیـر کـردوم، هەرچەنـد دەمەوێـت نـەزەر نەکـەم بـۆ ئـەوەی بیـری لـێ نەکەمـەوە بـەڵام هـەروام تـەواو بێزاربـووم، وە ناتوانـم ئیسـتا ژن بێنـم بـۆم نارەخسـێت وە حەزدەکـەم جنـس لەگـەل ئافرەتێکـی تەمـەن ٣٠ - ٤٠ سـاڵ بکـەم حەزناکـەم لەتەمەنـی خـۆم نزیـك بێـت ئەگـەر ژنیـش بێنـم لەتەمەنـی خـۆم هـەر حەزدەکـەم یەکێـك بێنـم لەتەمەنـی ٣٠ -٤٠ سـاڵ ئایـا چـی بکـەم باشـە؟ ئـەم کێشـەیە گەورەتریـن کێشـەی منـە تـەواو بێـزاری کـردووم، ئایـە بێوەژنێـك بێنـم کاتێـك هێنـام دەکرێـت بەماڵـەوە نەڵێـم چونکـە هەندێـك شـەرم دەکـەم. زۆر سـوپاس و خـوا خێـرت بنووسـێت.
وەڵام: هـۆکاری سـەرقاڵ نەکردنـی خۆمانـە بـەکاری خێـرو چاکـەوە ئەوەنـدە بۆشـایمان لا دروسـت دەبێـت بەشـێوەیەك بیرمـان هەمـووی داگیـر دەکات وا دەزانیـن دونیـا بریتیـە لەجنـس و بـەس، هـەروەك چـۆن لای ئەوروپیـەکان هەیـە، هەربۆیـە زۆرێـك لەزانـاکان ئەوانـەی کەژنیـان نەهێنـاوە لەبـەر ئـەوە نەبـوو کەجنسـیان نەبـوو بێـت بەڵکـو لەبـەر سـەرقاڵ بـەکارو کـرداری چاکـەوە بـووە، بۆیـە کاتێـك لەسـەعید نەورەسـی دەپرسـن بـۆ ژنـت نەهێنـا ئەویـش لەوەڵامـدا دەڵـێ لەبیـرم چـوو ئەگـەر لەکاتـی خۆیـدا پێیـان بووتایـەم دەمهێنـا، چـارە بـۆ ئـەم کارە دانـراوە لەشـەرعدا ئەگـەر کەسـێك خـۆی پـێ نەگیـرا ژن بهێنێـت مـادام توانـای هەیـە، وەگـەر توانـای نەبـوو بـا بـەڕۆژوو بێـت، وەشـەرم نییـە بـۆ ئینسـان کەسـێك بهێنێـت کـە لەخـۆی گەورەتـر بێـت وەیـان بێـوەژن بێـت، ئەگـەر وا بێـت ئـەی کـێ بێـوەژن و کچـە قەیـرەکان بخوازن

خـۆ تەمـەن و بێوەژنـی عەیبـداری  نییـە ، بـەڵام زۆرجـار کەبـاس لـەوە دەکرێـت بـا ئافـرەت لەخـۆت بچوکتربێـت لـەو ڕووەوەیـە کەئافـرەت بـە هـۆی ئـەو حاڵەتانـەی بەسـەریا دێـت زووتـر پیـر دەبێـت وەبـۆ ئـەوەی لـەدوا ڕۆژدا کێشـەی لـێ نەکەوێتـەوەو دڵ پیسـی ڕوو نـەدات، پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت تەمەنـی ٢٥ سـاڵ بـوو خەدیجـەی هێنـا تەمەنـی ٤٠ سـاڵ بـوو تـا وەفاتیشـی کـرد هـەر لەگەڵیـدا بـوو ژنیشـی نەهێنایـە سـەری، خـوای گـەورە ڕاگیراوتـان بـکات و بەدوورتـان بگرێـت لەخراپـەو ئافرەتێکـی بەحەیـاو حورمەتتـان بەنسـیب بـکات و پێکەوەبحەسێنەوە.

٢٢٧-پرسیار: چۆن مەسیحی دەبیتە مسوڵمان؟
وەڵام: بـە هێنانـی شـەهادەت دەگەڕێتـەوە سـەر ئیسـلام و حسـابی ئیسـلامی بـۆ دەکرێـت ئەگـەر لـە دڵـەوە ئـەو شـەهادەی هێنـاو ماناکـەی بـۆ ڕوون کرایـەوە ئیتـر دوای ئـەوە دەبێـت وورده وورده فێـری ئادابـە ئیسـلامیەکان بکرێـت، بـە تایبـەت نوێـژ کـە کۆڵەکـەی دینـە، وە حیجـاب بـۆ ئافرەتـان، وە چۆنێتـی خۆشـتن و غوسـل دەرکـردن و نەخواردنـی بـەرازو مەشـروباتی حـەرام، ئیتـر وورده وورده فێـری ئیسـلام ببێـت، و بزانێـت کـە ئێمـە عیبـادەت بـۆ خـوای گـەورە دەکەیـن و جیـاوازی بـکات لـە نیـوان خـوای گـەورەو پێغەمبـەردا درودی خـوای لەسـەر بێـت، چونکـە مەسـیحیەکان وا ڕاهێنـراون کـە عیبـادەت بـۆ عیسـا سـەلامی خـوای لـێ بێـت بکـەن بەخـوای دەزانـن، جـا کاتێـك دێتـە نـاو ئیسـلامەوە دەبیـت ئـەوەی فێـر بکرێـت کـە ئێمـە عیبـادەت بـۆ خـوای گـەورە دەکەیـن وە پێغەمبەریشـمان خـۆش دەوێـت چونکـە کەسـانێکی چـاك و هەڵبژێـراوی خـوای گەورەبـوون بـە سـپاردنی پەیامەکـەی بـەڵام نایـان پەرسـتین و خۆشـمان دەوێـن.

٢٢٨-پرسیار: ئایە زەمانەت كردن بۆ تەلەفۆن دروستە؟ واتە بیمە دانی مانگانە.

وەڵام:ئەو پارەی كە زیادەیەو دێتە سەر حسابەكەتان ئەوە بێگومان ڕیبایەو خواردنی بە هیچ شێوەیەك دروست نی یە بۆ ئێوە، باشتر چارە بۆ ئەو پارە لە كۆڵكردنەوەیە ئەویش بە دانی بە خێر ئیتر بۆ مزگەوت بێت بۆ هەر مەشروعێكی خێری بێت گرنگ بۆ خۆت نابێت، زەمانەت كردن لە ئیسلامدا ئەسڵ ئەوەیە كە دروست نی یە لەبەر ئەوەی ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی ٥ شت یەكێك لەوانە ماڵە، هەر لەبەر ئەوەیە قوماریش حەرامە چونكە پارەیەكدەدەیت لە بەرانبەردا دیار نی یە هیچ وەربگریت یان نە لە هەزاردا ئەگەر یەكێك بۆی دەربچێت واتە پارەكە بە هەدەر دەڕوات زەمانەتیش بەهەمان شێوەیە پارەكە دەدەیت لە بەرانبەردا نازانیت هیچ وەردەگریت یان نە، بەڵام بۆ سەیارەو ئەو شتانەی كە بە زۆرە چار نی یە چونكە ئەگەر نەكرێت توشی كێشەی یاسای دەبیتەوە چونكە یاسایە لە بەریتانیا هەركەس سەیارە لێبخوڕێت دەبێت هەیبێت، وە لەبەر ئەوەی كە شتەكە یاسایەو تۆش لەو وڵاتەدا دەژیت و ناكرێت سەرپێچی یاسا بكەیت وەگەر بێتوو بیشی كەیت خۆت زەرەرمەند دەبیت ئەوە ئیسلام ڕێگەی پێداوە بەقەدەر ئەوەندەی لەو كێشەی یاساییە بتهێنێتە دەرەوە دروستە، بەڵام بۆ موبایل و ئەو جۆرە شتانە سەرپشكیەو پارەكە بە هەدەردا دەڕوات و كردنی باش نی یە، جگە لەوەی شەیتان زۆرجار لەو ڕێگانەوە ئینسان دەخەڵەتێنێت بۆ نمونە ماوەیەكی زۆر ئێوە ئەو بڕە پارەیە دەدەن دواتر شەیتان پێتان دەڵێ كاكە برا گیان ئەوە تۆ لە كەیەوە پارە بە بەلاش دەدەیت ئێ موبایلەكەت بكە بە وون بوو دانەیەكی تازە وەرگرە خۆ هەر پارەی خۆتە ڕۆنی خۆتەو لە سمێڵی خۆتی دەدەنەوە، لەبەر ئەوە

بەدوورکەتنـەوە لێـی کارێکـی زۆر بـاش و دوورە لـە حـەرام وە ماڵـی خۆشـتان قایـم ڕاگـرن.

٢٢٩-پرسیار: مەرجی هاوسەرگیری چی یە؟
وەڵام: لـە فەرموودەیەکـدا پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت دەفەرمویێـت: عَـنِ أَبـي هُريـرة رضـيَ اللَّهُ تَعَالَـى عَنْـهُ عَـنِ النبـيِّ صَلّـى الله عَلَيْـهِ وَسَلّم قـال: « تُنْكحُ الْمَرْأَةُ لأرْبَعٍ: لمالها ولِحَسَبها ولِجَمَالها وَلدينها: فَاظْفَـرْ بـذاتِ الدِّيـنِ تَربَـتْ يَـدَاكَ « مُتّفَـقٌ عَلَيْـهِ
واتـە خەلکـی لەبـەر چـوار شـت ژن دەهێنـن یـان لەبـەر ماڵەکـەی وەیـان لەبـەر ناوداریەکـەی وەیـان لەبـەر جوانیەکـەی وەیـان لەبـەر دینەکـەی، وە پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت ئامۆژگاریمـان دەکات بـەوەی کـە بـا ئێمـە لـەو کەسانەبین کـە لەبـەر دینەکـەی بیهێنیـن، واتـە دینەکـە لـە پێـش هەمـوو شتێك خـۆ ئەگـەر لەگـەڵ دینەکەشدا مواسـەفاتی تریشـی لەگەڵـدا بێـت چاکتـرە بـەڵام نـەك لەبـەر جوانیەکـەی یـان ماڵەکـەی دینەکـەی پشـت گـوێ بخرێـت.
فەرمـوودە زۆرن لـەو مەرجانـە دەدوێـت وەیـان لـەو خەسڵەتانە کـەوا لـە ئافرەتـی مسـوڵماندا بـن کـە بیـان هێنیـن وەك ئـەوەی منداڵـی ببێـت نـەك نـەزۆک بێـت
وقـال صلـي الله عليـه وسلم: (( تزوجـوا الـودود الولـود فانـي مكاثـر بكم الأنبيـاء، أو قـال: الأمـم)) - رواه أبـو داود والنسـائي-
لـەو فەرمـوودەدا ئامـۆژگاری دەکرێـت بـەوەی کەسـانێك بهێنیـن کـە منـداڵ بخەنـەوە بـۆ ئـەوەی ئومەتـی مسـوڵمان زۆربـن.
خوای گەورە خێزانی ئیمانداروو ڕێک و پێکتان بە قسمەت بکات.

٢٣٠-پرسـیار: مـن دوعـا دەکـەم و وەرناگیرێـت ئایـا هـی خواردنـی حەرامـە

یان من لەسەر ڕێگەی ڕاست نیم؟
وەڵام: حەرامی نان و جل و بەرگ پەیوەندی بە دوعا قبوڵ نەبوونەوە هەیە، بەڵام مەرج نی یە هەموو کاتیش هەروا بێت، دوعا ئەگەر بۆ کاری حەڵاڵ بێت خوای گەورە وەری دەگرێت هەندێك جار ڕاستەوخۆ دوای دوعاکە وەری دەگرێت هەندێك جار دوا دەکەوێت بۆ کاتێکی دیاری نەکراو، هەندێك جاریك لە دونیادا وەرگیراو نابێت بەڵکو لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە پاداشتی لەسەر دەداتەوە، وە هەندێك جار دەبێتە مایەی گەڕانەوە بەڵاو موسیبەتی تر، هەربۆیە ئینسان زۆر پێداگربێت لەسەر دوعاکردن و بێ ئەمەل نەبێت لە وەرگرتنی پشت بەخوا وەرگیراو دەبیت و بەرەکەی هەر دەخوات ئیتر لە دونیادا بێت یان دواڕۆژ.

٢٣١-پرسیار: مەشروبم خواردووەو دەمەوێت تەوبە بکەم بگەڕێمە سەر نوێژەکانم بەڵام دەڵێن تا ٤٠ ڕۆژ نابێت نوێژ بکەیت ئایا چی بکەم؟
وەڵام: حەرامێتی مەشروب هەروا کارێکی سادە نی یە ئینسان بە سانای دەستی بۆ بەرێت، لە کاتێکدا بەکاری شەیتان و خراپەکار وەسف کراوە، بەڵام کە پێشتر نوێژت کردووەو ئێستە شەیتان لە خشتەی بردوویت و خواردووتەتەوە، ئێستە پەشیمانیت و دەتەوێت بگەڕێیتەوە سەر نوێژەکانت یەکسەری بگەڕێرەوەو تەوبە لە تاوانەکانت بکە، پشت بەخوا خوای گەورە قبولی دەکات، بەڵام جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەری جارێکی کە، هەر دەبێت نوێژەکە بکەیت قبوڵ ببێت و نەبێت تۆ لەسەرتە هەر بیکەیت.
لەسەر حەرامێتی مەشروب زۆر دەق هەیە هەندێکی بۆ بەرچاو ڕوونی دەخەمە بەردەستان

قال الله تعالى : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنْصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) المائدة/٩٠

وفي صحيح البخاري ( ٢٢٩٥ ) ومسلم ( ٨٦ ) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : « لا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلا يَسْرِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلا يَنْتَهِبُ نُهْبَةً يَرْفَعُ النَّاسُ إِلَيْهِ فِيهَا أَبْصَارَهُمْ حِينَ يَنْتَهِبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ. « أي لا يكون مؤمناً كامل الإيمان بل يكون قد نقص إيمانه نقصا عظيما بهذا الفعل الشنيع .

وفي البخاري أيضا ( ٥١٤٧ ) ومسلم (٣٧٣٦) عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ :» مَنْ شَرِبَ الْخَمْرَ فِي الدُّنْيَا ثُمَّ لَمْ يَتُبْ مِنْهَا حُرِمَهَا فِي الآخِرَةِ «

وفي سنن أبي داود ( ٣١٨٩ ) عن ابْنَ عُمَرَ رضي الله عنهما قَالَ قال: رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ «لَعَنَ اللَّهُ الْخَمْرَ وَشَارِبَهَا وَسَاقِيَهَا وَبَائِعَهَا وَمُبْتَاعَهَا وَعَاصِرَهَا وَمُعْتَصِرَهَا وَحَامِلَهَا وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ « وصححه الألباني كما في صحيح أبي داود ( ٧٠٠/٢ ) .

وفي سنن النسائي ( ٥٥٧٠ ) أَنَّ ابْنَ الدَّيْلَمِيِّ قال لعبد الله بن عمرو هَلْ سَمِعْتَ يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَكَرَ شَأْنَ الْخَمْرِ بِشَيْءٍ فَقَالَ نَعَمْ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ : « لا يَشْرَبُ الْخَمْرَ رَجُلٌ مِنْ أُمَّتِي فَيَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ صَلاةً أَرْبَعِينَ يَوْمًا « وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة٧٠٩

٢٣٢-پرسیار: کوڕێك تەلەفۆنم بۆ دەكات ئایە ئەمە بە خیانەتی زەوجی دادەنرێت؟

دیاری کرابووم بۆ ئەم مێردەی ئێستەم کوڕێکی تر لە قوتابخانە

پەیوەندی لەگەڵ دەکردم منیش مەیلم بۆلای دەچوو، ئێستە من لە لەندەنم ئەو کوڕە تەلەفۆنم بۆ دەکات ئایە ئەمە بە خیانەتی زەوجی دادەنرێت، کوڕەکە پێم دەڵێم تۆم خۆش دەوێت ئەگەر لەم دونیاش بۆم نەبیت لە دوا ڕۆژدا هەر بۆم دەبیت و ئیتر قسەم لەگەڵدەکات؟

وەڵام: لە شەرعدا کاتێك کەسێك داوای کەسێکی کرد بۆ کەسی تر نییە داوای بکات، بەڕێزتان کە دیاری کرابوون بۆ کەسێك و کەسێکی تر ئەوەی زانیووە وە هەر پێداگربووە لەسەری بە پلەی یەکەم تاوانبارە کە ویستوویەتی مامەڵەی کەسێکی تر بشێوێنێت وە دیسان بەڕێزیشتان تاوانبارن لەوەی دەرفەتتان پێ داوە، ئێستە کە شوکردنەکەشتان سەری گرتووە سوپاس بۆ خوا بێگومان خیانەتە کە ژمارەی تۆ لای ئەو کوڕەی پێشوو هەبێت و ئەو جۆرە پەیوەندیە هەبێت، ئێوە کە خوای گەورە کاری بۆ ئاسان کردوون و کارەکەتان لەسەر خێر سەری گرتووەو مێردەکەت ئەزیەتی کێشاوەو هێناویتی بۆ لەندەن و وە پابەندیشن بە ئیسلامەوە، کارەکە زۆر لە جێگەی خۆیدا نی یە کە بۆ ژمارەی تۆ لای کوڕێك هەبێت کە پێشتر هاو پیشەبوون، ئەوەی کە دەڵێت تۆ هەر هی منیت لەم دونیاش نەبێت لە دواڕۆژدا، هەمووی قسەی پوچ و هەڵخەڵەتێنەرو هەوڵی لە خشتەبردنی تۆیە، وەگەرنا نە ئەو دەستەڵاتی بەسەر تۆدا هەیە لە قیامەتداو، لە دونیاشدا نێوانتان یەکجار زۆرە، ئیتر ئەم قسانە لە چی، بەڵام پێویستە ئێوە تەوبە بکەن و ئەو جۆرە پەیوەندیانە بنبڕ بکەن و ژمارەت لای نەبێت بە هیچ شێوەیەك ئیتر با هەر بە خەیاڵەوە خەو ببینێت.

٢٣٣-پرسیار: من لەئەڵمانیا دەژم و دەمەوێت بگەڕێمەوە کوردستان بڕیارم بۆ نادرێت بەتەواوی دەمەوێت نوێژی ئیستیخارەی بۆ بکەم تکایە چۆنە؟

وەڵام: کـوردی خۆمـان ووتوویانـە بـەرد لـە جێگـەی خـۆی سـەنگینە، هەرکـەس لـە جێگەیەکیـش لـە دایکبـوو هەندێـك تەمەنـی لەوێـدا بەسـەربرد بـە سروشـت خۆشەویسـتی بـۆلای ئـەو ووڵاتـە دەڕوات، بـە تایبـەت کوردسـتان کـە خاکـی بـاو باپیرانمانـەوە کەسـوکارمان هەمـووی لەوێـدا دەژیـن، کاتێـك کـە قەدەرێـك وای لێکردوویـن و لـە ئەوروپـادا خۆمـان بینیوەتـەوە گرنگـە بـە کاتـی بـۆی بڕوانیـن و هـەردەم لـە هەوڵـی ئـەوەدا بیـن بـە زووتریـن کاتـی گونجـاو بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو ووڵاتـە، ئیتـر مەسـەلەی کار ئینسـان دەتوانێـت زەمینەسـازی بـۆ بـکات و زۆریـش تەماحـی گـەورە نەبێـت کـوردی خۆمـان لـە ئەروپـادا زۆری کاری زۆر ئاسـایی و چینـی زۆر خـواری نـاو گۆمەڵگـە دەکات بـۆ کاتێـك بڕیـاری ڕۆشـتنەوە بـدات دەیەوێـت باشـترین کارو مەنسـەبی دەسـت بکەوێـت، هەربۆیـە مـن پێـم باشـە ئینسـان زۆر قـورس بیـر نەکاتـەوە، ئەگـەر لـە ئەڵمانیـان ئـەم ماوەیـە کـە لـەوێ بوویـت و بڕوانامەیەکـی بـەرزت بەدەسـت هێنـاوە ئـەوە مافـی خۆتـە داوای کاری بـاش بکەیـت بـەڵام تـۆ سـەیری خـۆت و ئێسـتەو ئەڵمانیـا بکـە شتێك لـە ئەڵمانیـادا دەسـتت نەکەوتـووە لـە کوردسـتانێکی دامـاودا بـۆ داوای دەکەیـت، فعلـەن ووڵاتـی خۆمـان بـۆ ئیسـلامەتی زۆر باشـە گوێـت لـە بانـگ دەبێـت ڕۆژانـە ئاسـایی دەتوانیـت بچیـت بـۆ مزگـەوت و مەشـغەڵەت کەمتـرە لـە ئەوروپـا، نوێـژی ئیسـتیخارەش دوو ڕکات نوێـژەوە بـەو مەبەسـتەوە دەکرێـت کـە دەتوێـت و زۆرتریـن دوعـای تێـدا بکـە بـۆ مەبەسـتەکەت خـوای گـەورە ئاسـانی بـکات بۆتـان.

٢٣٤-پرسیار: سونەتی پێش نوێژ چ کاتێکە؟
وەڵام: کاتەکە دوای بانگ و پێشقامەتە.

٢٣٥-پرسیار: ئایا دەست خستنە ناو دەستی کوردەوە حەرامە؟
وەڵام: پرسیارەکە ڕوون نییە دەستختە ناو دەستی کوردوو نزیکبوونەوە لێی ئەگەر مەبەست کوڕ بێت ئەو تەوقە کردن بریتیە لە برایەتی و خۆشەویستی هیچ ئەشکالێکی تێدا نی یە، وەگەر مەبەستتان کچیش بێت ئەوە حەرامە ئەگەر بەحاڵ بەریشی بکەوێت مادام قەستی بێت، جیاوازی نی یە لەوەی کچەکە کوردیش بێت یان هەر ڕەگەزێکی تر هەمووی هەر حەرامە ئەگەر بەو مەبەستەوە بکرێت، نەکەر ئەوە بەڵکو سەیرکردنیشی حەرامە بەو مەبەستە.

٢٣٦-پرسیار: تاقیکردنەوەم هەیەو دەترسم بکەوم ئایا چ دوعایەك هەیەبۆ دەرچوون؟
وەڵام:خوای گەورە تەمەنتان درێژ بکات و لە ئیسلامەتیدا بەسەری بەرن، تاقیکردنەوەی خوێندن پێویستە ئینسان خۆی زۆر بۆ ئامادە بکات و پشت بەخۆی ببەستێت و هەوڵی فێڵ و فرت و قۆپی کردن نەدات و وەك عیبادەتێك بۆی بڕوانێت بۆ ئەوەی خوای گەورە بە خێر بۆی بنوسێت، دوای ئەوەی کە کارەکانی بە شێوەیەکی باش گرتە بەر پشت بەخوا ببەستێت و دوعای خێر بکات و بڕواتە ئیمتیحانەوەو دواتریش دوعا بکات کە ئەگەر خێری تێدایە دەربچێت، بەڵام دوعایەکی دیاری کراوە بۆ ئیمتیحان شتێکی لەو شێوەم نەبینووە هەر دوعایەك لەسەر زمانت ئاسان بوو بۆ ئەو مەبەستە دەتوانیت بیکەیت، بۆ نمونە بڵێی خوایە گیان بۆ خاتری ناوە جوانەکانی خۆت سەرکەوتنم پێی ببەخشیت بمکەیت بە ئەداتی قەدەری خۆیت بۆ سەرخستنی دینەکەت لە ڕێگەی خوێندنەکەمەوە، ئەمەش بێگومان بە دەرچوون دەبێت، خوای گەوەر پلەی بەرزتان پێ ببەخشێت.

٢٣٧-پرسیار: من لەگەڵ خێزانم چەندین جار لەدواوە کاری سەرجێیم کردووە ئێوەش دەڵێن حەرامە ئایا تا چەند حەرامە؟

وەڵام: شتێك کە ووترا حەرامە ئەگەرچی حەرامێتیەکەشی گەورە نەبێت بەڵام سەرپێچی خوای گەورەیە، ئەم مەسەلە زانایان مشتومڕیان لەسەری کردووەو هەندێکیان غەرامەیان بۆ داناوە، جگە لەوەی کە بە مەلعون ناوبراوە ئەو کەسەی کە ئەو کارە دەکات، بە کورتی و بە کوردی ئەوەیە ئافرەت حەڵاڵە بۆ پیاوی خۆی جگە لە دواوە نەبێت و لە کاتی عادەدا نەبێت، ئیب تەیمیەش دەفەرموێت ئەگەر کەسێك ئەوکارەی کرد دەبێت لەخێزانەکەی جیا بکرێتەوە بەگوێرەی ئەو ووتە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە. ئەو کارە ئەگەر بێت و تەوبەی لەسەری بکەن و جارێکی تر نەیکەنەوە ئومێد هەیە خوای گەورە لێتان خۆش ببێت، باشترین ڕێگەو کار دوای تەوبە کردن نەگەڕانەوەیە بۆ سەر حەرامەکەو کردنی کاری چاکەیە بە زۆری لەگەڵ داوای لێخۆشبووندا وەك ووتنی استغفرالله، خوای گەورە بەدوورتان بگرێت لە حەرام کراوەکان و یارمەتی دەرتان بێت لەسەر کاری چاکە بە بەردەوامی، لە فەرمودەشدا بە مەلعون ناوبراوە.

٢٣٨-پرسیار: برایەکم لەگەڵ کەسێك بەحساب کچە چاتی کردووە کەچی کوڕ دەرچووەو ئێستە دەڵێت وێنەو ڤیدیۆکانت بڵاو دەکەمەوە تکایە چارە؟

وەڵام: ئەمە زەنگێکی زۆر بەهێزە بۆ دوورکەوتنەوە لە خراپە، دەبینین چۆن دەترسین لەوەی شتێك کە حەرامەو کردوومانە ئاشکرا ببێت بۆ خەڵك یانی ترسان لە خەڵك، بەڵام هەموو کارێکی خراپ دەبێت ئینسان پێش هەموو شتێك لە خوای گەورە بترسێت چۆن لە ڕووی ئەودا بە ئاشکرا ئەو کارە خراپە دەکەین، وە دەبێت چون ترسی ئاشکرا

بوونیمـان هەیـە لـە دونیـادا زیاتـر لـەوە بترسـیت کـە لـە ڕۆژی دوایـدا خـوای گـەورە ئاشـکرای بـکات، مـادام براکەتـان ئـەو کارەی کـردووەو ئێسـتە پەشـیمانە، ئەمـە خـۆی بـۆ خـۆی ڕەحمـی خـوای گەورەیـە کـە ئینسـان دوای کردنـی خراپـە بگاتـە ئـەو بڕوایـەی کـە بـەردەوام نەبێـت و تەوبـەی لەسـەری بکات، بـەڵام بـە نسـبەت ئاشـکرا کردنیـەوە ئەگـەر ئـەو کەسـە لـە خـوای گـەورە بترسـایە هەوڵـی ئابڕووبردنـی کـەس نـادات، بـە درۆو دەلەسـەو خـۆ کردنـە کـچ، وە سیقەش بـەو جـۆرە کەسـانە ناکرێـت، باشـترین ڕێگـە بـۆی پشـتگوێ خسـتنیەتی و پەیوەنـدی لەگەڵـدا ببڕدرێـت و هەوڵبدرێـت نەیبینـن، وە پشـت بەخـوای گـەورە ببەسـت کـە تەوبەکـە قبـوڵ بـکات و ئـەو کارەش وەك سـڕێك لای خـۆی بهێڵێتـەوە، ئەگـەر خـۆ کابـراش ئاشـکرای کـرد، مـادام ئێـوە تەوبەتـان کـردووە ئەگـەر بەڕاسـتی بێـت خـوای گـەورە لێتانـی قبوڵـدەکات و ئاشـکرا کردنیـش لای خەڵکـی دەڕەوێتـەوە، بـەڵام ئەویـش بـە بەردەوامـی دەبێـت لەسـەر ڕاسـتێتی تەوبەکـە.

٢٣٩-پرسـیار: ئافرەتێکـی شـیعە داوای ماربڕینـی کاتیـم لـێ دەکات ئایـا دروسـتە؟

وەڵام: مـەرج لـە مارەکردنـدا بـۆ بەردەوامیـە، نـەوەك بـۆ کاتـی ئـەوە تەنهـا لای هەندیـك لـە شیعەکان هەیـەو هیـچ بنەمایەکی شـەرعی نییـەو حەرام و زینایـە، وە کردنـی ئـەو کارەش چ سـودێکی هەیـە وا هەفتەیەکیـش پێکـەوە بـوون ئایـە ئەمـە چـارەی دەردی تـۆو ئەویـش دەکات، جگـە لـە تاوانبـاری و دڵـە ڕاوکـەی ئاشـکرابوون و کێشـەی خێزانـی هیـچ سـودێکی تـری نـی یـە، ئەگـەر ئـەو خزمـەت بـە ڕاسـت تـۆی خـۆش دەوێـت و تـۆش بـە ڕاسـت ئـەوت دەوێـت ڕێکوپێکانـە بێتـە پێشـەوەو تـۆش قبوڵـی بکـەو هـەوڵ بـدە خـۆت بگونجێنیـت لەگەڵیـدا نـەك بـۆ هەفتەیـەك بـۆ

هەتـا هەتايـە، ئەوسـا خـواى گـەورە بەرەكەتيشـى تـێ دەكات، بـەڵام بـۆ هەفتەيـەك نـە دڵـى تـۆ ئـاو دەخـوات و نـە ئەويـش دواتـر لـە گـەڵ خێزانيـدا ئاسـودە دەبێـت بـەم هەفتـە ئاگـر لـە هەردوولاتـان بەردەبێـت و هيـچ سـنورێك بـۆ حەڵاڵيـش نامێنێـت.

٢٤٠-پرسـيار: ئايـا ئـاو خسـتنە نـاو ڕەحمـى ئافـرەت لەهەمـوو كاتێكـى جووتبونـدا كێشـەى  نييـە ؟
وەڵام:لەكاتـى جيماعـى شـەرعيدا ئـاوى پيـاو ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ مێينـەدا تێكـەڵ دەبێـت ئەگـەر خـواى پـەروەردگار فەرمانـى لەسـەر هەبێـت منداڵ دروسـت دەبێـت، جـا ئەگـەر بەڕيزيشـتان كارێكـى واتـان نييـە منـداڵ كێشـەتان بـۆ دروسـت بـكات باشـتر وايـە ڕێگـرى لـێ نەكـەن، وەگـەر بـە پێچەوانـەوە دەتوانـن عـەزل بكـەن واتـە نەهێڵـن ئاوەكـە بچێتـە ژوورەوە بـۆ ئـەوەى منـداڵ دروسـت نەبێـت مەگـەر ئەمـە مەبەسـتان بێـت گەرنـا خـودى ئاوەكـە كێشـەى نـى يـە، وەيـان ڕێگـەى تـر زۆرە دەتوانرێـت بگيرێتەبـەرو سـەردانى دكتـۆر بكـەن.

٢٤١-پرسـيار: لەگـەڵ خێزانـم كـە تازەهێناومـە بەينمـان خۆشـە ئێسـتە توشـى كێشـەيەك بـووە؟
هـەر لەخۆيـەوە ئاواتـى خـراپ دەخوازێـت بەمـردن، وەدەترسـێت دەڵـێ دەچمـە جەهەنـەم، شـتى هەڵەتوپڵێتـى تـر چووينـە لاى چەنـد مەلايـەك هەندێـك زيكريـان بـۆ نوسـى بـەڵام نازانيـن چـى بكەيـن ئێسـتە؟
وەڵام: هـەر ئـەو زيكرانـەى كـە مامۆسـتاكان بۆيـان نوسـيووە پەيـڕەوى بكـەن پشـت بەخـوا سـودى دەبێـت، وە باشـترە ئەگـەر سـەردانى دكتۆريـش بكـەن بـۆ ئـەوەى بزانرێـت ئايـا نەخۆشيەكەى جەسـتەييە يـان دەرونيـە ئەوسـا كـە دەركـەوت دەتوانرێـت سـەردانى دكتـۆرى تايبەتـى

پێ بکرێت، خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی چارەسەری بکات و ژیانتان بەخۆشی بەردەوام پێ بدات، دووریش نی یە تاوانێکی گەورەی بە نهێنی نەکردبێت، تەوبەکردن پێی لە هەموو حاڵەتەکاندا کارێکی چاکە.

٢٤٢-پرسیار: تکایە بەخت و شەنس و قەدەرو غەیب چی یە؟
وەڵام: پرسیارەکەی بەڕێزتان نیوەی وەڵامەکەی تێدایەو دیارە لێتان تێکەڵ بووە، کاتێك دەوترێت بەخت وەیان شەنس کە لەئینگلیزیەوە وەرگیراوە هەمووی بەش و قەدەری خوای گەورەیە کەسێك خێری خۆی بەسەردا دەڕژێنێت و کەسێك لێی دەستێنێتەوە، بەنسبەت غەیبیشەوە تەنها خوای گەورە دەزانێت و ئەم فەرموودە شیکاری هەمووی تێدایە وەك دەفەرموێت: عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَوْمًا بَارِزًا لِلنَّاسِ، فَأَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ، يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْإِيمَانُ؟ قَالَ: (أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكِتَابِهِ، وَلِقَائِهِ، وَرُسُلِهِ، وَتُؤْمِنَ بِالْبَعْثِ الْآخِرِ) قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْإِسْلَامُ؟ قَالَ: (الْإِسْلَامُ أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ، وَتُؤَدِّيَ الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْإِحْسَانُ؟ قَالَ: (أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنَّكَ إِنْ لَا تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى السَّاعَةُ؟ قَالَ: (مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ، وَلَكِنْ سَأُحَدِّثُكَ عَنْ أَشْرَاطِهَا: إِذَا وَلَدَتِ الْأَمَةُ رَبَّهَا فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، وَإِذَا كَانَتِ الْعُرَاةُ الْحُفَاةُ رُءُوسَ النَّاسِ فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، وَإِذَا تَطَاوَلَ رِعَاءُ الْبَهْمِ فِي الْبُنْيَانِ فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، فِي خَمْسٍ لَا يَعْلَمُهُنَّ إِلَّا اللَّهُ). ثُمَّ تَلَا (صلى الله عليه وسلم): [إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ] {لقمان: ٣٤} قَالَ

ثُمَّ أَدْبَرَ الرَّجُلُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (رُدُّوا عَلَيَّ الرَّجُلَ، فَأَخَذُوا لِيَرُدُّوهُ فَلَمْ يَرَوْا شَيْئًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (هَذَا جِبْرِيلُ جَاءَ لِيُعَلِّمَ النَّاسَ دِينَهُمْ) [(٢) بخاري الايمان (سؤال جبريل النبي عن الايمان والاسلام وعلم الساعة لا٥]

(ابوهريره) (خواى لىَ رازى بێت) دەڵىَ: رۆژێك پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەناو خەڵكيدا دەركەوت، پياوێك هاتەخزمەتى و وتى: ئەى پێغەمبەرى خوا باوەڕ چيە؟ فەرمووى: (باوەڕت هەبێت بەخوا، بەفريشتەكانى، بەكتێبەكانى، بەديدارو بەخزمەت گەيشتنى، بەپێغەمبەرانيى. هەروەها باوەڕت هەبێت بەزيندوو بوونەوەى ڕۆژى قيامەت). ئينجا وتى: ئەى پێغەمبەرى خوا، ئيسلام چيە؟ فەرمووى: (ئيسلام ئەوەيەكە: خواپەرستى و هيچ شتێك نەكەيت بەهاوبەشى، نوێژەفەرزەكانت بكەيت، زەكاتى دياريكراو بدەيت، ڕۆژووى ڕەمەزان بگريت). وتى: ئەى پێغەمبەرى خوا ئيحسان چيە؟ فەرمووى: (وا خوا بپەرستيت وەكو چاوت لێى بێت، چونكەئەگەر تۆ چاوت لەو نەبێت ئەو چاوى لەتۆيە) ئينجا وتى: ئەى پێغەمبەرى خوا، كەى ڕۆژى قيامەتە؟ فەرمووى:(پرسيار لێكراو لەوبارەيەوە [كەهاتنى قيامەتە] زاناتر نييە لەپرسياركار، بەڵام باسى نيشانەكانيت بۆ دەكەم: هەركاتىَ كەنيزەك گەورەكەى خۆى بوو* ئەوە لەنيشانەكانيەتى. هەروەها ئەگەر ڕووت و پێخاوسەكان ببنە كاربەدەستانى خەڵك، ئەوەش لەنيشانەكانيەتى. هەروەها هەركاتىَ شوانەكانى مەڕومالاَت شانازييان كرد بەبەرزيى كۆشكەكانيانەوە [دواى ئەوەى دەست دەگرن بەسەر كاروباريان‌دا] ئەوەش لەنيشانەكانيەتى. پێنج شتيش هەن كەس نايانزانێت جگە لەخوا، ئينجا ئەم ئايەتەى خوێندەوە [ ان الله عنده علم الساعة وينزل الغيث ويعلم ما في الارحام وما تدري نفس ماذا تكسب غداً

وما تـدري نفـس بـأي ارض تمـوت ان الله عليـم خبيـر ] لقمان:٣٤.واتـه: لەڕاسـتیدا هـەر خـوا کاتـی هاتنـی ڕۆژی قیامـەت دەزانێـت، هەرئەویـش بـاران دەبارێنێـت، هەرئەویـش دەزانێـت چـی لەمنداڵدانـدا هەیـە، هیـچ کـەس نازانێـت سـبەینێ چـی دەکات، هیـچ کەسـێك نازانێـت لـەچ خاکێـکدا دەمرێـت، لەڕاسـتیدا خـوا زانـا و شـارەزایە. ئینجـا پیاوەکەپشـتی هەڵکـردوو ڕۆیشـت، پێغەمبـەر (صلـی الله علیـه وسـلم) فەرمـووی: (ئـەو پیـاوەم بـۆ بگێڕنـەوە، کاتـێ ویسـتیان بیگێڕنـەوە، کەسـیان نەبینـی. پێغەمبـەر (صلـی الله علیـه وسـلم) فەرمـووی: (ئـەوە جوبرەئیـل بـوو هـات بـۆ ئـەوەی خەڵـك فێـری ئایینەکەیـان بـکات) [بخـاري الايمـان (سـؤال جبريـل النبـي عـن الايمـان والاسـلام وعلـم السـاعة لا٥]..

*- مەبەسـت لەمـەش ئەوەیـە: ڕۆژێـک دێـت منـداڵ ڕێـز لەبـاوك و دایکـی ناگرێـت، وەکـو کۆیلەسـەیریان دەکات.

٢٤٣-پرسـیار: ئەگـەر ئافرەتێـك کاتـی عـادەی تـەواو بـوو بێـت بـەڵام لەکاتـی جـووت بوونـدا خوێـن هـات حەرامـە؟

وەڵام: پێشـتر بەڵگـەی حەرامـی جـووت بوونمـان باسـکردووە لەکاتـی حەیـزدا، وەئافـرەت خـۆی عادەتـەن دەزانێـت کەکـەی عادەکـەی تـەواو دەبێـت ئیتـر هەندێـك جـار پێـش و پـاش دەکەوێـت بـەڵام بەنەمانـی خوێنەکـە بەڵگەیـە لەسـەر بڕانـەوەی حەیزەکـە دوای ئـەوە ئیتـر ئافـرەت دەتوانێـت خـۆی بشـوات و بەپـاك دادەنرێـت و کاری سـەرجێگەی دروسـت دەبێتـەوە جـا گـەر دوای ئـەو کاتـە دیسـان خوێـن هاتـەوە کەئێـوە مودەکەیتـان دیـاری نەکـردووە ئەگـەر زۆربێـت دەکرێـت ئـەوەی حەیزێکـی تـر بێـت وەگـەر کـەم بێـت ئـەوە بەخوێنـی نەخۆشـی دادەنرێـت ئیسـتیحازەو نابێـت کاری سـەرجێگەی بـکات بـەڵام

کەپێش کاری جوتبوونەکە ئەوە بەدەرنەکەوتووەو نەزانراوە وەیان هەر لەکاتی سەرجێگەیدا دەستی پێ کردووە ئێوە گوناهبار نابێت چونکە نەتانزانیووەو بەقەستی نەبووە، بەڵام دەبێت دەستی لێ هەڵگرن و چاوەڕێی چاك بوونەوە بکەن، جێگەی بەبیر هێنانەوەیە لەسێ کاتدا کاری سەرجێگەی لەگەڵ ئافرەتدا حەرامە کاتی حەیز کەسوڕی مانگانەی ئاساییە، کاتی نیفاس کەدوای منداڵ بوونە، کاتی ئیستیحازە کەنەخۆشیە لەهەرسێ کاتەکەیدا بەپاك بوونەوە کارەکە حەڵاڵ دەبێتەوە، وەلەدواشەوە کارێکی حەرامەو دەبێت ئاگاداری لێ بکرێت بەتایبەت لەو کاتانەدا کەهەندێك جار پیاو بەنەشارەزایی پەنای بۆ دەبات.

٢٤٤-پرسیار: لەشارێك دەژێم مەلای مزگەوتەکە بانگەوازی کرد بۆ پارەدان بۆ مزگەوت بەبەرماڵ، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك دروستە؟
وەڵام: گرنگترین کارە کەمسوڵمانان هەستن بەدروست کردنی مزگەوت و ئاوەدان کردنەوەی بەتایبەت لەم وڵاتە ئەوروپیانەدا کەمسوڵمانان بەشێوەیەکی گشتی مەئوایەکی وایان نییە ، مزگەوتە دەبێتە مەرجەع و ڕێنیشاندەریان جگە لەوەی خواپەرستیەکانیشی تێدا دەکەن، ئەو هەموو فەسادو خراپەکاریەی کەلەدەرومان هەیە ئەگەر ئێمەش بەلانی کەمەوە شوێنێکی دینی تایبەتی خۆمان نەبێت لەو نێوەندەدا دوور نییە بفەوتێین، هەروەك چۆن زۆرێك بەڕاستی فەوتاون لەبەر ئەوەی کەسەرەتا هاتوونەتە ئێرە شوێنێکیان نەبووەڕووی تێ بکەن، وەلەبەر نەزانینی زمان سودیان لەمزگەوتەکانی تریش وەنەگرتووە، وەیان لەو جێگەی تێیدا ژیاون هەر مزگەوت نەبووە، بەڵام سوپاس بۆ خوا وا ووردە ووردە کوردەکانیش خەریکە هۆش دەکەنەوەو ئەوەتا

لـەزۆر لایەكـەوە خەریكـی مزگـەوت كردنـەوەن، پێغەمبـەری ئیسـلام درودی خـوای لەسـەر بێـت یەكـەم كارێـك كەكـردی دوای گەشـتنی بەمەدینـە كردنـەوەی مزگـەوت بـوو، چونكـە لـەو ڕێگـەوە مسـوڵمانان بەئاسـانی دەتوانـن كـۆ ببنـەوەو بـاس و خواسـتی دینـی خۆیانـی تێـدا بكـەن و ئیمانیـان شـەحن بكەنـەوە، خـوا پەرسـتی خۆشـیان زیاتـر لەمزگەوتەكانـدا بكـەن، كەهەندێـك كار هـەن بەبـێ مزگـەوت بێگومـان ناكرێـت. لەسـەر دروسـت كردنـی مزگـەوت زۆر فەرمـوودەو دەقـی شـەرعی هەیـەوەك لەفەرموودەیەكـدا بـەم شـێوەیە هاتـووە: {عَـنْ مَحْمُـودِ بْـنِ لَبِيـدٍ (رضـي الله عنـه): أَنَّ عُثْمَـانَ بْـنَ عَفَّـانَ (رضـي الله عنـه) أَرَادَ بِنَـاءَ الْمَسْـجِدِ، فَكَـرِهَ النَّـاسُ ذَلِـكَ، فَأَحَبُّـوا أَنْ يَدَعَـهُ عَلَـى هَيْئَتِـهِ، فَقَـالَ: سَـمِعْتُ رَسُـولَ اللَّهِ (صلـى الله عليـه وسـلم) يَقُـولُ: (مَـنْ بَنَـى مَسْـجِدًا لِلَّهِ بَنَـى اللَّهُ لَـهُ فِـي الْجَنَّـةِ مِثْلَـهُ). [بخـاري / / المسـاجد / مـن بنـى مسـجداً/ ٤٣٩]

(محمـود) كـوڕی (لبیـد) (خـوای لـێ ڕازی بێـت) دەڵـێ: (عثمان)كـوڕی (عفـان) (خـوای لـێ ڕازی بێـت) ویسـتی مزگـەوت دروسـت بكاتـەوە، خەڵـك ئەوەیـان لێناخـۆش بـوو، حەزیـان دەكـرد، وەكـو خـۆی بمێنێتـەوە بۆیـە وتـی: لەپێغەمبـەری خـوام (صلـى الله عليـه وسـلم) بیسـتووە دەیفەرمـوو: (هەركـەس مزگەوتێـك بـۆ خـوا دروسـت بـكات خـوا لەبەهەشـتا بەوێنـەی ئـەوەی بـۆ دروسـت دەكات). جـا لەوانەیـە هەریـەك لەئێمـە توانـای كردنـی مزگەوتـی نەبێـت خـۆی بـۆ خـۆی بـەڵام ئەگـەر هـەر دەسـتێكی خێـری تێـدا بێـت ئومێـد هەیـە ان شـاء الله ببێتـە چاكەیەكـی بـەردەوام بـۆی، چونكـە ئاشـكرایە جگـە لەدروسـت كردنـی مزگەوتەكـە خـۆی بـۆ خـۆی، ئـەو هەمـوو كارەچاكەشـی كەتێیـدا دەكرێـت هەركـەس دەسـتی خێـری تێـدا هەبـوو بێـت پشـكی خـۆی بەردەكەوێـت، ئـەو نوێژانـەی كەبەبیسـت و پێنـج قـات دەنوسرێـت بـە

هـۆی مزگـەوت و جەماعەتـەوەن تـۆش هۆکارێـك بوویـت بـۆ دروسـت کردنـی هەمـوو پشـکی بـۆ تـۆش تێدایـە، لەسـەر دروسـت کردنـی مزگـەوت و یارمەتـی دانـی تـا بڵێـی هێشـتا کەمـە هـەر بۆیەتـا بۆمـان بکرێـت یارمەتـی مزگـەوت بدەیـن کارێکـی چـاك و خێرکـی نەبڕاوەیـە. سـەبارەت بەبەرمـاڵ کڕیـن منیـش ئـەو باسـەم بیسـتووەو پرسیاریشـم لەبـارەوە کـراوە بەدەمـی لەڕێگەوبـان و تەلەفـۆن و نـاو مزگەوتـدا وەڵامێکـی زۆر ووردم بـۆی نەبـووە هـەر ئەوەنـدە نەبێـت ووتوومـە بەهـەر شـێوەیەك ئینسـان یارمەتـی مزگـەوت بـدات کارێکـی چاکـەو تێیـدا دوودڵ مەبـن و ان شـاء اللەخێرکـی نەبڕاوەیـە، بـەڵام کـەوورد بوومـەوە لەناوەڕۆکـی کارەکـە گەشـتمە ئـەم ئەنجامـە، لەسـەرەتاوە عەرەبـەکان ئـەم فکرەیـان بەکارهێنـا بـۆ پـارە کۆکردنـەوەب ۆ مزگـەوت و دواتـر کوردەکانیـش فکرەکەیـان بـەلاوە پەسـەند بـوو ئەوانیـش دەسـتیان بـەو کارەکـرد، کاتێـك دەوترێـت بەرماڵێـك بکڕەبەوەندەپارەبۆ نمونـە٣٠٠ پاوەنـد وەیـان کابـرا دەڵـێ ئـەوە ئەوەنـدە بەرماڵـم کڕیوەهەریـەك بەئەوەنـدە، دەبێـت ئـەو کەسـانەی کـەوا بەرمـاڵ دەفرۆشـن و بـەو شـێوەیە حسـابی دەکـەن دەبێـت پێـش ئـەوەی ئـەو بانگەشـە بکـەن حسـابی ووردی جێگەکـە لەگـەڵ پارەکەیـدا کـرا بێـت، بـۆ نمونەجێگەکـە٣٠٠ بەرماڵەهەمـوو خانوەکەوەیـان هۆڵەبینایەهـەر شـتێکە، ئەوسـا پارەکـە بەسـەر بەرماڵەکانـدا دابـەش بکـەن دواتـر ئـەو شـوێنەی جێـگای نوێـژە حسـابی بکـەن چەنـد بەرماڵەچەنـد پارەبـەر ئـەو جێگـە دەکەوێـت بـەو شـێوەیە هـەر بەرماڵـەو پـارەی خـۆی بـۆ حسـاب بکرێـت، ئـەوکات هەرکـەس بەبەرماڵێکـی کـڕی ئیتـر فعلـەن جێگەیـەك لـەو جێـگای بەرکەوتـووە، نـەوەك بیناکەهەمـووی حسـاب بکرێـت ئەوسـا درۆو خەڵەتاندنـی تـێ دەکەوێـت کەسـێك بەخۆشـی بەرماڵـەوە پـارەدەدات بـەڵام بەرماڵەکـەی ئـەو بـەر

ئاودەست کەوتووە یان جێگەی هاتووچۆ وەیان جێگەی وەستانی سەیارە، هەرچەند پارەدان بۆ مزگەوت و هەموو ئەو شوێنانەی کەپەیوەندی بەمزگەوتەوە هەیە خێرە ئینسان هەر پارەیان بۆ بدات، بەڵام بەنسبەت بەرماڵەکەوە مادام ناوی بەرماڵی لێنرا دەبێت بەرماڵ بێت و ئەو پارەش دەبێت چاك تەقدیر کرابێت نەوەك بەهەڕەمەبێت هەر بۆ ئەوەی پارەبدەن ئەوسا بۆ نمونەکابرا ٤٠٠ بەرماڵ دەفرۆشێت کەچی خۆی ٣٠٠ بەرماڵی هەیە، وەدەبێت تەئکید لەوەش بکرێت کەئەو جێگە فعلەن مزگەوتەو مۆڵەتی مزگەوتی هەیە، نەوەك هەر خانویەك بێت و ناوی مزگەوتی لێ بنرێت بەدەمی و هیچ مۆرکی مزگەوتی پێوە نەبێت، وەدەبێت لەخزمەتی گشت مسوڵماناندا بێت بەبێ جیاوازی ڕەنگ و شوێن و ڕەگەز هەموو کەس بۆی هەبێت خواپەرستی تێدا بکات و وەك مزگەوت لێی سوودمەند بێت، بەڵام ئەگەر تەحدید نەکرا بەبەرماڵ ئەوسا پارەکە دەتوانێت بۆ هەر جێگەیەکی مزگەوتەکەبەکار بهێنێت، چەند برایەك پێیان ڕاگەیاندم کەوا کۆمەڵێك بەناوی مزگەوتەوە پارەیان کۆ کردۆتەوە کەئەلەساس مزگەوت دەکەت کەچی دوای دەرکەوتووە هەر مزگەوتیان نەکرد، ئەمڕۆ ڕۆژ بۆتە بەڵگەو بۆ ئەوەی ئینسان دڵ ئارام بێت دەتوانێت پرسیار بکات، وەگەر دەرکەوت کابرا لەبەڵێنەکەیدا ڕاستی نەکردووەو مزگەوتی دروست نەکردووە ئەوسا تۆش بۆت هەیەیەخەی بگریت و داوای پارەکەی لێ بکەیتەوەمادام بەو مەرجە درابیت، چونکە تۆ پارەت بۆ ئەوە داوە مزگەوت دروست بکرێت و پشکی ئەو پارەی کەداوتە لەخێردا دەستت کەوێت نەوەك بۆ خۆی یان بۆ هەرکارێکی تر کەپێی سپێراوە هەڵی بگرێت، خوای گەورە خێری خێرۆمەندان وون ناکات و ئاگادارە بەگشت فێڵ و فرتێکیش.

٢٤٥-پرسیار: ئایە دروستە پارە بدەیت بۆ مزگەوتی حیزبی؟
وەڵام: مزگـەوت مزگەوتـە ئیتـر حیـزب دروسـتی بـكات وەیـان حكوومـەت وەیـان دەوڵەمەنـدوو هـەر خێرۆمەندێـك، وەیـان پـارەی بـۆ كـۆ بكرێتـە لەیەكێـك لـەو لایەنانـەوە، وەمـادام مزگـەوت بێـت و كاری خێـری تێـدا بكرێـت و تێكـەڵ بەكارانێـك نەكرێـت كـە لەگـەڵ مزگەوتـدا نەگونجـاو بێـت ان شـاء الله دروسـتە، بـەڵام دەبێـت تەئكیـد لـەوە بكرێتـەوە كەمزگەوتەكـە مزگەوتـی سـونەیەو كەسـانێك بەڕێـوەی دەبـەن بیروباوەڕێكـی دروسـتی ئیسـلامیان هەیـە، نـەوەك پارەبدریـت بـۆ مزگەوتێـك كەنـاوی مزگەوتـە بـەڵام كۆمەڵێـك بەڕێـوەی ببـەن بیروباوەڕیـان لەگـەڵ بیروبـاوەڕی ئەهلـی سـونەو جەماعـەدا نەگونجێـت وەك گروپـی ئەحمەدیـە، قادیانیـەكان، وەیـان ئەوەنـدەی بـۆ مزگـەوت بـەكار بێـت زیاتـر لـەو كاتـە بـۆ كاری تـر بـەكار بێـت وەیـان كارانێكـی تێـدا بكـەن لەگـەڵ مزگەوتـدا یـەك نەگرێتـەوە وەك كڕیـن و فرۆشـتن، ئەوسـا بەمزگـەوت ناژمێرێـت.

٢٤٦-پرسـیار: كەسـانێك زەوی ناوشـارو دەوروبـەری شـاریان بـۆ خۆیـان بـردووەو دواتـر فرۆشـتوویانە بەكەسـانێك و پارەكەشـیان لای كەسـێك دانـاوە، جـا ئێسـتە حكوومـەت ئەرزەكـەی لـەو كەسـانە وەرگرتووەتـەوە كەكڕیویانـە، پرسـیارەكە ئەوەیـە ئایـا ئـەو پـارە حەڵاڵـە بـۆ ئـەو كەسـانەی كەزەویەكانیـان فرۆشـتووە، وەئـەو كەسـەی كەپارەكـەی لا دانـراوە بـەكام لای بداتـەوە.
وەڵام: ئاشـكرایە كەئاینـی ڕاسـتی ئیسـلام لەپێنـاو پێنـج ئامانجـی سـەرەكیدا هاتـووە كەئەوانیـش پاراسـتنی دیـن، نەفـس، عەقـڵ، وەچـە، مـاڵ.ە
بـۆ هەریـەك لـەو ئامانجانـە كۆمەڵـە بەڵگانێكـی زۆر لەقورئـان و

فەرمـوودە ڕاسـتەكانی پێغەمبەرمـان درودی خـوای لەسـەر بێـت هەیـە، لەپاراسـتنی ماڵـدا بەهەمـوو شـێوەیەك ئـەو پارانـە حـەرام كـراوە كـە لەڕێگـەی مەشـروعەوە نەبێـت، وەك دزی، فێـڵ، داگیركردنـی بـەزۆر، تـەزورو هەمـوو ئـەو شـتانەی كەپـارەی لەڕێگـەی خۆیوەنەبێـت، هـەر لەبـەر پاراسـتی مـاڵ ەقوماریـش حـەرام كـراوە، دەبینیـن بەهەمـوو جۆرێـك ئیسـلام بـۆ پاراسـتی مـاڵ ڕێگـەی دانـاوە، تـا مرۆڤـەكان بەئارەقـی نێوچاوەنـی خۆیـان و بەڕێگـەی دروسـت بەدەسـتی بهێنـن و وەبەڕێگـەی دروستیشـدا سـەرفی بكـەن، چونكـە لـەڕۆژی قیامەتـدا دوو پرسـیارمان لەسـەر مـاڵ لـێ دەكرێـت كەئەوانیـش چـۆن بەدەسـتت هێنـاوە، وەچـۆن سەرفیشـت كـردووە، كەتەنهـا كارە دوو پرسـیاری لەبـارەوە دەكرێـت، كەسـانێك هـەن پـارە بەئارەقـی ناوچاوانـی خۆیـان پەیـدا دەكـەن بـەڵام لەڕێگـەی خراپـدا سـەرفی دەكـەن، كەسـانێك هـەن پارەبەڕێگـەی نادروسـت بەدەسـت دەهێنـن بـەڵام لەخێـرو كاری چاكـەدا سـەرفی دەكـەن، هیـچ كام لـەم دوو كۆمەڵـە كارەكانیـان دروسـت نییـە تـا هـەردوو سـەری هـاو تەریـب نەكـەن و بەڕێگـەی دروسـت بەدەسـتی نەهێنـن و سـەرفی نەكـەن، هـەر لەبـەر ئەوەشـە خـوای گـەورە خێرەكـەش قبـوڵ نـاكان، بۆیـە دەبینیـن بەشـی تایبەتـی هەیـە لەڕێزبەنـدی فەرموودەكانـی پێغەمبـەردا درودی خـوای لەسـەر بێـت بەنـاوی بەشـی كڕیـن و فرۆشـتن، هەروەهـا لەفیقـی ئیسلامیشـدا، ئـەو هەمـوو ووردەكاریـەی لەسـەر هاتـووە، كاتێـك چـاو بـەو سـەرچاوانەدا دەخشـێنین دەبینیـن هەمـوو ئـەو فرۆشـتنانەی كەترسـی زیانـی لـێ دەكەوێتـەوە بـۆ بەرانبـەر ڕێگـری لـێ كـراوە، بـۆ نموونەلەفەرموودەیەكـدا بـەم شـێوەیەهاتووە[عَنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ (رَضِـيَ اللَّهُ عَنْـهُمَ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّهِ (صلـى الله عليـه وسـلم) قَـالَ: (مَـنِ ابْتَـاعَ طَعَامًـا فَـلَا يَبِعْـهُ حَتَّـى يَسْـتَوْفِيَهُ). قَـالَ ابْـنُ عَبَّـاسٍ: وَأَحْسِـبُ كُلَّ

شَـيْءٍ مِثْلَـهُ. [بخـاري / البيـوع/ ٢٠٢٩]
(ابـن عبـاس) (خــواى لــێ ڕازى بێــت) دەڵــێ: پێغەمبــەر (صلــى الله عليــە وسـلم) فەرمووپەتــى: (هەركەسـێك خۆراكێكــى كــڕى تــا وەرى نەگرێــت نەيفرۆشـێتەوە) (ابـن عبـاس) (خــواى لــێ ڕازى بێــت) دەڵــێ: پێـم وايــە هەمـوو مامەڵەيــەك دەبــێ بــەم شـێوەيە بێـت. لـەم فەرمـوودەدا وەڵامـى ئــەو پرسـيارە بەڕوونــى دەردەكەوێــت، ئــەو زەويانــە هێشــتا نەبووەتــە هــى خۆيــان و فرۆشــتوويانە، وەزەويــش موڵكــى حكوومەتــەو حكوومــەت دەتوانێــت تەسـەروفى پێوەبــكات، نـەوەك هەركـەس بـۆ خـۆى چـوار بلـۆك و خەتێـك لـەدەورى پارچەيـەك زەوى بكێشــێ و بيــكات بهــەى خــۆى، ئەگــەر زەويــەكان لەبنــارى شــاخ و سەرشــاخ و شــوێنەزۆر دوور لەئاوەدانيــەكان بوايــەو ئەرزێكــى مردووبوايــەو زيندوويــان بكردايەتــەوە ئــەوە مەجالێكــى تێــدا هەبــوو لەهەندێــك ڕوانگــەوە، هەرچەنــد ئــەو جــۆرە كارە لەووڵاتــى خۆمانــدا بـۆ زۆركـەس سـەرى گرتـووە بـە هـۆى بـێ سـەروبەرى و بـێ بەرنامـەى حكوومەتــەوە لەپێشــدا، بــەڵام لەڕاسـتيدا موڵكــى حكوومەتــە، ئەگــەر حكوومەتەكــە تۆكمــە بێــت كــەس ناتوانێــت بسـتێك خــاك بەبــێ مۆڵــەت و تاپــۆو مامەڵــەى ڕەسمى ناتوانێـت ببـات، بەكورتيەكـەى ئـەو پـارە دەبێـت بگەڕێنرێتــەوە بــۆ خاوەنەكانيــان چونكــە ئاشـكرايە ئــەو كەسـانە هيــچ سـودێكيان نەكـردووە، ئێـوە مامەڵەيەكتـان كـردووە كــە لەسـەرەتاوە نەدەبــوو بكرايەسوپاسـى خواشـى دەوێــت پارەكـە لاى كەسـێكەو تـا ئێسـتە پارێـزراو بـووە ئەگـەر بخورايـە ئەوسـا دوور نەبـوو كێشـەى گـەورەى بـەدوادا بێـت، وەدەبێـت لەئێستەوداشـەوە خۆتـان لـەو جـۆرە مەمەڵانـە بپارێـزن، خـواى گـەورە لەئێـوەو ئێمـەش خـۆش بێـت و تەماحـى دونيـاى وامـان لـێ نـەكات بـە هـۆى تەماحـەوە كارانێـك بكەيـن دژى ئامانجەكانـى ئيسـلام بێـت.

٢٤٧-پرسیار: هاورێیەکم هەیە باوەڕی بە هیچ کتێبێکی ئاسمانی نیە، بەتایبەتی زۆر لەسەرقورئان ئەدوێت بەخراپی! بە سێ پرسیار ئیحراجم دەکات تکایە وەڵامیانم دەوێت.
بەقسەکانیا وادیارە کەقورئان دینێکی توندڕەوە یەکێک لەپرسیارەکانی ئەڵێت بۆچی کەسێک لەدینی ئسلام لابدات و بچێتە سەردینێکی کەئەبێت بکوژرێت؟ یائەلێت بۆچی موسڵمان کافر یان مەسیحوو یاهودی ئەکوژن؟ لەم پرسیارانە زۆرئەکات مەبەستی ئەوەیە ئەگەر قورئان کتێبی خوایە ئەبێت خواخۆی سزای بێباوەران و ئەوانەی کەدینیان ئەگۆڕن سزایان بدات نەک موسڵمان بیانکوژێت.منیش زۆردەربارەدین نازانم پرسیارەکەم ئەوەیەئایا ئەو قسانەئەو هاوڕێمە ئەیکات ڕاستە؟حوکمی کوشتن هەیە لەئیسلامدا؟
وەڵام: لەسەر هاوڕێیەتی گرنگە گشت مسوڵمانێك بزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات، چونکە دەقی قورئان و فەرموودەیان لەسەرە، بەشێوەیەکی گشتی جۆرێتی پرسیار وەیان موناقەشە دەکرێن بەدوو بەشەوە. یەکێکیان مەبەستی وەرگرتنی وەڵامی ڕاستە ئەوی تریان تەنها مەبەستی دژایەتی کردن و گومان دروست کردنەلەگەڵ بەرانبەردا، جا کاتێك کەسێك کەپرسیار دەکات وەیان موناقەشەدەکات ئەگەر زانرا مەبەستی تێکەشتنەئەوەخۆتی پێوە هیلاك بکەیت کارێکی چاکە چونکە یارمەتیەکە بۆ ئەو جگە لەخەیرێکیشە بۆ تۆ، بەڵام ئەوەی لەئەم هاوڕێیەد دەردەکەوێت لەتاقمی دووهەمە، لەبەر ئەو ەمن ئامۆژگاریم بۆتان ئەوەیە یەکەم ڕەفاقەتی مەکەن و دوورکەوتنە لێی بەڵام نەك بەعاجزی با هەر بەینێکی دوور بمێنێت ئەویش بەپلەبەندی بکرێت لەبەر ئەوەی مادام خۆتان شارەزاییەکی واتان نییە کەوەڵامی

پرپێستی خۆی بدەنەوە هەرچەند ئەو لەم دۆخەدا وانابینم مەبەستی تێگەشتن بێت مادام ئەو پرسیارانە بکات کەزۆر زۆر دووبارەیەو پرسیارەکان سواوە ئەوەندە وەڵام دراوەتەوە، دووهەم ئەگەر هەر ڕەفاقەتیشی دەکەن باسی دین بە هیچ شێوەیەك لەگەڵیدا مەکەرەوە تەنها ڕەفتارت جوان بێت لەگەڵی و کاریگەریت لەسەر دروست نەکات لەدواکەوتنی نوێژو بردنت بۆ جێگەی خراپ و فیشقیات و قسەی پڕوو پوچ، دێمەسەر وەڵامی پرسیارەکان: قورئان هەموو مرۆڤایەتی دەستەوسانەبەرانبەری و گەورەترین موعجیزەی ئیسلامە، دیارەلەیەك حەرفی قورئان نازانێت وەگەرنا بەخراپی باسی لێوەنەدەکرد، ئامۆژگاریم بۆتان خوێندنەوەی ئەم بابەتەیە لەسەر قورئان کەخۆم نووسیوومە کرتە.

ئیسلام بۆ پاراستنی پێنج ئامانجی سەرەکی هاتوون کەبریتین لەپاراستی دین، نەفس، عەقڵ، وەچە، ماڵ. وەکاتێك هەر یەکێك لەوانە بکەوێتە مەترسیەوە ڕێگری لی دەکرێت بۆ ئەوەی پارێزراو بێت، چونکە مرۆڤەکان پێویستان بەو پێنج ئامانجە گرنگە هەیە، جا یەکەمیان کەپاراستنی دینەکەیە بەچی دەپارێزرێت بەوەی کەمرۆڤەکان پەرستشەکانیان ئەنجام بدەن بەوەی کەس نەبێت ڕێگر لەوەی کەئەنجامی نەدەن، بەوەش کەس گرفت نەخاتەناو ئەو ئامانجە گرنگەوە، چونکەمرۆڤ پێویستی پێیەتی شتێکەهەموو ناخێکی پاك بۆی دەگەڕێتەوە، نابینیت ئەوانەش کەهەڵگری ئیسلام نین و سەریان لێشێواوە چونکە لەناخیاندا حەزی پەرستن هەیە دەبینین بت و شتی پێکەناوی دەپەرستن وەکاتێك کەسێك واز لەو دینەپاکەدێنێت زیانی لێ دەکەوێت بۆ خۆی یەکەم دووهەم بۆ دەوروبەری شایەنی لەناو بردنە، هەرچەند ئەمەشتێکی هەروا

سادەو ساکار نییە و لەدەوڵەتی ئیسلامیدا دەکرێت دوای ئامۆژگاری کردنی و گەڕاندنەوەی بۆ سەر ئەسڵەکەی خۆی.
مسوڵمان نەمەسحی نەجولەکەنە هیچ خاوەن دینێکی تر ناکوێژێت ئەگەر ئەو ئەهلی شەڕ نەبێت، وەگەر ئەهلی شەڕ بوو ئەوسا دەیکوژێت چونکە ئەگەر ئەم ئەو نەکوژێت ئەوا ئەو ئەم دەکوژێت.
کوشتن لەئیسلامدا هەیەلەپێناو دینەکەو ئامانجەکانی دینداو بۆ خزمەت مرۆڤایەتی، وەك کەسێك کۆمەڵگە پیست بکات بەکوشتن و ڕێگرتن و زیناکردن چونکە ئەو شتانە دژایەتی لەگەڵ ئامانجەکانی ئیسلامدا دروست دەکات، بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگەلەسەر پاکێتی و تەشەنە نەکردنی خراپەلەسەر زەویدا. یاسای کوشتن هەیە بەیاسای خۆی، هەروەك چۆن لەیاساکانی تری جیهاندا کوشتن هەیە وەکاتێك باسی کوشتن دەکرێت شتێکی ئاسان نییە و بەهەوانتەی ناکرێت، بەڵام بۆ نموونەکەسێك هەڵ دەستێك بەکوشتنی کۆمەڵێك کەس یان ڕێگرتن و مەترسی دروست کردن بۆ سەر کۆمەڵگەو کوشنیان ئایا چی لەو کەسە بکرێت؟ ئەگەر وازی لێ دەهێنێت هەتا بێت خەڵکی تر دەکوژێت! جگە لەنەمانی ئەمان لەدڵی خەڵکدا لەبەر ئەوەئەو کەسە کاتێك دەکوژرێت وەك وایەچەندەها کەست لەکوشتن ڕزگار کردبێت بەکوشت نییە ك کەس، جگە لەگەڕانەوە ئەمان بۆدڵی خەڵك بەشێوەیەکی گشتی.
لەبەر ئەوە ئیسلام هیچ لەشتەکانی بەهەوانتەی ناکات کاتێك کەسێك دەکوژێت بەو کوشتنە زیاتر لەکەسێك لەکوشتن ڕێزگار دەکات، ئەو پێنج ئامانجە گرنگەی کەباسمان کرد لەبەر بەرژەوەندی گشتی پێ دەپارێزێت چونکە پاراستنی گشتی لەپێش پاراستنی تاکەکەسیەوەیە.

٢٤٨-پرسـيار:لە بەریتانیـا دەژیـم و لەگـەڵ کچێکـی کـوردا یەکترمـان خـۆش دەوێـت.
زۆر بـە تەلەفـۆن قسـە دەکەیـن و سێ مانـگ جارێـك یەکتـر دەبینیـن کـە یەکتـر دەبینیـن زۆر ماچـی یەکتـر دەکەیـن ئایـا ئـەم کارانـە حەرامـە کـە ئێمـە دەمانەوێـت بـۆ یەکتـر بیـن؟
وەڵام: قسـەکردن و لەگـەڵ بوونـی ئافرەتـی نـا مەحـرەم بەتەنهـا حەرامـەو بـە هیـچ شـێوەیەك دروسـت نییـە ، قسـەکردن بەتەلەفـۆن هەروەهـا، مـاچ کردنیـش بێگومـان حەرامـە، بەڵکـو سـەیر کردنـی ئافرەتـی نامەحـرەم حەرامـە، دەبێـت خۆتـان لـەو جـۆرە پەیوەندیانـە بپارێـزن و توخنـی نەکـەون، ئەگـەر دەتانەوێـت بەشـێوەیەکی شـەرعی و ئیسلامی بیهێنـن بەڕێکـو پێکـی و پیاوانـە بـڕۆرە داوای و زەواجێکـی شـەرعی پێـك بهێنـە، تەوبـە لەسـەر ئـەو تاوانانـەی کەکردووتـە بیکـەو دووبـارەی مەکـەرەوە جارێکـی تـروو پشـت بەخـوای گـەورە بپارێـزەو خـۆ پارێـز بـە.

٢٤٩-پرسـیار: بـۆ پیـاو حەفتـا حـۆری هەیـە ئـەی بـۆ ژن بـە تایبـەت بـۆ ئەوانـەی کەشـوویان نییـە ؟
وەڵام: پێـش هەمـوو شـتێك هەمـوو پیاوێـك حەفتـا حـۆری بـۆ نییـە، دواتـر بەنسـبەت پیـاوەوە کەخـوای گـەورە نمونـەی ئافرەتـی جـوان و حـور العینـی بـۆ باسـکردون لەبـەر ئەوەیـە پیـاو زیاتـر چـاوی بـەدوای ژنەوەیـە بەسـەرچاوەیەکی لەزەتـی گـەورەی دەزانێـت، بـەڵام ئافـرەت زیاتـر لەجوانـی و بریـق و بـاق و ڕازاوەییەوەیـە بۆیـە ئـەو نمونەشـی بـۆ ئافـرەت هێناوەتـەوە ئیتـر مانـای ئـەوە نییـە بـۆ ئافرەتـان پیـاوی جـاك و جـوان نەبێـت بێگومـان خـوای گـەورە پاداشـتی تـەواوو گـەورەی ئافرەتانیـش دەداتـەوە، ئیتـر لەسـەر هـەر حاڵەتێکـی دونیـای بـوو بێـت

شـودار بـوو بێـت، بـێ شـوو بـوو بێـت، تـەڵاق دراو بـوو بێـت، خـۆی ئەهلـی بەهەشـت بێـت و شـووەکەی ئەهلـی ئاگـر بێـت، وەئافرەتانـی دونیـای ڕێزیـان و جوانیشـیان لەحوروالعیـن زیاترەبـە هـۆی ئـەو کردەوانـەی کـەوا کردوویانـە، ئافرەتێـك کەشـووی نەکردبێـت، زۆر پیاویـش هەیەژنـی نەهێنـاوە، گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە کارمـان بەهەشـتی بێـت و دڵمـان سـاف و دامەزراوبێـت لـەوەی کـەوا خـوای گەورەعەدلـەو بەعەدلـی خـۆی لەگەڵمانـدا دەجوڵێتـەوەو ئـەوەی بەخەیاڵمانـدا نەهاتبێـت لـەوێ دەسـتمان دەکەوێـت لەنـازو نیعمـەت و خۆشـی مـادی و مەعنـەوی ان شـاء الله.

ئـەو وەڵامەشـتان بەعەرەبـی بـۆ نقـڵ دەکـەم کـەووردەکاری زۆر زیاتـری تێدا یە

للرجال في الجنة حور العين ....فماذا للنساء؟

عنـد ذكـر الله للمغريـات الموجـودة فـي الجنـة مـن أنـواع المأكـولات والمناظـر الجميلـة والمسـاكن والملابـس فإنـه يعمـم ذلـك للإثنيـن (الذكـر والأنثـى) فالجميـع يسـتمتع بمـا سـبق. و يتبقـى: أن الله قـد أغـرى الرجـال وشـوقهم للجنـة بذكـر مـا فيهـا مـن الحـور العيـن و (النسـاء الجميـلات) ولـم يـرد مثـل هـذا للنسـاء.. فقـد تتسـاءل المـرأة عـن سـبب هـذا !؟

والجواب

أولاً

أن الله: لا يسـئل عمـا يفعـل وهـم يسـئلون (الأنبيـاء:٢٣)، ولكـن لا حـرج أن نستفيد حكمة هذا العمل من النصوص الشرعية وأصول الاسلام

ثانياً

أن مـن طبيعـة النسـاء الحيـاء (كما هو معلـوم) ولهذا فـإن الله (عز وجل) لا يشوقهن للجنة بما يستحين منه

ثالثاً

أن شـوق المـرأة للرجـال ليـس كشـوق الرجـال للمـرأة (كمـا هـو معلـوم) و لهـذا فـإن الله شـوّق الرجـال بذكـر نسـاء الجنـة مصداقـا لقولـه: (مـا تركـت بعـدي فتنـة أضـر علـى الرجـال مـن النسـاء)(أخرجه البخـاري) أمـا المـرأة فشـوقها إلـى الزينـة مـن اللبـاس والحلـي يفـوق شـوقها إلـى الرجـال لأنـه ممـا جبلـت عليـه كمـا قـال تعالـى (أومـن ينشـأ فـي الحليـة) (سـورة الزخـرف:١٨)

رابعاً

قـال الشـيخ ابـن عثيميـن: إنمـا ذكـر (أي الله عـز وجـل) الزوجـات لـلأزواج لأن الـزوج هـو الطالـب وهـو الراغـب فـي المـرأة فلذلـك ذكـرت الزوجـات للرجـال فـي الجنـة وسـكت عـن الأزواج للنسـاء ولكـن ليـس مقتضـى ذلـك أنـه ليـس لهـن أزواج.. بـل لهـن أزواج من بني آدم

المرأة لا تخرج عن هذه الحالات في الدنيا فهي

إما أن تموت قبل أن تتزوج

إما أن تموت بعد طلاقها قبل أن تتزوج من آخر

إما أن تكون متزوجة ولكن لا يدخل زوجها معها الجنة، والعياذ بالله

إما أن تموت بعد زواجها

إما أن يموت زوجها وتبقى بعده بلا زوج حتى تموت

إما أن يموت زوجها فتتزوج بعده غيره

هذه حالات المرأة في الدنيا ولكل حالة ما يقابلها في الجنة

فأمـا المـرأة التـي ماتـت قبـل أن تتـزوج فهـذه يزوجهـا الله عزوجـل فـي الجنـة مـن رجـل مـن أهـل الدنيـا لقولـه: (مـا فـي الجنـة أعـزب) (أخرجـه مسـلم)، قـال الشـيخ ابـن عثيميـن: إذا لـم تتـزوج (أي المـرأة) فـي الدنيـا فـإن الله تعالـى يزوجهـا مـا تقـر بهـا عينهـا فـي الجنـة.. فالنعيـم فـي الجنـة

ليس مقصورا على الذكور وإنما هو للذكور والإناث ومن جملة النعيم: الزواج

ومثلها المرأة التي ماتت وهي مطلقة

ومثلها المرأة التي لم يدخل زوجها الجنة. قال الشيخ ابن عثيمين: فالمرأة إذا كانت من أهل الجنة ولم تتزوج أو كان زوجها ليس من أهل الجنة فإنها إذا دخلت الجنة فهناك من أهل الجنة من لم يتزوجوا من الرجال. أي فيتزوجها أحدهم

وأما المرأة التي ماتت بعد زواجها فهي (في الجنة) لزوجها الذي ماتت عنه

وأما المرأة التي مات عنها زوجها فبقيت بعده لم تتزوج حتى ماتت فهي زوجة له في الجنة وأما المرأة التي مات عنها زوجها فتزوجت بعده فإنها تكون لآخر أزواجها مهما كثروا لقوله: (المرأة لآخر أزواجها) (سلسلة الأحاديث الصحيحة للألباني ولقول حذيفة لامرأته: (إن شئت أن تكوني زوجتي في الجنة فلا تزوجي بعدي فإن المرأة في الجنة لآخر أزواجها في الدنيا فلذلك حرم الله على أزواج النبي أن ينكحن بعده لأنهن أزواجه في الجنة

مسألة: قد يقول قائل: إنه قد ورد في الدعاء للجنازة أننا نقول (وأبدلها زوجا خيرا من زوجها فإذا كانت متزوجة.. فكيف ندعوا لها بهذا ونحن نعلم أن زوجها في الدنيا هو زوجها في الجنة وإذا كانت لم تتزوج فأين زوجها؟

والجواب كما قال الشيخ ابن عثيمين: (إن كانت غير متزوجة فالمراد خيرا من زوجها المقدر لها لو بقيت وأما إذا كانت متزوجة فالمراد بكونه خيرا من زوجها أي خيرا منه في الصفات في الدنيا لأن التبديل يكون بتبديل الأعيان كما لو بعت شاة ببعير مثلا ويكون بتبديل

الأوصاف كما لو قلت لك بدل الله كفر هذا الرجل بإيمان وكما في قوله تعالى: ويوم تبدل الأرض غير الأرض والسماوات (إبراهيم:٤٨) والأرض هي الأرض ولكنها مدت والسماء هي السماء لكنها انشقت

ورد في الحديث الصحيح قوله للنساء: (إني رأيتكن أكثر أهل النار... وفي حديث آخر قال : إن أقل ساكني الجنة النساء - أخرجه البخاري ومسلم، وورد في حديث آخر صحيح أن لكل رجل من أهل الدنيا (زوجتان) أي من نساء الدنيا. فاختلف العلماء (لأجل هذا) في التوفيق بين الأحاديث السابقة: أي هل النساء أكثر في الجنة أم في النار؟

فقال بعضهم: بأن النساء يكن أكثر أهل الجنة وكذلك أكثر أهل النار لكثرتهن. قال القاضي عياض: النساء أكثر ولد آدم

وقال بعضهم: بأن النساء أكثر أهل النار للأحاديث السابقة. وأنهن أيضا أكثر أهل الجنة إذا جمعن مع الحور العين فيكون الجميع أكثر من الرجال في الجنة

وقال آخرون: بل هن أكثر أهل النار في بداية الأمر ثم يكن أكثر أهل الجنة بعد أن يخرجن من النار أي المسلمات قال القرطبي تعليقا على قوله: رأيتكن أكثر أهل النار: يحتمل أن يكون هذا في وقت كون النساء في النار وأما بعد خروجهن في الشفاعة ورحمة الله تعالى حتى لا يبقى فيها أحد ممن قال: لا إله إلا الله فالنساء في الجنة أكثر

الحاصل: أن تحرص المرأة أن لا تكون من أهل النار

إذا دخلت المرأة الجنة فإن الله يعيد إليها شبابها وبكارتها لقوله: (إن الجنة لايدخلها عجوز.... إن الله تعالى إذا أدخلهن الجنة حولهن أبكارا

ورد في بعض الآثار أن نساء الدنيا يكن في الجنة أجمل من الحور العين بأضعاف كثيرة نظرا لعبادتهن الله

قال ابن القيم إن كل واحد محجور عليه أن يقرب أهل غيره فيها أي

في الجنة
وبعد: فهذه الجنة قد تزينت لكن معشر النساء كما تزينت للرجال في مقعد صدق عند مليك مقتدر فالله الله أن تضعن الفرصة فإن العمر عما قليل يرتحل ولا يبقى بعده إلا الخلود الدائم، فليكن خلودكن في الجنة إن شاء الله واعلمن أن الجنة مهرها الإيمان والعمل الصالح وليس الأماني الباطلة مع التفريط وتذكرن قوله: إذا صلت المرأة خمسها وصامت شهرها وحصنت فرجها وأطاعت زوجها قيل لها: ادخلي الجنة من أي أبواب الجنة شئت

٢٥٠-پرسیار: من لەکوردستانم نازانم لەئەوروپا چۆنە، بەڵام لای ئێمە دەچیە بانك ١٠ دۆلار وەردەگرن هەقی دروست کردنی ماستەر کاردەکە؟
وەهەرکاتێك پارە بخەیتە ناو حیسابەکەت ئەوا بڕی ٣ دۆلار وەر دەگرن ئەگەر پارەکە سەرف بکەی یان نا ئەوا هیچ زیادەیەکت لێ وەرناگرن بەکورتی ئەو کارتە هیچ پارەی تێدانیە تەنها ئەگەر خۆت بچی تێی بکەیت لەبانك واتە ئەو پارەی تێیدایەئی خۆتەو هیچ سووەکت لێ وەرناگرن تەنها لەکاتی پارەتێکردن بڕی ٣ دۆلار وەکو حمولەوەردەگرن.
وەڵام: دیارە وەك چاولێکردنیك ناویان ناوە ماستەکارد وەگەرنا ئەوە هەر کاردی ئاساییەو حسابی سەرەتاییە، لێرە لەئەوروپا نەبۆ کاردەکە وە نەبۆ خستنەسەری پارە هیچ وەرناگرن، لەوێ دیارە چونکە بانک تازەیە ئەو جۆرە پارانە وەردەگرن و ان شاء الله ئەو پارانە ناچێتە بابی ڕیباوە کاتی کردنەوەکەی کەدەدۆلار وەردەگرن ئەوە دیارەی حسابی تێچوونی کاردەکەو وەرەقەو کاتی کارمەندەکان دەکەن،بۆ کاتی خستنەسەری پارەش وەك جۆرێك

لەکرێ و هەقی ئەزیەتە، ئومێد دەکەم کەئاسایی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ناچاری وا دەکان ئینسان بانکی هەبێت بۆ نموونە لێرە لەئەوروپا دەبێت هەتبێت وەگەرنا هیچ کارێکت بۆ ناکرێت ئیش دەکەیت دەبێت لەبانکەوە پارەکەت وەرگری، ئیش ناکەیت حکوومەت لەبانکەوەپارەکەت بۆ دەنێرێت تووشی زۆر شت دەبیت بەبێ بانک کار ناڕوات، جا لەکوردستان ئەوە نییە لەڕاستیدا، مەگەر تازە ئەو شتانە دروست بوو بێت، جا پرسیار لەخۆت بکەئایا بەبێ بانک ئیش دەڕوات خۆ گەر نەڕۆشت ئەوسا ناچارییەو ئەو پارەش ئاساییە، چونکە پارەکە خۆی ڕیبا نییە ، بەڵام کەئینسان ناچار نەبوو بۆ ئەو بڕەکرێی و شتانەبدات.

٢٥١-پرسیار: مامۆستا ئایا ئەگەر ئافرەت بگاتە حالەتی رەحەت بوون بەڵام بێ کرداری جوت بوون ئایا ئەو ڕاچڵەکاندن و ئاو هاتنەی کە توشی دێت غوسڵی لەسەر واجب دەکات؟

وەڵام: بەڵێ، وە دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کەبۆ بەبێ کرداری جووت بوون ڕەحەت دەبین و سەیری هۆکارەکەی بکەین و ئاگامان لەتاوانی ناشەرعی بێت، ئەگەر بە هۆی خەوەوە بێت ئەوە ئاساییەو هیچ تاوانێکی تێدا نییە بەڵام ئەگەر هۆکارەکە خۆمان بین وەك دەست لێدان و سەیری دیمەنی سێکسی سەرنج ڕاکێش ئەوە تاوانە جێگەی تێڕامان و هەڵوێستەکردنی شەرعیەلەسەری.

٢٥٢-پرسیار: کوڕێك لەزانکۆ داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێ کردم؟

من کچێکم کۆتا ساڵی خویندنمە لە زانکۆ. ساڵی یەکەم کوڕێکی گروپی خۆمان چەند جارێك داوای پەیوە ندی خوشەویستی لێکردم، بەڵام من هەر ڕەفزم ئەکرد، چونکە قەت بیرم لە خۆشەویستی

نەکردووەتـەوە، هەتـا ئێسـتاش کـە کۆتـا سـاڵە ئـەو هەسـتەی بەرانبـەرم ماوە، دوو ساڵی یەکەم پێـی وتـم هیـچ هەسـتم نەبـوو بەرانبـەری، بەڵام لـە قۆناغـی سـێیەمەوە منیـش خۆشـم ویسـت بـێ ئـەوەی ئـەو هەسـت بـە هیـچ شـتێك بـكات، ئیسـتا زیاتـر لـە هـە مـوو کاتێـك خۆشـم ئـەوێ، بـەڵام ئـەو ئەمـە نەزانـێ، ناشـتوانم بیـر لـە زواج بکەمـەوە چونکـە ٣ خوشكی لەخـۆم گەورەتـر هەیـە هێشـتا شـویان نەکـردووە، ئێسـتە نازانـم چـی بکـەم، نـە دەتوانـم شـوو بکـەم، نـە دەتوانـم حاڵـی خۆشـمی بـۆ شـی بکەمـەوە، ئایـا گوناهبـار دەبـم بڵێـم چاوەڕێـم بکـە تـا خوشـكەكانم شـو دەکـەن و دەچنـە ماڵـی خۆیـان، تکایـە ڕینومایـم بکـەن تـا نەکەومـە هەڵـەوە، داواتـان لـێ دەکـەم دوعـای بەخێرمـان بـۆ بکـەن خـوای گـەورە یارمەتیمـان بـدات ان شـاء الله

وەڵام: پێـش هەمـوو شـتێك ئـەو داوای پەیوەنـدی خۆشەویسـتی کـردووە نـەك زەواج! ئەمـە دەردێکـی کوشـندەیەو زۆرجـار کچـی لەژێـردا فریـو دەدرێـت، کاتێـك کـوڕ دەیەوێـت ژن بهێنێـت نابێـت پەیوەنـدی خۆشەویسـتی دروسـت بـکات و وەك ئـەوەی لەئەوروپـا بـاوەو پەنـا بەخـوا لەژێـر نـاوی خۆشەویسـتیدا جگـە لەخۆشەویسـتی هەمـوو شـت بەئافـرەت دەکرێـت! خـۆ ئەگـەر کوڕەکـە بیەوێـت ڕەئـی کچەکـەش وەرگرێـت تـا ڕادەیـەك ئاسایيە ئەوەندەپێـی بڵـێ دەمەوێـت بێمـە داوات نـەك بڵـی خۆشـم دەوێیـت و ئـەو شـتانە بـۆ خسـتنەداوی کچەکـەوە، چونکـە خۆشەویسـتی ڕاسـتی دوای زەواج دروسـت دەبێـت، کاتێـك کوڕێـك کچێـك دەبینـێ وەیـان لەپۆلەکەیـداو بەرچـاوی کەوتـووە ناتوانێـت بڵـێ خۆشـم دەوێیـت دەبێـت ئێمـە خۆشەویسـتی و حـەز لـێ کـردن جیـا بکەینـەوە، دەکرێـت کوڕێـك حـەز لەکچێـك بـكات هـەر بەبینینـی بـەڵام ناکرێـت و گونجـاو ڕاسـت نییـە بڵـێ خۆشـم دەوێـت، خۆشەویسـتی دوای پەیوەنـدی و تێکەڵـی دروسـت

دەبێـت وەدروسـت نییـە ئـەو تێکەڵـی و خۆشەویسـتیە هەتـا زەواج نەکرێـت، ئـەو کوڕەئـەوەی پێوتـوون و ماوەیەکـی بەسـەرداچووەو ئێـوەش دەزانـن جـارێ شـتی واش ناکرێـت بـە هـۆی چەنـد خوشـکێکی تـر لەپێشـتانەوە باشـتر وایـە نەخـۆت وەنەکوڕەکـەش مەخەرەئـەو دۆخەنـا ئاسـاییەوە کەزاهیـری بەرەوەخێـر ناچێـت، چونکـە هـەر ئەوەنـدە جوابـت لەکوڕەکـە گێڕایـەوە ئیتـر هـەر ڕۆژەو شـتێك دروسـت دەبێـت و دڵتـان بـۆلای یەکتـر دەڕوات و بەهەرشـێوەیەك بێـت حـەز دەکـەن پەیوەندیەکەبتەوتربێـت و بەحسـابی خۆتـان کاری چـاك دەکـەن ئەوسـا شـەیتان زیاتـر بۆتـان خـۆش و ئاسـان دەکات و هێشـتا کاتیـش زۆری بەبـەرەوە ماوەبـۆ زەواجەکـە ئەوسـا دەکەونـە تاوانـەوەو دوور نییـە زەواجەکـەش هـەر سـەر نەگرێـت، بـەڵام ئەگـەر ئـەوەش کـرا هـەر ئەوەنـدە بووترێـت بێـرەداوام هیـچ چاوەڕوانـی تێـدا نەبێـت ئەگـەر ماڵەوەتـان دایتیـان پێـی ئـەوە ئاسـاییە ئەگـەر نـا ئیتـر کۆتایـی پـێ بێـت، وەگـەر خۆشـتان دەزانـن ماڵـەوەڕازی نابێت هەر باسـی مەکـەن و قسـەش بەبەلاشـدا مـەدەن، خـوای گـەورە کەسـێکی بـۆ خـوا سـوڵحاوتان بەنسـیب بـکات و لەپەنایـدا بحەسـێنەوەو ژیانێکـی مسـوڵمانانە بەسـەر بـەرن.

٢٥٣-پرسیار: ووشەی مورتەد کەلەقورئاندا هاتووە مانای چی یە؟
وەڵام: مورتـەد بەکەسـێك دەوترێـت کـە لەدیـن هەڵگەڕابێتـەوە واتـە دوای ئیسـلام بوونـی ببێـت بەکافـر دینێکـی تـر هەڵبژێرێـت ئـەوە پێـی دەوترێـت مورتـەد واتـە هەڵگـەڕاوە لەقورئانـدا ووشـەی مورتـەد هاتـووە وەك لـەم ئایەتـەدا دەفەرموێـت دەربـارەی مورتـەد إِنَّ الَّذِيـنَ ارْتَـدُّوا عَلَـىٰ أَدْبَارِهِـم مِّـن بَعْـدِ مَـا تَبَيَّـنَ لَهُـمُ الْهُـدَى الشَّـيْطَانُ سَـوَّلَ لَهُـمْ وَأَمْلَـىٰ لَهُـمْ)

إن الذين ارتدوا على أدبارهم من بعد ما تبين لهم الهدى بێگومان ئەوانەی کەلەئیسلام هەڵگەڕانەوە، پاش ئەوەی کە ڕێی ئیمان و ڕووناکیان بۆ دەرکەوت الشیطان سول لهم وأملى لهم شەیتان کارە خراپەکانی بۆ ڕازاندبوونەوەو، هیواکانی بۆ درێژ کردبوونەوە.

٢٥٤-پرسیار: ئەو هەستەم لا دروست بووە کەخێزانەکەم کچ نە بو بێ ؟

بەڕێزان، من تازە ژنم هێناوە سەرەتا وام ئەزانی کەزێی کچ زۆر تەسکە کەچی چوکم زۆر بەئاسانی ڕۆشتە ناوی، وەخێزانەکەم هیچ ئازاری نەبوو، ئێستا ئەو هەستەم لا دروست بووە کەخێزانەکەم کچ نەبوبێ نەشتەرگەری پەردەی کچێنی بۆ کرابێ خوێنێکی زۆر خەست و سوری مەیلەو ڕەشی لێهات بەلام زۆر نەبوو. ئایا گومانەکەم ڕاستە یا هەڵەم بەڕاستی زۆر بێزارم وە ناشتوانم لەگەلیا باسي بکەم.

وەڵام: زەواجەکەتان موبارەك بێت و تەمەنا دەکەین ژیانێکی خۆش و دوور لە کێشە بەسەر بەرن ان شاء الله، بەڕێز گیان، زێی ئافرەت و قەبارەو پەردەی کچێنی جۆری زۆرە، مەرج نی یە هەموو ئافرەت ئازاری هەبێت، لە کوردەواریدا زیاتر خەڵکی لەسەر ترسێنراوە، زۆرجار ئەو ترسەیە ئازار دروست دەکات واتە هەندێکی زۆری بۆ لایەنە نەفسیەکە دەگەڕێتەوە، زۆرجار ماوەی دەسگیرانداری و کرانەوەی کچ و کوڕ پێکەوەو هەندێك دەستبازی و سوعبەت و کرانەوە ئەو ترسەش دەشکێنێ، هەیە هەر ئەسڵەن خوێنیشی نی یەو کچیشە، لەبەر ئەوە وا نازانین گومانەکەتان لە جێگەی خۆیدا بێت و وە هەندێك لە گومانەکانیش بە پێی دەقی قورئان تاوانە، لەبەر ئەوە خۆتان بەدوورخەن لە دڵە ڕاوکێی و ژیانی ڕاستی خۆتان بە گومان

مەشـێوێنن.

٢٥٥-پرسیار: زۆرجار کەدەچمە دەرەوە نوێژەکانم دەڕوات تکایە چار؟
پـاش رێـزو سـڵاو .مـن لەشـارێك دەژیـم لەئەوروپـا موسـڵمانی تێـدا نیـە، کەواتـە مزگـەوت نیـە، کەدەچمـە دەرەوە زۆر جـار نوێـژی نیـوەرۆم دەفەوتێـت .ئایـا دەبێـت مـن چـی بکەم؟خـوا پاداشـتی خێرتـان بداتـەوە.
وەڵام: نوێـژی نێـوەڕۆو عەسـر لەئەوروپـا بەتایبـەت لەزسـتانەکاندا نێوانیـان زۆر کەمـە هـەر بۆیـە گرنگـە لەبـەر کەمـی نێوانیـان گرنگـی نوێژەکـە خۆیمـان لەبیـر نەباتـەوە، ئەگـەر ڕۆشـتنە دەرەوەو سـەفەرەکە زۆر زەرور نەبـوو بـۆ نوێژەکـە بگەڕێنـەوە وەیـان لـەوێ لەجێگەیەکـدا نوێژەکەتـان بکـەن وەگـەر زۆر ناڕەحـەت بـوو جێگـە دەسـت نەدەکـەوت و ناڕەحەتیـش بـوو بگەڕێنـەوە ئەوسـا لەگـەڵ نوێـژی عەسـردا جەمعـی بکـەن واتـە نوێـژی نیوەڕۆکـە ببـە بـۆ لای عەسـر، خـۆ ئەگـەر ترسـی ئەوەتـان هەبـوو عەسـرەکە بـڕوات ئەوسـا عەسـرەکە بـۆلای نێـوەڕۆ بهێنـن، خـوای گـەورە لێتـان قبـوڵ بـکات.

٢٥٦-پرسیار: ئایا ئـەو فەتـوای مـەلا عومـەر چنگیانـی وەرگریـن کـە دەڵـێ لەگـەڵ سعودیەدا ڕۆژوو بشکێنن؟
وەڵام: بەلامـەوە سـەیر بـوو مامۆسـتا عومـەر چنگیانـی لـە کوردستانەوە فەتوایـەك بـۆ ئێـرە بەریتانیـا دەربـکات! وە لـەوە زیاتریـش بـە ئـەو کەسـانەی کـەوا بـە گوێـی ئـەو فەتـوا بکـەن و گوێـی بـۆ بگـرن کـە لـە ئێـرەن!، لـە مەسـەلەیەکی وەهـا حەساسـدا کـە پەیوەنـدی بـە ڕۆژووی مانگـی ڕەمەزانـەوە هەیـەو ڕووکنێکـە لـە ڕووکنەکانـی ئیسـلام و تەنهـا مانگێکیشـەو دەڕوات، لـە وەهـا جـۆرە فەتوایەکـدا زۆرجـار زۆرکـەس بـە هەڵـەدا دەبـات و دوور نی یـە ڕۆژووەکانیان بشـکێنن و وە خـوای گـەورەش

وەری نەگرێت لێییان و بەسەریاندا بداتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوسا مامۆستا عومەر چنگیانی و ئەوانەی بە گوێیان کردووە بەرانبەری یەکتر بکرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا کە مامۆستای بەڕێز ئەو فەتوات بۆ دا؟ وە ئەی مسوڵمانان ئێوە بۆ بەقسەتان کرد، لەبەر خوا بوو یان لەبەر زگتان؟.

منیش بوو بە مایەی سەرنجم و پرسیارێکی زەق لام بۆ مامۆستای بەڕێز خۆی لە وەها مەسەلەیەك دەدا لە کاتێکدا لیژنەی فەتوای ئەوروپی هەیە لە ئەوروپاو کۆمەڵێك عالم و داعی گەورەو موعتەرەف و ناسراوی جیهانی تێدایەو سیرەی ژیانیان دیارەو کارەکانیان بەرچاوە، ئەی بۆ لە وەها فەتوایەکدا بۆ ئەوانی ناگەڕێننەوە لە کاتێکدا ئەوان خۆیان ئەوروپایان بینووەو تێیدا دەژین و تێیدا بەڕۆژوو دەبن و دیراسەی ووردی کاتەکەیان کردووە، کە ڕۆشتمە سەر پێگەکەی مامۆستا عومەر چنگیانی بینیم ئەویش فەتوایەکی لە جێگەیەکی ترەوە هێناوەو پەیوەندی بە پرۆفیسۆر موستەفا زەڵمیەوە کردووە کە ئەویش ڕای لەسەر ئەوە بووە کە نەك هەر ڕۆژوو بەڵکو نوێژەکەش بەگوێرەی سعودیە بکەن!.

لێرەدا من تەنها ئەوە دەڵێم ئەو فەتوا لە هەر جێگەیەکەوە دەرچووبێت لە جێگەی خۆیدا نی یەو ئەوروپا لیژنەی فەتوای تایبەتی مەوسوقی هەیە کە پشتی پێ ببەسترێت بەتایبەت لەوەها مەسەلەیەکدا، وە سەیری پێگەکەیانم کرد هیچ فەتوایەکی لەو جۆرەی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە ڕۆژوو نوێژەکانتان بە گوێرەی ئەو مزگەوتانە بکەن نزیکتانن.

ئەم فەتوا ئەم نوکتەم دێنێتەوە یاد کە دەڵێن: کابراك لە مەلایەك دەپرسێت مامۆستا ئەگەر من لەماڵەوە نوێژ لەگەڵ سعودیەدا بکەم دەبێت بە گوێرەی تەلەفزیۆنەکە ئەویش پێی دەڵێ بەڵێ دەبێت وە

دەتوانیت عەبای ژنەکەشت بدەیت بەسەر سەلاجەکەداو هەر لەماڵەوە حەجەکەشت بکەیت.
ئەمەش پێگەی لیژنەی فەتوای ئەوروپیە
/https://www.e-cfr.org
ئەمەش ژمارەی تەلەفۆنیانە بەشی بەریتانیا
٠١١٣٢٢٣٠١٥١٤

٢٥٧-پرسیار: ئایا خواکەتان دەتوانێت لە موڵکی خۆی دەرمکات؟ ئەگەر بڵێی بەڵێ کەواتا شوێنێك هەیە کە موڵکی خوا نیە، واتا خوا مالکی موطلەق نیە، ئەگەر بڵێی نەخێر کەواتا خوا ناتوانێت هەموو کارێك بکات، ئەوەش زۆر لە خوایەتی کەمدەکاتەوە.
وەڵام: خوای گەورە دەرفەت بەمرۆڤ دەدات بۆ تاقیکردنەوە تا لەڕۆژی قیامەتدا قسەی نەمێنێت لەسەر هەر کارێکی کە لەدونیادا کردوویەتی، خوای گەورە مرۆڤێکی چاوچنۆك و ڕقاوی نییە کێ بەرکێ لەگەڵ مرۆڤەکاندا بکات و بێ نیازە لەو شتانە.

٢٥٨-پرسیار: بانکی جیهان پاڵپشتی گەنجان دەکات بۆ یارمەتی دانیان بۆ دەست پێکردن بە پرۆژەی تایبەتی خۆت بۆ بەدیهێنانی خەونەکەت، بڕی قە رز لە ٥ ملیون بۆ ٥٠ ملیون دیناری عیراقی. دەدریت بە شێوەی مرابحە،ئایا دەتوانین ئەم پارە کار پێبکەین؟
وەڵام: مورابەحە حەڵاڵە ئەوەیە تۆ پارە لەبانك یان هەرکەسێك وەردەگریت و کاری پێ دەکەیت، ئەوسا لەخێرو شەڕدا بەژداری دەبن، ئەمە ڕێك پێچەوانەی ڕیبایە، ڕیبا بانك یان ئەو کەسەی پارەکەت پێ دەدات قازانجەکەی دیارە بەڵام قازانجی تۆ وەك ئیشکەر دیار، نییە ئەوسا فەقیر زیان دەکات، ئیسلامیش مورابەحەی حەڵاڵ

کـردووەو ڕێبـای حەرامکـردووە، خـوای گـەورە پشـتیوانتان بێـت.

٢٥٩-پرسیار:ئایا مژینی تولّی پیاو حەرامە یان نا؟
وەڵام: هیـچ دەقێـك نییـە ئـەوە حـەرام بـكات، بـەڵام زانـاكان قسـەیان لەسـەر كـردووە كەلەگـەڵ فیطرەتـی پاكـدا ناگونجێـت و شـتێكی جـوان نییـە ، هەشـە دەڵـێ مـادام هیـچ دەقێـك نییـە بـۆ حەرامێتـی ئاسـاییە.

٢٦٠-پرسـیار: چ ئایەتێكـە دەفەرموێـت لـەڕۆژی قیامەتـدا جەسـتەمان قسـەمان لەسـەر دەكـەن و شـاهیدیمان لەسـەر دەدەن؟
وەڵام: بەڵـێ باسـكراوە سـورەتی یـس ئایەتـی ٦٥ (الْيَـوْمَ نَخْتِـمُ عَلَـى أَفْوَاهِهِـمْ وَتُكَلِّمُنَـا أَيْدِيهِـمْ وَتَشْـهَدُ أَرْجُلُهُـمْ بِمَـا كَانُـوا يَكْسِـبُونَ).

٢٦١-پریسار: ئایا سستمی مورابەحە حەڵاڵە؟
وەڵام: موڕابەحـە حەڵاڵـە ئەوەیەتـۆ پـارە لەبانـك یـان هەركەسـێك وەردەگریـت و كاری پـێ دەكەیـت، ئەوسـا لەخێـرو شـەڕدا بـەژداری دەبـن، ئەمـە ڕێـك پێچەوانـەی ڕیبایـە، ڕیبـا بانـگ یـان ئـەو كەسـەی پارەكـەت پـێ دەدات قازانجەكـەی دیـارە بـەڵام قازانجـی تـۆ وەك ئیـش كـەر دیـار، نییـە ئەوسـا فەقیـر زیـان دەكات، ئیسـلامیش موڕابەحـەی حـەڵاڵ كـردووەو ڕێبـای حەرامكـردووە.

٢٦٢-پرسیار: دەمـەوێ ڕای بەڕێـزت لەسـەر چەنـد شـتێك وەرگـرم كـە لای هەندێـك كـەس بـوە بـە حەرامـی موتلـەق، جـاری وەهـاش هەیـە خەڵكـی پـێ ڕەوانـەی نـاو ئاگـر دەكـەن، هەیانـە بەتاوانێكـی گـەورەی دەزانـن..! مـن وەك خـۆم دوای خوێندنـەوەو تێرامانـم بـۆ دەقـەكان، بـە قورئـان و فەرمودە، وای تێگەیشـتووم حـەرام و حـەلال دەبـێ بەدەقـی روون دیاری

بکرێـن نـەك بـە لێکدانـەوەی زانایـەك، کـە خـۆی وای لـێ تێگەیشـتووە.
یەکـەم. ریـش بەردانـەوە، ئـەوەی مـن لێتێگەیشـتووم سـوونەتە، نـەك واجـب، چونکـی زۆر کـەس هـەن دەڵێـن ئاخیـر پێغەمبەرمـان» درودی خـوای لەسـەربێ» وتویەتـی : پێغەمبـەری خـوا (صلی اللە علیـە وسـلم) دەفەرموێـت: « قصـوا الشـوارب وأعفـوا اللحـی خالفـوا المشـرکین « متفـق علیـە.. فەرمـوودەی تـر زۆرە حەتمـەن بەرێـزت ئـاگاداری، مـن کـە دەڵێـم سـوننەتە، واجـب نییـە: یەکـەم. واجـب حوکمـی دیـارە، لێـرە هیـچ فەرمـوودەیەکمـان نییـە سـزای ریـش تاشـین دیاربـکات و حوکمەکـەی دەرخـات، دووەم. کەواجبـە بـۆچی باسـی حەرامـی ریـش تاشـینی نەکـردووە بەسـەریحی..؟ هەیـە دەڵـێ تاشـینی ریـش حەرامـە، بـەڵام ئەگـەر ناچاربـێ ئاسایە! سـەیرە واجـب بێـت و تاشـینی لەکاتی پێویستی ئاسـایبێ! هیـچ زانایـەک نییـە وتبیەتـی نوێـژ نەکـردن لەکاتـی هۆکارێـك ئاسـاییە، دەی خـۆ نوێـژ واجبـە و سـزای دوا رۆژی دیـارە.. هەرچەنـدە قسـە لەسـەر سـزای دونیـای هەیـە.. ئـەو شـتێکی تـرە.. لێـرە قسـەکە ئەوەیـە خێـرە هیـچ زانایـەک نـەی وتـووە نوێـژ ئاسـایە لەبـەر هۆکارێـك..؟ بـەڵام هەیانـە دەڵـێ ریـش تاشـین ئاسـاییە؟ بەرێـزت.. چـۆن لـەو پرسـە گەیشـتووی..؟!
وەڵام: باشـترین و موفەصـەل تریـن کتێـب لەسـەر ڕێـش تـا ئێسـتە نوسـرابێت کتێبـی شـێخ عبـداللە الجدیعـە، زانایەکـی عێراقیـە بەڕەچەڵـەك و ئێسـتە لەژیاندایـەو لەشـاری لیـدز لەبەریتانیـا دادەنیشـێت، کـۆی دەلیلەکانـی هێنـاوەو پۆلێـن و تەخریـج و لێکدانـەوەی بـۆ کـردووەو دەفەرموێـت: کەئیسـلام هـات ڕیـش خـۆی هەبـوو، شـتێك نەبـوو کەخەڵکـی خیلافـی لەسـەر هەبێـت، هەربۆیـە ئیسـلامیش وەك سـونەتێك کەخەڵکـی پێـوەی پابەنـدەو کێشـەی تێـدا نییـە هێڵایـەوە، هەتـا دەڵـێ ئەگـەر ڕۆشـتیتە شـوێنێك و سـونەتی خەڵکـی وەهـا بـوو

ڕیشی بتاشێت نزیکترە لەسونەتەوە کەتۆش ڕیشت بتاشیت، ئەڵبەت حەدیسەکان زۆرەو لێکدانەوەش بۆ ئەو جێگانەی کەپێی دەوترێت، ڕیش لەڕووی لوغەویەوە ڕیش چ جێگەیەك لەدەموچاودا دەگرێتەوە، جا کۆی ئەو فەرمودانەش کەدەری دەخات لەکوێ و کوێ ڕیش لابراوە، ئەنجام دەگاتە ئەوەی شتێك نییە نەکێشەی لەسەر دروست بکرێت و نەئەوەندە زەق بکرێتەوە، بەڵام وەك ئەوەی کەخودی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت ڕیشی هەبووەو وەك سونەتێك بیهێڵیتەوەخەیری تێدایە، بەڵام کورت و لابردنیشی ان شاء الله کێشەی تێدا نییە مەگەر مەبەست و نیەتی خراپ لەو کارەدا هەبێت، واللە‌تعالی اعلم.

دووەم. شەرواڵ کورتکردنەوە، ئەوە زیاتر لای ئەوانە هەڵای ناوەتەوە کە هەڵگری بیری مەدخلین، هەرچەندە هەیانە ئێستا تێگەیشتوون کە ئەوەی ئەوان لێی تێگەیشتوون هەڵەیە، بۆیە من خۆم هەندێکیانم بینیووە ئێستا جار و بار شەروالیان وەك هی من درێژە..! هەشیانە لە کورتییەکەی کەمێك هێناویەتە خوار، بەهەرحاڵ ئەوانە ئازادن بەڵام دەبێ تێبگەن ئەوەش ناکرێ بکرێتە هۆکار بۆ چوونە ناو ئاگر، من دوای خوێندوەیەکی زۆر تێرامان لەو فەرموودانەی باسی شەرواڵ کورتکردنەوە دەکەن، مەبەستیان تەکەبوورە، نەك بەراهای بۆ ناو ئاگربێ، تا فەرموودەمان هەیە دەڵێ ئەگەر تەکەبوری و فیزی لەگەڵ نەبێ.. حەتمەن لەسەر ئەو باسەت خوێندۆتەوە.. بەرێزت، چی لێتێگەیشتووی..؟

وەڵام: مەقسود هەر ئەوەیە کەبەرێزتان خۆتان ئاماژەتان پێ کردووە واللە اعلم، پێم باشە انسانی مسوڵمان ئەم شتە وردو لاوەکیانە تێپەڕێنێت و نەبیکات بەخوی سەری و نەلەسەر بڕوات و کێشەی لەسەر دروست بکات.

سێیەم. موسیقە، ئـەوەی مـن خوێندمبێتەوە لەسـەر موسیقە بـە چەندان لاپەرەیـە، گەیشـتووم بـەو بروایـەی کـە ئەویـش بەرەهـای حـەرام نیـە، بەرێـزت خوێندنـەوەت بـۆ پـرس و باسـی موسـیقە و بەرەهـا حەرامکردنی چیدەلێـی..؟

وەڵام: هەمـان زانـا کـە لەپرسـیاری ڕێشـدا باسـم کـرد کتێبێکـی هەیـە بەنـاوی الموسـيقي والغنـاء فـي ميـزان الإسـلام، بەکورتـی گۆرانـی حوکمـی قسـەکردن وەردەگرێـت باشـی باشـەو خراپـی خراپە، مۆسـیقەش ئالەتێکـە دەتوانرێـت وەك دەم بـۆ هـەردوو هۆکـە بـەکار بێـت.

٢٦٣-پرسیار: ئایە وشەی الایمان لە قورئاندا هاتووە؟

وەڵام: بەڵێ لە زۆر جێگەی قورئاندا هاتووە بۆ نمونە ئەم ئایەتانە

إِنِ اسْـتَحَبُّوا الْكُفْـرَ عَلَـى الْإِيمَـانِ ۚ{٢٣ التوبـة}ۚ أَكْبَـرُ مِـنْ مَقْتِكُـمْ أَنْفُسَـكُمْ إِذْ تُدْعَـوْنَ إِلَـى الْإِيمَـانِ ۚ{١٠ غافـر}ۚ مَـا كُنْـتَ تَـدْرِي مَـا الْكِتَـابُ وَلَا الْإِيمَـانُ وَلَٰكِـنْ جَعَلْنَـاهُ نُـورًا ۚ{٥٢ الشـورى}ۚ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ حَبَّـبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَـانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُـمْ ۚ{٧ الحجـرات}ۚ بِئْـسَ الِاسْـمُ الْفُسُـوقُ بَعْـدَ الْإِيمَـانِ ۚ{١١ الحجـرات}ۚ وَلَٰكِـنْ قُولُـوا أَسْـلَمْنَا وَلَمَّـا يَدْخُـلِ الْإِيمَـانُ فِـي قُلُوبِكُـمْ ۚ{١٤ الحجـرات}ۚ أُولَٰئِـكَ كَتَـبَ فِـي قُلُوبِهِـمُ الْإِيمَـانَ وَأَيَّدَهُـمْ بِـرُوحٍ مِنْـهُ ۚ{٢٢ المجادلـة}ۚ الَّذِيـنَ يُؤْمِنُـونَ بِالْغَيْـبِ وَيُقِيمُـونَ الصَّلَاةَ ۚ{٣ البقـرة}ۚ وَالَّذِيـنَ يُؤْمِنُـونَ بِمَـا أُنْـزِلَ إِلَيْـكَ وَمَـا أُنْـزِلَ مِـنْ قَبْلِـكَ ۚ{٤ البقـرة}ۚ سَـوَاءٌ عَلَيْهِـمْ أَأَنْذَرْتَهُـمْ أَمْ لَـمْ تُنْذِرْهُـمْ لَا يُؤْمِنُـونَ ۚ{٦ البقـرة}ۚ وَمِـنَ النَّـاسِ مَـنْ يَقُـولُ آمَنَّـا بِـاللَّهِ وَبِالْيَـوْمِ الْآخِـرِ ۚ{٨ البقـرة}ۚ آمَنَّـا بِـاللَّهِ وَبِالْيَـوْمِ الْآخِـرِ وَمَـا هُـمْ بِمُؤْمِنِيـنَ ۚ{٨ البقـرة}ۚ يُخَادِعُـونَ اللَّهَ وَالَّذِيـنَ آمَنُـوا وَمَـا يَخْدَعُـونَ إِلَّا أَنْفُسَـهُمْ ۚ{٩ البقـرة}ۚ أَنُؤْمِـنُ كَمَـا آمَـنَ السُّـفَهَاءُ أَلَا إِنَّهُـمْ هُـمُ السُّـفَهَاءُ ۚ{١٣ البقـرة}ۚ وَإِذَا قِيـلَ لَهُـمْ آمِنُـوا كَمَـا آمَـنَ النَّـاسُ قَالُـوا ۚ{١٣ البقـرة}ۚ وَإِذَا قِيـلَ لَهُـمْ آمِنُـوا كَمَـا آمَـنَ النَّـاسُ قَالُـوا أَنُؤْمِـنُ كَمَـا آمَـنَ السُّـفَهَاءُ ۚ{١٣ البقـرة}ۚ قَالُـوا أَنُؤْمِـنُ كَمَـا آمَـنَ السُّـفَهَاءُ

﴿١٣ البقرة﴾ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا ﴿١٤ البقرة﴾ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا ﴿١٤ البقرة﴾ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ ﴿٢٥ البقرة﴾ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ ﴿٢٦ البقرة﴾ وَآمِنُوا بِمَا أَنْزَلْتُ مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ ﴿٤١ البقرة﴾ وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَىٰ لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً ﴿٥٥ البقرة﴾ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ ﴿٦٢ البقرة﴾ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ ﴿٦٢ البقرة﴾

٢٦٤-پرسیار:ئایا پارەی قەرز زەکاتی لێ دەکەوێت، لە کاتێکدا خۆشم قەرزارم؟

وەڵام: وعلیکم السلام برا گیان چەند قەرزداریت وە چەند قەرزت لای خەڵکی لێی دەردەکەیت و چەندی دەمێنێتەوە لەوەندە زەکات دەدەیت بۆ نمونە ١٢ هەزار قەرزاریت ٨ هەزاریش قەرزت هەیە کە قەرزەکەی دەردەکەیت هێشتا ٤ هەزاریش قەرزار دەبیت و زەکات نادەی، قەرز زەکاتی دەکەوێت مەگەر قەرزەکە ئومێدی دانەوەی لاواز بێت ئەوسا دەتوانیت زەکاتی نەدەی تا وەری دەگریتەوە، بە گشتی حسابی بکە ئەگەر قەرزەکانت وەرگریت و قەرزەکانیش بدەیتەوە چەند سافی دەمێنێتەوە زەکات لەو سافیە دەدەی.

٢٦٥-پرسیار:خانویەکم تازە کڕیوە ئایە زەکاتی خانو دەکەوێت؟

وەڵام: ئەگەر خانوەکە بۆ خۆتانەو بۆ قازانج و توجارەت نی یە، ئەوە زەکاتی ناکەوێت، گەر بۆ فرۆشتن داتان ناوەو بۆ مورابەحەیە ئەوە زەکاتی دەکەوێت، بە پێی ڕۆژ کە چەند دەکات لە بازاڕدا حسێب دەکرێت و لە سەدا دوو نیوی لێ دەرکدەرێت.

٢٦٦-پرسیار: ئایا دەتوانن پارەی زەکات بدەین بە مزگەوت کە پێویستی پێیەتی؟
وەڵام: ئەو چینانەی کە زەکاتیان پێ دەچێت هەمووی لەم ئایەتەدا پۆلێن کراوە:
(إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ ۖ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) التوبة: ٦٠
کە بەم شێوەیەن، فەقیر، مسکین، کەسی زەکات کۆکەرەوە، کەسی تازە مسوڵمان، کەسێك بیەوێت خۆی ئازاد بکات، قەرزار، وە لە پێناوی خوای گەوەدا، هەیە مزگەوتەکەی لەو چێنە حسێب کردووە کە لە پێناوی خوای گەورەدایە.

٢٦٧-پرسیار: خوای گەورە نیعمەتێکی بەخشیوە بەژن لە پیاودا نییە، وە نیعمەتێکی بەخشیوە بە پیاو لە ژندا نییە، ئایا جگە لەوەی ژن دایکەو پیاو باوکە هیچی تر هەیە؟
وەڵام: ژیانی مرۆڤ و گشت دروستکراوەکانی تر نیعمەتی خوای گەورەن بۆ گشت مرۆڤایەتی وە تاقیکردنەوەشە بۆیان.
مرۆڤەکان مەرج نی یە هەمووی دایك یان باوك بێت، زۆرێك هەیە دەرفەتی بوون بە دایك یان باوکی بۆ نارەخسێت، وە هەشە خوای گەورە بە جۆرێك خولقی کردووە موساعد نی یە بۆ مومارەسەی دایکایەتی یان باوکایەتی، ئەمەش هەر جۆرێکە لە تاقیکردنەوە.
ئافرەت و پیاو جیاوازی زۆری خولقیان هەیە هەر لە ئەندامی زاوزی و حەوزو حەمل و شیرو سنگ و زۆر شتی تر کە ڕوونە لە ڕوانگە فیزکیەکەوە.
لە ڕووی بەرپرسیاریەتی دینیشەوە ئەرکەکانیان جیاوازەو خوای گەورە

ڕەچاوی ئەو دۆخەی کردووە کە تێیدایە، بۆ نموونە ئافرەت بەهۆی حەیزو نیفاس و ئیستیحازەوە بۆی هەیە نوێژو ڕۆژووش نەکات، لە کاتی حەمل و شیردا زۆر واجباتی تری لەسەر هەڵدەگیرێت. لە ڕووی بەرگەی ژیان و کاری قورسەوە ئەو ئەرکە بە پیاو سپێردراوە.
کورتی و پوختی جیاوازی پیاو لەگەڵ ژندا خولقیە، وە شەرعیش واجباتەکانی بەپێی دۆخەکە دابەش کردووە، بەڵام لە ڕووی ئەجرو پاداشتەوە دەبینین زۆرجار ئافرەت لەشەرعدا فەزڵی بەسەر پیاویشدا دراوە، وەك لە فەرمووده هاتووە بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت سەحابەی دەگەڕاندەوە لە ساحەی جیهاد بۆ ئەوەی کە خزمەتی دایکی بکات و پێی فەرمووە ئەوە جیهادە، وە ئەوەشی کە جیاوازی پیاو ژن زەق دەکاتەوە فکرو ئایدۆلۆژی دونیایە زیاتر.
وە شەرعیش کارەکانی بەشێوەیەك دابەشکردووە لەگەڵ سروشتە خولقیەکەدا بگونجێت، وەك هەڵگرتنی نوێژو ڕۆژوو لەکاتی حەیزو نیفاس و ئیستیحازەدا، بەرپرسیاری بژێوی لەسەر پیاو بەهۆی حەمل و شیرو پەروەردەوە لەلایەن ژنەوە.
ئەوەی کە گرنگە لە سەر مەسەلەی جیاوازی لە ڕوانگەی شەرعەوە جیاوازی بەشێوەیەك لێك نەدراوەتەوە کە یەکێکیان چاکتر بێت لەوی تریان، جیاوازی هەتا خولقیش لەناو هەمان ڕەگەزدا هەیە، وەك ڕەنگ و باڵا، وە ئەو جیاوازیانە هەمووی تایبەتمەندی خۆی تێدایە، لە پەنجەمۆردا یەك پەنجەمۆر لەوی تر ناچێت هەمووی جیاوازە.

**کۆتایی :-**

لەگـەڵ ئەوەشـدا کـەووردەکاری بکرێـت و زۆر پێداگـری بکرێـت لەسـەر سـەرچاوەی ڕاسـت و دروسـت بـۆ وەرگرتنـی وەڵامـەکان بـەڵام هـەر دوور  نییـە وەك عادەتـی مرۆڤـەکان کەلەمەشـدا هەڵەنـەکات بۆیـە هـەر پرسیارێك ڕاست و دروسـت و وەك خـۆی بـوو ئەوەبێ گومـان لای خواوەیـە چونکـە تەنهـا کەسـێکە کەشایسـتەی هەڵـە نییـە و پـاك و بێگـەردو سـافە، وەهـەر پرسـیارێك نەپێکـرا بێـت لـە لایـەن بەندەوەیـە.

## ریزبەندی پرسیارەکان

١-پرسـیار: ئەگـەر پیـاو خێـت بـکات واتـا دەمـو چـاوی هەڵبگرێـت حەرامەیـان نـا؟

٢-پرسـیار: ئایـا ئەگـەر ئیشـەکەت گۆشـتی حەرامـی تیـدا بێـت یـان مەشـروب حەرامەیـان نـا؟

٣-پرسـیار: ئایـا موسـی علیـە السلام داوای کـرد کەخـوا ببینێـت؟ ئایـا خـوای گەورەخـۆی پیشـانی کێـوی طـور دا؟ ئایـا خـوای گەورەپێـی فەرمـوو کەمێکـت لەنـوری خـۆم پیشـان دەدەم بۆیەلهـەۆش خـۆی چـوو؟ تکایـە وەڵام بەبەڵگـەی قورئانـی.

٤-پرسـیار: ئایـا گوێگرتـن لەگۆرانـی ئیسـلامی بەمۆسـیقاوە حەرامـە؟ ئـەی ئایـا گوێگرتـن لەسـروود بەدەفـەوە؟

٥-پرسـیار: مـن ژنەکـەم دەڵێـت دڵـم لێـت شـکاوەو تازەناتوانـم لەگەڵـت بژیـم و منیـش زۆرم خـۆش دەوێـت و پێـم وتـووەداوای چیم لـێ دەکەیت بیکەبـۆت ئەکـەم، بـەڵام ئیسـتیفادەی نیـە، تکایەچـی دۆعایـەك باشـەتا خـوای گەورەئـەم شـەیتانەلەدڵی دەرکات؟

٦-پرسـیار: مـن ٨ هەشـت ساڵەشـووم کـردووەو منداڵـم نابێت،دکتـۆر دەڵێـت منداڵـت نابێـت ئەگـەر کچێـك هەڵبگرمەوەدەسـتنوێژی لەمێردەکـەم دەشـکێت؟ حوکمـی ئەمەچیـە؟

٧-پرسـیار: مـن لەبەریتانیـا دەژیـم لەگـەڵ براکـەم و براژنەکـەم چەنـد جـار دەعوەتـی مەتعەمیـان کـردووم بـەڵام وا تازەبەمـن دەڵێـن کەئـەو گۆشـتانەی بـۆ منیـان داوا کردووەگۆشـتی بـەراز بووە،ئەمەشـیان بەئیهانەوەپـێ ووتـووم هەردووکیان،منیـش بـۆ دڵنیاییـەوە چومەوەبـۆ مەتعەمەکەکاتێـك پرسـیارم کـرد ووتیـان بەڵـێ ئـەو گۆشـتەبەرازە، ئایـا ئێسـتا مـن حەقـی خـۆم نیەکەهەرچیـەك بکـەم بەرامبـەر بەبراکـەم و

براژنەکـەم؟ کەبـرای گەورەشـمە!
٨-پرسـیار: ئایـا کاتێـك کـەڕۆژو دەگریـت و لەخـەودا ئیحتیـلام دەبیـت ڕۆژوەکەبەتـاڵ دەکاتـەوە؟
٩-پرسـیار: مامۆسـتا مـن ئافرەتێکـم و تەمەنـم زۆرەو تـا ئێسـتا شـووم نەکـردوە، وەمـاوەی ١٠سـاڵ کوڕێـك داوای لێکـردم شـووی پێبکـەم بـەڵام مـن ئیسـتیخارەم دەکـردو هیـچ وەڵامێکـی نەدامەوەخـوای گـەورە، وەلەپـاش ئەوکـورەش چەنـد کەسـی تـر داوایـان کردبێتـم ئیسـتیخارەکەم هـەر بێوەڵامـە، ئایـا خـوای گەورەنوێژەکانـی لـێ قبـوڵ نەکـردووم کەوەڵامـم ناداتەوە؟یـان تەفسـیری ئـەو مەسـەلەیەئەبێت چـی بێـت کەتـا ئێسـتاش شـووم نەکـردووە؟
١٠-پرسـیار: منداڵەکەمـان نـاو ناوەلاقەوەبانگیشـمان بەگوێـی دا داوە، بـەڵام ئێسـتا ئەمانەوێـت ناوەکـەی بگۆڕیـن بەناوێکـی تـر، ئایـا ئەبێـت دیسـانەوەبانگ بدەینەوەبەگوێیـدا؟
١١-پرسیار: ئایا بۆینباخ گوناهە؟ خوالیتان ڕازی بیت.
١٢-پرسـیار: ئایـا نومینـەی حاجیـان لـە چیـەوە هاتـووە؟ بومـان ڕوون بکەنـەوە.
١٣-پرسـیار: مـن لەکارگەیەکـی ئەوروپـی ئیـش دەکـەم و لەتەوالێتەکەئـاو نیـە، بۆیـە ناچـارم بەکلێنکـس خـۆم پـاك بکەمـەوە، ئایـا دەتوانـم دەسـت نوێـژ بشـۆم و نوێژەکـەم بکـەم؟
١٤-پرسـیار: مـن مـاوەی ٥ ساڵەقسـەناکەم لەگـەڵ باوکـم، هەوڵـم زۆر داوەبـەڵام ئـەو ئێمـەی ناوێـت و ژنـی تـری هەیـەو دایکـم داوای تـەڵاق دەکات، باوکـم داییـم بوختانـی خـراپ بـۆ مـن دەکات لەکاتێکـدا مـن زۆر بـاش بـووم بـۆ ئـەو، مامۆسـتا مـن زۆر لەباوکـم توڕەبـووم کاتـی خـۆی کەمەشـروبی دەخـواردەوەو کفـری زۆر دەکـردو داییمەداوێـن پیـس بـووە، ئایـا مامۆسـتا گیـان گونـاەم دەگات و خـوای گەورەلێـم خـۆش

دەبێـت کەنێوانمـان ئاوایـە؟
١٥-پرسـیار: هاوڕێکـەم دەڵێـت کەماوەیـەك خاڵـی خـۆی ماچـی ناودەمـی دەکـرد، پاشـان کچەکەبەدایکـی خـۆی گـوت، ئایـا ئـەم کچەگوناەبـار بووەکەتەمەنـی ١٦ سـاڵە؟
١٦-پرسـیار: ئێوەڕاتـان چیـە بەرامبـەر ئەحمەدیـە؟ ئایـا ئەمانەموسـڵمانن یـان چـی؟ ئایـا ئێوەزانیاریتـان هەیەلەسـەریان؟
١٧-پرسـیار: لـەدەرەوەی وواڵتـم و لەگـەڵ کچێـك پەیمانمـان داوەبەیـەك کەبـۆ یـەك بیـن، کچەکـەش لـەدەرەوەی وواڵتەبـەڵام هـەر یەکەمـان لەوواڵتێکیـن، ئێسـتا باوکـی ئـەم کچەتەڵاقـی خواردووەکەئەبێـت کچەکـەی بـدات بەبرازایەکـی خـۆی لەکوردسـتان، دەڵێـت ئەبێـت کچەکـەی بڕواتـەوە بـۆ کوردسـتان، ئایـا مامۆسـتا گیـان چارەسـەر بـۆ مـن و ئـەو کچەچیـە؟ حوکمـی بـەزۆردان بەشووشـمان بـۆ ڕونبکەنـەوە.
١٨-پرسـیار: ئایـا سـەرقفڵانەکەلەدووکاندار وەرئەگیرێـت حەرامەیـان حەڵاڵـە؟
١٩- پرسیار: ئایە حوکمی خورحەتکردن بەدەست چیە؟
٢٠- پرسـیار: مێردەکـەم لەهەمـوو لایەنێکەوەباشـەبەڵام زۆر جنێـو بەخـۆم و ماڵـی دایکـم لەخوشـك و براکانـم ئـەدات، هـەر چـۆن بجوڵێمەوەجنێـو ئـەدات زۆر بێـزار بـووم لەدەسـتی و دوو منداڵمـان هەیـە، ماڵـی دایکیشـی زۆر ڕقیـان لەماڵـی دایکمەبەبـێ هـۆ، مامۆسـتا گیـان چارەسـەرێك.
٢١- پرسـیار: ئایـا مەلەوانگـە بـۆ پیـاو حەرامـەل ەئەوروپـا؟ چونکـە ئافرەتـی تێدایـە، وەمەلەوانگـە نیـە کەئافرەتـی تیـا نەبێـت، ئایـا پیـاو چـی بـکات ئەگـەر حەرامـە؟
٢٢- پرسـیار: ئەگـەر کۆمەڵێـك ئایـەت یـان دۆعـاو حەدیـس بمەوێـت بیانفەوتێنـم، پێویسـتە چیـان لێبکـەم؟ چونکـە تەنهـا مەبەسـتم

ئەوەیەکەنەکەونەشـوێنی خـراپ یـان بـەر پێنەکـەون.
٢٣- پرسـیار: مـاوەی چـوار ساڵە شـوم کـردووەو ژیانمـان زۆر خۆشـەبەڵام دوای چـوار سـاڵ خـوای گـەورەوای کـرد کەسـکم ببێـت، سـکم بـوو بەسێ مانـگ، ئافرەتێـك هـات ووتـی تـۆ سـکت زۆر گەورەیەلەسێ مانـگ ناچێـت کەچـی بـۆ بەیانـی توشـی نەزیـف بـووم و یـەك هەفتەلەخەسـتەخانەکەوتم کەژانـم هـات هـەروەك بڵێیـت منداڵەکـەم نـۆ مانـگ بێـت کاتێـك منداڵـم بـوو سـەیرم کـرد هەمـوو لەشـی دروسـت بووبـوو دکتـۆرەکان پێیـان ووتـم نـاوی بنێ منیـش ناوێکـم دانـێ، ئەوانیـش ووتیـان ئەمەناونیشـانی گۆڕەکەیەتـی دەتوانیـت سـەردانی بکەیـت، ئیتـر لـەو ڕۆژەوەزۆر خەمبـارم و داییـم چاوەکانـم بەفرمێسـکن بـەدەم گوێگرتـن لەقورئانـەوە، زۆر بێـزارم توخـوا هاوکاریـم بکـەن، چـی بکـەم؟
٢٤- پرسـیار: ئایـا مـردن چۆنـەو ژیانـی نـاو گـۆڕ چۆنەوەڕۆحیانەتەکەمـان دەچێـت بـۆ کوێ؟
٢٥- پرسـیار: مـن لەگـەڵ براکـەم دەژیـم و ئەویـش مەشـروب دەخواتـەوە، ئایـا جایزە؟
٢٦- پرسـیار: مـاوەی دوو ساڵەقسـەمان نیەبەیەکەوەلەگـەڵ خزمەکانمانـدا مـن ڕازی نیـم قسـەیان لەگـەڵ بکـەم و ئەوانیـش بەهەمـان شـێوە، بەکـوردی دانومـان بەیەکـەوە ناکولێـت، تکایەئـەم حوکمە چیـە ؟
٢٧- پرسـیار: لەگـەڵ کچێـك پەیوەنـدی هاوڕێیەتیـم هەبـوو بـەڵام لەپـڕ سـکی پـڕ بـوو بۆیەلەبـەر منداڵەکـەم نەمتوانـی وازی لێبێنـم بۆیەئێسـتا لەگـەڵ خـۆم دەژی ئەوەمـاوەی ٧سـاڵە، مـن هەرگیـز بیـرم نەکردبۆوەکەئـەم کچەبهێنـم وەئێسـتاش تەنهـا لەمەحکەمەمـارەم کردووەنـەك بەشـەرعی بـەڵام نـاوی منداڵەکەشـم ناوەبەشـێوەی

شـەرعی ئێسـتا هـەر کاتێـك ئـەم کچـە دەبینـم لەماڵەوەمردنێکەبـۆ مـن، ئایـا وازی لێبهێنـم یـان چـی؟ ئایـا هەتـا زووتـر وازی لـێ بهێنـم باشـتر نیـە؟ تکایەهـاوکاری.

٢٨- پرسـیار: ڕۆژانـە٨ سـەعات لەقەسـابخانە گۆشـتی بـەراز لـەت دەکـەم، ئایـا بۆچـی حەرامەخۆلەقورئانـدا نوسـراوەمەیخۆن و نەنوسراوەدەسـتی لێمـەدەن، خـۆ ئەگـەر لەمەتعەمێکیـش کار بکـەم هـەر ئەبێـت گۆشـتی بـەراز ببرژێنـم و ئامـادەی بکـەم، ئایـا ئەمـەش هـەر حەرامـە؟

٢٩- پرسـیار: مـاوەی ٧ سـاڵەژنم هەیـەو دوو منداڵـم هەیـە، ئـەم ٧ سـاڵەقەت نەهاتومەتەوەکەخـۆی بـۆ جوانکردبـم یـان شـتێکی لـەو جـۆرەوە جیمـاع کردنیشـمان هـەر بـەزۆر بـووەو ئـەو حـەزی لێنـاکات، ئایـا گوناهبـار نابـم کەژنێکـی تـر بهێنـم؟ چونکەلەمەزیاتـر تەحەمـوول ناکـەم.

٣٠- پرسـیار: ئایـا دوا خسـتنی نوێـژ تـا چەنـد ئـەو کەسـەگوناح بـار دەکات؟

٣١- پرسـیار: تاچـەن جایـزە مانـەوە لەئەوروپـا بەمەرجێـك کار نەکاتەسـەر ئیمـان؟ هاتنـم بـۆ بەریتانیـا بـۆ بژێـوی ژیانـم بـوو مـن نوێـژ دەکـەم ئایـا مانـەوەم حەرامـە؟

٣٢- پرسیار: ئایا زەرك لێدان جایزە؟

٣٣- پرسـیار: تکایەبۆمـان ڕوون بکەنەوەجیمـاع کـردن لەکاتـی سـوڕی مانگانـەداو ئـەو ئایەتـەش کەدەفەرموێـت
{ فاعتزلـوا النسـاء فـي المحیـض ولاتقربـوەن} ئایـا نزیـك نەبونەوەتەنها وەك جیمـاع یـان تەمەتوعیـش، وەئایـا ئەگـەر ئافرەتەکەپـاك بۆوەئەتوانـم جیمـاع بکـەم یـان دەبێـت خـۆی بشـوات پێشـتر؟

٣٤- پرسـیار: کوڕێکـم خـۆش دەوێـت و ماڵەوەمـان ڕازی نیـن، ئایەچـی

بکـەم و چارەیەکـم بـۆ بدۆزنـەوە.
٣٥- پرسـیار: کەدەسـت نوێـژ دەشـۆم پاشـەمیزم هەیەیـان میزەچۆڕکـێ، چـی بکەم باشـە؟
٣٦- پرسـیار: زەحمـەت نەبێـت مانـای ئەمانەچین؟مونافیـق و فاسـق و جاەیـل.
٣٧- پرسـیار: ئەگـەر لەژورێکـدا کاری سـەر جێـی بکـەم لەگـەڵ خێزانـم و ئـەو ژوورەش قورئانـی تیایـەو چارەشـمان نیەکـەلای بەیـن، ئایـا گوناهەیـان نـا؟ وەچـی بکەیـن؟
٣٨- پرسـیار: سـزای کەسـێك چیەکەبـەزۆر داوای کچێـك بـکات و بڵێـت ئەگـەر کچەکەتانمـان نەدەنـێ کچەکـەی ترتـان تـەڵاق دەدەیـن؟
٣٩- پرسـیار: ئەگـەر کەسـێك زینـا بـکات و بـە هـۆی ئـەو زینایەوەمنداڵێـك دروسـت ببێـت و پاشـان زیناکـەر تەوبـەی کـردووە، ئایـا تاوانـی زیناکـەری تەوبـەکار چیەکـە منداڵەکـەی بـێ دیـن دەر بچێـت؟
٤٠- پرسـیار: ئەوانـەی کەنوێـژو ڕۆژو دەگـرن و شـوێن کەوتـەی حیزبێکـی عەلمانیـن ئایـا نوێـژ و ڕۆژوویـان قبوڵـە؟
٤١- پرسـیار: ئایـا دەسـت نوێـژ لەخێزانـی خـۆت دەشـکێت یـان نـا؟ ئەگـەر بەمەبەسـت بێـت یـان بـێ مەبەسـت.
٤٢- پرسیار: کاتێک کەزۆر تورەبم کفر دەکەم چارەسەر چیە؟
٤٣- پرسیار: ئایا تۆپی بێ یان فووتبۆڵ حەرامە؟
٤٤- پرسـیار: سـایەقی تەکسـیم و زۆر جـار نەفـەر دەگەیەنـم کەسەرخۆشـەو دەیەوێـت بچێتەوەبـۆ ماڵەوەیـان دەیەوێـت بـڕوات بـۆ خواردنـەوە، هەندێـك جـار خەڵـك دەگەیەنـم کەمەشـروب یـان گۆشـتی بەرازیـان کڕیـوە، ئایـا ئیشـەکەم حەرامەکەبـەردەوام ئـەم حاڵە تە دو با رە دە بێتــە و ە ؟
٤٥- پرسـیار: مـن پانتـۆڵ و عەزێـی زۆر درێـژ لەسـەریەوەلەپێ دەکـەم

ئایا حەرامە؟
٤٦- پرسیار: من لەقوتابخانەم لەئەوروپا، لەوێش نان دەخۆین، ئایا ئەو قاپ و قازانانەی کەئێمەشتی تیا دەخۆین جاری واهەیەئەوروپیەکان بەرازی تیا دەخۆن حوکمی چیە؟
٤٧- پرسیار: ئایا تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەت و کچی نەناس و نامەحرەمدا حوکمی چیە؟
٤٨- پرسیار: ئایا بۆچی پیاو بۆی هەیە لەئافرەت بدات، خۆ ئەگەر ئازاریشی نەیەت بەڵام ئایا ئەمەسوکایەتی نیەبۆ ئافرەتەکە کەهاوسەرو شەریکی ژیانیەتی؟
٤٩- پرسیار: مامۆستای بەڕێز ئایا بەخت بەستن ئەسڵی هەیە؟ چونکەمن تەمەنم بووەبە٣٦ ساڵ و تا ئێستا شووم نەکردووەو دەڵێن بەختت بەسراوە، ئایا ئەگەر ئەم شتەهەیەدەتوانن ئایەتێک یان شتێکم پێ بڵێن کەئەم بەخت بەستنەبەتاڵ بکاتەوە؟ لاپەڕە
٥٠- پرسیار: من سیکیوریتیم لەمارکێتێکدا و زۆر جار خەڵک دەگرم کەمەشرووب دەدزن و تەسلیمی پۆلیس دەکرێت، ئایا گوناەبارم کەهەندێك جار سجن دەکرێن بە هۆی منەوەو دزیەکەش مەشروبە؟ لەکاتێکدا کەتەسلیمی پۆلیسیان دەکەم ئیمزاش دەکەم کەئامادەم لەمەحکەمەشاەیدی بدەم کەئەم کەسەدزی کردووە؟
٥١- پرسیار: ئایا درێژ کردنەوەی قژ و باریك کردنەوەی قەنافس حەرامەیان نا؟
٥٢- پرسیار: مامۆستا گیان من گوناە دەکەم و لەپاش گوناهەکەپەشیمان دەبمەوە، کەچی پاش چەند ڕۆژێك دەچمەوەسەر هەمان گوناە، تکایەچارەیەك و پێم بڵێن کەخوا لێم خۆش دەبێت؟
- پرسیار: ئەگەر کەسیك بیەویت زەواج نەکات ئایا حەرامە؟
- پرسیار: لەئەوروپا دەژیم لەکۆبونەوەو دەعوەتەکانی زانکۆکەمان

زۆر جـار لەبارەکاندایە،ئایـا مـن گوناهبـارم؟
٥٥- پرسـیار: ئێمەچێشـت خانەیەکمـان هەیـەو گۆشـتی بەرازیـش دەفرۆشـین ئایـا پارەکەمـان حەرامەیـان نـا؟ چونکەژیانـی ئێمەلەسـەر ئـەو کارەیـەو ئەگـەر ئـەو ئیشـەنەکەین لەوەدەترسـم منداڵەکانـم هەریەکەبچنـەلای کەسـێکی تـر ئیـش بکـەن و لەدەسـتم دەربچـن.
٥٦- پرسیار: ئایا لابردنی مووی ڕومەت حەرامە؟
٥٧- پرسیار: ئایا جوانکاری کەپوو یان لووت جایزە؟
٥٨- پرسـیار: ئایـا قـاچ خسـتنە سـەر قـاچ لـە کاتـی دانیشـتندا جائیـزە یـان نـا؟
٥٩- پرسـیار: ئایـا ئـەو پیـاوەی کەخـوی ئەزانێـت منالـی نابێـت و کەمـو کـوڕی هەیەئەبێـت ئەمیـش ژن بهێنێـت یاخـود ئاموژگاریتـان چـی یـە؟
٦٠- پرسـیار: ئایـا غوسـڵ دەرکـردن چۆنـەو چـی بکـەم چونکەمـن نازانـم چۆنـە؟
٦١- پرسـیار: ئایـا کەغوسـڵم دەرکـرد دەبێـت نینۆکـم بۆیـەی پێوەبێـت؟ ئایـا کونەکانـی گوێـم ئاسـاییەکەلەکاتی غوسـڵ دەرکـردن گـوارەم لەگوێـدا بێـت؟
٦٢- پرسـیار: مـن کاتێـك کەلەکچەکـەم تورەدەبـم زۆر بـەدڵ دۆعـای لێدەکـەم، ئایـا ئەمەدروسـتە؟
٦٣- پرسـیار: مامۆسـتا هەندێـك کـەس لـەو وولاتانەکەدەمـرن دەسـوتێنرێت و دەکرێـن بەخۆڵەمێـش و دەخرێنەدەریاوەیـان بەبـادا دەدرێـن، یـان ئەوانـەی کەقەبریـان بەنسـیب نابێـت بـۆ نمونەلەدەریـادا دەخنکێـن و وون دەبـن، ئایـا ئەمانەسـزای قەبریـان چۆنـە؟
٦٤- پرسیار: من حیجابـم دەکرێـت لەجیاتـی لەچـك، کڵاوو ملپێـچ بـەکار بهێنـم کـە هیـچ شـوێنێکم دیـار نەبێـت؟
٦٥- پرسـیار: ئایـا حیزبایەتـی لەئیسـلامدا دروسـتەیان نـا؟ تکایـە

بەبەڵگـەی قورئـان و سـوننەت وەڵاممـان بدەنـەوە، وەئەگـەر ووتـەی زانایانیـش هەبێـت باشـترە.

٦٦- پرسـیار: ئایـا جائیـزەدوو کـچ یـان دوو خوشـك لەژێـر یـەك بەتانیـدا ڕاکشێن یـان بخـەون؟

٦٧- پرسـیار: مـن کـە لەخەومـدا ئیحتیـلام یـان شـەیتانی دەبـم کەهەڵدەسـتم لەخـەو تـەڕ نەبـووم، ئایـا غوسـڵم لەسـەرە؟

٦٨- پرسیار: ئایا ڕەجم کردنی شەیتان لەحەجدا لەچیەوەهاتووە؟

٦٩- پرسـیار: ئایـا چ دۆعایـەك باشـەبۆ ئـەو کەسـانەی کەئەمەلـی ژیانیـان نەمـاوە؟ لاپـەڕە ٥٧

٧٠- پرسـیار: مـن مێردەکـەم نوێـژ نـاکات و منداڵەکانیشـم بـەزۆر دەیکـەن، ئەگـەر پێیـان نەڵێـم بیکـەن ئەوەهـەر نایکـەن، ئایـا چ بکـەم و تـا چەنـد گونـاە بـارم؟

٧١- پرسیار: ئایا سەیر کردنی سایت و فلیمەرووتەکان حەرامە؟

٧٢- پرسیار: ئەگەر لەنوێژدا تەلەفۆنم بۆ کرا چی بکەم؟

٧٣- پرسـیار: ئاگـەر ئافـرەت لەکاتـی نوێـژدا قاچـی دەرکـەوت نوێژەکـەی دروستە؟

٧٤- پرسـیار: ئایـا دروسـتەکەمن کارێکـی باشـم کردبێـت، بڵێـم خوایەحەقـی ئـەو کارە کەکردومـە تـۆش فڵانـەکارم بـۆ بکـە؟ ئەگـەر دروسـتەئەتوانیت چەنـد داوای لێبکەیـت؟

٧٥- پرسـیار: مامۆسـتا کەسـانێك هـەن بەنـاوی هاوڕێیەتیەوەشـەوو ڕۆژ بەتەلەفـۆن قسـەدەکەن لەگـەڵ نامەحرەمـدا و ئارەزووەکانـی خۆیـان تێردەکـەن و خۆیـان ڕەحـەت دەکـەن، ئایـا ئـەم جۆرەکەسانەسـزایان چیـەو هەروەهـا چـۆن ئـەم کارەوازلێبهێنـن؟

٧٦- پرسـیار: ئایـا یەکـەم پرسـیار لەکاتـی مـردن چیـەو شـێوازەکەی چۆنـە؟

٧٧- پرسیار: من خوێندکارم لەدەرەوەی وڵات سەعات ٢ تا ٤ی ئێوارەموحازەرەم هەیەو کاتێك تەواو دەبم نوێژی عەسر نامێنێت، ئایا دەتوانم نوێژی عەسر بەجەمع تەقدیم بهێنم بۆ لای نیوەڕۆ؟ وەچۆن؟ وە نوێژی هەینی دەتوانم نوێژی عەسر بهێنم بۆ لای نوێژی نیوەڕۆ؟ واتا لەپاش جومعە؟ وەچۆن؟

٧٨- پرسیار: ئایا مامۆستا سەیر کردنی فیلمی بیانی حەرامە؟

٧٩- پرسیار: من زۆر حەزم لەنینۆك بۆیەکردن و چاو ڕشتنە، ئایا حەرامەیان نا؟

٨٠- پرسیار: ئایا ژنێك لەحەیزو بێ نوێژیدا بچێتەمزگەوت، حەرامەیان نا؟

٨١- پرسیار: ئایا ڕیبا حەڵالەیان حەڕامە؟ واتا قەرزکردن کەلەپاشان فایزی دەچێتە سەر، وە ئایا لەچی ئایەت و حەدیسێکدا باس کراوە؟ ئەتوانن بۆمان بنوسن؟

٨٢- پرسیار: مامۆستا گیان من ماوەی ٢ مانگەنوێژ دەکەم، بەڵام لەکاتی نوێژدا کوفر دێت بەدڵمدا، زۆر دەپاڕێمەوەکەئەم شتەنەمێنێت بەڵام ئەم کوفرەهەر دێت، ئایا چارەسەری من چیە؟

٨٣- پرسیار: مامۆستا ئایا لا نەبردنی مووی دەوری عەورەت کار ناکاتەسەر قبوڵ بوونی نوێژ؟ چونکەبیستومەکەنابێت لە٤٠ شەو کۆنتر بن ئەو مووانە.

٨٤- پرسیار: من ئافرەتیکی باڵا پۆش نیم و جلی خراپیشم لەبەر دەکرد بەڵام خەوێکم بینی لەدوای ئەو خەوەجل و بەرگم باشەو خۆم داپۆشیوە بەڵام لەچك ناکەم، مامۆستا من خەوێکم بینی نزیکەی مانگێکەخەونەکەناخۆش نەبوو بەڵام کەخەبەرم بۆوەهەموو شتێکم لا گۆڕاو ماوەی ٢ هەفتەش نەچومەوە بۆ مەکتەب و نانیشم بۆ نەدەخورا.. وەمن زۆر لەمردن دەترسم.. مامۆستا گیان تکایەئێستا

بـەردەوام دڵـم تەنگـەو بـێ تاقەتـم وەڵـە هیچیشـم کەمـم نیـەو شـووم کـردوەو منداڵێکیشـم هەیـە.. تکایەچارەسـەرێکم بـۆ بدۆزنـەوە.
٨٥- پرسـیار: مامۆسـتا مـن دوو مۆبایـل تەوقیـت دەکـەم بـۆ نوێـژی بەیانـی بـەڵام خـەوم ئەوەندەقورسـەخەبەرم نابێتـەوە، ناچـار ٢ ڕۆژ نەخەوتـم تـا نوێـژی بەیانـم دەکـرد، بـەڵام زۆر مانـدوو دەبـووم مێشـکم چونکەبـەڕۆژ ئیـش دەکـەم، والله والله بەئەنقەسـت نیەبـەڵام خـەوم قورسـە، تکایەڕێـگا چارەیـەك.
٨٦- پرسـیار: مامۆسـتا بەخێوکردنـی خوشـك و بـرا لەسـەر یـەك واجبەیـان نـا؟
٨٧- پرسـیار: مامۆسـتا مـن پێـش ئـەوەی کەژنەکـەم مارەبکـەم منداڵێکمـان بـوو، بـەڵام ئێسـتا لەخـوا بەزیـاد بێـت هەردوکمـان نوێـژ دەکەیـن، ئایـا خـوای گـەورە لەگوناەمـان خـۆش دەبێـت؟
٨٨- پرسـیار: ئەگـەر کەسـێك غوسـڵی دەرکـرد، ئایـا پێویستەکەسـەرو لەشـی تـەڕ بـکات؟ یـان هـەر لەشـی؟
٨٩- پرسـیار: مـن کـوڕم و ژنـم نیەبـەڵام حـەز بەتێکەڵـی کـوڕوکال دەکـەم، تاچەنـد گوناەبـارم؟
٩٠- پرسـیار: مـن تەمەنـم ٢٠ سـاڵەو دەرچـوی بەشـی سـاڵۆنم، ئایـا ئیشـەکەم حەرامەیـان حـەڵاڵ، واتـا ئیـش کـردن لەسـاڵۆن و حەلاقـە، چونکەمـن گـوێ دەدەم بەحـەرام و حـەڵاڵ.
٩١- پرسـیار: ئەگـەر لەبـازار سـەگێك بـەر جـل و بەرگەکـەت بکەوێـت ئایـا جـل و بەرگەکـەم پیـس بـووە؟ وەچـۆن دەشـۆردرێت؟ هـەروەك جلـی ئاسایی یـان شـێوەی تـر؟
٩٢- پرسـیار: مامۆسـتا گیـان لەئیشـەکەم بـە هـۆی منەوەکچێـك موسـڵمان بـووەو پێـم ووتوەکەلەبـەر مـن موسـڵمان نەبێـت و لەبـەر خـوا موسـڵمان ببێـت، ئێسـتا موسـڵمانەو ئەیەوێـت بیهێنـم و منیـش

پێم خۆشە، بەڵام لەپاشەڕۆژ دەترسم کەبەیەکەوەنەگونجێین، تکایەئامۆژگاریەکم بکەن.
٩٣- پرسیار: من هەموو ساڵێك لەدوای یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بەڕۆژوو بووم لەجیاتی قەرزو بۆ شەشەڵانیش واتا نیەتی هەردوکیانم هەبووەبەیەکەوە، ئایا شتێکی باشم کردووە؟ ئەگەر نا ئایا ڕۆژەقەرزەکانی پێشووم ئەگەر قبووڵ نەبوەدەبێت بیان گرمەوە؟
٩٤- پرسیار: ئایا سڵاوات بەتەسبیح جایزەیان نا؟
٩٥- پرسیار: ئایا چاتکردن لەگەڵ هاوڕێکانم کەباسی شتی ناشەرعی ناکەین جایزە؟ واتا هەر قسەدەکەین.
٩٦- پرسیار: بەڕێزان من ئیشی سپی دەکەم لەمەخزەنێك و عەقدەکەم بۆ ٤ مانگەو مەخزەنەکە١٠٠٠ جۆر شتی تێدایەو یەکێك لەو شتانەمەشروبە، وەمەشروبەکە هەموو ڕۆژێك نیە، و ڕێژەشی زۆر نیەلەسەدا یەك یان دووە، ئایا ئەمەتا چەندێك حەڵالە؟
٩٧- پرسیار: ئەگەر کەسێك جادووی لێکرابێت و بە هۆی ئەو جادووەوەبێ ڕێزی بەرامبەر بەدایك و باوکی کردبێت، ئایا گوناەبارە؟
٩٨-پرسیار: ئایا خواردنەوەی تایگەر tige-: plus pwer کەجۆرە خواردنەوەیەکی طاقەیە حەرامەیان حەڵاڵە؟
٩٩- پرسیار: بەڕێزان من خێزانەکەم مەسیحی بوو لەڕێی منەوەموسڵمان بووەئایا تا چەندێك خێرم گەیشتووە؟
١٠٠- پرسیار: لوتەوانەیان لەکونێك زیاتر بکەی لەگوێدا ئایا گوناهە؟خوا لیتان ڕازی بیت.
١٠١- پرسیار: مامۆستا من لەغوسڵ دەرکردن زۆرم پێدەچێت و پێم

وایەپـاك نابمـەوە، تكایەهاوكاریـم بكـەن. لاپـەڕە ٧٨
١٠٢- پرسـیار: مامۆسـتا ئەگـەر پیـاو لەكۆمەوەلەگـەڵ خێزانـی جـووت بێـت تەڵاقـی دەكەوێـت؟ لاپـەڕە ٧٩
١٠٣- پرسـیار: ئایـا پێغەمبەرصلـی الله علیـه وسـلم جیـاوازی كردووەلەنێـوان خێزانەكانیـدا؟ واتـا ئایـا مەیلـی زیاتـر بووەبـۆ خێزانـی بچوكـی، وە ئایـا لەیـەك كاتـدا لـە٤ ژن زیاتـری هەبـووە؟ لاپـەڕە ٧٩
١٠٤- پرسـیار: ئایـا نوێـژ قبوڵەگـەر قسـەلەگەڵ خزمەكانـت نەكەیـت؟ لاپـەڕە ٨٠
١٠٥- پرسـیار: ئـــــایا شـیعەو سـونە چـۆن سـەری هەڵـداوە؟ وەجیاوازیـان چییـە؟
١٠٦- پرسـیار: مـــە رجـــە ئـــــەو كەسـەی كەئیسـلام بـێ ئەبێـت حافـظ قورئـان بـێ؟ مـن هەوڵـم داوەببـم بەحافـظ قورئـان بـەڵام دایـك و باوكـم ناڕایـن لەسـەر ئـەو كارەئایـا گونـاح بـار دەبـم؟
١٠٧- پرسـیار: ئایـا دروسـتە داوا لەمـردوو بكەیـت یـان بیكەیتـە واسـتە لەنێـوان خـۆت و خـوادا؟
١٠٨- پرسـیار: ئایـا ئـەو شـیرەی یـان ئـەو ژەكـەی مەمكـی ئافـرەت كەبەجلەوەدەلكێـت ئایـا نوێـژی دروسـتە؟ واتـا جلەكەدەتوانیـن نوێـژی پێوە بكەیـن؟
١٠٩- پرسـیار: لەدوكانـی پیزاكانـی بەریتانیـا گۆشـتی قـەل بەبـەراز دەدەن، واتـا لای مشـتەریەكان دەڵێـن بـەرازەو ئـەم حەڵالەحـەرام دەكـەن، ئایـا ئەمانەگوناەبـارن؟
١١٠- پرسـیار: مـن ٥ بـرام لەژیانەماوەبەخۆمـۆ لەگـەڵ ٢ خوشـك+دایكم. ئیمەلـە١٩٨٦ باوكمـان ئەمـری خـوای كردووەئـەو كاتەبەپێـی شـەرع ماڵمـان بـەش كردووەبـۆ ئـەوەی هـەر كـەس هامشـۆمان بـكات شـتمان بخـوات نەڵێـت حەرامەئیتـر نازانـم تـا چەنـد ئەمەدروسـتە؟. مـن و ٢

برای ترم لەگەڵ خوشکێکم تەمەنمان لەخوار ١٨ ساڵۆ بوو کەبراکەم چووەژێر باری هەڵ گرتنی بەشی ئیمەکەلەبیرمەیەکێ ٤٧٠ دینارمان بەر کەوت بەڵام ئیستا برا گەورەکەم کەکاتی خۆی خاوەنی ماڵو مناڵ بوو لێمان جیا بوو ١٩٩٦ ئەمری خوای کردووەئیستا خیزان و مناڵەکانی داوای بەشی میرات دەکەن،ئەو کاتەش ئەو گەردنی ئیمەی ئازاد کردووەلەو ماڵەئایا هیچ شتێکی لەو ماڵەدەکەویت. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەمن و برایەکم لەئەورپاین. وەئەو ٣ براکەم ژنیان هیناوەلەسەر ماڵن وەخوشکەکەشم شووی کردووە.بەڵام ئیستا حاڵ و ماڵمان باشەخراپ نیەتەنها من و ئەو برای ترم کەلەئەوروپایەکەم دەرامەتین و خاوەن ماڵ و مناڵین. لاپەڕە ٨٤

١١١- پرسیار: من ژنەکەم هەر بەزۆر لەسلێمانی و لەئەوروپا تڵاقی لێ وەرگرتم وەئێستەپێنج شەش مانگی بەسەردا چووە، ئێستە دەمانەوێت ڕێ بکەوینەوە، جا ئایەدەتوانین لەڕێگەی شەرعەوە وەیان نابێت؟

١١٢- پرسیار: ئایە فیدیە واتا هی ئەو ڕۆژانەی کە لە ڕەمەزاندا نەگیراوە بە پارە ئەی قەبڵێنی ئەتوانی دوای ڕەمەزان بییەی، وە هەر ڕۆژێك بە چەند ئەقەبڵێنرێت بە دۆلار.

١١٣- پرسیار: من کچێکم خۆش دەوێت بەڵام نازانم چۆن پێی بڵێم وەئایا باشترین ڕێگەبۆ من چی یەو چۆن پێی بڵێم؟

١١٤- پرسیار: ئەگەر بکرێت پێناسەی[الاعراف] خوا خێرتان بنوست.

١١٥- پرسیار: دراوسێیەکم هەیە کوردە ٧ساڵە پاسپۆرتی نیە محامیەکەی پێی وتووە ئەگەر ببیت بە مەسیحی واتا بە کریستیان وەری ئەگری، ئەو کچەش ئەڵی ئەگەر بە دڵ نەبم بەس بۆ پاسپۆرت ئایە گوناەە یان نا؟ ئەو کچە نوێژیش ئەکات و بەرۆژوش ئەبێت.

١١٦-پرسیار: هاوڕێیەکم میردەکەی لە گەڵی شەڕێکی گەورەی بووە

لەو کەتەدا لە خەستەخانە بووە لای منداڵەکەی کە زۆر هیلاك بووە. وە مێردەکەشی مەشروبی خواردووە سەرخۆش بووە ژنەکەش وتوویەتی بە تەڵاقم ئەویش وتویەتی ٣بە ٣ تەڵاقم کەوتبێ وەدوای ئەوە ئاشت بوونەتەوە لای یەك ئەژین جا نازانن ئایە تەلاقی کەوتووە یان نا.

١١٧-پرسیار: لەبارەی فرۆشتنی جوابی ژنهێنان بۆ نمونەئەگەر کەسێك نەیەوێت ژن بێنێتەئەوروپا ئەوا ژن بۆ کەسێکی تر بێنێت لەسەر ناوی خۆی بەمەبلەغێك پارەجگەلەو تەفاصیلەکەوا لەڕاستیدا ژنی خۆی نیەئێوەش زانیاریتان هەیەلەم بارەیەوەئینجا ئایا لەڕووی شەرعەوەجائیزەیان نا.

١١٨-پرسیار: ئەگەر خەتمی قورئانی پیرۆز بە کوردی بکەم ئەبێت یان نا من چەند جارێك بە عەرەبی کردوومە حەز ئەکەم بەکوردی بیکەم بۆ ئەوەی جوان تر تیبگەم ئەو قورئانەی لای منە لە سلیمانی کریومە لە سالی ٢٠٠٠ لەلایەن بەریزان مەلا محەمەد ساڵح ئیبراەیم وە سەید محەمەد موسەوی تەرجومە کراوە لە ئیران وا لە سەری نوسراوە واتا ئەمەویت تەنها کوردیەکەی بخوینمەوەو خەتمی بکەم ئەبیت زۆر سوپاستان ئەکەم.

١١٩-پرسیار: من مامێکم هەبوو هیچ منداڵی نەبوو وەدووساڵ لەمەو بەر عەمری خوای کرد، ئینجا من ئەمەوێ قوربانی بۆ بکەم ئایا پێی ئەگات؟ من بەدەم گوتومەکەبەنیازم قوربانی بکەم واتەهەر بەنییەت نەم گوتووەئایا چی پێویستەبیکەم؟

١٢٠-پرسیار: ڕۆژووی نۆمینەی حاجیان ناوی ئەتوانی قەرزی لێ بێنی یان لە جیاتی قەرز ناگیرێ، بۆ نمونە من ئەمەوێ لە جیاتی قەرز دای نێم ئەبێت یان نا؟ یان هەرئەبیت وەکو خێر بیگری، وە ئەبیت هەر نۆ ڕۆژەکە بگری یان بە ڕەخبەتی خۆتە. واتا وەکو شەشەڵان

کە لە دوای ڕەمـەزان دێـت.
١٢١-پرسـیار: هەندێـك پـارەم هەیـەو سـاڵی بەسـەردا چـووەو گەشـتۆتەحەدی نیسـاب، وەهەندێـك پارەشـم قـەرزەلای خەڵـك ئایەزەکاتـی چـۆن بـدەم ئـەوەی کەقـەرزە؟
١٢٢-پرسیار: ئایە شیعری دڵداری دروستە؟
١٢٣-پرسیار: ئایە بە چ مروف کافر دەبێت؟
١٢٤-پرسیار: ئایە نوێژی وتر واجبە؟
١٢٥-پرسیار: ئایەجگەرەحەرامە؟
١٢٦-پرسیار: ئایەدروستەبڕوانامەی ساختەبەکار بێنم؟
١٢٧-پرسـیار: ئایەجیـل دان لەسـەر دروسـتە؟ ئایەوێنـەی دارو درەخـت دروسـت کـردن دروسـتە؟
١٢٨-پرسـیار: مامەڵەکـردن لەگـەڵ بەنکـدا چۆنەکەوەرەقەیـەك بە١٢٠٠٠٠هـەزار دەخەملێنێـت؟
١٢٩-پرسیار: ئایەفایتحەئەچێ بۆ مردووو؟
١٣٠-پرسـیار: ئایـا حوکمـی بەکارهێنانـی سـەعاتی بەئاڵتـون زەرد کـراو چـی یـە؟
١٣١-پرسـیار: گومانـم بـۆ دروسـت بووەلەسـەر بەشـی ئافـرەت و پیـاو لەئیسـلامدا تکایەڕێنمونـی؟
١٣٢-پرسیار: حوکمی بڕوا بوون بەبورجەکان چی یە؟
١٣٣--پرسیار: خێزانم زۆر تووڕەیەدەمەوێت تەڵاقی بدەم.
١٣٤-پرسـیار: ئەگـەر کەسـێك تۆزێـك پشـتی بئێشـێت دەتوانێـت تەیەمـوم بـکات لەبـری دەسـت نوێـژ؟
١٣٥-پرسـیار: ئایـا گۆرانـی وەیـان سـرود حەڵاڵەیـان حەرامـە؟ وەئایـا سـزاکەی چەنـدە؟
١٣٦-پرسیار: ئایا ئەو خواردنانەی کە E٤٧١ یایە حەڵاڵە یان حەرامە؟

١٣٧-پرسیار: ئایا شەترەنج و مۆسیقا حەڵاڵەیان حەرامە؟
١٣٨-پرسیار: ئایا مزگەوتێك قەبری تێدا بێت دروستەنوێژی تێدا بکەین بەڵام دیوار لەنیوانیاندا هەیە؟
١٣٩-پرسیار: ئایا ڕاستەدەڵێن هەموو کەس هەر عەزاب دە درێت ئەوسا دەچێتە بەهەشت؟
١٤٠-پرسیار: ئایا کەسێك لەخەو هەستاو بینی تەڕ بووەبەڵام نەیزانی مە نییە یان میز دەبێت خۆی بشوات؟
١٤١-پرسیار: لەبەرکردنی کام ڕەنك بۆ پیاو و ژن حەرامە؟
١٤٢-پرسیار: ئەو شتە هەیە کە ئەگەر جلت بە پێچەوانەوەلەبەرکرد دوعا بکەی باشە؟
١٤٣-پرسیار: ئایا سمێڵ تاشین گوناهە؟
١٤٤-پرسیار: سەکسوك حەڵاڵە یان نا؟
١٤٥-پرسیار:ئایا ڕاگرتنی سەك دروستەلەماڵەوەیان نا؟
١٤٦-پرسیار: ئایا موعامەلەکردن لەکڕین و فرۆشتندا دروستە؟
١٤٧-پرسیار: ئایا نەعل ڕووی لەئاسمان بێت تاوانە؟
١٤٨-پرسیار:سلاوتان لێبێت ئایا کرین و فرۆشتنی گوڵ دروستەلەکاتێکدا گوڵ و گوڵزار بەگشتی سروشتی و دروستکراوی خوایە؟
١٤٩-پرسیار: ئایا حەرامەمرۆڤ یاری بلیارد لەمالەوەدابنێت؟
١٥٠-پرسیار: لەفینلەندا کاتەکانی نوێژ دەگۆڕێ، جاری وا هەیەکەنوێژی خەوتنان و بەیا نییە ك یان دوو کاتژمێری فەرقە، ئایا دەتوانین نوێژی خەوتنان بخەینەپێشەوەوەبەگشتی حوکمی دەستکاری کاتەکان چیە؟
١٥١-پرسیار: ئایە کەراهەت فەرقی چی یە؟ لەگەڵ مەکروهە؟
١٥٢-پرسیار: ئایەسەیرکردنی زنجیرەفیلمی حەزرەتی یوسف

دروستە؟
١٥٣-پرسیار:حوکمی  اسلام له سه ر زەکاتی پێش وەخت؟
١٥٤-پرسیار: شوەکەم دوای شوکردم پێی دەستی بەخواردنەوەکرد چی بکەم؟
١٥٥-پرسیار: خانوو گرتن بەڕهەن گوناحەیان نا؟ بۆم ڕوون بکەنەوە؟
١٥٦-پرسیار: ئایەبیدعەی حەسەنەهەیە؟
١٥٧-پرسیار: ئایەسەید لێپرسینەوەی هەیە؟
١٥٨-پرسیار: لەمووچەی خۆم یارمەتی ماڵی باوکم دەدەم ئەوەلەسەرم فەرزەوەیان بەخێر بۆم ئەنوسرێت؟
١٥٩-پرسیار: لوتەوانەیان لەکونێ زیاتر بکەی لەگوێدا ئایا گوناهە؟
١٦٠-پرسیار: ڕێنمونیم دەوێت لەسەر ژن هێنان ماڵەوەمان هاوکاریم ناکەن؟
١٦١-پرسیار: ئایەچێژ وەرگرتنم لەئەندامەکانی خێزان لەکاتی سوڕی مانگانەدا دروستە؟
١٦٢-پرسیار: دانانی هەیکەل لەماڵدا دروستەیان نە؟
١٦٣-پرسیار: ئایا دوعای قنوتی بەیانیان هەیەبان نا؟
١٦٤-پرسیار: ئایەپەنجەجولاندن لەکاتی نوێژدا هەیە؟
١٦٥-پرسیار: ئایا دیاری وەرگرتن و خواردنی شیرینی بۆنە ئاینیە مەسیحیەکان  دروستە؟
١٦٦-پرسیار: ئایا دەبێت لەکاتی دوعا کردندا دەستمان بەرز بکەینەوە؟
١٦٧-پرسیار: ئایەوەرزش چاك و خراپی هەیە؟
١٦٨-پرسیار: ئایا زیو بۆ ئافرەت حەرامە؟
١٦٩-پرسیار: ئایا لەناچاریدا نوێژ لەسەر کورسی کردن دروستە؟
١٧٠-پرسیار: ئەرزەم هەیەو ساڵی بەسەردا چووەو نەمکردووەبەخانوو ئایەزەکاتی دەکەوێت؟

١٧١-پرسيار: خوێن گرتنى كافر بۆ مسوڵمان دروستەيان نا؟
١٧٢-پرسيار: هێنانى زێڕ بەقيست دروستەيان نا؟
١٧٣-پرسـيار: ئايـا قورئـان هەمـوو شـتى تێدايەكەپێويسـتمان بەشـتى تـر نەبێـت؟
١٧٤-پرسيار: ئايا خەتەنە كردن لە ئيسلام فەرزە يان سوونەت؟
١٧٥-پرسـيار: ئايـا پێـش بانگـەوازى ئيسـلام عـەرەب منداڵەكانيـان خەتەنـە دە كـرد؟
١٧٦-پرسـيار: ئايـا پێغەمبەرصلـى الله عليـە وسـلم خەتەنـە كرابـوو يـان نـا؟
١٧٧-پرسيار: بەكارهێنانى كرێديت كارد حەڵاڵەيان حەرامە؟
١٧٨-پرسيار: ئايا خواردنى گۆشتى حوشتر دەستنوێژ دەشكێنێت؟
١٧٩-پرسـيار:لە نوێـژدا هەڵـە دەكـەم و توشـى دڵـە ڕاوكـێ دەبـم و بـەدواى چـارەدا دەگەڕێـم.
١٨٠-پرسيار: من حەلاقم ئايا دروستە بۆم برۆى خەڵك لابەرم؟
١٨١-پرسـيار: ئايـە لـە جەژنـان واجبـە بـە دەنگـى بـەرز سـورەتى الرحمـان بخوێندرێـت لـە مزكەوتـەكان.
١٨٢-پرسيار: ئايە گچكەترين كوناه چيە.
١٨٣-پرسـيار: ئايـە كوناهەبچيـە سـەر قەبـرى كەسێك بڵێـى خوايـە لەبـەر خاتـرى ئـەو لێـم خۆشـبە.
١٨٤-پرسيار: ئايە بەخت هەيە؟
١٨٥-پرسيار: ئايە يارى ئوكەى حەرامەيان حەڵاڵە؟
١٨٦-پرسيار: ئايا ڕاگرتنى بەراز حەرامە يان حەڵاڵە؟
١٨٧-پرسيار: ئايا[يۆكا]حەرامەيان نا؟
١٨٨-پرسـيار: كوڕێكـم خـۆش دەوێـت و هـەر ڕێناكەوێـت بـۆ يـەك بيـن نوێـژى ئيستيخارەشـم بـۆ كـردووە؟

١٨٩-پرسيار: ئايه زەرف درێژكردن بۆ بياو حەرامە؟
١٩٠-پرسيار: ئايه له هەموو شتێك خێرتر چيه؟
١١٩١-پرسيار: ئايەناوی سورەتەكان چۆن دانراوە؟
١٩٢-پرسيار: ئايه خوێندنەوەی كتێبی جنسی دروستە؟
١٩٣-پرسيار:ئايەفيكەكردن و چەپڵەلێدان حەرامە؟
١٩٤-پرسيار: ئايەخواردنی ماسی لەماكدۆناڵدس حەڵاڵە؟
١٩٥-پرسيار: ئايا دەتوانم موی لەشم بتاشم كەزۆر بێزارم دەكات؟
١٩٦-پرسـيار: ئەگـەر پێـت خوێنـی لـێ بێـت دەتوانـی تەيەمـوم لـە جياتـی دەسـت نوێـژ بكەيـت نـەوەك بۆبرينەكـە خـراپ بێـت؟
١٩٧-پرسـيار: ئايـا بۆچـی خـودای گەورەدەمانسـوتێنێ بەئاگـری دۆزەخ كاتێـك خـۆی پێمـان دەڵێـت مـن دەزانـم بەندەكانـم پێـش ئـەوەی لەدايـك ببـن دەچـن بـۆ بەهەشـت يـان بـۆ دۆزەخ؟
١٩٨-پرسـيار: ئايـا بۆچـی پيغەمبەرايەتـی بەميراتـی يـەك لـەدوای يـەك بۆيـان ماوەتـەوە؟
١٩٩-پرسيار: ڕاتان لەووتەی سەعيد نەورەسی چی يەكەدەڵێ؟
٢٠٠-پرسـيار: ئايەدروسـتەلەكۆمپيوتەرەوەخۆم بـۆ دەزگيرانـم ڕووت بكەمەوەوەيـان بەقوربانـی جيگـەی حەساسـی يەكتـر ببيـن؟
٢٠١-پرسـيار: ئايەدروسـتەبەحس بـۆ كەسـێك بنوسـم كەلەزانكـۆ دەخوێنێـت؟
٢٠٢-پرسيار: ئايا بۆياخكردنی سەر بۆ پياو ژن دروستە؟
٢٠٣-پرسيار: ئايەگۆرانی و هەڵپەڕكێ حەڵاڵەيان حەرامە؟
٢٠٤-پرسيار: من دەمەوێت بگەڕێمەوەبەڵام نازانم چۆن بكەم؟
٢٠٥-پرسـيار: ئايـا چـات كـردن حەڵاڵەلەڕێگـەی ئەنتەرنێتەوەئەگـەر سـنورەكان بپارێـزم؟
٢٠٦-پرسـيار: ئايـا ئافرەتـی موحاجەبەئەگـەر كەسـێك بەبـێ ئـاگای

ئـەم بەسـەر ڕووتـی بینـی چۆنـە؟
٢٠٧-پرسـیار: بەڕێـزان ئەگـەر کەسـێك سـەیارەی کـڕی وەیـان خانـوو ئەگـەر ویسـتی خێـری بـۆ بـکات پارەباشـترەوەیان حەیوانـی بـۆ سـەرببرێت؟
٢٠٨-پرسیار: ئایا دەتوانم شو بکەم بەکەسێك مەشروب بخواتەوە؟
٢٠٩-پرسـیار: مـن دەمەوێـت واز لەقومـار بهێنـم بـەڵام ناتوانـم تکایەڕێـگا چارەیەکـم بـۆ بدۆزنـەوەو وەڵامـم بدەنەوەخـوا خێرتـان بنوسـێت.
٢١٠-پرسـیار: ئایـا دوورکعـات سـونەت پێـش نوێـژی جومعەهەیەیـان نـە؟
٢١١-پرسـیار: مێردەکـەم مەسـرەفم نـاکات و هـەر بـۆ سـەرجێگەمنی دەوێـت چـی بکـەم تکایەلەئەروپـاش دەژیـم؟
٢١٢-پرسیار: ئایا لەناچاریدا نوێژ لەسەر کورسی کردن دروستە؟
٢١٣-پرسـیار: ئایـا ڕاسـتەخەدیخەداوای لەپێغەمبـەر کـردوو شـوی پـێ بـکات؟
٢١٤-پرسیار: ئایـا شـەرع دەربـارەی ئـەو فیلمانـەی ئێـران چـی دەڵـێ وەك فیلمـی حەزرەتـی یوسـف سـەلامی خـوای لـێ بێـت.
٢١٥-پرسـیار: دەمەوێـت قورئـان هەمـووی بەدەنـگ و ڕەنگـی کـوردی بخەمەسـەر یوتیـوب ئایـا چۆنـە؟
٢١٦-پرسـیار: لەقوتابخانەلەگـەڵ کچـدا وانەحـازر دەکەیـن ئایـا دروسـتە؟
٢١٧-پرسـیار: پیاوەکـەم مافـم نـادات و بەتەنهـا لەماڵەوەبەجێـم دهێڵـێ و نایەڵێـت کۆلێـژ بکـەم، ئایەمافـی مـن چـی یـە؟
٢١٨-پرسـیار: نەنکـم کۆچـی دوای کـردوو زۆر خەفەتبـارم تکایەچـی بکـەم؟
٢١٩-پرسـیار: کچێـك هەیەدەمەوێـت بیهێنـم بـەڵام نازانـم ڕەفتـاری

چۆنە تکا یە ڕێنمونـی ؟
٢٢٠-پرسیار: کێن ئەوانەی پێغەمبەر (د.خ) شەفاعەتیان بۆ دەکات؟
٢٢١-پرسیار: ئایەماچکردنی شوو برا حەڵاڵەیان حەرامە؟
٢٢٢-پرسـیار: ئایـا کەسـێك کەدەزانـم دوو زووبانەقسـەی لەگـەڵ نەکـەم چۆنە ؟
٢٢٣-پرسـیار: ئایەبانـگ بکرێیـت بـۆ ئاهەنگـی لەدایـك بـوون بچیـت گوناەبـار دەبیـت؟
٢٢٤-پرسـیار: مـن ئافرەتـم و پیـاوم نییـە و چەنـد جـار زینـام کـردووە، ئێسـتەگەڕاومەتەوەئایا خـوای گەورەلێـم خـۆش دەبێـت؟ لاپـەڕە ١٤٥
٢٢٥-پرسیار: ئیمان بەرز دەبێت و نزم دەبێتەوەتکایەچی بکەم؟
٢٢٦-پرسیار: دەمەوێت ژنێك بهێنم لەخۆم گەورەترو شەرم دەکەم؟
٢٢٧-پرسیار: چۆن مەسیحی دەبیتە مسوڵمان؟
٢٢٨-پرسـیار: ئایـە زەمانـەت کـردن بـۆ تەلەفـۆن دروسـتە؟ واتـە بیمـە دانـی مانگانـە.
٢٢٩-پرسیار: مەرجی هاوسەرگیری چی یە؟
٢٣٠-پرسـیار: مـن دوعـا دەکـەم و وەرناگیرێـت ئایـا هـی خواردنـی حەرامـە یـان مـن لەسـەر ڕێگـەی ڕاست نیم؟
٢٣١-پرسـیار: مەشـروبم خـواردووەو دەمەوێـت تەوبـە بکـەم بگەڕێمـە سـەر نوێژەکانـم بـەڵام دەڵێـن تـا ٤٠ ڕۆژ نابێـت نوێـژ بکەیـت ئایـا چـی بکـەم؟
٢٣٢-پرسـیار: کوڕێـك تەلەفۆنـم بـۆ دەکات ئایـە ئەمـە بـە خیانەتـی زەوجـی دادەنرێـت؟
٢٣٣-پرسـیار: مـن لەئەڵمانیـا دەژم و دەمەوێـت بگەڕێمەوەکوردسـتان بڕیـارم بـۆ نادرێـت بەتـەواوی دەمەوێـت نوێـژی ئیسـتیخارەی بـۆ بکـەم تکایەچۆنـە؟

٢٣٤-پرسیار: سونەتی پێش نوێژ چ کاتێکە؟
٢٣٥-پرسیار: ئایا دەست خستنە ناو دەستی کوردەوەحەرامە؟
٢٣٦-پرسیار: تاقیکردنـەوەم هەیـەو دەترسـم بکـەوم ئایـا چ دوعایـەك هەیەبـۆ دەرچـوون؟
٢٣٧-پرسـیار: مـن لەگـەڵ خێزانـم چەندیـن جـار لـەدواوەکاری سـەرجێیم کردووەئێـوەش دەڵێـن حەرامـە ئایـا تـا چەنـد حەرامـە؟
٢٣٨-پرسـیار: برایەکـم لەگـەڵ کەسـێك بەحسـاب کچەچاتـی کردووەکەچـی کـوڕ دەرچـووەو ئێسـتەدەڵێت وێنـەو ڤیدیۆکانـت بـڵاو دەکەمەوەتکایەچـارە؟
٢٣٩-پرسـیار: ئافرەتێکـی شـیعەداوای ماربڕینـی کاتیـم لـێ دەکات ئایـا دروسـتە؟
٢٤٠-پرسـیار: ئایـا ئـاو خسـتەناو ڕەحمـی ئافـرەت لەهەمـوو کاتێکـی جووتبونـدا کێشـەی نییـە ؟
٢٤١-پرسـیار: لەگـەڵ خێـزام کەتازهێناومەبەینمـان خۆشەئێستەتوشـی کێشـەیەك بـووە؟
٢٤٢-پرسیار: تکایەبەخت و شەنس و قەدەرو غەیب چی یە؟
٢٤٣-پرسـیار: ئەگـەر ئافرەتێـك کاتـی عـادەی تـەواو بـوو بێـت بـەڵام لەکاتـی جـووت بوونـدا خوێـن هـات حەرامـە؟
٢٤٤-پرسـیار: لەشـارێك دەژێـم مـەلای مزگەوتەکەبانگـەوازی کـرد بـۆ پـارەدان بـۆ مزگـەوت بەبەرمـاڵ، ئایـا ئەمەتـا چ ڕادەیـەك دروسـتە؟
٢٤٥-پرسیار: ئایەدروستەپارەبدەیت بۆ مزگەوتی حیزبی؟
٢٤٦-پرسـیار: کەسـانێك زەوی ناوشـارو دەوروبـەری شـاریان بـۆ خۆیـان بـردووەو دواتـر فرۆشتوویانەبەکەسـانێك و پارەکەشـیان لای کەسـێك دانـاوە، جـا ئێسـتەحکوومەت ئەرزەکـەی لـەو کەسـانە وەرگرتووەتـەوە کەکڕیویانـە، پرسـیارەکە ئەوەیەئایـا ئـەو پارەحەڵاڵەبـۆ ئـەو

کەسـانەی کەزەویەکانیـان فرۆشـتووە، وەئـەو کەسـەی کەپارەکـەی لا دانراوەبـەکام لای بداتـەوە.
٢٤٧-پرسیار: هاورێیەکم هەیە باوەڕی بە هیچ کتێبێکی ئاسمانی نیە، بەتایبەتی زۆرلەسەرقورئان ئەدوێت بەخراپی! بە سێ پرسیار ئیحراجم دەکات تکایە وەڵامیانم دەوێت.
٢٤٨-پرسیار:لە بەریتانیا دەژیم و لەگەڵ کچێکی کوردا یەکترمان خۆش دەوێت.
٢٤٩-پرسیار: بۆ پیاو حەفتا حۆری هەیەئەی بۆ ژن بە تایبەت بۆ ئەوانەی کەشوویان نییە ؟
٢٥٠-پرسیار: من لەکوردستانم نازانم لەئەوروپا چۆنە، بەڵام لای ئێمەدەچیەبانك ١٠ دۆلار وەردەگرن هەقی دروست کردنی ماستەر کاردەکە؟
-پرسیار: مامۆستا ئایا ئەگەر ئافرەت بگاتە حالەتی رەحەت بوون بەڵام بێ کرداری جوت بوون ئایا ئەو ڕاچڵەکاندن و ئاو هاتنەی کە توشی دێت غوسڵی لەسەر واجب دەکات؟
٢٥٢-پرسیار: کوڕێك لەزانکۆ داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێ کردم؟
٢٥٣-پرسیار: ووشەی مورتەد کەلەقورئاندا هاتووەمانای چی یە؟
٢٥٤-پرسیار: ئەو هەستەم لا دروست بووەکەخێزانەکەم کچ نەبوبێ؟
٢٥٥-پرسیار: زۆرجار کەدەچمەدەرەوەنوێژەکانم دەڕوات تکایەچار؟
٢٥٦-پرسیار: ئایا ئەو فەتوای مەلا عومەر چنگیانی وەرگرین کە دەڵێ لەگەڵ سعودیەدا ڕۆژوو بشکێنن؟
٢٥٧-پرسیار:ئایا خواکەتان دەتوانێت لە موڵکی خۆی دەرم کات؟ ئەگەر بڵێی بەڵێ کەواتا شوێنێك هەیە کە موڵکی خوا نیە، واتا خوا مالکی موطلەق نیە، ئەگەر بڵێی نەخێر کەواتا خوا ناتوانێت هەموو کارێك

بکات، ئەوەش زۆر لە خوایەتی کەمدەکاتەوە.
٢٥٨-پرسیار:بانکی جیهان پاڵپشتی گەنجان دەکات بۆ یارمەتی دانیان بۆ دەست پێکردن بە پرۆژەی تایبەتی خۆت بۆ بە دیهێنانی خەونەکەت، بڕی قەرز لە ٥ ملیون بۆ ٥٠ ملیون دیناری عیراقی. دەدریت بە شیوەی مرابحە،ئایا دەتوانین ئەم پارەکار پێبکەین؟
٢٥٩-پرسیار:ئایا مژینی تولّی پیاو حەرامەیان نا؟
٢٦٠-پرسیار: چ ئایەتێکەدەفەرموێت لەڕۆژی قیامەتدا جەستەمان قسەمان لەسەر دەکەن و شاەیدیمان لەسەر دەدەن؟
٢٦١-پریسار: ئایا سستمی موڕابەحەحەڵاڵە؟
٢٦٢-پرسیار: دەمەوێ ڕای بەرێزت لەسەر چەند شتێك وەرگرم کە لای هەندێك کەس بوە بە حەرامی موتلەق، جاری وەهاش هەیە خەڵکی پێ ڕەوانەی ناو ئاگر دەکەن، هەیانە بەتاوانێکی گەورەی دەزانن..! من وەك خۆم دوای خوێندنەوەو تێرامانم بۆ دەقەکان، بە قورئان و فەرمودە، وای تێگەیشتووم حەرام و حەلال دەبێ بەدەقی روون دیاری بکرێن نەك بە لێکدانەوەی زانایەك، کە خۆی وای لێ تێگەیشتووە.
٢٦٣-پرسیار: ئایە وشە الایمان لە قورئاندا هاتووە؟
٢٦٤-پرسیار:ئایا پارەی قەرز زەکاتی لێ دەکەوێت، لە کاتێکدا خۆشم قەرزارم؟
٢٦٥-پرسیار:خانویەکم تازە کڕیوە ئایە زەکاتی خانو دەکەوێت؟
٢٦٦-پرسیار: ئایا دەتوانن پارەی زەکات بدەین بە مزگەوت کە پێویستی پێیەتی؟
٢٦٧-پرسیار: خوای گەورە نیعمەتێکی بەخشیوە بەژن لە پیاود نی یە، وە نیعمەتێکی بەخشیوە بە پیاو لە ژندا نی یە، ئایا جگە لەوەی ژن دایکەو پیاو باوکە هیچی تر هەیە؟

دەمێک بوو بەردەوام پرسیارمان لێ دەکرا بەچەندەها وەسیلەی جیاواز وەزۆرێک لەو پرسیارانەش زۆرجار دووبارە دەبۆوە لەلای کەسانی ترەوە، ئێمەش هەر دەبوو هەموو شتەکان بۆ چەند جار دووبارە بکەینەوە، هەر ئەمە بوو ئەم بیرۆکەی دروست کرد زۆرێک لەو پرسیارانە بکرێن بەکتێب و هەموو هاوشێوەی ئەو کەسانەو وەکەسانی تریش لێی سودمەند ببن، ئەم کتێبەی کە لەبەر دەستاندایە ڕەنج و هیلاکی زۆرێکە لەوانەی کەزۆرجار بەئازاری زۆرێک لەو پرسیارانەوە تلاونەتەوە هەربۆیە دەکرێت ببێتە وانەیەک بۆ ئێمەش و ئەوەی کەکەسانێک پێوەی تلاونەتەوە ئێمەش هەمان ئازار نەچەژین، بەئومێدی ڕەزامەندنی ئەو زاتەی کەهەموو کارەکان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە.

پەیامی ڕێنمونی

# وەڵامی پرسیارەکانتان لەژێر ڕۆشنایی شەریعەتدا

د.عومەر عەلی

٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6